هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 87

سالَی/ 2012 – بەرگی هەشتاو حەوت

---

چاپی یەکەم/ سالَی 2013

**له بڵاوکراوەکانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**ناوی کتێب: پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی(2012)ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**
**بەرگی: 87**
**چاپی یەکەم: 2013**
**تیراژ: 250**
**پێداچوونەوە: محمد حسن رۆژبەیانی**
**نەخشەسازی: سنوبر صابر حسن**
**ئینصات کردن: شەرمین خضر، نەورۆز شێرزاد، گزەنگ ابراهیم، دلێر اکرم، بەختیار جمیل، شوان محمد، نەهلە اسعد.**
**ژمارەی سپاردنی بە کتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان:**

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/12/25 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/12/26 ل 139



# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34)**

**سێ شەممە رێکەوتی 25\12\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (34)
## سێ شەممە رێكەوتی 2012/12/25

كاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2012/12/25 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سوره جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژماره (34)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی برگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژماره (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (34)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2012/12/25 دا بەم شێوەیە بێت:

1 . بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستاندا.

2. خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2013.

3. باوەڕدان و سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز سعد خالد حمد امین وەك وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین، پەرلەمانی كوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەكەم ژمارەی دانیشتنی (34) ڕۆژی دانیشتن 2012/12/25، بەرنامەی كار: بەپێی حوكمەكانی برگە یەكی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژماره یەكی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان ـ عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بڕیاری دا، بەرنامەی كاری دانیشتنی ژماره (34)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی سێ شەممە ڕێكەوت 2012/12/25 بەم شێوەیە بێت،

1 . بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو و گفتوگۆكردنی پێشنیاری یاسای زانكۆ تایبەتەكان لە هەرێمی كوردستاندا.

2. خوێندنەوەی یەكەمی پڕۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عێراق بۆ ساڵی 2013.

3. باوەڕدان و سوێند خواردنی یاسایی بەڕێز سعد خالد حمد امین وەك وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان.

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا دەكەین، پیرۆزبایی لە برا مەسیحیەكان دەكەین كە ئەمڕۆ جەژنی ئایینی برا مەسیحیەكانە، ئومێد دەكەین جەژنێكی خۆش بێ بۆیان و هەموو ساڵێ بە خۆشی و ببێتە خێرو بەرەكەت بۆ سەرجەم كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان و عێراق و هەموو دونیاش، فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (54) برگەی یەكەم پێشنیار دەكەم سەرۆكایەتی پەرلەمان برگەكانی (2، 3) بكاتە برگەی یەكەمی بەرنامەی كار بۆ ئەوەی بتوانین كاری لە سەر بكەین، خوێندنەوەی یەكەم بۆ بودجەی هەرێمی كوردستان بكرێ، واتا سوود لە كات وەرگیرین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمەش لە سەرۆكایەتی ئەم پێشنیارەی جەنابت پەسەند دەكەین، بەڵام ئەوە دەبێ دەنگی لە سەر بدرێ، پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دەنگی لە سەر بدەن، بۆ ئەوەی خاڵی (2، 3) بخەینە پێش خاڵی یەكەم، چونكە هەم مەسەلەی بودجەیە كە پێویستی بەوە هەیە برادەران زوو بتوانن خۆیانی بۆ ئامادە بكەن لە داهاتوو انشاءالله لە ماوەی (15) ڕۆژ لیژنەكان ڕاپۆرتی خۆیان بنووسن، لیژنەی دارایی و ئابووریش لە ماوەی (20 تا 25) ڕۆژ كارەكانی خۆی ئەنجام بدات، بەهیوای ئەوەین لە مانگی یەك بودجەكە موناقەشە بكەین و ئیقرار بكەین انشاءالله بە خۆشی، خاڵی سێیەمیش ئەوەیە ماوەیەكی كەمی دەوێ، بۆ ئەوەی ئەو برادەرە هەم برِوا وەربگرێ و هەم سویندی یاسایی بخوا، ئینجا خاڵی(2، 3) دەخەینە دەنگەوە بۆ ئەوەی پێشی بخەین، بو ئەوەی موناقەشە بكەین، كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرز كاتەوە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ سێ كەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، كە خاڵی(2، 3) پێش بخرێ، كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

حەق بوو سەرۆكی فراكسیۆنەكەی ئێمە ئەو قسەیەی بكردایە، من وەكو سەرۆكی لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری هەتا ئەم دەقیقەیە بودجەكەم وەرنەگرتووە، ئەمڕۆ و سبەینێ ئەگەر وابێ دووسبەش كۆبوونەوەمان هەیە، لەم ڕۆ وە (15) ڕۆژ هیچ مەجاڵێك نابێ ئەبێ وەزارەت ببینێ، ئەبێ موناقەشە بكرێ، ئەبێ كۆبوونەوە بكەی، من پێشنیار دەكەم لە 1/1 وە (15) ڕۆژمان بدەنێ بۆ ئەوەی لە (15) ڕۆژدا تەسلیمی لیژنەی دارایی و ئابووری بكەین، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال بودجە یەك کارتۆنی ئەوەندە گەورەیە، ناکرێ هەر لیژنەیەك و ئەو چەندین هەزار وەرەقەیە بۆی ئیستینساخ بکرێ و پێی بدەین، بودجە لە لیژنەی دارایی و ئابووری دایە، هەروەها دەیخەینە سەر سایتەکەش وەکو ساڵان دەبێ لیژنەکان بە پێی ئیختیساساتی لیژنەکانی خۆیان سەردانی لیژنەی دارایی و ئابووری بکەن، لەوێ شتەکانی خۆیان چییە کۆی کەنەوە لە سەر سایتەکە ئیستیفادەی لێ بکەن، بۆ ئەوەی هەر کەسە و بەپێی ئیختیساسی خۆی کار بۆ ئیشەکانی بکات، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەوەی من دەزانم هەر موباشر لە ئیدارەوە بۆ هەموو لیژنەکان چووە، وابزانم لیژنەی چاندن چووە، کاك سالم یان یەکێکی تر وەریگرتووە، یەعنی هیچ لیژنەیەك نەماوە وەرینەگرتبێ، تەواو لیژنەکان هەر یەکە و بە پێی ئیختیساسی خۆی بودجەی وەرگرتووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان،

**بەڕێز عونی کمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای دەنگدان لە سەر ئەو پێشنیارەی کە پێشکەش کرا بۆ گۆڕینی جێگای بڕگەکان، واتا خوێندنەوەی یەکەمی پڕۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان، بۆ ساڵی 2011 کە لەلایەن حکومەتەوە ئاڕاستەی پەرلەمان کراوە، لە (41) مادده پێك هاتووە، دەقی ماددەکان بۆتان دەخوێنمەوە،

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب.**

**برلمان كوردستان ـ العراق.**

استناداً لأحكام الفقرة الأولى من المادة (121) من دستور العراق الدائم والفقرة الاولى من المادة (56) من قانون برلمان كوردستان رقم (1) لسنة 1992 المعدل وبناءً على ما عرضه مجلس وزراء إقليم كوردستان ـ العراق قرر برلمان كوردستان ـ العراق بجلسته الأعتيادية المرقمة ( ) والمنعقدة بتأريخ / / 2012 تشريع القانون الأتي:

**قانون رقم ( ) لسنة 2013 قانون الموازنة لأقليم كوردستان ـ العراق**

**لسنة المالية 2013.**

## الفصل الأول

## الإيرادات

**المادة الاولى: تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2013 لاقليم كوردستان ـ العراق بمبلغ خمسة عشرة تريلون ومائتان وسبعة وخمسون مليار وثمان مائة وتسعة اربعون مليون دينار حسب ما هو مبين ادناه:**

**اولا: حصة الإقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية ـ العراق للسنة المالية 2013 والبالغة اربعة عشر تريلون واربعة مائة وستة مليار وسبع مائة وخمسة وثلاثون مليون دينار.**

**ثانيا: الايرادات المحلية والبالغة ستمائة و واحدى وخمسون مليار ومائة واربعة عشرة مليون دينار.**

**ثالثا: مبلغ البترو دولار للمستهلك محليا عن النفط الخام المنتج في الاقليم والمكرر في مصافى الاقليم والمنتج من الغاز الطبيعي في الإقليم وكالأتى: ـ ثمانون مليار دينار للسنة المالية 2013 ، مائة وعشرون مليار دينار لمستحقات الاقليم من البترو دولار للسنوات المالية من سنة 2010 الى سنة 2012،**

**المادة الثانية:**

**اولا: تقيد جميع ايرادات الدوائر الممولة مركزيا ايراداً نهائيا للخزينة العامة ويتم اظهارها في موازين المراجعة الشهرية.**

**ثانيا: استثناءً من حكم الفقرة.**

**اولا أعلى على وزير المالية والاقتصاد: ـ**

**1. إضافة مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الصحة بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لاغراض شراء الادوية والاجهزة وتدارك نفقات الصيانة بأنواعها وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلا والأوجه المقررة لصرفها.**

**2. إضافة مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الكهرباء بكافة دوائرها الى ميزانية هذه الوزارة لإغراض تحسين وتطوير وتنفيذ مشاريع الطاقة الكهربائية وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الايرادات المتحققة فعلا والأوجه المقررة لصرفها**

**3. إضافة نسبة (50٪) من مجموع ايرادات رسوم الإجازات ورسوم التسجيل والغرامات التى تحصلها وزارة الداخلية الى ميزانية هذه الوزارة لغرض استخدامها و انفاقها من أجل السلامة المرورية وذلك حسب المادة (11) من قانون (36) لسنة 2007 قانون إنفاذ قانون المرور الاتحادى المرقم (86) لسنة 2004 في إقليم كوردستان ـ العراق.**

**4. مراعات أحكام المادة (42) من قانون إدارة بلديات إقليم كوردستان رقم (6) لسنة 1993 والصلاحية الممنوحة لوزير البلديات والسياحة حسب الفقرة الرابعة من المادة (17) من هذا القانون.**

**المادة الثالثة: تقيد جميع التبرعات التى تمنح للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية والاقتصاد إيراداً نهائياً للخزينة على ان يقوم الوزير بتخصيصها ضمن إعتمادات الوزارة او الجهات غير المرتبطة بالوزارة لصرفها على الاغراض التى منحت من أجلها.**

**المادة الرابعة: تتولى وزارة المالية والاقتصاد لأقليم كوردستان ـ العراق تمويل حسابات الوزارات والإدارات وفق الموارد المالية المتاحة وبموجب القوانين والأنظمة والتعليمات المرعية.**

## الفصل الثاني

## النفقات والعجز

**المادة الخامسة:**

**اولا: النفقات: يرصد لنفقات السنة المالية 2013 مبلغ قدره ستة عشر تريلون وتسع مائة واثنان واربعون مليار وسبع مائة وتسعة واربعون مليون دينار ويوزع كالاتى:**

**1.مبلغ قدره إحدى عشر تريلون وست مائة وثمانية مليار وتسعمائة وثمانية وخمسون مليون دينار للنفقات التشغيلية ويوزع كالاتى:**

**أ. مبلغ قدره أحدى عشر تريلون وخمس مائة وسبعة مليار ومائة واحد وسبعون مليون دينار للنفقات التشغيلية لحكومة إقليم كوردستان.**

**ب. مبلغ قدره خمسة وخمسون مليار دينار لنفقات برلمان إقليم كوردستان.**

**ج. مبلغ قدره ستة واربعون مليار وسبع مائة وسبعة وثمانون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء.**

**2. مبلغ قدره خمسة تريلون وثلاث مائة وثلاثة وثلاثون مليار وسبع مائة و واحد وتسعون مليون دينار للنفقات الاستثمارية ويوزع كالاتى:**

**أ. مبلغ قدره أربعة تريلون واربعة مائة وتسعة عشر مليار واربع مائة وإثنان وتسعون مليون وست مائة الف دينار لنفقات المشاريع الاستثمارية.**

**ب. مبلغ قدره تسع مائة وأربعة عشر مليار ومائتان وثمانية وتسعون مليون واربع مائة الف دينار لأعمار وتنمية مشاريع المحافظات والأقضية والنواحي، وعلى المحافظ تقديم خطة إعمار المحافظة والأقضية والنواحي التابعة لها المصادق عليها من قبل مجلس المحافظة إلى وزارة التخطيط لغرض دراستها والمصادقة عليها على ان تراعى المناطق الاكثر تضرراً داخل المحافظة وعدد سكانها، ويخصص مبلغ مائة وخمسون مليار دينار لدعم وصيانة المشاريع الكهربائية من تخصيصات تنمية المحافظات وتحدد حصة كل محافظة حسب كثافة السكان.**

**ثانيا: العجز**

**1.يقدر العجز المخطط واحد تريلون وست مائة واربعة وثمانون مليار وتسع مائة مليون دينار ويغطى هذا العجز من: ـ 1ـ المبالغ المخصصة لوزارة البيشمركة من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الإقليم ضمن تخصيصات الوزارة الدفاع الاتحادية حسب قوانين الموازنة الاتحادية للسنوات المالية 2007 الى 2012.**

**2. ترشيد الانفاق وزيادة جباية الايرادات.**

**المادة السادسة: على حكومة إقليم كوردستان تخصيص مبلغ مائة وعشرون مليار دينار للأستثمار في تنفيذ مشروع تنمية وتطوير قدرات كوردستان البشرية لأجل إعداد الكوادر المتخصصة في المجالات المختلفة التى يحتاج الإقليم عن طريق الزمالات والبعثات والابحاث والدورات التدريبية تحت إشراف الهيئة العليا المشرفة برئاسة رئيس مجلس الوزراء ونائبه و وزراء التربية و التعليم العالي والبحث العلمي والتخطيط وفق النظام المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء.**

**المادة السابعة:**

**1. تلتزم حكومة إقليم كوردستان بالاستمرار في الحملة الوطنية لبناء المدارس.**

**2.على حكومة إقليم كوردستان الاستمرار في دعم صندوق الاسكان للمواطنين لذوي الدخل حدود وبدون دفع مقدمة في وزارة الاعمار والاسكان لديمومة بناء الوحدات السكنية وذلك حسب قانون تأمين السكن للمواطنين في اقليم كوردستان المرقم (7) لسنة 2008 المعدل.**

**المادة الثامنة:**

**1. يخصص مبلغ قدره مائة وخمسة وثمانون مليار دينار لدعم الاحزاب ويتم الصرف من هذا التخصيص بموجب اجراءات مؤقتة من قبل مجلس الوزراء على ان تتم تسوية مبالغ السلف المستلمة من قبل الاحزاب خلال السنتين 2011 و 2012 لحين إصدار قانون الدعم المالي للأحزاب.**

**2. يخصص مبلغ قدره خمسة عشر مليار دينار للمنظمات غير الحكومية وفق قانون المنظمات غير الحكومية رقم (1) لسنة 2011.**

**المادة التاسعة:**

**تلتزم وزارة المالية والأقتصاد بالاستمرار في تأمين القرض العقارى والزراعي والصناعي والسياحي والمشاريع الصغيرة وتمويل صندوق الاسكان و هيئة الاستثمار بمبلغ قدره ستمائة مليار دينار وحسب الظوابط والتعليمات التي تصدرها وزارة المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع الوزاراة المعنية.**

**المادة العاشرة:**

**1.الأستمرار في تأمين سلفة الزواج بمبلغ خمسة ملايين دينار.**

**2. يعتبر مبلغ سلفة الزواج المصروفة لأولاد الشهداء والمؤنفلين منحة غير قابلة للأسترداد.**

**المادة الحادية عشرة:**

**يخصص مبلغ قدره خمسون مليار دينار لقضايا الهجرة والمهجرين.**

**المادة الثانية عشرة:**

**اضافة إلى تخصيصات الموازنة الأستثمارية للمناطق الكوردستانية خارج الإقليم يخصص مبلغ قدره خمسون مليار دينار لتلك المناطق.**

**المادة الثالثة عشرة:**

**يخصص مبلغ قدره خمسة وستون مليار دينار كإعانات زراعية ويكون لوزير الزراعة والموارد المالية صلاحية صرف المبالغ المخصصة لغرض تغطية احتياجات الاقليم على ان لا تتم المناقلة منه لأغراض أخرى.**

## الفصل الثالث

## الصلاحيات

**المادة الرابعة عشرة**

1. **يتم الصرف من إعتمادات الحسابات الرئيسية الرواتب، السلع، والخدمات، الصيانة، الإعانات، المنح، المصروفات الأخرى، النفقات الأستثمارية ضمن موازنة إقليم كوردستان ـ العراق من قبل وزارة المالية والأقتصاد.**

2. **لمجلس الوزراء تخويل الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة وللوزير تخويل المحافظين وكلاء الوزارات والمدراء العامين صلاحية الصرف مباشرة في ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن الموازنه السنوية.**

**المادة الخامسة عشرة:**

1. **لرئيس برلمان كوردستان ـ العراق اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات المخصصة للبرلمان.**

2. **لرئيس مجلس القضاء في الإقليم اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات المخصصة لمجلس القضاء.**

3. **لوزير التخطيط وبناء على طلب الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الأستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية لنفس الوزارة في حدود المحافظة الواحدة واعلام وزارة المالية والأقتصاد لذلك.**

4. **لوزير المالية والأقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الأستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة وضمن الموازنة الأستثمارية المصدقة.**

5. **يخول وزير البلديات والسياحة صلاحية اجراء المناقلة بين الموارد الذاتية لموازنات مؤسسات البلدية ضمن المحافظ الواحدة وإجراء المناقلة ضمن حساب السلع والخدمات والصيانة لكل مؤسسة بلدية.**

المادة السادسة عشرة:

1. لوزير المالية والأقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين إعتمادات الباب الواحد بإستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولا يجوز النقل منه.

2. لوزير المالية والأقتصاد اجراء المناقلة بين إعتمادات أبواب الموازنة لأغراض توفير إمكانيات الصرف للأدارات التي يتقرر فك إرتباطها من وزارة وإلحاقها بوزارة اخرى. وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة.

3.لا يجوز اجراء اية مناقلة بين المحافظات ضمن تخصيصات مشاريع اعمار وتنمية الأقليم والمحافظات.

4. لا يجوز اجراء مناقلة من تخصيصات نفقات المشاريع الأستثمارية اي تخصيصات الموازنة الأستثمارية الى تخصيصات النفقات التشغيلية اي تخصيصات الموازنة الجارية.

5. تستخدم الأعتمادات المصادقة عليها في هذا القانون لغاية (31) كانون الأول من السنة المالية 2013 وتقيد الايادات المتحققة لغاية 31/ 12/ 2013 اما الايرادات المقبوضة بعد نهاية السنة المالية 2013 فتقيد ايراداً لموازنة السنة المالية 2014.

المادة السابعة عشرة:

1. للوزير المختص صلاحية الصرف بما لا يزيد على ثلاث مائة وخمسون مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لا يزيد عن مائتان وخمسون مليون دينار.

2. لرؤساء الهيئات غير مرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لا يزيد عن ثلاث مائة مليون دينار لكل حالة.

ثالثا: يراعى في اولآ و ثانيا اعلاه ما يلي:

1. ان يتم الصرف وفقا للأعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللأغراض المحددة لها.

2. التقيد بالأعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولا يجوز الدخول في الألتزامات المالية بما يزيد عن ما هو مخصص لها في الموازنة السنوية.

4. لوزير البلديات والسياحة صلاحية الصرف المباشر من مبالغ واردات البلديات.

المادة الثامنة عشرة:

يجب ان لا يزيد مجموع المكافأت النقدية والعينية التي تدفع للموظفين عن مليونين دينار سنوياً للشخص الواحد ولنفس العمل وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصة في حالة قيامهم ببذل جهود إستثنائية أثناء تأدية الواجبات الوظيفية الملقاة على عاقتهم، ويستثنى من ذلك المكافأت الممنوحة للعاملين في المشاريع

الأستثمارية من نسبة المتابعة والأشراف ومكافأت اعضاء مجالس البلديات التي تصرف لهم شهرياً و وفق تعليمات تصدرها وزارة المالية والأقتصاد.

## الفصل الرابع

## الملاكات

المادة التاسعة عشرة:

1. على وزارة المالية والأقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الأخرى اعداد مفردات ملاكات هيئات الأقليم للسنة المالية 2013 والمصادقة عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للأقليم والبالغة خمسة عشرة الف درجة وظيفية مستحدثة لسنة 2013.

2. على الهيئات والوزارات والجهات غير مرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك سنة 2013 على ملاك مؤسسات الإقليم والمحافظات حسب التعليمات الصادرة من مجلس الوزراء لحين تطبيق قانون مجلس الخدمة العامة للأقليم رقم (7) لسنة 2011.

3. على الوزارات والجهات غير مرتبطة بوزارة الأعلان عن الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك 2013، على ان تكون الية التعين وشروطها موحدة ومعلن في وقت واحد لحين تشكيل مجلس الخدمة العامة في الاقليم.

4. تلنزم الوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة تزويد وزارة المالية والأقتصاد بجداول تتضمن عدد الموظفين وأسمائهم وعناوينهم ودرجاتهم الوظيفية الذين تم تعيينهم حسب النسب المشار اليها أعلى مع الأوامر الخاصة بالتعين.

5. لا يجوز التعاقد بالعمل في دوائر الإقليم الا بموافقة وزارة المالية والأقتصاد وتعطى الأولوية في التعين للعقود النافذة وتحتسب فترة التعاقد خدمة لأغراض التقاعد ولوزير المالية والأقتصاد تخويل هذه الصلاحية الى الوزراء ورؤساء الجهات غير المرتبطة بوزارة حسب الحاجة.

المادة العشرون:

عند الموافقة على نقل الموظف لخدماته من دائرة من دوائر الإقليم الى القطاع الخاص:

1. تتحمل وزارة المالية والأقتصاد نصف راتبه الذي يتقاضاه من الدائرة المنقول منها لمدة خمس سنوات اعتبارا من تأريخ نقله على ان تنقطع علاقته مع دائرته نهائياً.

2. على الدائرة المنقول منها الموظف صرف الراتب المنصوص عليه في اولآ اعلاه من هذه المادة الى جهة القطاع الخاص المنقول اليها الموظف.

3. على وزارة المالية والأقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها.

المادة الحادية والعشرون:

للوزير المختص او الرئيس او الجهة غير مرتبطة بوزارة احالة الموظفين الفائضين عن الحاجة مما لديهم لخدمة فعلية لا تقل عن خمسة عشرة سنة على التقاعد بناء على طلبهم.

## الفصل الخامس

## الأحكام الختامية

المادة الثانية والعشرون:

على حكومة اقليم كوردستان و برلمان كوردستان في حالة حصول تغير في حصة موازنة الأقليم لسنة 2013 وعرضها عليه للمصادقة.

المادة الثالثة والعشرون:

لا يجوز مفاتحة الوزارة المالية والأقتصاد بشأن طلب اي تخصيصات اضافية بعد تشريع هذا القانون في اقليم كوردستان ـ العراق.

المادة الرابعة والعشرون:

على وزارات ودوائر الإقليم تقديم كافة حسابتها الشهرية (موازين المراجعة في مدة لا تتجاوز عشرة ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية والاقتصاد مديرية المحاسبات العامة).

المادة الخامسة والعشرون:

يحال رئيس الدائرة لوحدة الأنفاق الذي يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2012 لدائرته في موعده المقرر الى التحقيق وفق الاجراءات القانونية والتعليمات النافذة.

المادة السادسة والعشرون:

اولا: على جميع الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة توزيع النفقات التشغيلية والأستثمارية على محافظات الاقليم مع مراعاة الكثافة السكانية لكل محافظة والمناطق الاكثر تضرراً بعد إستبعاد مصاريف مركز الوزارة.

ثانيا: على الوزارات كافة التنسيق مع الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة ألتأكد من تنفيذ الفقرة.

*اولاً من هذه المادة اعتباراً من تأريخ التنفيذ الفعلي للموازنة.*

*ثالثا:على ديوان الرقابة المالية في الأقليم تكليف الهيئات الرقابية التابعة لها الموجودة في محافظات الاقليم للتأكد من تنفيذ الفقرة اولاً اعلاه* **من هذه المادة اعتباراً من تأريخ التنفيذ الفعلي للموازنة.**

**المادة السابعة والعشرون:**

**على حكومة اقليم كوردستان العمل على إستيفاء مستحقاتها لدى الحكومة الأتحادية من البترو دولار للسنوات 2010 و 2011 و 2012 بمعدل واحد دولار عن كل برميل نفط خام منتج في المحافظة و واحد دولار عن كل برميل نفط خام مكرر في مصافي المحافظة و واحد دولار عن كل (150)متر مكعب من الغاز الطبيعي المنتج في المحافظة على ان تصرف المبالغ المستحصلة مستقبلاً للمناطق المنتجة.**

**المادة الثامنة والعشرون:**

**للمحافظة الطلب من اي وزارة حسب الاختصاص تنفيذ المشاريع المخصصة للمحافظة على حساب تخصيصات مشاريع اعمار وتنمية الأقاليم والمحافظات.**

**المادة التاسعة والعشرون:**

**1. تعفى من الرسوم الكمركية كافة البضائع والسلع المستوردة لدوائر الأقليم والقطاع العام شريطة ان يتم الاستيراد بأسمها واستخدامها.**

**2. يشمل الأعفاء على البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم والقطاع العام من الحكومات او المؤسسات المانحة.**

**المادة الثلاثون:**

**الأستمرار باستقطاع 10٪ من رواتب رئيس الاقليم ونائبه ورئيس البرلمان ونائبه وسكرتير وأعضاء البرلمان ورئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومن هم بدرجتهم ومن يتقاضى راتب الوزير و وكلاء الوزارات ومن بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وكيل الوزارة والمستشارين وأصحاب الدرجات الخاصة والقضاة وأعضاء الإدعاء العام لغرض دعم صندوق إعانة مرضى السرطان حسب قانون صندوق إعانة مرضى السرطان في إقليم كوردستان المرقم 11 لسنة 2012.**

**المادة الحادية والثلاثون:**

**على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة التي لديها بعثات او زمالات او إجازات دراسية خارج العراق الألتزام بتوزيع حصص المقاعد المخصصة لها حسب النسبة السكانية والأختصاص لكل محافظة.**

**المادة الثانية والثلاثون:**

**تلتزم حكومة الأقليم:**

**1. تنفيذ المشاريع وفق الخطة المعلنة في الموازنة الأستثمارية من قبل الوزارات وحسب إختصاصها ولا يجوز لأية وزارة تنفيذ المشاريع خارج اختصاصها.**

**2. تزويد برلمان كوردستان بتقارير متابعة فصلية او كل اربعة اشهر من قبل وزارة التخطيط.**

**المادة الثالثة والثلاثون:**

**على حكومة اقليم كوردستان إتخاذ الطرق القانونية لتحصيل جميع مستحقات حكومة الأقليم لدى الحكومة الأتحادية حسب أحكام الدستور.**

**المادة الرابعة والثلاثون:**

**على حكومة اقليم كوردستان إرسال مشروع موازنة الأقليم للسنة المالية 2014 الى البرلمان خلال مدة لا تتجاوز اسبوعين من تصديق قانون موازنة الحكومة الأتحادية.**

**المادة الخامسة الثلاثون:**

**لا تقدم مشروعات القوانين والقرارات التي تترتب عليها التبعات المالية الى البرلمان إلا بعد الحصول على موافقة مجلس الوزراء.**

**المادة السادسة والثلاثون:**

**يتم التعامل مع العائدات المستحصلة من عمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية حسب احكام الدستور العراقي والمادة (15) من قانون النفط والغاز للأقليم لحين إصدار قانون صندوق كوردستان للعائدات النفطية.**

**المادة السابعة والثلاثون:**

**على مجلس الوزراء إصدار الأنظمة والتعليمات التي تسهل تطبيق مبدء اللامركزية عند تمويل الوزارات وفق الصلاحيات الواردة في القانون.**

**المادة الثامنة والثلاثون:**

**على وزير المالية والأقتصاد بالتنسيق مع وزير التخطيط إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون ولتحديد صلاحيات الصرف للأدارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز (15) يوما من تأريخ نشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.**

**المادة التاسعة والثلاثون:**

**لا يعمل بأي قرار مخالف لهذا القانون ولا تتحمل الخزينة أية أعباء مالية لذلك القرار.**

**المادة الأربعون:**

**على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.**

**المادة الحادية والأربعون:**

**ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ويعتبر نافذاً من** 2013/1/1.

**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، جەنابتان ئەو پرۆژەیە لەگەڵ یاساکە ئاڕاستەی لیژنەی پەیوەندیدار، و لیژنەکانی تری پەرلەمانی بکەن، دووبارەی ناکەمەوە لەبەر ئەوەی ئاڕاستە کراوە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی وەلەو بەعەمەلی ئاراستە کراوە، بەڵام هەر ئاراستەی لیژنەکانی دارایی و ئابووری، لیژنەی یاسایی و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی دەکەین، فەرموون کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید(بەزاز):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار، باوەڕدان، و سوێند خواردنی یاسایی بە بەڕێز سعد خالد محمد امین وەك وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێزان بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتاریەتی ئەنجومەن بە ژمارە 2791 لە 2012/12/24 نووسراوێك ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە، ئەمەش دەقەکەیەتی،

**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ پۆست**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئاماژە بە بڕگە دوو لە یاسای هەمواری نۆیەمی یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (3)ی ساڵی 1992 بەڕێز سعد خالد محمد امین دەست نیشان دەکەین بۆ پۆستی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، تکایە ڕۆژێك دەست نیشان بکرێ، بۆ سوێند خواردن لەگەڵ ڕێزدا، عماد احمد جێگیری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ڕێکاری یاسایی ئەنجام بدات، بۆ ئەنجامدانی ئەم بڕگەیە، و سوێند خواردنی بەڕێز پاش متمانە وەرگرتنی لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە ئەمە خۆی دوو خاڵە، خاڵێکیان باوەڕ پێدانە، خاڵی دووەم سوێند خواردنە، بڕگەی یەکەم دەبێ یەکەم جار ئێوەی بەڕێز باوەڕی پێ بدەن، دوایی ئەگەر باوەڕی پێ درا ئەبێ سوێند بخوا، بۆیە ئێستا ئێمە ئەوە دەیخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێزەوە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە کە مامۆستا سعد خالد محمد امین کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەست نیشانکراوە ببێ بە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (48) کەس لەگەڵ دایە، کە ببێ بە وەزیری هەرێم، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (4) کەس لەگەڵ دا نیە کەواتە بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا بوو بە وەزیر، ئێستا ئێمە داوای لێ دەکەین بفەرموێ بۆ ئەوەی سوێندی یاسایی بخوا.

**بەڕێز سعد خالد محمد امین/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من سعد خالد محمد امین وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەخوای مەزن سوێند دەخۆم کە بە دڵسۆزیەوە پارێزگاری لە یەکێتی گەل و خاکی کوردستانی عێراق بکەم و ڕێز لە یاسا بگرم و بە تەواوی چاودێری بەرژەوەندیەکانی گەل بم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمه پیرۆز بایی له مامۆستا سعد دەکەین، بەناوی پەرلەمانتاره بەڕێزەکان پیرۆزبایی لێ دەکەین، خۆی لە ڕاستیدا مامۆستا سعد ئەو ماوەیەش کە وەزیریش نەبوو مونەسیقەکی باش بوو لە نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئومێد دەکەین کە ئەو پلەیەشی پێ دراوه پەرلەمانتارەکان متمانەیان پێ داوه ئیش و کارەکانی باشتر بکا، باشتر موتابەعەی ئەو پەیوەندیه بکا و ئومێدی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین، هەر بژین، ئێستا دێینەوه سەر خاڵی ئەساسی کە کردمان بە خاڵی سێیەم ئەویش بەردەوام بوون لە سەر خستنە ڕوو گفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان، داوا لە لیژنەی خوێندنی باڵا و لیژنەی یاسایی دەکەین بفەرموون بۆ سەر سەکۆی لیژنەکان، بۆ بەڕێوەبردنی بەرنامەکانی کارمان، گەیشتینە ماددەی حەوت، لە ماددەی حەوتەوه دەست پێ بکەن، فەرموون.

**بەڕێز امنة ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی حەوت:

زمانی وانه گوتنەوه له زانکۆ ئینگلیزیه لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەندێ پسپۆری مرۆیی بەڕێژەیەکی دیارکراو کە وەزارەت دەست نیشانی دەکات بە زمانه ناوخۆییەکان دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان

**بەڕێزپەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

تكون لغة التدريس في الجامعة اللغة الأنكليزية مع مراعاة بعض الاختصاصات الإنسانية بنسبة معينـة تحدد من قبل الوزارة والتي تكون باللغات المحلية، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیمان هەیه، یەکەمیان دوای زمانی ئینگلیزی هەر زمانێکی تر زیاد بکرێ، بەعەرەبیەکەی (او لغة عالمية اخرى)له دوای ئینگلیزی واتا تەنها ڕێگە نەدەین زانکۆ بە زمانی ئینگلیزی بە زمانی تریش، ئەگەر وەزارەت ڕەزامەندی لە سەر دەربڕی، و لە کۆتاییش لوغاتی مەحەلی بگۆردرێ بکرێتە لوغاتی ڕەسمی، ئێمە تەنها ئەو دوو تێبینیەمان هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێزد. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم کە (من قبل الوزارة والتي تكون باللغة المحلية او الرسمية المنصوص عليها في الدستور) ئەوە زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (ئاهەنگ عارف، سمیرە عبداللە، نەژاد عزیز، سیوەیل عثمان، هاوڕاز خۆشناو، د. احمد وەرتی، حەمە سعید، هاژە سلیمان، بێریڤان سەرهەنگ، جمال طاهر) ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێزئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیە من لەگەڵ تێبینی لیژنەی یاساییم، شەرت نیە حەسر بکرێ لە سەر لوغەی ئینگلیزی، لوغاتی دیش، چونکە چەند مەعریفەو لوغاتی دی، ئێمە بزانین ئەوەندە ئاشنا دەبین بە تەکنەلۆجیا و تەتەوری ئەو وڵاتانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك نەژاد.

**بەڕێزنەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی زۆر پێ خۆش حاڵم کە ئەو لیژنانە دەبینم کە هیچ پیاویان تێدا نیە، و هیوادارم ئەو دوو کورسیەی سەرێش هەر ببێتە هی ئەوان، بە نیسبەت ئەو قانونەی ماددەی، تەبیعی منیش لەگەڵ لیژنەی قانونی دامە بۆ ئەو مەوزوعە، بەڵام نوقتەیەك زیاد بکرێ، بکرێتە یەك نوقتە، یەکەمین نوقتە، نوقتەی دووەم بکرێتە (تدرس اللغة الكوردية واللغات الرسمية مستقلة كحصة او كدرس مستقل في الجامعة التى تكون او الكلية التي تكون لغة التدريس فيها الانكليزية او غيرها من اللغات الأخرى) یەعنی لە هەر کولیەیەك دەبێ لوغەتی کوردی بخوێندرێ، بەڕاستی ئەوەش موتتەبەعە حەتا لە جامیعاتی عێراقی لە فیزیا لە کیمیا لە نازانم چی، لوغەتی عەرەبی هەبوو موتتەبەع بوو یەعنی ئەوانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان..

**بەڕێزهاوڕازشێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی حەوت نووسراوە زمانی وانە گوتنەوە لە زانكۆی ئینگلیزی یەعنی حەسرکردنی وانە گوتنەوە لە سەر زمانی ئینگلیزی بە زمانی ئینگلیزی دەوترێتەوە، منیش لەگەڵ لیژنەی یاسایی دام لەوەی كە زمانی تر لەگەڵی زیاد بكرێ، و هەروەها ئەوەی كاك نەژاد وتی بەڕاستی ئێمە لە قوتابخانە و پەیمانگا غەیر حكومیەكان لەوێ ماددەیەكمان دانا كە تایبەت بەوە بێ، زمانی كوردیش هەبێ، زمانی كوردی زمانێكی فەرمی بێ لەو پەیمانگایانە بگوترێت لێرەش بە هەمان شێوە زمانی كوردی ئەگەر لێرە ئیزافە نەكەین بەڕاستی زمانی كوردی لەو شوێنانەدا ناخوێندرێ، و پێم وایە ئەوەش بەڕاستی دروست نیە، سەبارەت بەوە كە دەڵێ هەندێ پسپۆری مرۆیی من پێم وایە ئەو هەندەیە وشەیەكی مەتاتیە، یەعنی پێویستە بەڕاستی شت تەحدید بكرێ، بەو شێوەیە نەبێت كە شتێكی مەتاتی بەجێ بهێڵرێ، و ڕوون بكرێتەوە زیاتر وازح بێ كە دەڵێ هەندێ پسپۆری مرۆیی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان..

**بەڕێزسمیرە عبداللە اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو ڕاپۆرتە موشتەرەكە دەكەم ، و لێرە لە سەر وشەی هەندێ پسپۆری دڵ ئێستا بەخۆی كولێژە ئەهلیەكان حەتا حكومیەكانیش لە پۆلی یەك هەندەك مەنهەج هەیە عامە دەخوێنن، كوردۆ لۆجی، بەلاَم كە دەڵێ هەندێك پرسیاری تر دەهێنێتە گۆڕێ ئایا چەند؟ چەند پسپۆری تر؟ لێرە پرسیاری تر دروست دەكا، پێویستە تەحدید بكرێ، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان..

**بەڕێزسیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا من ڕام وایە ماددەی (7 و 8) بكرێتە یەك ماددە، دەمج بكرێتن، لەبەر چی؟ بۆ خۆی ماددەی حەوتەم هەم ئیلتیزامە لە سەر جامیعە، و ماددەی هەشتەمیش هەمان كات ئیلتیزامە لە سەر جامیعە، واتە ئەگەر ماددەی هەشتەم ببتە ماددەی حەوتەم، و حەوتەمیش ببێتە بڕگەی سێیەم لە ماددەی هەشتەم وەك دیاریم كرد، نموونە ماددەی هەشتەم دەخوێنمەوە، كە عنوانی دەڵێ (علی الجامعة ان تلتزم بما یأتي) ئەگەر عینوانەكەی بەم شێوەیە بێ (تلتزم الجامعة) یان (بالشروط الأتیة) یان (بما یأتي)، اولا: بكرێتە (وضع نظام خاص للتدریسین المتفرغین)، ثانیا: (مراعاة نسبة التدریسین) ئەوە تەواوی ناكەم،

**ثالثا: ماددەی حەوتەم ببێتە ثالثا ئینجا (تكون لغة التدريس) یەکەم جار دەبێ نیزامی داخلی هەبێتن، ئینجا دوای ئەوەی تەدریس و تەلەبەی هەبێ ئەعزای تەدریس و بڵێین مودەرسین و تەلەبە، ئینجا لوغەی تەدریسی تێدا دیاری بکرێ، واتا ماددەی حەوتەم ببێتە بڕگەی سێیەم لە ماددەی هەشتەم، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو د. احمد**

**بەڕێزد. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بەو ماددەیە لە ڕاستیدا ئەو زانکۆیانەی کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە، مەرج نیە ئەو زانکۆیانە هەموو زانکۆی جیهانی بن، یان زانکۆی بێگانە بن، وەکو چۆن زانکۆی ڕەسمیمان هەیە، زانکۆی حکومین یان زانکۆی تایبەت نینە، ئەم زانکۆیانە کە تایبەتن دەکرێنەوە، تۆ بۆچی فەرزی دەکەی کە دەبێ ئیلا زمانی ئینکلیزی زمانی خوێنتدن بێ، یەعنی دەکرێ ئەگەر زانکۆیەکی بێگانە بێ، یان فەرعی زانکۆیەکی بێگانە بێت، بۆ ئەوەی کە ئێمە لەگەڵ زمانەکانی دونیا لەگەڵ سەقافاتی عالەمی تێکەڵ بین، دەکرێ زمانی ئینکلیزی فەرز بکەی، بەڵام بۆ هەموو زانکۆیەك دەکرێ زانکۆیەکی مەحەلی بکرێتەوە، بەڵام زانکۆیەکی تایبەتە، دەیەوێ بە زمانی کوردی بێ، دەیەوێ بە زمانی عەرەبی بێ بۆ نموونە، بۆیە لە ڕاستیدا منیش لەگەڵ ئەوەم کە لێرە (تكون لغة التدريس في الجامعة بأي لغة من اللغات الرسمية) وەکو جەنابی وەزیریش باسی کرد، کە (المنصوص عليها في الدستور) یەعنی ئەمە فەرز نەکەین بەڕاستی ئیلا ئەبێ زمانی ئینکلیزی بێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ( مع مراعاة بعض ألاختصاصات الأنسانية بنسبة معينة) یەعنی ئەوە کەم کردنەوەی کەم بایەخ نیە بەڕاستی، یەعنی ئەمە تەنها هەندێك تایبەتمەندی پسپۆری مرۆیی بەڕێژەیەکی دیاریکراو (تكون باللغات الأخرى) لێرە کە نووسراوە (باللغات المحلية)، و جەنابی وەزیر پێشنیاری کرد، (المنصوص عليها في الدستور) یەعنی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی کە دوو زمانی ڕەسمین، بەپێیی دەستوری عێراقی لەو وڵاتە ئەبنە زمانێکی لاوەکی، یەعنی تۆ لە وڵاتی خۆت جامیعات بکرێتەوە، بەڵام گرنگی بە زمانی کوردی یان زمانی عەرەبی کە دوو زمانی ڕەسمینە نەدرێ، بە ڕای من ئەوە جێگای سەرنجە، ئینجا ئەو تەحدیدکردنە ( من قبل الوزارة) بێ، یان (من قبل مجلس) ئومەنای جامیعە بێ، ئایا ئەم تەحدیدە ئیلا دەبێ بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵا؟ یان ئەم تەحدیدکردنە ئەگەر لێرە پەستان لە ماددەکەدا لەلایەن مەجلیسی ئومەنای جامیعەکە خۆی بێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك حەمە سعید.**

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان من خوازیارم کە بە زمانە بیانیەکان ئینگلیزی و غەیری ئینگلیزی بە فوولی لە هەموو زانکۆیەکدا وانە بوترێتەوە، بەڵام ئایا لە ڕووی عەمەلیەوە ئەمە تەحقیق ئەبێ؟ ئێمە لە ساڵاکانی ڕابووردوودا کە لە زانکۆ بووین، بەڕاستی ئەو وانانەی کە دوو جۆر وانە هەبوو وانەی بنەڕەتی و ئەساسی و عیلمی، و وانەیەکی سانەوی هەبوو، وانە بنەڕەتیەکان مامۆستای بیانی ئینگلیزی و بەریتانی و هندستانی و پاکستانی هەبوون بە ئینگلیزی وانەمان دەخوێند، بەڵام ئایا ئەمە بۆ ئێستا و بەم قوناغە تەحقیق دەبێ، جا بۆیە من پێشنیار دەکەم یەکەم لەگەڵ ئەوەم کە لەگەڵ وانەی ئینگلیزی وانەیەکی تری ڕەسمی، دووەم بنووسرێ بۆ وانە زانستیە بنەڕەتیەکان، چونکە وانەی ئەسڵی هەیە، سەرەکی هەیە جەنابی وەزیر باشتر شارەزایە، وانەی لاوەکی هەیە، بۆیە وانە زانستیە بنەڕەتیەکان، پێم وایە بەو زمانە بیانیانە بخوێندرێن، ئەوە شتێکی واقیعیە، و بە عەمەلی دەکرێ وانەی تێدا بوترێ، بەڵام بۆ ئەوانی تر پێم وانیە هەمووی لە 100٪ عەمەلی بکرێ، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تریش پێم باشە لەلایەن وەزارەتەوە نەبێ، لەلایەن دەستەی ئەمینداریەوە بێ، یەعنی ئەوە تەحدیدی ئەوانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەواب دەدەی فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی حەوتەم بۆخۆی زمانی وانە وتنەوە لە بەشە زانستیەکان، هەر بەشێوەیەکی ڕەسمی هەمووی ئینگلیزیە، تەنانەت ئەوە ناڵێم ئەگەر ماددەیەکی عەرەبی یان ئەو ماددە کوردۆلوجیەیان هەر هەیە مەسەلەن لە پۆلی یەك، یان دووەم، هەیتیان ماددەی کوردۆلوجی، ئەوە یەعنی بەگوێرەی ئەو پرۆگرامەی جامیعە دایرێژتیە بەم شێوەیە، بەڵام کولێژە ئینسانیەکان ئەوە دەرسەکیان هەیە لەوانەیە بە ئینگلیزی بێ ئەوەی تر بە کوردی دەخوێندرێ ئێستا بە عەرەبیش نیە، مێژووە، جوگرافیایە هەمووی بەکوردی دەخوێندرێ، ئەوەندەی ناڵێم ئەگەر مەسادر خوێندکاران ئیعتیمادی بکەنە سەر مەسادری عەرەبی هەبێ، نەوەك ماددەکە بەکوردی شەرح دەکرێ لە پۆلەکاندا، کەواتە ئەو جامیعە بڕوا پێکراوانە تەنانەت ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە ئقتیراحێکمان هەبوو کە ساڵی یەکەم تەمهیدی ببێتە خوێندنی زمانی ئینگلیزی، بەڵام هێشتا ئیشی پێ نەکراوە، ئەوە هەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیانە ئەوەتا بۆ توانا سازی دەچن لە سەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی مەعتەل دەبن، بە مانگ یان بە ساڵ تاخیر دەبن لە پێشکەشکردنی یان گەیشتن بەو جامیعانەی کە ناویان لێ دەرچووە، ئۆڤەرەکانیان بۆ هاتووە، ئینجا لەبەر ئەوە هەر بۆ خۆی کۆلێژە زانستیەکان خۆی بە ئینگلیزی دەخوێندرێ، و کۆلێژە ئینسانیەکان ئەو بەشانەیە کۆمەڵناسە، تاریخە، جوگرافیایە ئەوە بە عەرەبی یان بە کوردی دەخوێندرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امینە خان.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت هەندێ کو ژ بلی زمانی ئینگلیزی هەندێ زمانی دی هەبیتن ئەو ڕاپۆرتە هاوبەش مە ئیشارەت پێ دای کو ژ بلی زمانی ئینگلیزی هەندێ زمانێ دی جیهانی جهێی وی بگریتەڤە، و هەروەسا ژی مەسەلە هەندێ کو زمان ژ لای دەستەیە یا ئەمینداره بێتە دانان، ئەم د گەل هەندێینە کو سیاسەتە یا زانستی ژ لایێ وەزارەت بێتە داڕشتن، ژ بەر هەندێ ژی دەستەی ئەمیندارا وەك جەنابێ وەزیری دهێ ئاماژە پێدا شوولێ وێ ئەو نینە، ژ لایێ زانستی ڤە سیاسەتێ دادەڕێژیتەڤە، مەسەلە زمانی ژی ئێکی ژوانە کو دچیتە گوڕ وەرگرتنێ ئیجازێ، و ئەڤە ژی گەل وەرگرتنە ئیجازێ دیار بی کو ئەو زانکۆ دی ب زمانی وێ چەند زمانە دێتە خاندن، ژ بەر هەندێ ژی ئەم گەل هەندێینە کو هەر ژ لایێ وەزارەتی بێتە دەستنیشانکرن، گەل هەندێ ژی هەندێ تێبینی هەبوو کو هەندە پسپۆری ئەو بهێتە لادان، ئەم وەکو لیژنە گەل هەندی داینە بێتە لادان، گەل زێدەکرنە پێشنیارە وەزارەتێ پشتی ئەم بەعس هەندی کەین کو زمانی فەرمیەکان بەگوێرەی دەستور زێدە ببێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان تێبینیت هەبوو، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من ئەو تێبینیەم هەیە کە ئیزافەتەن بۆ زمانی ئینگلیزی، زمانی عەرەبی لەبەر ئەوەی زمانێکی ڕەسمیە، و بەپێی مادده چوار لە دەستوری هەمیشەیی عێراق زمانی عەرەبی و کوردی دوو زمانی ڕەسمین لە وڵاتی عێراق، بۆیە بەڕاستی بە واقیعیش یەعنی ئێستا لە زۆربەی جامیعە ئەهلیەکان زمانی خوێندن بە عەرەبیە، و بەتایبەتی مەسادری قانونی زیاتری بە زمانی عەرەبیە، بۆیە دەکرێ عەرەبیەکە لە پاڵ ئینگلیزیەکە زیاد بکەین، و ڕێگەش بدرێ بە زمانەکانی تر، ئەگەر پێویست کرا بخوێندرێ لە جامیعەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی حەوت منیش لەگەڵ ئەوەدام زمانی دەرس وتنەوە تەنها بە ئینگلیزی نەبێ، زمانی دایك دەبێ بایەخی پێ بدرێ، و زمانی کوردی زۆر گرنگە جەختی لە سەر بکەینەوە، ئەوە یەك: بەنسبەت ئەوەی خۆم سەردانی زانکۆم کردووە کاتی دەرس گوتنەوە چوویمە ژوورەوە دیتیتم دەرس بە زمانی

عەرەبی دەڵێنەوە، تەلەبە هەیە تێناگا، تەلەبەکیان هەڵبژاردیە بۆتە موتەرجیم هەموو جار لەو موحازەرەیە دەبێ وکو موتەرجیم بەکاری بێنن دەرسەکایان بۆ باسکاتەوە، ئەوە ئەرکی قوتابی نیە کە دەرسەکەی تەرجومە بکا، با دیسان دووبارە وامان لێ نەیە وەکو ئێستا لە یاساکان پێمان دەڵێن ئیعتیماد بکەنە سەر عەرەبیەکە، ئەی کوردی لە کوێیە؟ زمانی کوردی زمانی دایکە، زمانی سەرەکی هەرێمی کوردستانە، زۆر گرنگە ئەمە بایەخی پێ بدەین، ڕاستە زمانی ئینگلیزی زمانێکی (ئینتەرناشیناڵە)، و پێویستە بزانین، بەڵام ئەو کەسەی کە دەچێ بۆ تواناسازی خۆی ئامادە دەکات، دەتوانێ زمانی ئینگلیزی خۆی فێربکات، شەرت نیە لە مەکتەب فێر بێ، ئەرکی خۆیتی مادام ئەو ئاواتەی هەیە دەبێ زمانی خۆی باش بکا بۆ ئینگلیزی، من حەزم لە زمانی ئەڵمانی بێ دەچم خۆم فێری زمانی ئەڵمانی دەکەم، بەڵام کوردی ئێرە هەرێمی کوردستانە گرنگیدان بە زمانی کوردی زۆر پێویستە لە زانکۆکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێین و سەیری ئەو ماددەیە بکەین، من پرسیارم ئەوەیە لە بەڕێز جەنابی وەزیر ئەو تەلەبەیەی لێرە وەردەگیرێ لە جامیعاتی ئەهلی، ئەگەر من بەغەڵەتی نەچم زۆربەی ئەوەی موعەدەلاتیان کەمترە لەوەی لە حکومی وەردەگیرێن، ئەمە یەك: چونکە بەپارەیە، مانای ئەوەیە تەلەبەی ئازاو زیرەك زۆربەی زۆریان ئەوەی بە زمانیش زیرەك بێت، یان بە علم زیرەك بێت دەڕواتە کوێ؟ دەڕواتە جامیعاتی حکومی، ئەوەی دەمینێتن خارجی خوتەی قبولی حکومی دەڕواتە زانکۆ تایبەتەکان، بۆیە من لێرە بەرەهایی هاتیە، یەعنی موتلەق هاتیە (تكون لغة التدريس في الجامعة الأنكليزية) ئایا ئەو تەلەبەی دەچێتە ئەو جامیعەیە توانای ئەوەی هەیە بە زمانی ئینگلیزی فێر ببێت؟ بڕوام نیە فێر ببێت، لەگەڵ چ؟ دەڵێت (الاختصاصات الأنسانية وتكون باللغات المحلية)، (فۆرمان لانگویج، و دەمستیك لانگویج) لەیەك جیانە، لوغەی مەحەلی و لوغەی ڕەسمی لەیەك جیانە، بۆیە بکرێت (باللغات الرسمية)، و بۆ چارەکردنی ئەو کێشەیە من پێشنیار دەکەم فەقەرەیەك ئیزافەی ئەو ماددە بکرێتن، خاڵی یەکەم ئەوە بێت: خاڵی دووەم بڵێین (يحق للجامعةفي حالة توفر الكادر والأمكانيات إضافة عام دراسى لتعليم اللغة الأنكليزية لتصبح مدة الدراسة خمس سنوات بدلآ من اربعة في بعض الأختصاصات) چونکە زۆر ئیختیساس هەیە ئەسڵەن مەرجەع و سەرچاوە و مەسدەر بە زمانی کوردی نیە، بۆیە وابزانم ئیزافەکردنی ئەم ماددەیە تەقریبەن کێشەکە چارەسەر دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی زۆر زۆر کرا لە سەر ئەوەی کە چ زمانێك بێ، ئەو ئیختیارە دەدەینە دەستی زانکۆکە خۆی، زمانی ئینگلیزی بێ، هەر چ زمانێکی عالەمی تر بێ، بەپێی ئەو ستراتیجیەی کە ئەو زانکۆیە کردۆتیەوە کاری پێ دەکا، سەبارەت بەوەی کە (مراعاة الأختصاصات الأنسانية) (نسبة معينة) لا ئەدەین، چونکە پێویست ناکات ئەو نسبەتە دابنرێ، بەزمانە فەرمیەکانیش بێ کە لە دەستوری هەرێمی کوردستان دا هاتووە، سەبارەت بەو پێشنیارەی بەڕێز کاك جمال هەموو زانکۆیەك ئەو ئیحتیاتەی خۆی دەکا ئەگەر لە ساڵێکیش دانەنێت، زۆری زانکۆکان ئەو تەلەبانەی کە ئەچن لەوانەیە زمانی ئینگلیزیەکەیان لەو ئاستە نەبێت، دەوراتی موکەمیلەیان بۆ دەکاتەوە، بۆیە پێویست ناکات بڵێین (يحق للجامعه) ساڵێك، چونکە ئەو ساڵە زیادەیە پارەیە بۆ تەلەبە، لەوانەیە ئەو تەلەبەیە ئیمکانیەتی پێنج ساڵی نەبێ، لەوانەیە حیسابی خۆی کردبێ بە چوار ساڵ خوێندنەکەی خۆی تەواو بکا، بۆیە ئێمە ناتوانین ئەرکێك بخەینە سەر تەلەبە کە عبئی مالیان بخاتە سەر، بۆیە بەڕێز د. ڕۆژان نەصەکە دەخوێنتەوە کە ئیتفاقمان لە سەری کردووە و بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ؟

**بەڕێز د. علي سعيد محمد/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە دەڵێین زمانی (التدريس في الجامعة الأنكليزية) ئەوە لە خۆڕایی نەهاتووە، لە ساڵانی لە 1921 یەوە کە عێراق بوو بە دەوڵەت زمانی ئینکلیزی وەکو زمانی دووەم لە دوای عەرەبی، کوردی خوێندراوە لە قوناغی یەکی سەرەتایی جاران و یەکی بنەڕەتی ئێستا هەتا شەشی ئامادەیی تەواو دەکا ئەوە خاڵی یەکەم: دووەم: من نازانم ئەگەر زانکۆیەك بکرێتەوە لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی بە ئەڵمانی دەرس بڵێتەوە یان بە ئەڵمانی دەرس تێدا بخوێندرێ، چەند تەلەبە تەقدیمی دەکا بۆی، من دڵنیام ڕەنگە سێ تەلەبە تەقدیم نەکا بۆی، ئێستا کە وەفدی شاندی زانکۆکانی ئەڵمانیا و فەرەنسا و مالیزیا دێن بۆ لای ئێمە یەکەم قسە کە ئەیکەنەوە ئەڵێن ئەمە لیستی ئەو زانکۆیانەیە لای ئێمە کە بە ئینگلیزی کۆرسیان هەیە، یەعنی خۆی ئەوە بووە بە زمانی ئینگلیزی بووە بە زمانێکی جیهانی بۆ زانست، زمانی کوردی، کوردۆلۆجی، و زمانی کوردی ئێستا لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستان لە قوناغی یەك یان دوو دەخوێندرێت (لغة التدريس)جیایە، وتنەوەی بابەتی کوردۆلۆجی زمانی کوردی شتێکی ترە، دەتوانین بڵێین (لغة التدريس في الجامعة الأنكليزية مع مراعاة بعض) هەر لایبەین بڵێین (مع مراعاة الأختصاصات الأنسانية) چونکە ئێستا خۆی بە شێوەیەکی فیعلی لە زانکۆکانی کوردستان، ماددەی مێژو و جوگرافیا و ئەمانە بە کوردیە، و ماددەی با بڵێین بەشی زمانی عەرەبی دیراساتیان بە عەرەبیە، بەشی زمانی فارسی و فەرەنسی کە هەیە، و ئەڵمانی دیراساتیان بەو زمانەیە، یاسا لە سەرجەم زانکۆکانی کوردستان ئێستا بە عەرەبیە تا ئێستاش،

لەبەر ئەوە بەتەئکید زمانی کوردی و عەرەبی زمانی وانە وتنەوەن و زمانی خوێندنەوەن، ئێستا لە زانکۆکانی کوردستان، لەبەر من داواکارم (لغة التدریس في الجامعة....)بڵێین(.... الأنكليزية مع مراعاة الأختصاصات الأنسانية) ئەو (بعض)ە لاببەین، و (بنسبة معينة) لاببەین وە لە ئەخیریشدا بڵێین ( باللغات الرسمية) نەك ( المحلية) (المنصوص عليها في الدستور)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دوا سیاغە بخوێنمەوە، سەبارەت بەو پێشنیارەی کە بەنیسبەت زمانی کوردی ئەوە ئەندامان دڵنیا دەکەمەوە ئەو کێشە چارەسەرکرایە لە مادده دووی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارە (10)ی ساڵی 2008 لە بڕگەی (12) باس لەوە دەکات کە زمانی کوردی (لغه التعليميه في جميع مراحل التعليم العالى) ئەوە چارەسەرکرایە، دوا داڕشتنەوە مادده (7)، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا ئەم بابەتە بابەتێکی زۆر زۆر هەستیارە، هیوادارم دیقەتی زۆر زیاتری لە سەر بدرێ، چونکە لە ڕاستیدا ئێمە لە ڕێگای سیاسەتی دەوڵەتەوە لە ڕابووردوودا زمانی عەرەبی، و کلتوری عەرەبی جۆرێك لە تەرجەمەی ئەو جینوسایدەی کردووە کە بە سەر گەلی کورد داهاتووە، زمانی کوردی یەکێك بووە لەو زمانانەی کە لەلایەن زمانی ترەوە ڕووبەڕووی لە ناوچوون بۆتەوە، بۆیە ئێمە لە ڕێگای قانونەوە هەوڵ بدەین تەفزیلی زمانێکی تر، جارێکی تر کە ئێمە هێشتاکە لە پرۆسەی زیندووکردنەوەی زمان داین، ئەمە ساغ بکرێتەوە بە قانون لە کاتێکدا ئێمە یاسایەکی تایبەت بۆ زانکۆکان دەردەکەین، من تەسەوڕم وایە ئەمە ئیشکالێکی گەورەیە، ئەوانەی لە نزیکەوە موتابەعەی ئەو کولیژە زانکۆیانە یان زانکۆ تایبەتەکان بکەن، ئەزانن چ وەزعێکە، و چ دۆخێکە، و چۆن ڕەچاوی تایبەتمەندێتی هەرێمی کوردستان ناکرێ، کە تا ئێستاش پرۆسەی تەعریبی بەسەردا پیادا دەکرێ، لەو ڕوانگەیە ئەم قسەیە دەبێ دیقەتی لێ بکرێ، هەر چەندە ئەوە چەند ساڵێکە لەم پەرلەمانەدا لە سەر تەهمیش کردن و پەراوێزخستنی زمانی کوردی گلەییەکی زۆر زۆر هەیە، بۆیە نابێ زۆر گلەیی لە موئەسەساتی تریش بکەین لە ڕاستیدا ئەوەندەی دەبێ پێشتر خۆمان چاك بکەین، بۆیە من تەسەوڕم وایە ئەگەر تەفزیل نەدرێتە زمانی کوردی لە زانکۆ تایبەتەکاندا، تەسەوڕم وایە ئێمە کارێکی بەجێ ناهێنین، لەبەر ئەوە بەشێك لەو زانکۆیانە وەکو بزنس تەعامول لەگەڵ زانست دا

دەكەن، كە دواجار هەندێك لە ڕێگەی بزنسەوە ئێستا لە هەرێمی كوردستاندا دەبینین تایتلی عەرەبی بمانەوێ یان نەمانەوێ ڕاستە تەعریب سیاسەت و دەوڵەت كردوویەتی، بەڵام لە ناوەخنی بازرگانی بزنسیشدا تەعریب كردن و سیاسەت هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار گیان موناقەشات هەمووی تەواو بوو، ئێستا تۆ بەقەدەر دوو پەرلەمانتار قسەت كرد، نوقتە نیزام نەبوو، ئەگەر ئەو قسانەت هەبوو پێشتر حەق وایە ناوی خۆت بنووسیبایە بەڕاستی، ئینجا من سوئال لە جەنابت دەكەم جامیعەیەكی ئەجنەبی چۆن لێرە دەرس بەكوردی دەڵێتەوە؟ كابرا كە لێرە جامیعات دەكاتەوە بەكوردی نایڵێتەوە، بڵێ دەرسێكی ئینسانی كوردی بێ قەیدی ناكا، بەڵام ئەو جامیعانە ئەجنەبین ئەو قانونەی كە هاتووە دەڵێ زمانە ڕەسمیەكەی ئەوجامیعانە ئینگلیزی بێ، بەڵام لە پاڵ ئەوە كوردی بخوێندرێ، كاك نژاد فەرموو،

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی من دكتورە باسی كرد كە ئەوە لە قانونی تەعلیم عالی چارەسەر كراوە، بەو شێوەیە نیە كە ئێمە باسمان كردووە، ئەوە مەوزوعێكە، ئەوەی تر مەوزوعێكی دیكەیە، ئەو مەوزوعە ئێمە دەڵێن ئێمە مانع نینە ئەوە بە ئینگلیزی بخوێندرێ، یاخود بە هەر زمانێكی دیكە بۆ خۆی هەین بكاتەوە، من لەگەڵ قسەكانی كاك سالار دام بە حەقیقەت لە مەسەلەی گەمارۆدانی ڕۆشنبیری جوزئێك بووە لە جینۆسایدی كلتوری كوردی بەڕاستی جینۆسایدی كورد ئەو قسەیە كە كلتوری كوردی قسەیەكی ترە، لەبەر ئەوە دەبێ دەرسێكی كوردی لەو كولیانە بخوێندرێ، دەرسێك هەبێ ئێمە دووبارەی دەكەینەوە، ئەو ئیقتراحەشم كرد، ئەوە لە قانونەكە بەو شێوەیە نەهاتووە كە د. ڕۆژان باسی كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد جینۆسایدی زمانی كوردی ئەوە (20) ساڵ پێشی ئێستا بوو، كاكە ئەوە ئێستا ئێمە حكومەتی هەرێمی خۆمانمان هەیە، پەرلەمانمان هەیە، ئەنواعی موئەسەساتی زمان و ئەكادیمیای كوردیمان هەیە، ئەنواعی جێگای كوردۆلۆجیمان هەیە، ئەنواعی قسمی كوردیمان هەیە، دەیان ئەگەر بڵێم سەدان مامۆستا تەخەروجیان كردووە ماستەر، دكتۆرا، پرۆفیسۆر لە زمانی كوردی ئەوە تێپەڕیوە ئەو مەسەلانە، بەڵام یەك واقیع بین دروسە عیلمیەكان بە زمانی كوردی مەسادریان نیە كاكە، بەس دەبێ ئێمە زمانی كوردی بۆ نەوەی داهاتوومان بخوێنن، ئاگاداری كلتوری كوردەواری خۆمان بن، ئاگاداری تاریخ بن، ئاگاداری زمان بن ئەوە قەیدی ناكا، بەڵام ئەگەر دروسە علمیەكان بە زمانی كوردی بڵێیتەوە نابێ كاكە فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە زمانەکانی ئەجنەبی و بە عەرەبی و بە تورکی و بە ئینگلیزی خوا سەلامەتت بکا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێزئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ یەك تێبینی لە سەر جەخت کردنەوە لە سەر زمانی ئینگلیزی زۆر مەسادر هەیە مەسەلەن (سۆربۆن) (سۆربۆن) جامیعەیەکە بابی قانونە لە دونیادا بە فەرەنسی دەخوێندرێ، باشە لە دونیادا ئێستا هەتا لە وڵاتانی ئینگلتەرا، ئێرلەندا، ئەمەریکا بەخۆی، خۆی لە ئیبتیدائی دا بەتەلەبەی خۆی دەڵێ زمانەکی دی دەوڵەتەکی ئەوروپی ئیختیار بکا بۆ ئەوەی فێر بێ، یان ئیسپانیە، یان فەرەنسیە باشە ئێمە ئەگەر حەزق کەین و بیخنکێنین لە سەر ئینگلیزی بە تەنێ، بە عەکسەوە من دەڵێم ئەو پڕۆسەیە نا بەس لە جامیعاتی ئەهلی هەتا بێتە ناو پەروەردەوە، ئێمە وای لێ بکەین تەلەبەی خۆمان بە خۆی ئیختیار بکا، چ زمانێکی پێ خۆشە لەتەك ئینگلیزی لە تەنیشت زمانەکی دی فێربێ، بۆ ئەوەی تەتەور بکا، بەتەنێ منیش لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەعلیم عالیمە لەوەی کە دەڵێ مەسادر بە ئینگلیزیە، بەڵام مەسادری زۆر خۆ کەس لە سەر قانونی فەرەنسی بە فەرەنسیە، برادەران ئەهمیەتی فەرەنسی لەگەڵ ئەهمیەتی ئینگلیزی یەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەو داڕشتنەوە دەکەین، ماددەی حەوتەم دەقە عەرەبیەکە،(تكون لغة التدريس في الجامعة الأنكليزية او اية لغة عالمية أخرى مع مراعاة الأختصاصات الأنسانية التي تحدد من قبل الوزارة والتى تكون باللغات الرسمية المنصوص عليها في الدستور).

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ یەك کەس لەگەڵ دا نیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر. فەرموو امنە خان.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی هەشت: پێویستە لە سەر زانکۆ خۆی بە مانەی خوارەوە ببەستێتەوە،

1. پەیڕەوێکی تایبەت بۆ وانە بێژە خۆ تەرخانکراوەکان و گرێبەستەکان لە بارەی کاتژمێری وانە گوتنەوەکەیان لەگەڵ دەست نیشانکردنی ئەو زمانەتەی بۆیان فەراهەم دەکرێ، لەگەڵ مەرجەکانی دامەزراندنیان و لابردنیان لە خزمەت.

2. ڕەچاوکردنی ڕێژەی وانە بێژەکان بۆ قوتابیەکان ئەمەش بەپێی پێوەری نێو دەوڵەتی دەبێ بۆ هەر پسپۆریێەك.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدين عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة: على الجامعة تلتزم بما يأتي:

1.أن تضع نظاماً خاصاً للتدريسيين المتفرغين والمتعاقدين بالساعة، مع تحديد الضمانات الواجب توفرها لهم وشروط تعيينهم وصرفهم من الخدمة.

2.مراعاة نسبة التدريسيين للطلبة وحسب المعايير الدولية لكل تخصص.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو تێبینیمان هەیە؟ یەکەمیان: لە بڕگەی یەکەم وشەی (بە کاتژمێر) لابدرێ، لەبەر ئەوەی گرێبەست ڕەنگە بە کاتژمێر بێ، ڕەنگە زیاتر لە کاتژمێر بێ، بەحەفتانە بێ، بە کۆرسات بێ، مەرج نیە گرێبەست تەنها بە کاتژمێر بێ، بۆیە پێشنیار دەکەین وشەی کاتژمێر لادرێ، لە بڕگەی دووەم:

دەستەواژەی پێوەرە نێو دەوڵەتیەکان، بکرێتە پێوەرە جیهانیەکان ئەو دەستەواژەیە لە یاسای وەزارەتەکان بەکارهاتیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید محمد/وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاز دەکەم خاڵی سێیەم ئیزافە بکرێ، (تخضع الأمور المنصوص عليها في الفقرة(1، 2)الى مصادقة ضمان الجودة في الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ (شەونم محمد، هاوڕاز خۆشناو، سمیرە عبداللە، عمر هەورامی، گەشە دارا، فرمان عزالدین، پێشەوا توفیق) فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەر بڕگەی (8) ئەو تێبینیانەم هەیە؟ بەنیسبەت بڕگەی یەکەم دوای پەیڕەوێکی تایبەت بۆ وانە بێژەکان لەوێ ئەگەر ئیزافەی بڕگەیەك بکرێ بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان یاسا کارپێکراوەکان، ئەو یاسایانەی کە هەیە، هەروەها لە کۆتایی بڕگەکە دا لەگەڵ دەست نیشانکردنی هی ئەو زەمانەتەی بۆیان فەراهەم دەکرێ، لەگەڵ مەرجەکانی دامەزراندنیان و لابردنیان لە خزمەت، باشتر وایە بنووسرێ تەقاعود کردنیان، وەهەروەها زەمانی صحی بۆ ئەو کارمەندانەی کە لەو جێگانەدا ئیش دەکەن، بڕگەی دوو ڕەچاوکردنی ڕێژەی وانە بێژەکان بۆ قوتابیان ئەمەش بەپێی پێوەرە جیهانیەکان هەروەك د. ڕۆژان باسی کرد عەینی ڕام هەیە، ماددەی سێیەم پێویستە لە هەردوو بڕگەی سەرەوەدا ڕەچاوی دڵنیایی جۆری بکرێ، ئیزافە بکرێ، بۆ هەردوو بڕگەی پێشوو، هەروەها پێم باشە بڕگەیەکی دیکەش ئیزافە بکرێ، ئەگەر بکرێ ئەو قوتابخانانە ئیکتیفای زیاتری خۆیان هەبێ، لە مامۆستا و لە وانە بێژەکان بەبێ ئەوەی ئیعتیماد بکەنە سەر ئەو کەوادیرە تەدریسیانەی کە لە جامیعەکانی کە هەیە بۆ ئەوەی ئەوە نەبێ بەهۆی دابڕانی کادیرە تەدریسیەکانی کە لە جامیعەکانی دیکە هەیە، و مەشغول بوونیان بەم جێگایانەوە ئەگەر بکرێ ئەم قوتابخانانە کادیری تەدریسی خۆیان یەعنی ئیکتیفای زیاتریان هەبێ ئینجا موافەقەتیان بۆ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕازشێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من دەمەوێ واقیعێك بخەمە بەرچاوی هەردوو لیژنەی بەڕێز و وەزیری خوێندنی باڵا، لە هەرێمی کوردستان کەرتی تایبەتی و کەرتی گشتی ئەو واقیعەی کە ئێمە دەیبینین کەرتی گشتی بۆتە قوربانی کەرتی تایبەتی، و لەو ڕووەی ئێستا ئەگەر بێنین لە وەزارەتی تەندروستییەوە تەماشای بکەین ئەو پزیشکانەی کە لە کەرتی گشتی کاریان هەیە، هەر ئەو پزیشکانە بە جۆرێك هەندێك لەو پزیشکانە ئیستیغلالی کەرتی گشتیان کردووە بۆ کەرتی تایبەتی، ئەمە واقعێکە لە هەرێمی کوردستان، و زەرەری زۆری داوە لە کەرتی گشتی، وایکردووە بەڕاستی کەرتی تایبەتی بەرەو سەر بڕوا خەڵك متمانەی زۆرتر پێ بێ، و کەرتی تایبەتی دابمرکێتەوە، و تووشی ئەو جۆرە بێ متمانەییە بێ لەلایەن خەڵکەوە، ئێمە بەڕاستی شتێکی تەندروست دەکەین کاتێك کە دەمانەوێ یاسا بۆ کەرتی تایبەت دابنێین بەشێوەیەك کە لەگەڵ هەرێمی خۆمان دا بگونجێ، ئەو لاوازیەی کە لە کەرتی گشتی هەیە، هەم لە خوێندن لە بواری پەروەردە، و هەم لە بواری تەندروستی، لە بوارەکانی تریش بەڕاستی واقعێکە لە هەرێمی کوردستاندا دەرکی پێ دەکەین، دەبێ ئێمە لەوێوە ئاگامان لەوە بێ، تەبعەن من ئەوەی تێبینیم کردووە بەنیسبەت پەروەردە ئەو مامۆستایانەی کە دەیانەوێ بچنە کەرتی تایبەت زۆرترین ئەوانەی کە توانایان هەیە، زۆرترین ئەوانەی کە بەڕاستی شتیان پێیە بۆ ئەوەی لەو شوێنە، تەبعەن کە تایبەتیەکە خۆ هەر ئەو کەسە نیە لە دەرەوە بێت و بۆتۆ لە بواری پەروەردە ئیش بکا، ناوخۆشی هەیە، لە ناوخۆشە ئەو کەسانەی مامۆستان لە قوتابخانە حکومیەکان بە توانان و دەتوانن شتی باش پێشکەش بکەن، ئەوانە بەشێکیان دەبرێن بۆ کەرتی تایبەتی، لەوێوە کەرتی گشتی زەرەرمەند دەبێ، من دەڵێم زۆر بە وردی بەڕاستی لێرە ڕەچاوی ئەوە بکەین کە کەرتی گشتی زەرەری لێ نەکەوێ لەو حاڵەتە، ئەوە بەڕاستی بابەتێکی زۆر گرنگە بەڕاستی لە هەمان کاتیشدا ئەو بابەتەی من پێم گرنگە لێرە هەردوو لیژنەی بەڕێز ڕەچاوی بکەن، بەڵێ ئێمە لە قوتابخانە غەیر حکومیەکان باسی ئەوەمان کرد کۆمەڵێ لەو ماف و لەو ئیمتیازاتانەی کە لە کەرتی گشتی دا هەیە، لە بوارێکی تر مامۆستاکان ئەوانەی کە لەو بوارە دا ئیش دەکەن کۆمەڵێ شتیان هەیە لەوانەیە لە کەرتی تایبەت نەبێ ئەوانەیان بۆ حیساب بکرێ، بەڵام لە سەر حیسابی کەرتی گشتی نەبێ، بەڕاستی ئەوە زۆر گرنگە لێرەدا ڕەچاوی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر هەورامی.

**بەڕێزعمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تێبینیەکەی من لە سەر ئەم ماددەیە دوو خاڵە، خاڵی یەکەمیان: پێویست دەکات بە باوەڕی من لێرە باسی کەوادری ئیداری بکرێ، چونکە کەوادری ئیداری غەیری ئەوانەی کە وانە دەڵێنەوە، پێویست دەکات لێرە باسی کەوادری ئیداری بکرێ، یەعنی سستمێك یان نیزامێك، هەم وەسفی وەزائیفەکانی تێدا بێ، هەم شێوازی گرێبەستەکەی باس لەوە بکات، چۆنیەتی کۆتایی پێ هێنانی کارکردنی لەو دامەزراوەیە، هەروەکو چۆن بۆ ئەوانەی کە وانە دەڵێنەوە ئاماژەی پێکراوە لە خاڵی یەکەمدا، تێبینی دووەم: بە باوەڕی من پێویست دەکات لێرە بوترێ ئەو سستەم و نیزامەی کە دادەنرێ لەلایەن ئەم دامەزراوانەوە، زانکۆ ئەهلیەکان پێویست دەکات ڕەچاوی یاسا جێبەجێکراوەکانی هەرێمی کوردستان بکات، ئێمە مەبەستمانە کاتێك کە نیزامەکە دائەنرێ، مافی ئەو کەسانە پارێزراو بێت لەو دامەزراوەیە لە ڕووی مالی، لە ڕووی کارکردن بۆ داهاتوو مەبەستمانە مافیان پارێزراو بێ، مافەکەش بە چی دەپارێزرێ بەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو سمیرە خان.**

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێویستە لەو بڕگەیە ئێمە جەخت لە سەر مافی هەیئەی تەدریسی فەرمانبەران وەکو کاك عمر گوتی هەیئەی ئیداری بکرێ، ئەویش چۆن؟ لە سەر زەمانی ئیجتیماعی و مافی خانەنشینان پێویستە لێرە زامن بکرێ، چونکە بەپێی یاسا و مەرجەکانی یاسای خوێندنی باڵا، چۆن لە بۆ ئەوان تەگبیر کرایە، لێرەش هەروا بکرێ، (مع مراعاة نسبة التدريسين الى نسبة الطلبة)، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك جلال.**

**بەڕێزجلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا دەکەم، چونکە بەڕاستی لەو جامیعانە بەتایبەتی لە جامیعەی ئەمریکی لە سلێمانی زۆربەی ئەو مامۆستایانەی کە دێن بە تەمەنن، و لەوانەیە جەودە یان ئەو نوقاتانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە بە سەریان دا جێبەجێ نەکرێ، ئەمە یەك، دوو: پشتگیری لە مولاحەزەکەی لیژنەی هاوبەش دەکەم کە (بالساعة) لا ببرێ، بەڵام ئەگەر بکرێ، بە حەزف ئەو قاتمعەی هێنا، لەوانەیە باشتر بێ، ئەگەر (بالساعة) لاببرێ (مع تحديد) تەحدیدەکە سنووردانانە، (مراعاة) ئەوە (ضمانات واجب توفرها)ئەوە شتێکی باشە ئەگەر بکرێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی شەونم خان و هاوڕاز خان دەکەم لەو مەسەلەیە، ئەمە ئەو بڕگانە کە باس لە زەمانی (حقوق منتسبی) کەرتی تایبەت بکرێ، یاخود ئەو زانکۆ ئەهلیانە پێشتر لە پرۆژەکەی وەزارەتی خوێندتی باڵادا هەبوو، کە ئێستا لە ئەنجومەنی وەزیران نەگەڕایەوە، لەبەر ئەوە بەم شێوەیەی لێ بکرێ( ضمان حقوق منتسبيها لأغراض التعيين والتقاعد و الضمان الصحي حسب القوانين المرعية)، و پشتگیری لەو ڕایەی هاوڕاز خان و شەونم خان دەکەم بۆ ئەم بڕگەیەش کە ئیکتیفای زیاتر لە سەر کەوادری خۆی بێ، نەك کەوادری موئەسەساتی حکومی، وابزانم ئێمە لە خوێندنگا نا حکومیەکانیشدا ئەم بڕگەیەمان دانا کە ئەوانەی لە موئەسەساتی حکومی کار دەکەن نەچنە موئەسەساتە ئەهلیەکان، بۆ ئەوەی تووشی کێشە و کەم و کوڕی نەبین لە موئەسەسە حکومیەکاندا، و گرنگی زیاتر بدرێ بە کەرتە تایبەتەکان، لەبەر ئەوە دەبێ ئیکتیفای زیاتر بکا لە کەوادری تەدریسی، خۆی خەمخۆری خۆی بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی (8) هاتووە لە بڕگەی یەکەمدا پەیڕەوێکی تایبەت بۆ وانە بێژە خۆ تەرخانکراوەکان، ئێمە لە ماددەی شەشدا باسمان کردووە لە کاتی پێشکەشکردنی ئەو زانکۆیە پەیڕەوەك پێشکەش دەکات، دیسان لێرە پەیڕەو دێتەوە ناو مەسەلەکان، بەڕاستی یان ئەو پەیڕەوە بکرێ بە ڕێنمایی لا بدرێ لێرە، چونکە ناکرێ دوو پەیڕەو بێ، جارێکیان زانکۆی دامەزراند، جارێکیش تەنها بۆ وانە بێژەکانە، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: بەڕاستی مەسەلەی کارگێڕەکان ئەوە پشتگیری قسەکەی کاك عمر هەورامی دەکەم بەڕاستی ئەوەیان زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی خۆمان و ڕەنگە چەند ئەندام پەرلەمانێك ئێستا لێرەیە، سەردانی کۆلیژە ئەهلیەکانمان کردووە، زانکۆ ئەهلیەکان بەڕاستی بە ئارەزووی خۆیان ئەو کارمەندانەی کە لە بەر دەستیانە دەیانهێنن و دەیان بەن، هەتا ژمارەکەیان پێگوتم وتیان سێ ساڵە دامەزراندنی (58) کارمەندی لابردیە، لەبەرهەندێك ئیعتیبارات کە بە خۆی تێدا بەرپرسە، بەڕاستی ئەوە زۆر گرنگە لێرە گرێبەست کاتێك فەرمانبەرەکان دەیکەن لە زانکۆکە بەڕاستی ئەوە گرنگی پێ بدرێ لە ڕووی قانونیەوە، بەڕاستی زۆر تۆکمە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێزپێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من حەز دەکەم ئەم لیژنە بەڕێزانە وەڵامی ئەوەم بدەنـەوە، ئایـا ئـەم ماددەیـە مـاددەی (8) تـەعاروز ناکا لەگەڵ ماددەی (4) کە دوێنێ دەنگمان لە سەر دا، چونکە لە ماددەی (4) دوێنێ ئێمە باسمان لەوە کـرد کە لە ڕووی کارگێڕی دارایی ئەکادیمیەوە جۆرێك لە سەربەخۆیی دراوە بەو زانکۆیانە، بەڵام لێـرە کۆمـەڵێ مەرجت لە سەر داناوە، ئایا تەعاروز ناکا، واتا دژ ناوەستی لەگەڵ ئەو ماددەیەی پێشوو کە دوێـنێ دەنگمـان لە سەر دا، حەز دەکەم وەڵامی ئەوەم بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید محمد/وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ پێشەکی بەشداربوونی ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە لە زانکۆ حکومیەکان دوایی لـە الفـرع الرابـع: مجلـس القسـم او الفـرع مـادده (26) دوایـی تەحدیـدمان کـردووە، وتوومانـە (يجـوز اشـتراك أعضـاء الهيئـة التدريسية في الجامعات الحكومية بإلقاء المحاظرات بصفة محاضـر خـارجي بعـد إكمـالهم نصـابهم القـانونی في الجامعــة وبموافقــة رئاســة القســم وعمــادة الكليــة)، لەبــەر ئــەوە لــەوێ دوایــی تەحدیــدمان کــردووە کــە مامۆسـتایەکی زانکـۆ هـەر لـە خۆیـەوە نـاتوانێ بچـێ بـۆ زانکۆیـەکی تایبـەت دەرس بڵێتـەوە، تـەنها دەبـێ ڕیئاسەی قسم نـەك ڕەئیسـی قسـم، و عـەمادەی کولیـە ڕاگرایـەتی کۆلێژەکە ڕازی بـن، لەبـەر ئـەوە کـەرتی تایبەت سوودمەند دەبێ، بەڵام کەرتی گشتی نابێتە قوربانی کەرتی تایبەت، ئەوە یەك، بەڕێز کاك پێشـەوا ئەو تێبینەی کە هەیبوو ئەوە هیچ تەعاروزێك نیە، بەڵکو لێرە دەبـێ زانکـۆ تایبەتـەکان پـەیڕەوی خۆیـان هەبێ، نیزامی خۆیان هەبێ، بۆ ئەوەی ماف و دەسـت کـەوت و ئـەرك و هـەموو شـتێکی ئـەو کارمەندانـە چ ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە چ کارگێڕیەکان پارێزراو بێ لە چوارچێوەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووسۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من دەمەوێ بە بیری ئەندامانی پەرلەمان بێنمەوە، کە هەموو ساڵێك لە ناو یاسای بودجەدا ئێمە بەندێك دائەنێن، کە ئەو کەسەی لە کەرتی گشتیەوە دەچێتە کەرتی تایبەت حکومەت ئەرکێکی بۆ پێنج ساڵە نیو مەعاشی دەداتێ، مەعنای ئەوەیە ئێمە تەشجیعمان، دەبێ تەشجیعی کەرتی تایبەت بکەین، چونکە حکومەت ناتوانێ هەموو ئەرکەکان بخاتە سەر شانی خۆی، دوای ئەوە، ئەوە ئازادی تاکە، من

مامۆستایەکی زانکۆم لە ناو کەرتی گشتیدا بۆ نموونە مەعاشەکەم دوو ملیۆنە، بەڵام ئەگەر بچمە زانکۆیەکی تایبەت بەو مەحازەڕانەی ئەیڵێم و بەو داهاتەی کە بۆم هەیە لە ئەنجامی بەحس و کۆمەڵێك نەشاتاتی تر، مەعاشەکەم دەبێتە سێ ملیۆن و نیو، تۆ ناتوانی دەستم بگری من نەچمە ئەوێ وانەی خۆم بڵێمەوە، من کەسێکی ئازادم، بۆیە دەبێ ئەو ئازادیە ببەخشرێ بەوەی بە مەرجێك تەئسیر نەکاتە سەر فەراغێك دروست بێ بۆ لە ناو زانکۆ حکومیەکاندا من لەگەڵ ئەوەدام ئەو ئازادیە نەگرینەوە لە تاکەکان، هەموو کەس دەبێ بچێت دەرس بڵێتەوە مستوای خۆی هی مەعیشی بەرزکاتەوە، چاوەڕێ تەنها ئەو داهاتە نەبێ کە لەلایەن حکومەت وەری دەگری، ئەگەر لەولا قازانجێتی با بچێتە ئەولا، هیچ کێشەیەك نیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امینە خان.

**بەڕێز امنە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندەك بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانێ بەحسی هەندێ کر کو یاسایی تەقاعودی د ڤێ یەعنی خانەنشینی هەبیتن، ئەگەر سەحکەنە مادده (28)ی گەلەك ڕوونی بەحسی هەندێ کری کو یاسایی یا تەقاعودی د چونی سەر وان دێتە تەتبیق کرن، هەروەسا مادده (38) ژی کو بڕوونی بەحسێ هەندێ کەتن کو دانانە خزمەتگوزارە ئەندامێ دەرس گوتنێ بە چ شێوازێ خزمەتە زانکۆیی بهێتە هەژمارتن، و هەروەسا مادده (44) ژی بەحسی هەندێ کەتن کو ئەو یاسای ڕێنمایی کو ئەگەر ڤێ یاسایەدا خاڵەك ئاماژە پێ نەکرابیتن ئەوێت کو تایبەت بن خاندنە بڵندو ڤەکۆلینە زانستیدا ئەو یاسایی هەرێمێ کو دێنە پەیڕەو کرن سەردا یەعنی فەراغە قانونی ژی ئەگەر هاتو تشتەك مە بیر کردبێ یا خاندنە بلاس بهێتە تەتبیق کرن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا داڕشتنەوە المادة الثامنة: على الجامعة ان تلتزم بما يأتي:

1.أن تضع نظاماً خاصاً للتدريسيين المتفرغين والمتعاقدين مع تحديد الضمانات الواجب توفرها لهم وشروط تعيينهم وإنهاء خدماتهم.

2.مراعاة نسبة التدريسيين للطلبة وحسب المعايير العالمية لكل تخصص.

3. تخضع الفقرتان (1، 2) الى مصادقة ضمان الجودة في الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو امینە خان.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ:

1. مەرجە ئەوەی دێتە پێش بۆ وەرگرتن، بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی بە هەردوو لقی ئەدەبی و زانستی یەوە هەبێت.

2. خوێندن لە زانکۆ بە کردە نیە لە ڕووی دەوام کردن و تاقیکردنەوەیان و نەك وەرگیرابێت لە دوورەوە یاخود کراوە بێ.

3. ماوەی خوێندن لە زانکۆ کولیژ چوار ساڵی خوێندنە بەلانی کەم، و دەرچوو بڕوانامەی بەرایی زانکۆ (بەکالوریۆس) لە بواری پسپۆڕیەکەی پێ دەدرێ،

4. دەشێ ئەو زانکۆیە کە دوو دەورەی دەرچواندن لە هەر بەشێك لە بەشەکانی زانستی، خوێندنی باڵا بکاتەوە داوای هاتنە دی مەرجەکانی دی لە ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوەو پێویستیەکانی خوێندن.

5. دەشێ زانکۆ دەست بە خوێندنی باڵا بکات لە بارێکدا کە یەکێك لە زانکۆکانی بیانی باوەڕپێکراو لە ڕووی جیهانیەوە ئەو جۆرە خوێندنە بگرێتە ئەستۆ و بڕوانامەی پێ بدات بەشێوەی ڕێککەوتنی زانستی و ئەکادیمی و هاوبەشی زانستی نێوان دوو زانکۆ چ بە هاوبەشی بێت یاخود بەپێی ئەو ڕێککەوتنە بێت کە لەلایەن هەندێ لە زانکۆی نێو دەوڵەتی بەهێز وەك سیستەمی دەرەکی دەبەسترێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شوانە گیان هەم زوو وەرەوە هەم بە برادەران بڵێ بێنەوە، چونکە نیصابی قانونیمان تەواو نیە، فەرموو بە عەرەبیەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

أولا: يشترط في المتقدم أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية بفرعيها الأدبي والعلمي.

ثانيا: تكون الدراسة في الجامعة فعلية دواما وامتحانا وليست انتسابا عن بعد أو مفتوحا.

**ثالثا: تكون مدة الدراسة في الجامعة والكلية أربع سنوات دراسية في الأقل، ويمنح المتخرج فيها شهادة جامعية أولية (بكالوريوس) في حقل الأختصاص.**

**رابعا: يجوز للجامعة او الكلية التي خرجت دورتين لأية قسم من الأقسام العلمية فيها استحداث الدراسات العليا فيها بعد توفر الشروط الأخرى من أعضاء الهيئة التدريسية والمستلزمات الدراسية.**

**خامسا: يجوز للجامعة البدء بالدراسات العليا في حالة تبني إحدى الجامعات الأجنبية المعترفة عالمياً بتبني مثل هذه الدراسة ومنح الشهادات من قبلها وبصيغة الأتفاق العلمي والأكاديمي والشراكة العلمية بين الجامعتين منها الشراكة أو الأتفاق المعمول من قبل بعض الجامعات العالمية الرصينة مثل النظام الخارجي.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش.**

**بەڕێزد. ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە یەك تێبینیمان هەیە پێشنیار دەكەین لە دوای كۆتایی بڕگەی چوارەم و پێنجەم لە دوای ڕستەكان دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت زیاد بكرێ بۆ هەردوو بڕگەی چوارەم پێنجەم، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**أولا: يشترط في المتقدم أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية بفرعيها الأدبي والعلمي، پێشنیازدەكەم ئەوە بگۆڕێ، بكرێ، بە (يشترط في الراغبين للتقديم للدراسة في الجامعات الخاصة ان يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية بفرعيها العلمي والأدبي)، بەس صیغەكە تۆزێ بگۆڕێ، دوای ئەوە، ثالثا: (تكون مدة الدراسة في الجامعة والكلية)، ئەو جامیعەیە لابرێ، بكرێتە (في الكليات أربع سنوات دراسية في الأقل، ويمنح المتخرج فيها شهادة جامعية أولية (بكالوريوس) في حقل الأختصاص....)، بنووسرێ دوای ئەوە (.....مع مراعاة الأختصاصات الطبية والهندسية) چونكە لە پزیشكی ددان پێنج ساڵە، لە دەرمان سازی پێنج ساڵە، لە ئەندازیاری تەلارسازی پێنج ساڵە، بگۆڕێ ئەوە، هەروەها جێگەی پەیمانگا بكرێتەوە كە ئەڵێ (مدة الدراسة) بۆیە دەڵێم (في الجامعة) لا ببرێ (في الكليات الجامعة) بنووسرێ، لە پێشی پێشەوە (تكون مدة الدراسة في الجامعة) بكرێ (في كليات الجامعة اربع سنوات)، لەگەڵ (مراعاة الاختصاصات الطبية والهندسية) ئینجا دوایی بنووسرێ (وفي المعاهد سنتين) چونكە ئێمە بە نیازین پەیمانگا بكەینەوە، بۆ ئەوەی بوار بڕەخسێنین بۆ دەرچوانی ئامادەیی بازرگانی، بۆ نموونە بۆ دەرچوانی شوێنی تر، لەبەر ئەوە زانكۆ**

تایبەتەكان وەكو زانكۆ حكومیەكان شەرت نیە تەنها كۆلیژ لە خۆ بگرن، دەتوانن پەیمانگاش دابمەزرێنن، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوانە هەمووی بگۆڕێ، كە دەڵێ
رابعا: يجوز للجامعة او الكلية التي خرجت دورتين لأية قسم من الأقسام العلمية فيها استحداث الدراسات العليا فيها بعد توفر الشروط الأخرى من أعضاء الهيئة التدريسية والمستلزمات الدراسية، بگۆڕێ، بكرێ، بە ( يخضع فتح الدراسات العليا في الجامعة الخاصة إلى موافقة الوزارة وفق معايير الضمان النوعي وتعليمات الدراسات العليا بعد تقديم طلب من قبلها وعند الضرورة على ان لا يقل عدد الدورات المتخرجة عن خمس دورات) نەك دورتين، بكرێ بە پێنج خولی دەرچوون لە باتی دووان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ (فرمان عزالدین، عبدالرحمن حسین، سیوەیل عثمان، ئەڤین عمر، تارا تحسین، شیلان عبدالجبار، لانە احمد، گەشە دارا، قادر حسن، شلێر محمد، جمال طاهر، هاژە سلێمان، د. سەروەر عبدالرحمن، نەژاد عزیز، سمیرە عبدالله، سالار محمود، شەونم محمد، ئارام قادر، شێردل تحسین، هاوڕاز شێخ احمد، سەرگوڵ رضا حسن، گوڵێزار قادر، د. احمد ابراهیم، بیلال سلێمان، سۆزان شهاب نوری) مامۆستا فرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەڕاستی من قسەم لە سەر چوارەمە، جەنابی وەزیر گۆڕانكاری بە سەرداهێنا لە دوو دەورە كردیە پێنج دەورە، بەڵام من ئەوە تێبینیەكەمە، دیارە هەر كاتێك موستەلزەمات و پێداویستیەكانی خوێندنی باڵا لە هەر زانكۆیەك دابین كرا، پێویستە ئەو زانكۆیە خوێندنی باڵا بكاتەوە، موستەلزەماتەكان و پێداویستەكان ڕەنگە هەر سێیان بن، هی ورد تریش هەیە، یەكەمیان وانە بێژ هەبێ، سەرپەرشتی خوێندكارەكە هەبێ، پاشان لیژنەی موناقەشە هەبێ، ئەگەر ئەوانەمان هەبوو با ساڵی دووەم بێ، زانكۆیەكە خۆ هەر مەرج نیە خوێندكارەكانی خۆی وەربگرێ، ئەوە كەرتی تایبەتە، ئەگەر هاتو موستەلزەماتی هەبوو یەكسەر ڕادەگەیەنێ من دیراستم كردۆتەوە بۆ نموومە لە یاسا، خەڵك پێشكەش دەكا بەپێی ئەو ڕێنماییانەی كە ئەو زانكۆیە دادەنێ، بەڵام ئەوەی جەنابی وەزیر دەڵێ پێنج دەورە تەخەروج بكا، ئەگەر دوو دەورە بێ پێنج ساڵ دەكا، بەڵام ئەگەر پێنج دەورە بێ، دیارە زۆر زیاتر دەكات، بەڕاستی ئێمە پێمان چاكە بكرێ بە دەورەك، و كەمتریش لە دەورەك، لەبەر ئەوەی زانكۆی كردۆتەوە موستەلزەماتی تێدایە، خۆ بۆ خوێندكارەكانی خۆی نیە بۆ گشتیە، هەر بەكەلوریۆسەك دەتوانێ پێشكەش بكات لەو زانكۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەر لە سەر بڕگەی چوارەم قسە دەكەم، جەنابی وەزیر باسی كرد كە ببێ بە پێنج دەورە، بۆ لەبەر چی ببێتە پێنج دەورە؟ زانكۆیەك دێتە ئێرە بۆ خۆی جامیعەیەك دادەنێ یان دیراسەیەك دەست پێ دەكا، لەبەر چی ئێمە فەرزی بكەین بكەینە پێنج دەورە، دوو دەورە بەسە و زیادیشە، دوای ئەوە باسی كولیاتی كرد یەعنی وەكو هەندەسە، وەكو پەیمانگا و ئەوانە، ئەوە خۆی لە خۆی دا بەرنامە پێشكەش دەكا ئەم عەدەد و ساڵێك دەبێ، سێ ساڵ دەبێ، ئێمە ناچینە ناو یاسا ئەو تەفاسیلە بنووسێن، هەر لە خۆیەوە كاتێ بەرنامە تەقدیم دەكا بۆ وەرگرتنی ئیجازە پەیڕەوی ناوەخۆ، خۆی ئەم شتانە هەمووی دیار دەكات، پێویست ناكات ئەوە هەمووی لێرە ئیشارەتی پێ بدەین و بنووسین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (9) پێم باش بوو عنوانی هەبێ، یەعنی (شروط القبول) بێ، یان (شروط قبول الطلبة) هەبیتن ئینجا (اولا، ثانیا، ثالثا) هەبیتن، دوو: لە ئەوەڵەن نووسرایە (حاصل علی شهادة الدراسة الإعدادية بفرعيها الأدبي والعلمي) جاری وا هەیە تەلەبەمان هەیە، دەرچووی پیشەییەكانە، ئێمە زۆر غەدریان لێدەكەین، دەرەجەی باشیان هەیە، كەچی لە زانكۆ وەرناگیرێن، لەبەر چی وەریان ناگرن لە زانكۆ؟ دوای ئەوە تایبەتە دەبینین ئەوە بە پارەی خۆی دەخوێنێیتن حەق وایە جەنابی وەزیر گۆتی لەوانەیە لە موستەقبەل ئێمە بمانەوێ پەیمانگا بكەینەوە لە بۆ ئەو دەرچووانە، بەس حەقە ئەو دەرچووانەش ئەگەر دەرەجەی باشیان هەیە ئەوانیش لە زانكۆ وەربگیرێن، پێم باشە ئەوەی مەهەنیشی تێدا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری جەنابی وەزیر دەكەم بۆ خاڵی یەكەمی كە دەڵێ (يشترط في المتقدم) بكرێتە یان(راغب في الدراسة او طالب في الدراسة) هەر دەستەواژەیەكی تری بۆ دادەنرێ، چونكە لێرە موتەقەدم وا هاتووە كەس نازانێ موتەقەدم بۆ چ بوارێكە یان بۆ چ شتێكە؟ دووەم: لەگەڵ ئەوەم كەوا دیسانەوە وشەی جامیعە لابرێ، چونكە كولیات چوار ساڵ ئەخوێندرێت و (فما فوق)یشی هەیە، هەروەها پشتگیری سیوەیل خان دەكەم وابزانم ئێستا عەملیەن هەیە، كەوا هەندێ كولیات هەیە، مەسەلەن بۆ نموونە لە كولیەی موحاسەبە، ئەوانەی كە دەرچووی ئامادەییەكانی بازرگانین، ئەوانەن وەردەگیرێن، یەعنی بە عەمەلی پەیڕەو كراوە ئەو حاڵەتە، من نازانم لێرە ئەگەر جێگایەكی بۆ بكرێتەوە یاخود تەرهیم بكرێ لەگەڵ ئەم

برگانە، وابزانم زەرەری نابێ، دووەم لە چوارەم و پێنجەم کە باسی کردنەوەی دیراساتی عولیا دەکا، وابزانم ئەگەرجیا بکرێتەوە، چونکە موتەقەدیم بۆ بەکەلوریۆس فەرقی هەیە لەگەڵ موتەقەدیم لەگەڵ دیراساتی عولیا، ئەگەر ببێت و بکرێتە خاڵێکی سەربەخۆ، و زیاتر ورد بینەوە لێیان، چونکە ئەمە بەو شێوەیە هاتووە دیراساتی عولیا خۆی بەڕاستی ئەوە ئیختیساسێکی بەرزترە، یەعنی مەفروزە زیاتر ئیهتیمامی بدرێتێ، بۆیە تەنزیم کردنی بە شێوەیەکی ورد تر لەم حاڵەتەی کە ئێستا هاتووە پێویستە، بەڵام بە ماددەیەکی سەربەخۆ بێت، یەعنی ئێمە ئەوها مەسەلەکە بچووك نەکەینەوە تێکەڵی کەین لەگەڵ وەرگرتن لە ئیعدادیەو بۆ بەکەلوریۆس، بۆیە ئەگەر بکرێ ئەو دوو بڕگەیە بکرێتە ماددەیەکی سەربەخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا منیش لەگەڵ ئەوەم پێنج خول زۆرە پێنج دەفعەی تەخەرووج زۆرە، ئەگەر بێت و کەم بکرێتەوە بۆ چوارساڵ یاخود بۆ سێ ساڵ باشتر دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیقتیراحەکەم بەم شکلە دابڕێژرێتەوە لەبەرئەوە کە بڵێین ئەم کۆلیژە ئەهلیانە یان تایبەتانە، دەکرێتەوە بۆ خەریجەکان کە لە خاڵی یەکەم باس کراوە هی ئیعدادیە، لەگەڵیشی دا وا بکرێ کە ئەویش (الراغب في التقديم في الجامعات أن يكون حاصلا على الشهادة الإعدادية بفرعيها العلمي والأدبي ويسمح لخريج الإعداديات والمعاهد الفنية بالألتحاق بالجامعات الأهلية بعد إجتيازهم سنة تحضيرية) ئەگەر بێتو ئەوانە خەریجی تیجارەن یان سیناعەن ساڵێکیان بۆ ئیزافە بکرێ، وەکو سەنەیەکی تەحزیری، ئەویش ئیقتیراحێکە لەلایەن ئەوەی کە بەتەجروبەوە زۆر جار ئەوانە پێویستیان بە ساڵێك خوێندنی زمانە، لە دوای ئەوە دەتوانێ بۆ نموونە بچێتە موحاسەبە خەریجی تیجارەیە ئەتوانن بچنە بزنس، لەوە مەحروم نەکرێن، چونکە خەریجی مەدارسی فەنی زۆر ئیهتیمامێکی وایان پێ نەدراوە کە لە دوا ڕۆژدا چیبکەن، بە خۆشحاڵیەوە هەرێمی کوردستان دانانی ئەم یاسایە لە پەرلەمان دا بۆ ئەوەی تەنزیمێك بکرێ، بۆ ئەو کەسانە مەحروم نەبن، زۆرمان هەیە ئێستا خەریجن دانیشتوون لە ماڵەوە نازانن چیبکەن، تەقدیمیان بۆ ئەو کۆلیژانە بەو شێوەیە بێ کە ساڵێك تەحزیری هەبێ لەگەڵیدا، وابزانم بە مورەتەبتر، بەڵام بزانن بۆ کێ ئەخوێنن، و چییە ئەو ئیختیساسەی کە ئەوان وەری ئەگرن؟ دووەم: هاوڕام لەگەڵ ئەڤین خان بەڕاستی تەقدیمی ماجیستێر جیاوازە لەگەڵ تەقدیم و ڕاغبکردن بۆ خوێندن لەو جامیعە ئەهلیانە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەگەر بێتو تەماشای تەعدیلی شەهادات بکەین بڵێین تەعلیمی عالی دەبینین لە وڵاتانی تر هەتا تەعدیلی شەهادەیەك دەکرێ، لێرە لە ناو کوردستاندا بە چەند پێوەر دەڕوات و چۆن حیسابی بۆ دەکرێ تاکو ئەم شەهادەی ماجیستێرە چ پێوەرێکی علمی پێوەیە، چەند بە عەمەلی دەوامی کردووە؟ خەریجی چ کولیەیەکە؟ چۆن خوێندویەتی؟ لەبەرئەوە ئەو جامیعە ئەهلیانە زۆر زۆر گرنگە خیبرە و

ئەزمونێکی باشیان هەبێ یەکسەر ماجیستێر نەکرێتەوە، بەڵکو چەند ساڵی پێدا بچێ چەند دەورەی پێ دا بڕوات، بزانن ئایا ئەو خەریجانە کە لەناو ئەو کولیەیە تا چ ڕادەیەك توانیویانە ئەو ئامانجە بەدەست بهێنن، و کۆلیژەکەش تا چەند موستەلزەماتی تەواوی هەیە، بۆ ماجیستێر و دکتۆرا سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیلان خان.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ڤێ ماددی من تێبینم هەیە سەر خاڵە ئێکێ و یا سێ، یا ئێکێ هاتیە ناساندن (يشترط في المتقدم أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية بفرعيها الأدبي والعلمي) ژی بیرو چوونە هەڤاڵێ خۆ سیوەیل خان و ئەڤین خان هەیە کوحەسر نەبیتن سەر فەرعێ ئەدەبی و علمی، بەلکی بۆ دەرچوین د ژی وەکو بازرگانی، پیشەسازی، بۆ نموونە ئەگەر هاتو پەیمانگەهەکا تایبەت هاتیە ڤەکرن ئیدارەو ئیقتیساد بۆ نموونە بۆچی دەرچوویێ بازرگانی یەعنی دەرچوویێ ئیعدادیە تیجارێ نەشێتن بچتە وێرێ بخوێنیتن، یان ژی ئەگەر دەرچووی سیناعە بێتن کارەبا بۆ نموونە ئەگەر بشهێت بچیتن مەعهەدەکی تایبەت و لوێرێ بچێتن هەندەسە کارەبا بۆ نموونە بخوێنێتن، ئینجا ئەز پێشنیارێ دکەم کو وەسا بێتە ناساندن(يشترط في المتقدم أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية بفروعها المختلفة) سەبارەت ب مادده سێ (تكون مدة الدراسة في الجامعة والكلية أربع سنوات دراسية في الأقل، ويمنح المتخرج فيها شهادة جامعية أولية (بكالوريوس) في حقل الأختصاص) سۆزان خان ژی ئاماژە پێ کر کو سیستەمێ خوێندنێ ژ دەرڤەی وڵاتێ تایبەت یا بەکەلوریۆسێ بەرەو گۆڕینێ د چیتن بەرەو تەکتیکێ د چت نەوعیەتێ د چت، یەعنی گەلەك وڵاتێ ئەورویی وە لێهاتیە کو چوار ساڵ ببیتە سێ ساڵ بەکەلوریۆس، بۆ نموونە وڵاتێ نەرویج نموونەیەك دینم هەتا(2004 و 2005)ی بەکەلوریۆس چوار ساڵ بی، بەس بەرەو ئەویدی چووینە ستانداریکی سیستەمێکی نێو دەوڵەتی کو نها بەکەلوریۆس سێ ساڵێە، و ماجستێر ژی دوو ساڵە، ئینجا ئەز لەگەڵ وی دام (تكون مدة الدراسة في الجامعة والكلية أربع سنوات دراسية على الأقل) بەلکی (ثلاث سنوان على الأقل ويمنح المتخرج فيها شهادة جامعية أولية (بكالوريوس) في حقل الأختصاص)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی نۆیەم لێرە من پێشنیار دەکەم لە فەقەرەی ئەوەلەن(يشترط في المتقدم أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية بفرعيها الأدبي والعلمي) لەگەڵ ئیزافە بکرێ، میهەنی و پیشەیی و مەعاهد، بۆ لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئەوەی خەریجی ئیعدادیەی میهەنی یەعنی خیبرەی نەزەریان هەیە، عەمەلیشیان هەیە، دەتوانن ئیعتیادی بەبێ ساڵێکی تەحزیریان هەبیتن یەعنی حازر بن، مەسەلەن مولتەحقیان هەبیتن تەواو بکەن لەو کولیاتانە، بۆ نموونە کولیەی ئیدارە و ئیقتیساد ئەوانەی خەریجی ئیعدادیەی تیجارەینە زۆر متەفەوق دەبن، زۆر موتەمەکن دەبن بۆ شارەزایان بە ماددەکانی ئەوەی لە کولیەی ئیدارە و ئیقتیساد شارەزاییان زیاتر هەیە کە لە خەریجی فەرعی ئەدەبی و عیلمی، بەنیسبەت نوقتەی چوارەم، من لەگەڵ ئەوە دام پشتگیری دەکەم لە ڕەئی قسەی مامۆستا فەرمان دوو دەورە تەواو بکرێتن حەقی هەبیتن لە جامیعەکە دیراسات عولیا بکرێتەوە، کە کادیری تەدریسی هەبێتن، ستافەکەی هەبێتن بۆ موناقەشە و بۆ تەکمیلەی دیراساتی عولیا پاشی کە دوو دەورەی پێی ڕادەگێنێتن کە حەقی هەبێ، مافی هەبێ دیراسات عولیا بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری هاوڕێکانم دەکەم لە مەسەلەی بڕگەی یەکەم، کە دەڵێ بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی بە هەردوو لقی ئەدەبی و زانستی هەبێ، بەڵکو پیشەییەکانیش بگرێتەوە، لانە خان وتی کە پیشەییەکان ئەزموونیان زیاترە لەو ئیختیساسە بەپێی پسپۆریەکەی خۆی لەو کولیژە وەرگیرێ، بەشی بازرگانی باشتر پێم وایە سەرکەوتووتر دەبێ لە ئیحسادا، بەشی میکانیك لە ئیعدادیە پیشەییەکان باشتر دەبێ لە هەندەسەی میکانیکدا، نازانم ئەم جیاوازیە بۆ بکرێ، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوە تەسبیت بکرێ، بەڕێز وەزیر وتی باسی کردنەوەی پەیمانگای کرد، باشە جیاوازی چییە؟ بۆ ئەم پیشەییەکان بۆ لە پەیمانگا وەرگیرێن، بۆ لە کولیژ وەرنەگیرێن، ئایا بۆ هەر پێوەر دەرەجە نەبێت لێرەدا لە کولیژەکان وەرگیرێن وەکو زانکۆ پەیمانگا حکومیەکان پێوەریان بەس دەرەجە بێت، بەو شێوەیە ئەوانیش بێ بەش نەبن، بەڕاستی پیشەییەکان هەمیشە گلەییمان لێ دەکەن، و پشتگوێ خراون لە مەسەلەی دەمەزراندندا ئێمە بۆ لێرەوە ڕەوشی ئاستی زانستی ئەو پیشەییانە بەرزنەکەینەوە، و ئەو فرسەتەیان نەدەینێ کە باشتر بخوێنن، بۆ ئەوەی لە بازاڕیشدا باشتر کاریان پێ بکرێ، کە ئێستا دەبینین لە هەرێمی کوردستاندا لە دامەزراندنەکانشیاندا ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەمیان دادەمەزرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك قادر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ڕاستی بێ جەنابی وەزیر لە سەر تێبینیەکەی ئێمە وتی، بەڵام هەر بۆ تەئکید و پشتگیری لیژنەی هاوبەش دەکەین، سیغەکەی بگۆڕن سەبارەت بە ماوەی خوێندنەکە بە موراعاتکردنی پسپۆڕی کولیژەکان (طب و هندسة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوکاران لە سەر ماددەی (9) لە بڕگەی یەکەمدا زۆر جەخت لە سەر ئەوە دەکرێتەوە، منیش پشتگیریان دەکەم، بەڵام ئەگەر لیژنەی هاوبەش ئەم سیغەیە کە لە تەعدیلی قانونی جامیعات و کولیاتی ئەهلی لە ساڵی 2002 لە عێراق دەرچووە کە ئێستا (ساریە) ئەو دەڵێ (تكون الدراسة في الجامعة أو الكلية صباحية أو مسائية أو كلتيهما ويشترط في المتقدم أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية المحددة في الأختصاصات المناظرة)، یەعنی نەی وتووە علمی و ئەدەبی، مادام ئێمە بەشێکین هەر لەوە، من تەسەور دەکەم ئەوە باشترە بۆ ئەو خوێندکارانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم مادده خاڵی یەکەم، منیش پشتگیری هاوڕێکانم دەکەم سەبارەت بە پەیداکردنی جێگایەك بۆ دەرچووانی خوێندنی پیشەیی ئەوانە، و پێشنیار دەکەم ئاخر جوملە ئیزافە بکرێ، ( ويسمح لخريجي المعاهد و المدارس المهنية أو الفنية)، ئەگەر بتوانن بڵێین (يسمح لە بتقديم أو بقبول في الجامعات الخاصة وفق ضوابط تحددها الجامعة) بەبێ (ضوابط) بۆیان دابنێن، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: باس لەوە دەکرێ کە فەقەرەی چوارەم، کردنەوەی دیراسات عولیا، جەنابی وەزیر گوتی پێنج دەورە، ئەوە لێرە دوو دەورە هەیە، وابزانم قانونی تەعلیم عالی ئەو شتەی ئیحتیمالە تەحدید کردبێتن، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەتا دوو ساڵ بێ، پینج ساڵ بێ، نە چوار ساڵ بێ، بەڵێ (تخضع الجامعة الخاصة في ما يخص أو يتعلق بفتح أو إستحداث الدراسات العليا بنفس الضوابط والشروط المعمول بها في الجامعات الحكومية بعد استحصال موافقة الوزارة) چ جامیعەی حکومی بێ، چ جامیعەی خاص بێتن، هەمان شروت، هەمان مەرج بە کار بێنن، ئیتر پێنج ساڵ بێ، دوو ساڵ بێ، سێ ساڵ بێ، خاڵی تر، (خامسا) دوو جار مەوزوعی تەبەنی هاتووە،

(في حالة تبنى إحدى الجامعات الأجنبية المعترفة في تبنى مثل هذه الدراسة)، تەبەنیەی دووەم وابزانم لابدرێ چاكتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووهاژە خان.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لە سەر خاڵی یەكەم و چوارەم تێبینیم هەیە، خاڵی یەكەمیان پشتگیری هاوكارانم دەكەم كە پێشنیاریان كرد كە ئامادەییە پیشەییەكانی بۆ زیاد بكرێ، چونكە فیعلەن ئێستا واقیعی ئەوە هەیە خەریجی ئیعدادیەی تیجارە لە جامیعە ئەهلیەكان وەرگیراوە، و تەخەروجیشی كردووە، بە تایبەتی بۆ نموونە ئیعدادیەی تیجارە لە (إدارة الأعمال) وەرگیراوە، كە ئەوە بەپێی پسپۆریەكەی خۆیەتی، بۆیە پێویست دەكات كە ئەوانەش نەكرێن، و بە پێی پسپۆری وەربگیرێن لە جامیعە ئەهلیەكان، دەبارەی خاڵی چوارەم دیارە منیش لەگەڵ دوو دەورەكەم وابزانم، بەڵام من لێرە بە فرسەتی دەزانم كە ئەو پرسیارە ئاراستەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بكەم، ئەویش ئەوەیە كە ئەو قوتابیانەی كە دەردەچن لە زانكۆ ئەهلیەكان لێرە لە خوێندنی باڵا لە زانكۆی حكومی وەرناگیرێن بۆ خوێندنی باڵا، نازانم یەعنی هۆكارەكەی چییە ئەگەر بتوانین ئەو وەڵامە لە جەنابی وەزیر وەربگرینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. سەروەر.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش ویڕای پشتگیری كردنی ئەو ڕایەی كە بەشی زۆری هاوكارانم دەریان بڕی سەبارەت بە بڕگەی یەكەم كە تەنها ئەمە حەسر نەكرێ لە نێوان ئەدەبی و علمی دا زانستیی و وێژەییەكە، چونكە لە مەسەلەی هەم پیشەییەكانی تێدا بێ، هەم پەیمانگاكان، ئێمە ئەوانە ژمارەیەكی زۆر زۆرن دەردەچن، و ڕێگەیان پێ نادرێت، بەڕێز جەنابی وەزیر باسی ئەوەی كرد لە بەرنامەمان دایە ئێمە پەیمانگا بكەینەوە، باشە جیاوازی چییە لە نێوان ئەوەی كەوا كەسێك ئەگەر بێتو بڕوانامەكەی گونجاو نەبێت بۆ خوێندن لە پەیمانگا وەربگیرێ، و یاخود لە كولیژ وەربگیرێ، چونكە لە كولیژ و پەیمانگا حكومیەكان دا ئەوەی ئێمە دەیزانین كە بەپێی قبولی مەركەزی وەردەگیرێن جیاوازیەك ناكرێ لەو نێوانەدا، بۆیە لێرەدا بەڕاستی

ئەگەر بۆ پەیمانگا مافیان هەبێت، بەهەمان شێوە بۆ ئەوێش دەیان بێت، چ پیشەییەکان، پیشەسازی بێ، بازرگانی بێ، یاخود کشتوکاڵ بێ، ئەگەر بیانوو ئەوە بێ کە ئەوانە هەندێك دەرسی فیزیا و کیمیا و بیرکاری و ئەوانەیان نەخوێندبێت، ئاساییە ئەگەر ئەو کەسە وەرنەگیرێت لە کولیژی هەندەسە، بۆ نموونە لە پزیشکییە، بەڵام خۆ ئاساییە لە پسپۆریە ئینسانیەکان وەربگیرێن لە وێندەر، و جگە لەوە کەسێك کە دەرچووی پیشەیی میکانیکە بۆ نموونە ئایا ئەو کەسە سەرکەوتووتر نابێ لە کولیژی ئەندازیاری بەشی میکانیك وەربگیرێ؟ بۆ نموونە دەرچووی کارەبایە ئایا لە ئەندازیاری کارەبا ئەوە سەرکەوتووتر نابێت؟ سەبارەت بە بازرگانی بەهەمان شێوە وەکو هاوکارم لانە خان کە ئیشارەتی پێ دا، جگە لە مەسەلەی پیشەییەکە کە پێم وایە زۆر پێوستە تیایدا بێت، لێرەدا تەنها بڵێ بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی، وێژەیی زانستی تیایدا دەست نیشان نەکرێ، جگە لەمە بڕگەیەکی تریش ئیزافە بکرێ لەگەڵ ئەمەدا، کە ئەویش دەرچوانی پەیمانگاکانە، پەیمانگا پێنج ساڵییەکان، بەڕێزان بۆ نموونە پەیمانگای کومپیوتەرمان هەیە کە پێنج ساڵ کومپیوتەر دەخوێنێت، بەڵام بۆی نیە بچێت لە کولیژێك کە کومپیوتەر بێ بخوێنێ، لە کاتێکدا دەتوانم بڵێم ئەگەر شتێك لە مامۆستاکەی کەمتر بزانێ لەوانەیە، بۆیە زۆر گرنگە لێرەدا هەم پەیمانگاکان و هەم پیشەییەکانیش جیگەیان بکرێتەوە، هەر لە سەر ئەو بابەتە جەنابی وەزیر باسی ئەوەی کرد وتی ئێمە بەتەماین پەیمانگا بکەینەوە، بەڵام دوێنێ ئەگەر من لێم تێك نەچووبێت بڕگەیەك لادرا کە وتیان دامەزراوەکانی خوێندنی تایبەت، ئایا دامەزراوەکانی خوێندنی تایبەت وتیان چییە؟ ئەمە یەکێك دەبێ لەم دامەزراوانە خۆ ئەمە نە کولیژە، نەزانکۆیە، ئەی ئێمە ئەگەر ئەوەمان لادا، ئەگەر مەبەست لەوە بوو، بۆچی ئەو مەسەلەیە لادرا دوێنێ لەوەیە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم جەنابی وەزیر وتی بڵێ (کلیات الجامعە) باشە لێرەدا ئایا من پرسیارێ تر دووبارە دەکەمەوە، کە کردبووم پێشتریش وەڵامەکەم پێ نەدرا، ئەو زانکۆیانەی ئێمە هەمانە کولیژیان هەیە ئەگەر کولیژیان هەیە ئاساییە بڵێ ئەمە بێ، بەڵام ڕەنگە من لەوەدا هەڵە بم، بۆم ڕاست کەنەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو زانکۆیانەی کەوا هەن کولیژیان نیە، بێگومان ساڵەکە لەبەر چاو بگیرێت، پشتگیری جەنابی وەزیر دەکەم، بەڵام سەبارەت بە بڕگەی چوارەم لەوەی کە دەڵێ دوو دەورە بێ، ئێمە زانکۆی حکومیەکاندا بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان کەوا هەیە و بەرقەرارە ئەوەیە دوای دەرچوونی یەك خول یەك دەورە دەتوانێ کە پێداویستیەکانی هەبێت خوێندنی باڵا بکاتەوە بە ماجیستێر و دکتۆرا، ئایا بۆچی دەبێ ئێمە لێرەدا دوو ساڵمان بۆ دانایە، ساڵێکیشان بۆ زیاد کردوون لە زانکۆ حکومیەکان، بۆ دەبێ چوار ساڵ بێت؟ بۆیە بەڕاستی پێم وایە کێشەی ئێمە کێشەی ساڵ نیە، بەڵکو گرنگە لەلایەن وەزارەتەوە ڕێکاری یاسایی، ڕێکاری زانستی، ڕێکاری ئیداری بگیرێتە بەر بۆ مەسەلەی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بە تەواوی بەسەریاندا جێبەجێ بکرێ، ئەو کاتە ئەوانە کە پێداویستیەکانیان هەبوو دوای دوو ساڵ زۆر ئاساییە بیکەنەوە، و سەبارەت بە خاڵێ پێنجەمیش وا هەست دەکەم ڕەتکرایەوە ئەم خاڵە، کە داوای ڕەتکردنەوەی دەکا، جەنابی وەزیر لەمەشیان دا من پێم وایە دیسان ڕێکارەکان بگیرێتەبەر زۆر ئاساییە زانکۆیەك لێرە لەگەڵ زانکۆیەکی بیانیدا بێت و کادر پێ بگەیەنێت، ماجیستێر

پـێ بگەیـەنێت، ئێمـە مەسـەلەی توانـا سـازیمان هەیـە، تواناسـازی ناردنـە دەرەوەی خوێندکارانـە لێـرە بـۆ دەرەوە، پارەیەکی زۆری لـێ سـەرف دەکـرێ، و پڕۆسـەیەکی سەرکەوتووشـە، ئەمـەش دەچـێتە جۆرێـك لـەو بابەتە کەوا زانکۆکان بتوانن ئەمە بکەن و خەڵك لە حیسابی خۆی بتوانێ بخوێنێ، بەڵام گرنگە لێرەدا ئەو زانکۆیانە کێن،؟ئایا دانیان پێدانراوە؟ ئایا مەرجە زانسـتیەکانی تـا چـەند تێدایـە؟ ئایـا مەسـەلەی دڵنیـایی جۆری تا چەند بەسەریان جێبەجێ دەبێت؟ من ئەوەم پێ گرنگترە نەك ڕەتکردنەوەی، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەژاد.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێشەکی من بەڕاستی تەئیدی زۆر لە تێبینیەکانی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا دەکەم، بەڵام تێبینیەکم هەبوو لە سەر ئەوەی کە باسی پەیمانگای کرد خۆی قانونەکە هی جامیعاتە، یەعنی یان دەبێ بیکەینە (الجامعات والمعاهد) یان ئەوەتە لەو حاڵەتە نایەتەوە مەوزوعەکە، نازانم ئیتر چۆن چارەسەری دەکەن لەلایەن لیژنەی قانونییەوە، ئەگەر مەعاهدی لەگەڵ دابێ، لە ئەوەلەندا من پێم وایە بکرێتە (يشترط في الطالب المتقدم لكليات هذه الجامعات......) یان شتێکی ئەوها لەو بابەتە (.....أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية بفرعيها الأدبي والعلمي والأعداديات...)، منیش هاوڕام لەگەڵ برادەران، (...المهنية الأخرى)بەڕاستی وەکو هاوکارانیشم باسیان کرد، بەحەقیقەت هەر لە پێشەوەش یەعنی کولیاتی زراعە گرنگە بۆ ئێمە بەڕاستی، یەعنی ئەوانەی خەریجی ئیعدادیەی زراعە کە لە کولیەی زراعە وەربگیرێن، پێم وایە زۆر زۆر سەرکەوتووتر دەبن لەوانەی کە لە فەرعی علمی یان ئەدەبی بچنە کولیەی زراعە، بەتایبەتیش کە لە فەرعی علمی دەچن، بەنیسبەت سێیەم منیش هەر لەگەڵ ئەوەدامە بەڕاستی، بەڵام هەر ئاوا دابڕێژرێتەوە بە ڕەئی من، (تكون مدة الدراسة في الجامعة والكلية أربع سنوات دراسية في الأقل، ويستثنى منها مجموعة الكليات الطبية والتي يجب أن لا تقل الدراسة فيها عن ست سنوات وبعض الأختصاصات الأخرى عن خمس سنوات ككلية الصيدلة والهندسة المعمارية) ئەوها، چونکە ئەوە موتەبیعیشە لە عێراقیش موتەبەع بووە، وەختی خۆشی هەندەسەی مەعماری (5) ساڵ بووە، کولیەی سەیدەلی هەر (5) ساڵ بووە، لە چوارەمیشدا جەنابی وەزیر وتی پێنج دەورە، بەحەقیقەت پێنج دەورە تۆزێك ڕەنگە زیاد بێ، بەڵام چوار دەورە مەعقولە، بەڵام نەك دەورەیەك یان دوو دەورە بەڕاستی ئەوە خراپە هەر یەکسەر کابرایەك جامیعەی بکاتەوە و مەعنای وایە بەچەند ساڵێك ئێمە هەمووومان دەبینە دکتۆرا ئەو دونیایە هەمووی دەبێتە دکتورا، هی پێنجەم من بەڕاستی وەکو ڕەئی خۆم ئەگەر حەقم هەبێ ڕەئی خۆم بدەم، هەر لەگەڵ دا نیمە بەتاتەن دیراسەت بە موراسەلە، چونکە ئەوە بەڕاستی ڕێی تێ دەچێ کە

بەشێوەیەك لە شێوەكان تەحایولی تێدا بكرێ، و زۆر شتی تێدا بكرێ، و ئێمە هێشتان نەگەیشتینە ئەو مەرحەلەی وەكو دەرەوە كە دیراسەت بە موراسەلە بیتن، و پێنجەم بە ڕەئی من لا بچیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەنیسبەت ماددەی نۆیەم تەقریبەن پلانی وەرگرتنی قوتابیان دێتەوە، لە خاڵی یەكەم دەڵێ (حاصل على شهادة الدراسة الاعدادية) ئیعدادیە بۆ؟ ئەدی هاوشێوەی خۆی بۆ نموونە دار موعەلمین و دار موعەلیمات لە پۆلی سێ دەچن پێنج ساڵ دەخوێنن، ئەو پێنج ساڵە (9) ئیختیساسی هەبوو، بیركاری بوو، كوردی بوو، عەرەبی بوو، ئینگلیزی بوو، توركمانی بوو، كۆمەڵایەتی بوو، زانستەكان بوو، ئەگەر بێتو هەر یەكەو لە ئیختیساسی خۆی بچێ، پێنج ساڵیشی خوێندیە شەهادەی دبلۆمی هەیە، باشتر نیە لەوەی كە یەكێك بڵێ تەنها شەهادەی شەشی ئیعدادیەی هەبێ، مەسەلەن بۆ نموونە دەچێتە لوغەی عەرەبی یان لوغەی كوردی میهەنیەن ئەوە زیاتر ئیستیفادەی لێ دەكەی، یان ئەوانەی خەریجی سیناعە و تیجارەی هەمووی مەحرووم بووینە، ئەگەر سەیری ئەزموونی وڵاتان بكەین ئێستا بۆ نموونە ئەوە ئێرانمان لە پێشە، كۆریامان لە پێشە كە سەردانمان كردووە، زیاتر گرنگیان بە پیشەیی داوە كە وەردەگرنەوە لە جامیعەی دووبارە، یان ئەوەتا ئێستا مەعهەدی كومپیوتەرمان هەیە لە پۆلی سێ دەچن پێنج ساڵە، خۆ تەنها یەك ئیختیساس نیە دەخوێنێ لە پێنج، شەش ئیختیساس پێك هاتووە، ئیتساڵاتە، هەندەسەی كومپیوتەرە، (it) ئەگەر بێتو ئەوانە لە جامیعە مەجالیان بدەنێ یەك جامیعە یان دوو جامیعە تەرخان بكرێ لەو جامیعانەی داندرایە، كە بچن ئەوانە مەجموعەیەكیان ئارەزوویان هەیە، تموحیان هەیە تەقدیم بكەن بخوێنن، هەروەها ئەگەر بكرێ نسبەیەك دابنرێ بۆ منداڵی شەهیدان و ئەنفال ئەلێرە، چونكە ئەوە داهاتێكی زۆریان لە دەست دێ ئەگەر ساڵانە (15)یان (25) قوتابی ئەگەر بە تیروپشكیش بێ وەربگیرێت، تەئسیر ناكات لە داهاتەكەیاندا، و لە برگەی تریش دا هاتووە دەڵێ چوار ساڵ بێ، یەعنی ئەگەر ئێمە ئێستا كەمتر نەبێ لە چوار ساڵ باوەڕكەم ئەوە قابیلە لە بۆ گۆڕان ئەگەر باسی چوار ساڵەكە بكەین پێویستە باسی سەعاتەكانیش بكەین، ڕۆژانە چەند دەرس دەڵێنەوە؟ حەفتەی چەند ڕۆژ دەچنە دەوام؟ مادام وایە ئەوە قابیلە لە بۆ گۆڕان، پێویست ناكا باوەڕبكەم لێرە هەبێ، و باسی ماجستێرو ئەو شتانە دەكا لێرە من جەخت دەكەمەوە لە سەر ئەوەی كە ڕەزامەندی وەزارەت لە سەربێ، بەس بە هەڵسانگاندنی زانستی و لۆجستی لەگەڵ پرۆسەی دڵنیایی و جۆریش تێدا هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمودمراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لە ڕاستیدا ئەگەر ئامانجی كردنەوەی زانكۆ بۆ بەرزكردنەوەی تواناكان و بۆ بەدەست هێنانی پسپۆڕی بێ، ئەبێ زۆرترین دەرفەت بڕەخسێندرێ بۆ بەدی هێنانی ئەم مافە، چونكە لە ڕاستیدا مەسەلەی خوێندن مافە لە هەمان كاتیشدا دەتوانین بڵێین ئەركە، ئەو كاتەی حكومەت هەموو پێداویستیەكان بۆ هاووڵاتیان دابین دەكا لە پاڵادا ئیلزام دەكا، كە هەموو هاووڵاتیان بخوێنن، و قوناغەكان تێپەڕێنن، بۆیە ئەم مافە مافێكی زۆر زۆر گرنگە، و زۆرترین خەڵك دەرفەتی پێ بدرێ بتوانێ مومارەسەی بكا، و بیریشمان نەچێ لە ڕابوردوودا زەمەن و هەلومەرج دەرفەتی نەداوە كە زۆربەی خەڵك بتوانێ لە قوناغی تەمەنی خۆی دا خوێندن و قوناغەكانی خوێندن تەواو بكا، بۆیە تەئكیدكردنەوە لە مەسەلەی بەشداری پێكردنی دەرچوانی ئامادەییە پیشەییەكان پەیمانگاكانی كومپیوتەر ئەوەی پێ ئەڵێن خانەی مامۆستایان هەموو ئەمانە لە ناو ئەو یاسایەدا جێی بكرێتەوە یەكێكە لەو دەرفەتانە، بەدیدی من ئەوەی كە پەیوەندی بە مافەوە هەیە یەكێك لە ئیجابییەتەكانی ئەم پڕۆژەیە، و ئەم یاسایە لە دەرئەنجامدا ئەوەیە كە مەرجی تەمەنی نەكردۆتە یەكێك لە پێوەرەكان واتە لە هەموو قوناغەكانی تەمەندا خەڵك دەتوانێ بخوێنێ، كە ئەمە بەپێی پێوەرە نێو دەوڵەتیەكان یەكێكە لە ئیجابیەتەكانی ئەم پڕۆژەیە ئەمەش لە پاڵ ئەوەدا ئەتوانێ ئیستیسماری ئەوە بكا كە ئەم یاسایە دەرفەتەكی باش دەڕەخسێنێ بۆ خەڵكی تر بتوانێ بەشداری بكا لە پڕۆسەی بەرزكردنەوەی تواناكانی، و بەدەست هێنانی پسپۆڕی، خاڵێكی تر ئەوەی پەیوەندی بە ئیلتیباسێك هەیە لە نێوان دەورەیەك و چوار ساڵ، دیارە دەورەیەك چوار ساڵ دەكا، بۆیە بەدیدی من یەك دەورە كیفایەتە بۆ ئەوەی بتوانرێ لەو ناوەندەدا خوێندنی باڵا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (9) منیش ڕام هەروەك هاوڕێكانمە، لە ڕاستیدا پێویستە لەم بڕگەیەدا ئێمە ڕەچاوی ئەوە بكەین ئەو كەسانەی كە لە مەكتەبە میهەنیەكان یاخود لە مەعاهدەكان دەردەچن، لە ڕاستیدا فرسەتی تەعین بوون لەبەر دەمیاندا زۆر زۆر كەمە، هەروەها ئەگەر دەچنە بازاڕی تایبەتەوە بۆ كاركردن لە بازاڕیشدا، لەبەر ئەوەی خەریجی جامیعات زۆرە موناففەسەیەكی زۆر دروست دەبێ هەتا لە ئیش وەرگرتندا لە كەرتی تایبەتیش فرسەی ژیانیان زۆر زۆر كەمە، لەبەر ئەوە ئەمانە كە لە مەكتەبە میهەنیەكاندا ئیختیساسی خۆیان ئەخوێنن بێگومان شارەزاییەكی باشیان هەیە، لەو تایبەتمەندیەی كە خۆیان هەیانە، لێرەدا من پێم باشە ڕێگایەك بكرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو كەسانەی كە خەریجی قوتابخانە میهەنیەكانن، مەعاهدەكانن خوێندنی خۆیان تەواو بكەن، بەڵام بەپێی ئیختیساساتی خۆیان نەك یەكێك ئەگەر خەریجی زراعە بێ، بۆ نموونە بچێ هەندەسە بخوێنێ لە جامیعەدا، پێویستە كولیەی زراعە بخوێنێ

ئەو کەسەی کە لەو بەشە دەرچووە، بۆ ئەوەی بتوانێ سوود لەو مەعلوماتانە وەربگرێ کە وەریگرتووە لە خوێندنەکەی خۆیدا، بەنیسبەت ماددەی سێیەم منیش هەمان ڕام هەیە، کە وەزیر و چەند برادەرێکیش ڕەچاوی ئەوەیان کرد پێویستە لە بڕگەی سێیەمدا بە ڕەچاوکردنی کولیژی پزیشکی، وهەندەسەی تەلارسازی، چونکە ئەمانە موددەی خوێندنەکەیان زیاترە، و کولیاتی زۆر زۆر موختەسن، بەنیسبەت ماددەی چوارەم دەشێ ئەو زانکۆیانەی یان ئەو کولیژانەی کە لە دەوری دەرچواندن لە هەر بەشێك لە بەشەکانی زانستی، خوێندنی بالآ بکاتەوە، بەو مەرجانەی دی کە لە ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوەو پێویستیەکان، ئەمە پێم باشە (وفق المعايير الدوليه) بۆ ئیزافە بکرێ لێرەدا، لەبەر ئەوەی خوێندن پێویستە لە هەموو دونیادا مەعایرە دەولیەکانی لەگەڵ بەکار بهێنرێ، چونکە تۆ کە جیلێ دەردەچێ پێویستە ئەوەندە موئەهل بێ، بتوانێ خزمەتی کۆمەڵگایەکەی خۆی بکات، بە نیسبەت بڕگەی پێنجەم، لە ڕاستیدا بڕگەی پێنجەم لە هەمان بڕگەشدا پێویستە یەکەم ڕەزامەندی وەزارەتی پێ وەربگیرێ بۆی ئیزافە بکرێ، و بڕگەیەکی دیکە هەر دەبێ هەمان شت بە پێی مەعایری دەولی بێ، لە هەمان کاتدا ئەگەر سستمی دەرەکیەکە (ئیکستێرنەڵ موڕاسەلە) بێ، من پێم باشە لێرەدا ئیزافەی ئەوە بکرێ، بۆ کولیەکانی (طب و هندسة و صيدلة) ئەوانەی کە زۆر تەخەسوسن بە (ئیکستێرنەڵ) داخلی ئەو بابەتە نەکرێ، بەڵام علومە ئینسانیەکان ئەتوانرێ بە (ئیکستێرنەڵ) یاخود قانون دەتوانێ بە (ئیکستێرنەڵ) بتوانێ موڕاسەلە بکات لەگەڵ جامیعەیەکەدا شەهادە وەربگرێ، بەڵام بەڕاستی (طب و هندسة) ئەمانە، دەبێ لە موختەبەردا لە واقیعی حالدا ئیش بکەن، لەبەر ئەوە پێویستە ئیزافەی ئەو بڕگانە بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێز أيوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

چەند تێبینیەکم هەیە، بۆ خاڵی یەکەم پشتیوانی پێشنیارەکانی بەڕێز کاك د. سەروەر دەکەم، کە تەنها بکرێتە ئامادەیی و پەیمانگاکان، بۆ ئەوەی هەموو لایەك بگرێتەوە، دوو پرسیارم هەیە لە بەڕێز وەزیری خوێندنی بالآ؟ سەبارەت بەوەی کە ئێمە باسمان لەوە کرد کە ئەو زانکۆیانەی کە ڕەسەنن، و ناویان هەیە لە دەرەوە، هەندێك لەو زانکۆیانە خۆیان بوار دەدەن بۆ ئەوەی کە جامیعاتی مەفتوحە فەرعیان هەبێت، ئایا چۆن مامەلە دەکات لە کاتێکدا کە ئەو جامیعانە تەنها شەرتی تەمەن و دەوامی نیە؟ ئیتر هەموو ئیجرائاتەکانی تر جێبەجێ دەکات، ئایا ئەگەر بێتو ئێمە ڕێگە بدەین لە کوردستاندا بۆ هەرێمی کوردستان بۆ قوتابیان زیاتر سوودی نابێت؟ یان نا؟ سەبارەت هەندێ لەو زانکۆیانە بە چوار ساڵ، بە سێ ساڵ بە کەلوریۆس دەبەخشێ، ئایا لە کاتێکدا کە ئێمە دەڵێین ئەبێ ئەو زانکۆیانە ڕێگەی پێ بدەین و هانیان بدەین بێنە کوردستان چۆن لەوێ ڕێگری دەکرێت، لەوەی کە ئەوان شەهادە بە سێ ساڵ دەدەن، نەك بە چوارساڵ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شێردڵ.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

قسەکانی من کرا، پشتگیری لە د. سەروەر دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی من نازانم لیژنەی پەروەردە هەست دەکەم شتێك لام وازح نیە، لە چەند ڕۆژێ پێش ئێستا ئێمە یاسایەکی قوتابخانە غەیر حکومیەکان ناحکومیەکانمان پەسەند کرد، باسی پەیمانگای تێدا هاتبوو، ئایا لێرە شتێك نا ئەوەیەك دروست ناکات، نازانم لێرە باسی پەیمانگا دەکەن، بەس حەزم لێیە لە سەر ئەوە ڕوونکردنەوە بدەن، چونکە ئەگەر لێرە باسی پەیمانگا بێ، لەوێ باسی پەیمانگا بێ دەبێ شتەکە دیار بکەین، چونکە ئەگەر باسی خوێندنی باڵا بێ، ئیتر دەبێ لەوێ وازح تر دیار بێ، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی تەئکیدیان لەوە کردەوە لەگەڵ پیشەییش بخرێتە پاڵ برگەی یەکەم، سەبارەت بە برگەی سێیەم بەڕاستی تێبینیم هەیە لە سەر ئەوە، تەبعەن ئەوە دیارە کاتێك کە باسی زانکۆی تایبەتی دەکەین هەندێ لەو زانکۆیانەی کە دێن لێرە زانکۆ دەکەنەوە زانکۆی جیهانین، و بەپێی ئەوەی زانکۆی جیهانین سیستەمی خۆیان هەیە، ئایا دانانی چوار ساڵ، و هەر لێرەشەوە کە هەندێ زانکۆ لە چوار ساڵ زیاترن ئایا دانانی چوار ساڵ و ئەم تەحدیدکردنە گونجاوە، من پێم وایە دانانی تەحدیدکردنی ئەو ساڵی خوێندنە بەو شێوە لێرە گونجاو نەبێ، و ئەوە دواتر بۆ یاساکە لەوانەیە کێشە دروست بکا، سەبارەت بە برگەی پێنجەم: دەڵێ دەشێ زانکۆ دەست بە خوێندنی باڵا بکات، لە بارێکدا کە یەکێك لە زانکۆکانی بیانی باوەڕ پێکراو لە ڕووی جیهانیەوە ئەم جۆرە خوێندنە بگرێتە ئەستۆ بڕوانامە بدات، من ئەمە پێم وایە دەبێ بە ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندنی باڵا بێ، یەعنی هەر لە خۆیەوە ناتوانێ بڕوانامە بدات، ئەگەر بە ڕەزامەندی ئەو نەبێ، کەواتە یەك دونیا لە بێ سەروبەری دروست دەبێت و هەر زانکۆیەك بۆ خۆی بڕوانامە بدات و وەزارەتی خوێندنی باڵا ئاگای لە هیچ نەبێ، پێم وایە ئەوە ناکرێ، بە ڕەزامەندی وەزارەتی خوێندتی باڵا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەزانین مەبەست لە بڕیاردان بۆ دروستکردنی زانکۆی تایبەت ڕەخساندنی دەرفەتی زیاترە بۆ خەڵك، بەڵام بەپێی بڕگەی یەکەم بێ حەسرکردنی لە تەنها ئەوانەی کە شەهادەی ئیعدادیەیان هەیە ئەمە نا عەدالەتیەکە، بۆیە من پشتگیری لە هاوکارانم دەکەم کە باس لەوە دەکەن با ئەم مەجالە بڕەخسێ بۆ خوێندنی پیشەیی، و ئەو ئیعدادیە ئیسلامیانەی کە ئێستا هەیە، و خوێندن تێدا بەردەوامە لەگەڵ ئەو مەعهەدانەی کە پێنج ساڵە، وەکو د. سەروەر باسی کرد، چونکە ئێمە ئەزانین میهەنیەکان ئەگەر ئەوائیلەکانیان لە زانکۆ حکومیەکان وەردەگیرێ، بەڵام ئەوانی تریان بێ بەش دەبن، بۆیە زانکۆ تایبەتیەکان دەرفەتێکە بۆ ئەوان بۆ ئەوەی بەردەوامی بدەن بە خوێندن، و بەنیسبەت فەقەرەی دووەم کە باس لە ئەوە دەکات کە چوار ساڵ دیاریکراوە، منیش هاوڕام لەگەڵ پێشنیارەکەی کاك ئارام کە باس لەوە ئەکرێ هەندێك لە کۆلیژەکان بە سێ ساڵ شەهادەی بەکالوریۆس دەدەن، بۆیە من پێم باشە ئەمە لە یاساکەدا نەبێ ئەگەر بکرێ لە تەعلیماتەکە بێ، بۆ ئەوەی دواتر ئەگەر بتوانرێ ئاسانتر گۆڕانکاری تێدا بکرێ، و پێشنیارێکیشم هەیە بۆ ئەندامانی لیژنەی پەروەردە، ئێمە دەزانین ئەم یاسایە ماوەیەکی زۆرە لە لیژنەی پەروەردە دایە لە 2010ەوە، و هەر هەمووشیان ئیمزایان لە سەر ڕاپۆرتەکە کردووە، بەڵام تێبینی ئەکرێ، ئەوان زۆرترین قسە و موداخەلە دەکەن لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو ئەندامێك بۆی هەیە، مافی خۆیەتی قسە بکات، بەڵام من پێم باش بوو ئەو تێبینیانە کە تێبینی زۆر باشن هەمووی لە لیژنەکە قسەی لە سەر بکردایە و ئێستا لە ڕاپۆرتەکە بوایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵێزار خان.

**بەڕێز گوڵێزار قادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

سەبارەت بە ماددەی (9) خاڵی یەکەم، کە دەڵێ مەرجە ئەوەی دێتە پێش بۆ وەرگرتن، بڕوانامەی خوێندنی ئامادەیی بە هەردوو لقی ئەدەبی و زانستی یەوە هەبێت، من داواکارم ئامادەییە پیشەییەکان و ئامادەییە ئیسلامیاکانیشی بۆ زیاد بکرێ، لەبەر ئەوەی بە تایبەتی ئامادەییەکانی خوێندنی ئیسلامی ڕەسمیاتیان هەیە لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی دا، پێویستە بێ بەش نەکرێن لە وەرگرتن لەو زانکۆیانەدا، هەروەکو چۆن بێ بەشکراون لە دامەزراندن، بۆیە هەتا ئێستا ناڕەزاییەکی زۆر هەیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو دوو ئەوەشی بۆ زیاد بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو حاجی بلال.

**بەڕێز احمد سلێمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

وەڵلا قسەكانی من كرا، بەس هەر دەمەوێ پشتیوانی لە قسەكانی بەڕێز كاك د. سەروەر بكەم، و بۆ بڕگەی یەكەمی ماددەی(9) پشتیوانی لە دەقی ئەو نەصە دەكەم كە خوشكی بەڕێزم شلێر خان خوێندیەوە، داوا دەكەم ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

منیش پشتیوانی لە هاوكارانم دەكەم كە بۆ بڕگەی یەكەم پێشنیاریان كرد كە ئامادەییە پیشەییەكان زیاد بكرێ، و هەروەها ئامادەییە ئیسلامیاكانیش زیاد بكری، و هەروەها ئەو پەیمانگایانەی كەوا ماوەی خوێندنەكەیان پێنج ساڵە وەك لە هەندێك زانكۆكان پێشنیاریان كردووە، بەم شێوەیە: (يشترط في المتقدم أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية بفرعيها الأدبي والعلمي والأعداديات المهنية والأعداديات الأسلامية وكذلك المعاهد التي مدة الدراسة فيها خمس سنوات)، چونكە بەڕاستی ئیعدادیە ئیسلامیەكان ئێستا كە ڕەسمیەتیان هەیە، و هەندێ لەو زانكۆیانەی دەكرێنەوە، دەكرێ بەشی زمانی عەرەبیان هەبێ، یان بەشی یاسا، یان فیقهی موقارن، یان بەشی خوێدنی ئیسلامیان هەبێت، دەكرێ ئەو دەرچوانە وەربگرێ، سەبارەت بە بڕگەی دووەم (أن تكون الدراسة في الجامعة) پێم وایە هەر بە جامیعە بمێنێتەوە زانكۆ، چونكە زانكۆ مانای ئەوەیە كۆلیژەكانیش دەگرێتەوە، لە حاڵەتێكیشدا ئەگەر زانكۆ كە تەنها ئەقسامی هەبێ، كۆلیژی نەبێ، دەكرێ جامیعە بەكار بێ باشترە، بۆ ئەوەی كە ئەمانیش بگرێتەوە، سەبارەت بە (أن تكون الدراسة فعلية دواماً وليست إنتساباً عن بعد أو مفتوحاً) سەبارەت بە مەفتوحەن بەڕاستی من پێم باشە مەفتوح ببێ، چونكە بەهۆی ئەو بارودۆخەی كە خەڵكی كوردستان پێدا تێپەڕیوە، خەڵكێكی زۆر كە نەیتوانیوە بخوێنێ، ئەو دەرفەتەی بۆ دێتە پێش كە بتوانێ ئیمتیحانی دەرەكی بدات، و بۆ ئەوانەش لەدەرەوە بتوانن لەو زانكۆیانە بخوێنن، بۆیە من پێم باشە، ئەگەر دواتر بەڕێز جەنابی وەزیریش ڕوونكردنەوەی زیاتری لە سەر بدا، و لە كۆتایی ئەو بڕگەیەشدا (وكذلك من حق الجامعة منح شهادة دبلوم للدراسات التي مدتها سنتين دراسيتين) ئەوەش مافی ئەوە بێ كە شەهادەی دبلۆمیش درا، و سەبارەت بە بڕگەی چوارەم ئایا دوو دەورەی تەخەرووج بكات، بۆی هەبێت كە شەهادەی خوێندنی باڵا بدا، یان زیاتر؟ من پێم وایە دوو دەورە تەواوە، چونكە ئەگەر ماوەی خوێندنەكە چوار ساڵ بێ، و دوو دەورەش دەبێتە حەوت ساڵ، ئەگەر بە حەوت ساڵ ئەو زانكۆیە نەیتوانیبێت خۆی ڕێك بخات لەگەڵ مواسەفاتی زانستی

بێگومان ناتوانێ دواتر باس لەوە دەکا ئەڵێ (بعد توفر شروط أخرى من أعضاء الهيئة التدريسية والمستلزمات الدراسية)، و لیژنەی هاوبەش پێشنیاریان کردووە، (بعد إستحصال موافقة الوزارة) ئەگەر ئەو هەموو مەرجانەی تێدا متەوەفر بوو، ئیتر بۆ چی مافی ئەوەی نەبێ کەوا دیراسەی عولیا بکاتەوە؟ سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم (يجوز للجامعة البدء بالدراسات العليا في حالة تبني إحدى الجامعات الأجنبية المعترفة عالمياً بتبني مثل هذه الدراسة ومنح الشهادات من قبلها) ئەو (من قبلها) تەنها لەلایەن زانکۆ نەبێ ئەو زانکۆ جیهانیە موعتەرەفە بە پێدانی شەهادە من پێشنیار دەکەم (بشكلٍ مشترك) بێت واتە بەشێوەی هاوبەش بێ ئەو بڕوانامە پێدانە لەلایەن ئەو زانکۆ جیهانیە کە ئیتفاقی لەگەڵ دەکرێ، و لەگەڵ ئەو زانکۆیە کە لە هەرێمی کوردستان دا هەیە، و (وبصيغة الأتفاق العلمي والأكاديمي) بەڕاستی لێرەدا ڕەنگە ئیشکالێك هەبێ کە لە دواتریشدا پێشنیارکراوە لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە کە (بعد إستحصال موافقة الوزارة) ئەگەر هاتو ئەو ئیتفاقە هەبوو سیغەی ئیتفاق هەبوو لەنێوان ئەو زانکۆیەی کە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە لەگەڵ زانکۆیەکی جیهانی موعتەرەف، ئایا لەو کاتەشدا دەبێ ئیستحسالی موافەقەی وەزارەت بکرێ، ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێ؟ چونکە ڕەنگە لێرە کێشەیەك دروست ببێ، ئەگەر تۆ ئەو مافەت بە زانکۆکە دا، یەکەم دیراساتی عولیا بکاتەوە شەهادەی پێ بدا، دواتر ئەگەر ئیتیفاقەکە هەبوو ئایا دوای ئەوە دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتیش وەرگیرێ، کێشەیەك هەبوو لەو چەند ڕۆژە لە زانکۆی نەورۆز لە دهۆك کە ئەوان دوای ئیتفاقیان لەگەڵ زانکۆیەکی میسری کردووە، زانکۆیەکی دەرەوە، بۆ پێدانی بڕوانامەی ماجیستێر واتە کردنەوەی بەشی خوێندنی باڵا، بەڵام وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێگەیان پێ نەداوە، ئەگەر هاتو ئەو ئیتفاقە هەبوو لێرە لە قانونەکەدا بیچەسپێنین، کە ئیتیفاق هەبوو، پاشان دەبێ تەنها ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیرێ، ڕەنگە ئەمە دوایی کێشەیەك دروست بکا، یان ئەگەر ئیتیفاقەکە هەبوو مەرجەکانی تێدا بوو، ئیتر بۆچی پێویستە وەزارەت ڕێگەی لێ بگرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

دیارە ماددەی (9) یەکێکە لەو ماددە ئەساسیانەی کە زانکۆ ئەهلیەکان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەیە ئامانجی سەرەکی لەم زانکۆ ئەهلیانە دەرفەتی زیاتر بۆ خەڵك بڕەخسێ، بۆ ئەوەی ئەوانەی کە نەیانتوانیوە لە کاتی خۆیدا خوێندنی زانکۆ تەواو بکەن، بۆیە ئێمە لێرەدا بەم یاسایە جارێکی تر ئەو ڕێگایە بکەینەوە کە خەڵك بە ئارەزووی خۆی، بە ڕەغبەتی خۆی لە هەر قوناغێکدا بووبێ یان دەرفەتی بۆ نەڕەخسابێ یان سستمی وەرگرتن لە هەرێمی کوردستان هەمووومان ئەزانین کە لە (9)ی بنەڕەتیەوە یان سێی ناوەندی جارانەوە، وەرگرتن بە ئارەزووی کەسەکە خۆی نەبووە کە چۆتە چ جێگایەك وەرگیراوە، ئەگەر چووبێتە سیناعە تەعامول لەگەڵ دەرەجەکەی کراوە، دەرەجەکەی خستوویەتە ئەو جێگایەوە،

ڕەغبەت نەبووە، بۆیە ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کار لە سەر ئەوە بکەین کە وەرگرتن لە هەرێمی کوردستان بە ڕەغبەت بێ، نەك بە دەرەجە بێت، ئەوە ئەبێ لە داهاتوو لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لەگەڵ وەزارەتدا، کار بۆ ئەوە بکرێ کە وەرگرتن بە ڕەغبەت بێ، چونکە ئەو شەهادانەی کە لە ئەخیردا دێ، کە بە ئارەزووی خۆت نیە، بە ڕەغبەت نیە دەرەجەکەت دەتخاتە ئەو جێگایە، هیچ سوود لەو شەهادانە وەرناگیرێ، بۆیە من لێرەوە دەڵێم با لێرەوە دەرگایەك بکەینەوە بۆ ئەوەی ئەوانەی کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە لە هەر قوناغێکن، لە هەر مەرحەلەیەکن، لە هەر تەمەنێکن، بۆیە پێویستە ئەوانەی کە،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان سوئالێکم لە جەنابت هەیە، ئێ باشە هەمووومان حەزمان لێیە بچینە کولیەی (طب)، خۆ هەمووومان یەك دەرەجەشمان نیە، هەیە دەرەجەی زۆری هەیە، هەیە دەرەجەی کەمی هەیە، چونکە شتەکە پێم خۆشە شەرحیی کەی فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

باس لە خوێندن دەکەین لە هەرێمی کوردستان بە نیسبەت زانکۆ ئەهلیەکان یان تایبەتەکانەوە، ئێمە قسەمان لە سەر ئەوەیە بەپێی ئیختیساسەکان کە ئەوانەی بڵێین بەشی زانستی هەڵدەبژێرن نمرەیان بەرزە ئەچنە کولیەی (طب ، هندسة) لاریمان لەوە نیە کە بە نمرەی خۆی و بەپێی ئەو پێوەرانەی کە دانراون وەربگیرێن، بەڵام لە بەشە ئەدەبیەکاندا، لە کولیژە ئەدەبیکاندا بۆ ڕێبگرێ لەوەی کە من بڵێین پیشەییەکانم تەواوکردووە سیناعەیە، تیجارەیە، زراعەیە، پەیمانگای هونەرە جوانەکانە، خانەی ماماۆستایانە لە تەمەنێکدا من حەز دەکەم قانون بخوێنم، حەز دەکەم دەروونناسی بخوێنم، حەز دەکەم کۆمەڵناسی بخوێنم، یەعنی ئەمانە هیچ ڕێگریەك نیە لەوەی کە تۆ تەنها پێویستت بەوەیە لە شەهادە، لە سوید لیژنەی پەروەردە ئاگادارن کە لە وڵاتی سوید شەهادەی یەکی بنەڕەتیەوە هەتا شەشی ئامادەیی هیچ شەهادەیەکیشت نەبێ، بۆت هەیە یەك تاقیکردنەوە بکەی بۆ وەرگرتن لە زانکۆدا هیچ شەهادەیەکیشت لێ داوا ناکرێ، لە شەشی ئامادەیی ئەو تاقیکردنەوەیە بۆت هەیە بچیتە هەر کولیژەێکەوە یان هەر شوێنێکەوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا ناڵێین وابێ، بەڵام ئێمە بەشە علمیەکان بەپێی پێوەرەکانی خۆی، بەڵام بەشە ئەدەبیەکان بۆ ڕێگر بین لەوە کە کەسێك وەختی خۆی فرێدراوەتە تیجارە یان سیناعە یان زروفی گونجاو نەبووە نەیتوانیوە ئەو کاتە کولیژێکە ئێستا حەز دەکا تەواوی بکا ڕێی لێ بگرین، یەعنی زانکۆ تایبەتەکان شەرت نیە تۆ حکومەت ئەو کاتە تۆ ئەگەر ئیعتیراف بەو شەهادانە ناکات بەو زانکۆیانە ناکات، دەکرێ لە مەسەلەی دامەزراندندا بەشێوەیەك تەعامول بکا، بەڵام بە مەسەلەی وەرگرتن تۆ پێت

خۆشە هەر كولیەیەك تەواو بكەی نابێ هیچ ڕێگریەك هەبێ، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام بەنیسبەت ئەوەی كە خاڵێكی تری تێدا بوو ئەوەی كە كۆلیژی كراوە، ئێمە بەداخەوە ئەوەمان بەسەردا تێپەڕی كە كولیژە زانكۆ من لەگەڵ ئەو ڕەئیەی وەزیری خوێندنی باڵا بووم، چونكە كولیژە زانكۆ ئێستا لە بەغداد لە حكومەتی عێراقی لە سێ، چوار موحافەزە ئەو كولیژە زانكۆیانە، كولیژی كراوە و كولیژی تایبەتن، تەنها بۆ ئەو كەسانەی كە بەشی پیشەییەكانیان تەواو كردبوو و شەهادەی بەكەلوریۆس لە پیشەكەی خۆیاندا وەردەگرن، بەڵام بۆ خوێندنی باڵا نیە، ئێمە دەبێ تەعامول لەگەڵ واقیعدا بكەین لە هەرێمی كوردستاندا بە هەزاران مامۆستامان هەیە، ئێستا لە قوناغەكانی بنەڕەتی خەریجی سیناعە و تیجارە و پەیمانگای هونەرە جوانەكانن و خانەی مامۆستایانن، ئەگەر ئێمە بەپێی ئەو یاسایانە بێ لە زانكۆ ئەهلیەكانیش دەبێ دەرفەتیان پێ نەدەرێ، چونكە لەو شوێنانەی كە باسم كرد لە كەركووك و لە مووسل، لە تكریت ئەمانە هەمووی زانكۆی ئەهلی كولیژی پەروەردەی كراوە كراوەتەوە، بۆ ئەو كەسانەی دەیانەوێ شەهادەی بەكەلوریۆس وەرگرن لە مامۆستایەتی دا لە هەر بەشێك دابێ ئیختیساسی خۆیانە، بەڵام لە هەرێمی كوردستان لێرەدا ئێمە دەڵێین دەرفەت بەوە نادەین لە عێراقدا هەیە وەزارەتی خوێندنی باڵا خۆی كردوویەتییەوە ئەوە كولیژێكی ئەهلی نیە ڕێی لێگیرابێ، بۆیە لێرە من داوادەكەم كە لەم یاسایە دەرفەت بۆ هەموو ئەو قوناغانەی تر بكرێتەوە بەپێی ئەو پێوەرانەی كە دائەنرێن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من وەكو ئەندامێك ئێستا قسە ئەكەم، كە ئەمەوێ ڕایەك سەرنجی ئێوە ڕاكێشم بۆ بابەتێك كە بۆتە كێشەیەك لە هەرێمی كوردستاندا، هەتا ئێستا چەندین جار وەكو لیژنەی پەروەوردە لەگەڵ بەڕێزان لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دانیشتووین تەنها بۆ چارەسەركردنی كێشەی مامۆستایان كە خودی وەزارەت خۆی بە ئیتیفاق لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا كولیژەكی كردۆتەوە، بۆ ئەوەی مامۆستایان پەرە بدەن بە تواناكانی خۆیان، لە كاتێكدا ئەو مامۆستایانە هاتوون خزمەتی پرۆسەی پەروەردەییان كردووە، كە ئێمە بە ئاسماندا دەچووین بۆ مامۆستایەك، هاتووین خەڵكمان هێناوە خەریجی سیناعە بووە، خەریجی تیجارە بووە، هێناومانە كردوومانە بە مامۆستا، ئێستا ئەمانەوێ ئەوانە بچن پەرە بدەن بە خوێندنەكەیان، بەڕێزان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێگە نادەن بە بیانووی ئەوەی كە لە ناو یاساكانی ئێمەدا تەنها دەبێ ئەوانە حەقی خوێندنیان هەیە لە زانكۆكان كە شەهادەی ئیعدادیە و (بفرعيها الأدبي والعلمي)، بۆیە من لێرەوە باس لەوە دەكەم، ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە ئێمە گۆڕانكاریەك بێنین بە سەر بیر و بۆچوونمان، تێڕوانینمان بۆ جۆری خوێندن بەپێی ئیختیساسات، باشە تەلەبەیەك خەریجی پۆلی دوانزەیە، بە هیچ جۆرێك مەسەلەن ئەو بابەتانەی كە عیلاقەی هەیە لە ناو زانكۆدا كە دەیخوێنێ بەهیچ

جۆرێك عیلاقەی نیە بە سەر ئەوەی كە لە نەوع دەیخوێنیٚ، بەپێی ئەم سستمەی كە هەیە كە چەندین ساڵە ئێمە قسەی لە سەر دەكەین دیٚ لە زانكۆدا، لە قبوڵ مەركەزیدا یەكسەر فڕیٚ دەدریٚ یاخود ئەوەی كە ئێستا ناوی نراوە زانكۆ (ئۆن لاین) فڕیٚ دەدرێتە كولیژێك كەوا كە لە حەیاتی ئیتیلاعی نیە لە سەری، ئەوە موعتەرەفە، بەڵام كەسێك لە پۆلی سێی ناوەندیەوە ڕۆیشتۆتە ئیعدادیەی سیناعە، ڕۆیشتۆتە ئیعدادیەی تیجارە، ڕۆیشتۆتە ئیعدادیەی زراعە لەم سیٚ ساڵەیە ئەوەی ئیختیساسە ئەو خوێندوویەتی، لە زراعەدا، ئیتر تۆ ناوی بنیٚ چەند بەشمان هەیە، لە میكانیك دا، لە كارەبادا، ئیختیساسی تەواوی هەیە، عیلمی تەواوی پێیە، ڕێگەی پیٚ نادەین بچیٚ لە كولیژ، بۆ نموونە ئەوەی كە میكانیكی تەواو كردووە لە هەندەسە میكانیك بخوێنیٚ، ئەی كەی ئێمە ئیتر ئەو گۆڕانكایە بێنین بە سەر ئەم عەقلیەتەدا كە قبول ناكات ئەو ئیختیساسە بچیٚ ئیختیساسی خۆی بخوێنیٚ، لە ژێر جۆرەها بیانووەوە، باشە ئەوە ڕێگایان پیٚ نادەین لە ناو زانكۆ حكومیەكاندا، ئەی باشە لە ناو زانكۆ ئەهلیەكەدا، بۆ نموونە من ناڵێم ئەوەی خەریجی سیناعەیە بچیٚ قانون بخوێنیٚ، لەلای من ئەوە كفرە، دەبیٚ تۆ ئەوەلیاتێكت هەبێت، بۆ بەپێی ئیختیساس نەتوانیٚ بچیٚ خەریجی سیناعە لە زانكۆی ئەمریكی بەشی هەندەسەی میكانیكەكەی كە كردۆتیەوە بخوێنیٚ؟ چ ڕێگرێك هەیە؟ هەتا كەی ئێمە ئەم ڕێگریە بخەینە بەردەمی حەز و ئارەزوی مرۆڤەكان؟ بۆ هیچیش نا بۆ خوێندن، ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم: من وەكو ئەندامی لیژنەی پەروەردە، بەڕاستی دەبیٚ باس لەوە بكەین كە ئێمە لێرە مەرج نیە لە عێراقدا چییان كردووە وەكو ئەوان بكەین، كولیژ یەعنی (ئینتیزام و ئینتیساب) تۆ دەبیٚ بچی بخوێنی، نەك لە ڕێگەی مەفتوحەوە كەی ئارەزووت هەبوو لە ئەخیردا بێیت ئیمتیحانەك بكەیت ودوایی شەهادەیەك وەرگری ئەم شەهادەیە چ سوودێك بە من دەگەیەنیٚ وەكو وڵات، ئەی نابیٚ ئێمە ئەم خوێندنە سوود بگەیەنیٚ بە وڵاتەكەمان؟ هەر بۆ ئەوەیە شەهادە وەرگرین، لەبەر ئەوە من موسیڕم لە سەر ئەوەی حەزیش دەكەم ئەوە بمێنیتەوە، سەبارەت بەوەی كە ئایا ئەو زانكۆ ئەهلیانە كەی حەقی ئەوەیان هەبێت شەهادەی ماجیستێر و ئەوە، بەڕێزان لەم وڵاتەی ئێستا خەڵك لە سەر حیسابی خۆی ئەچیٚ بۆ ماجستێر، خەڵك بە تواناسازی ئەچیٚ بۆ ماجستێر، زانكۆكانی خۆمان ماجستێر ودكتۆرا دەكەنەوە، یەعنی لە دواییدا وای لێنایێ ببین بە وڵاتی ماجستێر و دكتۆرا، زەحمەت نەبیٚ ئەگەر ڕێگە بدەین هەر پاش دوو ساڵ بتوانن ئەوان خوێندنی باڵا بكەنەوە، بۆیە هەتا مەرجەكان قورس بیٚ، هەتا مودەكە زۆرتر بیٚ ئیعتیراف هەبیٚ لەلایەن وەزارەتەوە بۆ ئەو كولیژە من لەگەڵ ئەوە دام پێنج دەورە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵڵا من حەز دەكەم ئێوەی بەڕێز بزانن سەعاتێك و قسورە لە سەر یەك مادده قسە كراوە، كامەی موهیم نیە، هەمووی هەر دەڵیٚ ئەم ماددەیە زۆر موهیمە، ئەم ماددەیە ئەساسیە، فەرموو كوێستان خان نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز كوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش هەر بۆ تەئیدی قسەکەی جەنابت، یەعنی ئەندامی پەرلەمان کە هەڵدەستێ لە سەر ماددەیە قسەی هەیە پێویستە زۆر بە کورتی پێشنیارەکەی بڵێ، بەس ئەوەندەی من دیقەتم داوە بەتایبەتی لەم یاسایە، لەوە ئەچێ داوای لێ بوردن دەکەم بوو بێ بە ڕاکێشانی دەنگ و ئەوانە، یەعنی هەڵدەستن یەك سەعات موناقەشەو ئەو پێشەکی و شەرح و شیکاریانەی ناوێ، یەعنی یاسا تۆ بە کورتی پێشنیارەکەی خۆت دەخەیتە ڕوو ئەگەر وا بێ ئەوەی جەنابت دەڵێی سەعاتێك ماددەیەك (45) ماددەیە، (45) سەعاتێکمان پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێز د. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەسەور دەکەم زۆربەی ئەو موناقەشانەی لە سەر ئەو ماددەیە کرا، ئەسڵەن پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نیە، ئەو قسانەی بەشێکی زۆری کرا، پەیوەندی بە پەرلەمانەوە نیە، چونکە لە ناو پەرلەماندا ئێمە چەند کەسمان موختەسسە لە بواری خوێندنی باڵا، یەعنی ئەوە ئیشێکی وردەکاریە کە حەقە وەزارەتی خوێندنی باڵا بە پسپۆڕیەکانی خۆی یەك لایی بکاتەوە، یەعنی ئەوە هەندێ شت باس دەکرێ لێرە خەریکە لە سەر بنەمای گوناح و عاتیفە دەمانەوێ دەنگدانەکە بە لایەکدا بگۆڕین، لە کاتێکدا ئەوە نیزامی خوێندنە، یەعنی دەبێ لە ئەوەلەوە، لە پەروەردەوە تۆ قسە لە سەر گۆڕانکاریەکەی بکەی، ئینجا بێتە سەر خوێندنی باڵا، ڕاستە ئێمە لەوانەیە حەقێکی زیاتر بە تیجارە و سیناعە بدەین، بەڵام خۆ حەقی لقی زانستیەکەو ئەدەبیەکەش دەخوێن، خۆ دەبێ ئاگاشمان لەوە بێ، ئاگامان لەوە بێ خەڵك لە سەر چ بنەمایەك لە تیجارە و سیناعە وەردەگیرێ، لەبەر ئەوە ئەمە وردەکاریەکە من تەسەور دەکەم ئەسڵەن ئەم ماددەیە هەر زیادەیە پێویست نیە لە ناو ئەم یاسایەدا هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵلا من ئومێد دەکەم هەر بە عام هەموومان لە هەموو قانونەکان لە سەر ئەسڵی قانونەکە قسە بکەین، و بە پوختی قسە بکەین، بەراستی بە هەر حاڵ جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێز د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم بەنیسبەت (تكون مدة الدراسة في الجامعة والكليات أربع سنوات) هەتا دوایی، پێویستە هەموو زانکۆیەك دیاری بکا ماوەی خوێندن چەندە؟ ئەوە لە هەموو زانکۆکانی جیهان هەیە، دەڵێ ماجستێر پار تایم ساڵێکە، فوول تایم دوو ساڵە، دکتۆرا سێیە، چوارە، بای ریسێرچە، بە کۆرساتە، ئەوە وردەکاریە، بەڕاستی دەبێ ئەوە بمێنێ ئەو مودەیە، بەڵام ئێمە کە دەڵێین (في الجامعة) ئەو لەوێ تەعمیمی دەکەین

کولیەی چوار ساڵیمان هەیە، کولیەی پێنج ساڵیمان هەیە، و دەکرێ مەعهەدی دوو ساڵیشمان هەبێ، لەبەر ئەوە ئەگەر بڵێین (تكون مدة الدراسة في الجامعة والكليات أربع سنوات) ئیجحافێك دەبێ بە حەقی مەعهەدەکان وکولیژە پێنج ساڵیەکان، چاکتر وایە، بڵێین (تكون مدة الدراسة في كليات وأقسام الجامعة) ئینجا کە وتمان کولیات ئەوەی کولیژە چوار ساڵە، و ئەوەی کە قسمە ئێستا، وەکو کاك د. سەروەر وتی هەندێك کولیە نیە، قسمە، ئەویش هەر چوار ساڵ دەبێ، (وفي المعاهد سنتين) لەبەر ئەوە ورد دەبێتەوە چوار ساڵ بۆ کولیە، چوار ساڵ بۆ قسم، و دوو ساڵ بۆ مەعهەد، و لەگەڵێدا بڵێین( مع مراعاة الأختصاصات الطبية والهندسية)، ئەوە بەنیسبەت ئەو خاڵە، بەنیسبەت خوێندنی پیشەیی، بەڕێزان لە سەرەتا کە ئامادەییە پیشەییەکان دامەزراوە بەمەبەستی ئەوە نەبووە ئەوانە خوێندنی زانکۆیی تەواو بکەن، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئەوانەی پەیوەندیان کردووە بەو ئامادەییەوە، فەلسەفەی دروستکردنی ئامادەییە پیشەییەکان، بریتی بووە لە پەروەردەکردنی کادیری پیشەیی بۆ ئەوەی بتوانێ سبەینێ کارەبا چاك بکات، سەیارە چاك بکات، هەتا دوایی، و ئەو ماددانەی دەیخوێنن (70٪ی) عەمەلیە، و(30٪) نەزەریە بەبەراورد لەگەڵ ئامادەییەکان کە (70٪ی) نەزەریە، و(30٪) عەمەلیە، لەبەر ئەوە تەبیعەتی ئامادەییەکان، پیشەییەکان، کە وتم پیشەییەکان (70٪ی) عەمەلیە، و(30٪) نەزەریە، و ئیعدادیەکان (70٪ی) نەزەریە، و(30٪) عەمەلیە، تەبیعەتی دیراسەکە بۆ ماوەی ئەو پێنج ساڵە یان ئەو شەش ساڵیەوە لە یەکی پیشەسازیەوە تا شەشی ئامادەیی پیشەسازی تەواو دەکات، تەبیعەتی دیراسەکە فەرقی هەیە، ئەمە یەك، و دەکرێ، بەڵام من وەکو وتم ئێمە چۆن ئێستا خوێندنی پەروەردەی بنەڕەتمان دابین کردووە بۆ مامۆستاکانی سەر بە میلاکی وەزارەتی پەروەردە کە ئەو تێبینیە دەدەم بە سۆزان خان نەمان وتووە دەبێ ئەوەی ئیعدادیەی تەواو کردبێ یان مەعهەد، ئەوەی خانەی مامۆستایان، ئەوەی ئامادەیی پیشەسازی تەواو کردبێ، و خولی شیاندنی بینیبێ لە وەزارەتی پەروەردە بوو بە مامۆستا ئێمە وەرمان گرتووە، و ئەوەش بەردەوام دەبێ، و بەهەمان شێوە لە کولیژی پەرستاری ژمارەی کورسیە تەرخانکراوەکانمان زیاد کردووە، بۆ دەرچوانی پەیمانگای تەکنیکی بەشی پیشەسازی، و هەروەها کورسیمان زیاد کردووە لە دەرچوانی ئامادەیی پەرستاری، بۆ وەرگرتن لە پەیمانگای تەکنیکی بەشی پەرستاری، دەکرێ بە هەمان شێوە دیراسات لە سەر ئاستی پەیمانگا بکرێتەوە بۆ دەرچوانی ئامادەیی پیشەیی بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەن، بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دبلۆم، شەرت نیە بەکالوریۆس ئەوە وەکو چارەسەرێك، هەروەها دەمەوێ باس لەوە بکەم کە ئێمە کە دەڵێین پێنج دەورە تەخەروج بکا بۆ زانکۆیەکی ئەهلی ئەو کاتە بۆیان هەبێ ماجیستێر و دکتۆرا بکەنەوە سەبەبەکە ئەوەیە پێداویستیەکان بۆ ماجیستێر و دکتۆرا، نەخێر پێنج خول تەخەروج بکا خۆشیان چوار ساڵ دەخوێنن، مانای (8) ساڵ دەکا، (3 بە 5) سەبەبەکە ئەوەیە پێداویستیەکان بۆ ماجیستێر و دکتۆرا هەروا ئاسان نیە، ئێمە لە زانکۆ حکومیەکان ماجیستێر و دکتۆرامان کردۆتەوە، زۆر جار مەرجی زانستی تێدا نەبووە، بەڵام ناچار بووین بۆ ئەوەی کادیر پێبگەیەنین بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان لە ناچاریدا کردوومانە، ئەگەر نا، بەڵام ئەو ناچاریە پێویست نیە ئێستا بۆ زانکۆ ئەهلیەکان، ئەوان هیچ مەجبور نین،

یەعنی با بڵێین نە ئێمە وەکو زانکۆ حکومیەکان، نە خۆشیان وەکو زانکۆ ئەهلیەکان، ئەوەندە پێویستیان نیە بە پێگەیاندنی ماجیستێر و دکتۆرا، تا ئێمە لە پینج خول بیکەین بە دوو خول یان بیکەین بە خولێك، بەنیسبەت ئەوەی کە (حاصلاً على شهادة الدراسة الإعدادية) دەکرێ ئێمە بڵێین (يشترط في الراغبين للتقديم للدراسة في الجامعات الخاصة أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الأعدادية)، بەبێ ئەوەی ئاماژە بدەین بە عیلمی و ئەدەبی و پیشەیی، بۆ ئەوەی شتەکە موتلەق و مەفتوح نەبێ، با بڵێین کراوە نەبێ، هیچ نەبێ بوار بهێڵینەوە بۆ ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەبەر ئەوە بنووسرێ (يشترط في الراغبين للتقديم للدراسة في الجامعات الخاصة أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الأعدادية) نوقتە سەری دێر، ناوی عیلمی و ئەدەبی و پیشەیی نەهێنین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان نوقتەی نیزامت هەیە؟

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا باسی دەکا، نوقتەی نیزامم لە فەلسەفەی کردنەوەی زانکۆی تایبەت هەیە، بەڕێزان موراسەلە لە زانکۆی تایبەت پێویست دەکا ئەمڕۆ بکرێتەوە و دەست و پێشی نەگیرێ، بە دیلی قبولی خاص نیە کاك دکتۆر، زانکۆی تایبەت بڕادەران، ئەوە عیلمە تەلەبەی عالەم پێ تەتەوڕ دەکرێ، ماجیستێری زۆر زەروریە، تەلەبەی پیشەیی بچێ زۆر زەروریە، مامۆستای ئیعتیادی بچێ زۆر زەروریە، چونکە ئەوە عیلمە تەقەدوم دەکا، لەو هەولێرەی هەیە بەڕێزان نموونەکتان پێ بڵێم، مەکاتبی عەقارات کە زۆر دوورە لە وەرگرتنی دەورە، ئێستا چونکە ئیستسمار بە پێش دەکەوێ کڕینی موڵك لە دەرێ و لە ژۆرێ جولەی پێ کردیە، مرۆڤ هەیە لە مەکاتبی عەقارات لە هەولێر دەورەی بە موڕاسەلە دەکڕی بە پارە، بۆ ئەوەی شەهادەی هەبێ بتوانێ تەعامووڵ لەگەڵ دەرێ بکا، باشە ئێمە دەست و پێی ئەو قانونە بۆ بگرین، خۆ ئەو قانونە بەدیلی قبولی خاص نیە، بیهێنینە بن دەستی خۆمان، بیخەینە بن باڵی خۆمان، هەی لە ڕێی خودا، ئەوە تاریخە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەوە نوقتە نیزامە؟ ئەوە جارێکی دیکە (27) کەس قسەی کردووە، یەك سەعات و قسورە قسە کراوە، ئەمە یەك، ئەمە دوو، ئەمە سێ، ئەمە چوار ئاخر چۆن؟ نوقتەی نیزامی کەس نادەین با بیخوێنینەوە، کاکە ئەمە یەك، ئەوە دوو، ئەمە سێ، ئەمە چوار، ئەمە پێنج ئاخر هەمووی نوقتە نیزام ئەوە چۆن دەبێ؟ کاکە فەرموون دوا سیاغە بیخوێننەوە، دەیخەینە دەنگدان، فەرموون،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی نۆیەم پاش وەرگرتنی ڕاو سەرنجی پەرلەمانتاران بەو شێوەیەی دامان ڕشتەوە: ماددەی نۆ دەقە عەرەبیەکە،**

**اولاً: يشترط في الراغب للتقديم للدراسة في الجامعات الخاصة أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الأعدادية بفرعيها الأدبي أو العلمي أو المهني أو المعهد حسب الأختصاص على أن يقتصر قبول خريج المعهد أو الأعدادية المهنية في الكليات المقاربة في دراستها مع المنهج الدراسي للمعهد أو الأعدادية المهنية.**

**ثانيا: تكون الدراسة في الجامعة فعلية دواما وامتحانا وليست انتسابا عن بعد أو مفتوحا.**

**ثالثا: تكون مدة الدراسة في الكليات أربع سنوات دراسية على الأقل، ويمنح المتخرج فيها شهادة جامعية أولية (بكالوريوس) في حقل الأختصاص مع مراعاة مدة الدراسة في الأختصاصات الطبية والهندسية.**

**رابعا: تكون مدة الدراسة في المعاهد الخاصة سنتين ويمنح المتخرج شهادة الدبلوم في الأختصاص.**

**خامسا: يخضع فتح الدراسات العليا في الجامعات الخاصة الى موافقة الوزارة وفق معايير الضمان النوعي وتعليمات الدراسات العليا بعد تقديم الطلب من قبلها على ان لا يقل عدد الدورات المتخرجة عند تقديم الطلب عن خمس دورات.**

**سادساً: يجوز للجامعة الخاصة البدء بالدراسات العليا في حالة تبني إحدى الجامعات الأجنبية المعترفة عالمياً بتبني مثل هذه الدراسة ومنح الشهادة من قبلها نتيجة الأتفاق العلمي والأكاديمي بصيغة الشراكة. بەو شێوەیەمان داڕشتەوە، تەنها پێشنیارێك هەبوو سەبارەت بە بڕگەی پێنجەم، کە پێنج دەورە تەخەروج بکەن، پێنج دەکا (8) ساڵ، چوار دەورە دەکا (7) ساڵ، پێشنیارەك هەبوو کەوا سێ دەورە تەخەروج بکەن، ئەو پێشنیارەش هەبوو، کامەیان دەنگی هێنا، سێ دەورەکە یان پێنج دەورەکە ئەو لە بڕگەی پێنجەم زیادی دەکەین، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك ئارام**

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆ هەر سێ ئەندام پەرلەمان پێشنارێکیان کرد، دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، یا دەنگ نەهێنێ، یەکێك لەوانە مەسەلەی ئەوەی کاك د. سەروەر یەکسەر وتی ئامادەیی، پەیمانگا، بۆ ئەوەی هەمووی بگرێتەوە، نا خۆ هەمووی ناگرێتەوە، دیراساتی ئیسلامی ناگرێتەوە بەو شێوە، ئەوە یەکەم، دووەم: سێ ئەندام پەرلەمان (د. احمد و من و عظیمة خان) باسمان لە خوێندنی کراوە کرد، کە ئێستا لە عێراق دا هەیە، وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیجازە دەدا، بۆچی ئیجازە نادرێ، با بخرێتە دەنگەوە، یا دەنگ نەهێنێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو د. سەروەر.**

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس لە سەر ئەوەندە دوو خاڵ هەیە، یەکێکیان دەڵێ زۆر باشیان نووسیبوو، دەستیان خۆش بێ، بەڵام خاڵی یەکەم کە دەڵێ ئیختیساساتی موقارەبە لێرەدا ئایا کەسێك دەرچووی بەپێی ئەمە بێت دەرچووی پیشەسازی بێت، دەرچووی بازرگانی بێت ناتوانێ بچێ، بۆ نموونە بچێ یاسا بخوێنێ، بۆ نەتوانێ فەلسەفەکەی لە چی دایە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ ئەو ئیختیساساتانەی کە بۆ قانون زەروریە لەوێ نەیخوێندووە، ئەو دەتوانێ بچێتە کولیەی زراعە، بچێتە کولیەی هەندەسە ناتوانێ بچێتە ئەوێ، سەر لە نوێ ناوتان دەنووسمەوە هەمووتان قسە بکەنەوە، کێ دەیەوێ قسە بکا؟ با وا دەکەین، ئەوە شەش، حەوت کەس دەیەوێ نوقتە نیزام قسە بکا، ناوتان دەنووسمەوە فەرموو قسە بکەن دەی لەوێوە دەست پێ دەکەین، ئاخر عەزیزی من، خوشکی من تۆ یەك نوقتە، ئەو یەك نوقتە، ئەو یەك نوقتە، هەموو شت دوایی دەبێتە موناقەشات، نابێتە نوقتە نیزام، فەرموو لیژنە ڕای لیژنە بزانین چییە؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی ئەو بەڕێزانە کردیان، بەتایبەتی ئەوەی کە دەڵێن مادام ناومان هێنا (الأعدادية بفرعيها الأدبي والعلمى والمهنى والأسلامى.....)، چونکە ئەوەش ئیزافە دەکەین ( .....والمعهد حسب الأختصاص على أن يقتصر قبول خريج المعهد أو الأعدادية المهنية او الأسلامية في الكليات المقاربة في دراستها مع المنهج الدراسى للمعهد او الأعدادية المهنية)، یەعنی ئەگەر کەسێك خەریجی ئیعدادیەی ئیسلامی بێت، تەنها ئەتوانێ بچێ لەو ئیختیساسەی خۆی دا بخوێنێ، حەقەکەی لێ وەرناگرین و تەواو، لەبەر ئەوەی وتراوە پێنج دەورە، وتراوە دوو دەورە، وتراوە سێ دەورە، ئێمە وەکو لیژنە حەلە وەسەتەکەمان دۆزیتەوە سێ دەورەیە، سێ دەورە کە دەکاتە(چوار، پێنج، شەش)، پاش شەش ساڵ ئەو کولێژە ئەهلیە دەتوانێ ماجیستێر بکاتەوە، (بعد استحصال موافقة الوزارة) بەبێ موافقەتی وەزارەت ناتوانێ ئەو یەکسەر بڕیار بدات وەریبگرێ، سەبارەت بە مەفتوح ئێمە لێرە ڕای تایبەتی خۆمان وەکو لیژنە لەگەڵ خوێندنی مەفتوح دا نین، بە هیچ جۆرێك، و دەتوانن بیخەنە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی من کردم لە بۆ دیراسات عولیا، دیارە هەم لیژنەکە وەکو من کە دەمەوێ تێنەگیشتینە بەڕاستی، ئینجا یان من نەمگەیاندیە، یان ئەوان لە من نەگەیشتینە، ئێمە دەڵێین کردنەوەی دیراسات ئەگەر کولیژەك ئیجازەی وەرگرتووە، پەیڕەوی ناوخۆی هەیە، کەوادیری هەیە، چۆن زانکۆیەك دامەزرایە کادیری نیە، بەو پلانەی کە هەیە، هەر لە ئوستاز موساعیدەوە تاکو دەگاتە پاش دکتۆرا، ئەگەر هاتو ئەو زانکۆیە وانە بیژی هەبێ، ئەگەر هاتو سەرپەرشتی کردنی هەبێ، ئەگەر هاتو لیژنەی موناقەشەی هەبێ، چ ڕێگر هەیە نەك خوێندکارەکانی خۆی، ئەوە ئەهلیە خواست و خستنە ڕووە، ئەوە ئیقتیسادە، ئەو دەیکاتەوە من پێشکەش دەکەم، ئەوە هیچ پەیوەندی بە کولیژەکە نیە، بە خوێندکارەکانی خۆی نیە، بە خوێندکارەکانی دەرەوەی هەیە، من شەش ساڵە تەخەروجم کردیە لە یاسا، ئەوە دکتۆرای کردۆتەوە ساڵی یەکەم لەگەڵ کردنەوەی زانکۆیەکە بانگهێشت دەکا، دەڵێ من لە یاسا هەر کەسێك پێشکەش بکات، ماجیستێری پێ دەبەخشم، یەکسەر تەقدیمی دەکەم و ئەگەر ئەو سێ شەرتە هەبوو زۆر بە ئاسایی دەیخوێنم لەو زانکۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی هاوبەش بزانین یەك، یەك ئەوەی کە ئیعتیرازی لە سەرە، یان چەند ڕەئیەك هەیە، یەك، یەك بیخەینە دەنگەوە، جەنابی وەزیر قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بەپێی ئەو بڕگەی یەکەم بێ، من ئێستاش دەڵێمەوە چاکتر وابوو بڵێی (يشترط في الراغبين للتقديم للدراسة في الجامعات الخاصة أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الأعدادية)، تەنها وا بنووسرابایە، ئێستا ئەو(ما يعادله) موشکیلە نیە، بەڵام ئێستا کە وترا دیراساتی میهەنی، مەعنای وایە ئەمساڵ بێتەوە، ئەوەی لە ئامادەیی پیشەسازی دەردەچێ بۆی هەیە بچێتە هەندەسەی میکانیك و میعماری و مەدەنی و کارەبا، من ئەوە مەسئولیەتی تاریخی یە دەیلێم، و ئەوەی کەوا بڵێین ئامادەیی کشتوکاڵ دەردەچێ، بچێتە کولیژی کشتوکاڵ ئەمە دەبێتە هۆکاری دروست بوونی فەوزایەك لە کاتی تەقدیم دا سەرتاسەری کوردستان دەبێتە ڕەخنە و گلەیی، و داوامان لێ دەکرێ دەڵێ لە جامیعەی حکومی بۆ وەری ناگری، یەعنی خەریجێکی ئیعدادیەی سیناعە کە شەش ساڵ خوێندوویەتی، بەڕاستی زۆر جیاواز خوێندوویەتی لە خەریجێکی ئیعدادیە فەرعی عیلمی هەردووکیان وەکو یەك بواریان پێ بدرێ بچنە کولیژی ئەندازیاری یان لە کشتوکاڵەوە بچێتە کولیژی کشتوکاڵ، ئەمە فەرز دەبێ بە سەر زانکۆ حکومیەکانیش، و دەبێ بە فەوزایەکی زۆر گەورە، و من دەڵێم ئەمە زۆر زۆر شتێکی هەستیارە بڕیارێکی زۆر خەتەرە، لە سەرم پێویستە ئەم ئەرکە ڕوون بکەمەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو ئاشتى خان.

**بەڕێز ئاشتى عزيز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**لە ميانەى موناقەشەكردنەكاندا ترسێكى گەورە هەيە لە دەرچوانى بازرگانى و پيشەسازييەكان بە هۆكارى ئەوەى كە تواناكانيان يان (سكيڵيان)لە ئاستى ئەوە دا نەبێ كە بتوانن كوليژە بەرزەكان بخوێنن، بەڵام ئێمە زۆرێك لە مەنهەجەكانيان دەبينين ئيزافەتەن بۆ ئەوەى زۆربەى ماددەكانيان، ماددەى ئيعداديەكانە، و لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك مەنهەجيان هەيە، كە مەنهەجى ميهەنى ئيختيساسيە ئەوەش ئيزافەيە لە سەر خوێندنەكەيان، يەعنى ئەوە نيە زۆر لە ئاستێكى نزم دا بێت، يان زۆر دوور بن لە خوێندنى ئاستەكانى تردا، بۆيە بەڕاستى ئەم ترسە لە دەرگا داخستن تووشى (ئيحباطى) كردوون، يەعنى قوتابيان ئايندەيان، و ئاسۆى خوێندنيان لاڕوون نيە لە هەرێمى كوردستاندا، دەرچووى پيشەسازى و بازرگانيەكان و، و زۆربەى مەعاهيدەكانى تر، نازانن لە سبەينێوە بڕۆن بەرەو كوێ؟ بۆيە ئەمە لە ڕووى ميهەنيەدا ئەم ئيختيساسى ترە، يەكێك خەريجى تيجارە بێت سێ ساڵ ئيختيساسيەن ئابوورى خوێندووە، موحاسەبەى خوێندووە، كە تۆ چوويتە ناو مەجالەكەى خويدا، ڕێگايەكى كراوە ترە كە باشتر شارەزا بێ لەم مەجالەدا،**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

كەسێكى ڕێگا دەدەين، ڕێگاى كەسى تر نادەين، فەرمووعظيمة خان.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**بۆ ئەوەى ئەو كێشەيە بۆ وەزارەتى خوێندنى باڵاش ئەوەى كە دكتۆر باسى كرد، دروست نەبێ كەسێك لە پيشەييەكانەوە لە سيناعە يان لە تيجارە لە كوليژەكان وەرگيرێ، بۆيە ئەگەر ئەو ئازاديە هەبێ، ئەو ڕەغبەتە هەبێ لە هەر كوليژێكى تر كە لە كوليژە ئەدەبيەكانيش بێت وەرگيرێ، بە ڕەئى من ئەوە چارەسەرى كێشەكان دەكا نەك ئەوەى تۆ لە ئيختيساسەكەى خۆى دا تەنها ڕێى پێ بدەى، ئەمە يەكێكە لە ڕێگريەكان لە ناو ياساكەدا، بۆ ئەوەى كە لە كوليژى تر نەتوانێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكى پەرلەمان:**

فەرمووسيوەيل خان.

**بەڕێز سيوەيل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**بەنيسبەت ميهەنيەكان، وابزانم لە كۆيى كوليە كراوە ئەوانەى خەريجى زراعە و سيناعە و تيجارە بوون، تەخەروجيش كران وەريشگيران حكوميش بوو، بەڵام ممارەسەى محامات بكەن بە كاتب عەدل دايان دەمەزرێنن، ئەوە يەك ئەوها بووە لەوانەيە وەزيرى خوێندنى باڵا باشتر بزانێتن، دوو: ئەگەر ئەو نەفەرە**

جاری وا هەیە زرووفە نەیخوێندیە، نەیتوانیوە فکری لێ نەکردۆتەوە، دواتر بیری لێ کردۆتەوە بڵێین موستەقبەلەکی باشتری هەبێتن، با لەو زانکۆیانە وەرگیرێن خاسەتەن لە بەشە ئەدەبیەکان وەك (عظیمة خان)باسی کرد، ئەو کاتە حکومەت تەعینی دەکا، تەعینی ناکا ئەو کاتە جیاوازە، بەڵام با شەهادەکەی بە دەست بێنی تاوانی چییە؟ زرووف رێی نەدایە کە ئەو تەواوی نەکا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو یەك دەقیقە بێریڤان خان.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی جەنابی وەزیر دەکەم زۆر ڕاستە لێکدانەوەکەی ئێمە دەبێ تەبەقەی ناوەڕاستمان هەبێ، خەریجی ئیعدادیە و شت ئەوانەش دەبێ ئیش پێ بکەین، نابی هەموو هەرێمی کوردستان ببێتە بەکەلوریۆس مەجالی نەبووە ئەو مەجالەی بدەینێ، پێویستمان بەوانەیە، ئەوانەش هەبوونیان هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا خۆتان دەزانن ئەوە یەك سەعات و نیو زیاترە موناقەشەی دەکەین، موناقەشە بەسە بەڕاستی، دوا سیاغەتان بخوێننەوە، دەیخەینە دەنگدان، فەرموون

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەك هەبوو سەبارەت بەو بڕگەیەی باس لە کردنەوەی خوێندنی باڵا لە زانکۆ تایبەتەکان دەکات، کە لە دوای چەند ساڵ، دەرچوونی چەند خول بتوانێ ئەو کولیژە ئەو زانکویە خوێندنی باڵا بکاتەوە، پێشنیارەك هەبوو دوای دوو خول، دوو دەورە تەخرووج بکەن، پێشنیارەك هەبوو سێ خول، پێشنیارەك هەبوو پێنج، ئەگەر یەك لەو پێشنیارانە بخرێتە دەنگدان، دوای دوو خولی دەرچوون،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەڵێین دوو خولی دەرچوون، کێ لەگەڵ ئەوە دایە دەست بەرزکاتەوە؟ دوو خول (35) دەنگە، تکایە ئەوانی دیکە،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری دووەم سێ خول، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەوەی دەڵێ سێ خول (22) دەنگ،

پێشنیاری سێیەم پێنج خول،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیاری سێیەم پێنج خول، کێ لەگەڵ ئەوە دایە دەست بەرزکاتەوە؟

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی یەکەم پێشنیارەك کرا، کەوا مەعهەدی ئیسلامی زیاد بکرێ، هەرچەند پەیمانگاکان، پەیمانگای وەرزشمان هەیە، کۆمپیوتەرمان هەیە، ئەگەر ناوی یەکێك بێ دەبێ ناوی هەمووان بێ، ئەگەر وشەی پەیمانگا بە موتلەقی بێ، ئەوا هەمووان دەگرێتەوە، پێویست ناکات نموونەکان بێتەوە، بەڵام پێشنیاریشە، سێ پەرلەمانتاری بەڕێز پێشنیاریان کردووە، مەعاهدی ئیسلامی زیاد بکرێ، ئایا تەنها وشەی مەعهەد بێتن کە هەموو جۆرە پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە؟ یان تەنها نموونە بێنینەوە، زیاد کردنی پەیمانگای ئیسلامی،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا سوئالەکە ئەوەیە بە تەشخیس ناوی هەموویان بهێندرێ، یان بە عام بێ، کێ لەگەڵ ئەوە دایە بە عام ناوی بێ دەست بەرزکاتەوە؟ وەڵلا ئەوە قابیلی ژماردن نیە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە بە تەشخیس ناوی بێ دەست بەرزکاتەوە؟ (3) کەس لەگەڵ تەشخیسە، کەواتە زۆرینەی دەنگ لەگەڵ ئەوە دایە بە عام بێ، کەواتە بە عام بیخوێننەوە،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە دوای دەنگدان لە سەر ئەو پێشنیارانە بەو شێوەیە ماددەکەمان داڕشتەوە: ماددەی نۆیەم

اولاً: يشترط في الراغب للتقديم للدراسة في الجامعات الخاصة أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الأعدادية بفرعيها الأدبي أو العلمي أو المهني أو المعهد حسب الأختصاص على أن يقتصر قبول خريج المعهد أو الأعدادية المهنية في الكليات المقاربة في دراستها مع المنهج الدراسي للمعهد أو الأعدادية المهنية.

ثانيا: تكون الدراسة في الجامعة فعلية دواما وامتحانا وليست انتسابا عن بعد أو مفتوحا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئارام.

**بەڕێزایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەنگمان دا بۆ ئەوەی بە عام بێ، ناوی هیچ نەنرێ، ئیعدادیە و مەعاهد، ئیتر پێویست ناکات فەرعی ئەدەبی و عیلمی و پیشەیی ئەگەر وابێ ئیسلامیەکەی دەبێ بخرێت،

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر مەبەستی پیشەییەکە بوو ناوی پیشەییەکان و ئیسلامیەکان بێ، یان نا؟ مەبەست ئەوە بوو، ڕوونی کەنەوە لە سەر چ ئێوە دەنگتان دا؟ فەرموون،

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیعدادیە بە گشتی ، ئەوە میهەنی و ئەدەبی و عیلمی دەگرێتەوە، بەس دەبێ وشەی میهەنی تێدا بێ، مەعهەدیش بە گشتی بێ، پێویست ناکات نموونە بهێنینەوە، مەعهەد کۆمپیوتەر، مەعهەد وەرزش، یان جۆرە مەعهەدەکی دیکە، ئەوە بوو بە گشتی، ئێستاش بەو شێوەیە هاتووە، (على شهادة الدراسة الأعدادية....) (...بفرعيها الأدبي أو العلمى) لا دەبەین، ئیعدادیە هەمووی دەگرێتەوە، عیلمی و ئەدەبی،

اولا:(يشترط في الراغب للتقديم للدراسة في الجامعات الخاصة أن يكون حاصلاً على شهادة الدراسة الأعدادية أو المهنى أو المعهد حسب الأختصاص على أن يقتصر قبول خريج المعهد أو الأعدادية المهنية في الكليات المقاربة في دراستها مع المنهج الدراسي للمعهد أو الأعدادية المهنية).

ثانيا: تكون الدراسة في الجامعة فعلية دواما وامتحانا وليست انتسابا عن بعد أو مفتوحا.

ثالثا: تكون مدة الدراسة في الكليات أربع سنوات دراسية على الأقل، ويمنح المتخرج فيها شهادة جامعية أولية (بكالوريوس) في حقل الأختصاص مع مراعاة مدة الدراسة في الأختصاصات الطبية والهندسية.

رابعا: تكون مدة الدراسة في المعاهد الخاصة سنتين ويمنح المتخرج شهادة الدبلوم في الأختصاص.

خامسا: يخضع فتح الدراسات العليا في الجامعات الخاصة الى موافقة الوزارة وفق معايير الضمان النوعي وتعليمات الدراسات العليا بعد تقديم الطلب من قبلها على ان لا يقل عدد الدورات المتخرجة عند تقديم الطلب عن دورتين.

سادساً: يجوز للجامعة الخاصة البدء بالدراسات العليا في حالة تبني إحدى الجامعات الأجنبية المعترفة العالمية بتبني مثل هذه الدراسة ومنح الشهادة من قبلها نتيجة الأتفاق العلمي والأكاديمي بصيغة الشراكة العلميه بين جامعتين.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (48) کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (10) کەس لەگەڵ دا نیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، فەرموو امینە خان.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی سێیەم**

**سەرپەرشتی کردن و بیمەی جۆری**

ماددەی (10):

یەکەم: دەزگای سەرپەرشتی کردن و بیمەی جۆری لە وەزارەت کارەکانی زانکۆ بەپێی یاساکان و پەیڕەو و ڕێنماییەکانی کار پێکراو دەگرێتە ئەستۆ.

دووەم: سەرۆکی دەزگای سەرپەرشتی و بیمەی جۆری پرۆتۆکۆلەکانی دانیشتنەکانی زانکۆ دەخاتە بەردەمی وەزیر لەگەڵ تێبینیەکانی بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی لە سەر بەندەکانی یان ئەوەی پێویست دەکات بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بە پێی ئوسووڵ دەیخاتە بەردەمی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەعەرەبیەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثالث**

**الإشراف والضمان النوعي**

اولا: يتولى جهاز الإشراف والضمان النوعي في الوزارة تقييم أداء الجامعة وفقا للقوانين والأنظمة والتعليمات المرعية.

ثانيا: يعرض رئيس جهاز الإشراف والضمان النوعي محاضر جلسات الجامعة على الوزير مشفوعا بملاحظاته للمصادقة على بنودها او عرض ما يلزم منها على المجلس الوزارة وفقا للأصول.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیار دەکەین هەردوو بڕگە لەبەر ئەوەی باس لە هەڵسانگاندنی کاری زانکۆ تایبەتەکان دەکەن، و هەردوو بڕگە لێك نزیکە، پێشنیار دەکەین هەردوو بڕگە یەك بخرێ، بەو شێوەیە: (يتولى جهاز الإشراف والضمان النوعي في الوزارة عن طريق مديرية الضمان النوعى تقييم أداء الجامعة وفقا للقوانين والأنظمة والتعليمات المرعية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەبێ؟ کێ تێبینی هەیە ناوی بنووسین، فەرموو ئاهەنگ خان.

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم هەیە، لە سەر (يتولى جهاز الإشراف والضمان النوعي في الوزارة) بۆ (تقييم) مەرج نیە بەتەنێ جیهازی تەقیم لە وەزارەت بێ، جیهازی تەقیم بە ڕەئی عام دەبێ، بەو هەموو ئەکادیمیە و ئوستازەی دەبێ، کە لەو ولاتەی دەرس دەڵێن و لەو جیهازەی نینە، من نموونەکەتان پێ بڵێم بۆ شەرت نیە، جامیعەی (هارڤەر) هەموو عالەم دەیناسێ (هارڤەر) چییە؟ کێ لێی تەخەرووج کردیە، حەوت ڕەئیسی جمهوریەی ویلایەتی موتەحیدەی ئەمریکی خەریجی (هارڤەر)ن ڕەئیسی فەیسبووك، ئەو جامیعەیە کە دامەزرا سێ هەزار و حەوت سەد و سێ ئوستاز ئیمزایان کرد هەتا دامەزرا، یەعنی بەتەقیمی ئەکادیمی و ئوستاز دامەزرا، شەرت نیە لیژنەیەکی موعەیینەن لە ناو ئیتارەکی موعەیینەن چەند کەسێك دانیشێ تەقیمی جامیعات بکات بڵێ وەڵلا ئەوە جامیعەیەکی باشە یان باش نیە، دەبێ بدرێتە ڕەئی عام، دەبێ بدرێتە ئەکادیمیش، سوپاس،

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من دژی دووەمیانم، دووەمیان دەڵێت کۆنووسی دانیشتنەکانی جامیعە عەرز دەکرێت لە سەر وەزیر تا کۆتایی، من نازانم ئەوە چ عیلاقەی بە جەودە هەیە، نەتان وت ئاخر، چونکە بەڕاستی ئەسڵەن ئەگەر لە من دەپرسی هیوادارم لەو ولاتە ئێمە بگەینە مەرحەلەیەك، کە زانکۆ حکومیەکان ڕەبتی ئیداری و (صارم) یان لەگەڵ وەزارەت نەبێت، وەزارەت ستراتیژی دانێت، و چاودێری جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژیە بێت، ئەدی ئێمە بۆ جامیعەی ئەهلیمان هەیە، مەربوتە ئەوها وەکو شوعبەیەك بە وەزارەت، بۆیە ڕجاتان لێ دەکەم ئەسڵەن دووەم هەمووی من دژیمە، ئیقتیراح دەکەم لا بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە نیم کە بەس، (يعرض رئيس جهاز الإشراف) بەڵکو (تعرض مديرية التفتيش والضمان النوعي تقاريرها عن أداء الجامعات على الوزير وعرض ما يلزم على مجلس الوزارة وفق الأصول)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خليل.

**بەڕێز خليل عثمان حمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پشتگیری لە قسەکانی کاك عبدالسلام دەکەم لە بەشی دووەم، من پێم وایە پێویست ناکات یەعنی ئەوە بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران، خاڵێکی تر بەڕاستی لە سەر دەقە کوردیەکەیە، یەعنی لە عینوانەکەدا لە هەردوو فەقەرەکەش بەکارهاتووە سەرپەرشتی بیمی جۆری من پێم وایە ئەو بیمە، بکرێتە دەستەبەری جۆری باشترە، چۆن لە هینەکە بە زەمان هاتووە، چونکە لەوانەیە هەموو کەس بەڕاستی تێینەگا ئەوەی بیخوێنێتەوە تێیناگا، بۆیە پێم باشە بکرێتە دەستەبەری جۆری، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو

**بەڕێز د. علی سعید محمد/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم من دەبوایە زووتر موداخەلەم بکردایە، بەڵام بەڕاستی بڕیاری پێش ئەوە وای لێکردم هەموو شتێکم بیرچۆوە، چونکە زۆر زۆر زۆر تەحەفووزم هەیە، من لەسەر ئەو بڕیارەی کەوا لە پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز تێپەڕی، بەڵام بەڕاستی یەکێك شەش ساڵە ئامادەییەکی لە ئیعدادیە خوێندبێتی بەشی زانستی دوایی مونافەسەی ئیعدادیەکی سیناعە بکات، بۆ وەرگرتن لە کولیژی ئەندازیاری بە لامەوە زۆر سەختە، ببورن پێشنیاز دەکەم کە (الفصل الثالث....الإشراف والضمان النوعي) بگۆڕێت، بکرێت بە (دائره التعليم العالى الخاص) لە جیاتی (الإشراف والضمان النوعي)، و ئەوە بکرێ بەم شێوەیەی لای خوارەوە ماددەی (10) ئەوەڵەن، و سانیەن، ئەوەڵەن بکرێ بە یەك و دوو،

اولا: أ.تتشكل دائرة بأسم دائرة التعليم العالي الخاص في وزارة التعليم العالي والبحث العلمي يرأسها مدير عام حاصل على شهادة دكتورا ولا تقل مرتبته العلمية عن استاذ مساعد.

ب. تكون مهام الدائرة الإشراف على الأمور الخاصة بتنظيم الجامعات الخاصة من النواحي الأكاديمية والأدارية والعلمية و بالتنسيق مع تشكيلات الوزارة الاخرى.

ثانيا: تخضع الجامعة الخاصة الى تقييم الأداء من قبل جهاز الإشراف والضمان النوعي وفقاً للقوانين والأنظمة والتعليمات المرعية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا جیهازێکمان هەیە، (جهاز الإشراف والضمان النوعي) ئەرکەکانی ئەو جیهازە دیاری کرایە، کە لەلایەن کەسێك، مامۆستایەك کە پلەکەی دکتۆرایە، (15) ساڵ خزمەتی جامیعەی هەبێ بەڕێوە دەچێت ئەو جیهازە، هەمان ئەو ئەرکەی جەنابی وەزیر باسی کرد بدرێتە ئەو

**جیهازە، لەبەر ئەوەی ئەو پێشنیارەی کە بەڕێزیان کردی، ئیستیحداسی مودیریەتێکی عامی نوێیە لە هەیکەلیەی وەزارەت، ئەوەش پێویستە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا هەموار بکرێ، لەوێ ئەو مودیریە عامە زیاد بکرێ، ئەگەر ئەو ئەرکەی کە بەڕێزیان ئاماژەی پێ کرد، بە مودیرەتێك دەکرێ، ئەوەش پێویست ناکات لە ناو ئەو یاسایە باس بکرێ، لەبەر ئەوەی دروستکردنی مودیریە بەڕێوبەرایەتی یاخود بەش، هۆبە، قسم، شوعبە ئەوە دەسەڵاتی وەزیرە، بەپێی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو دەسەڵاتەی پێ درایە کە هۆبە دروست بکات، بەشەك دروست بکا، بەڕێوبەرایەتیەك دروست بکا، ئەوە یەك، سەبارەت بە مەهامەکەی کە ئەرکەکەی چییە ئەو جیهازە کێ ئەو ئەرکە دەکاتن؟ ئەوە جیهازەکە خۆی هەیە دروستیش کرایە لە ناو وەزارەت، هەمان ئەو ئەرکە ئەو جیهازە دەیکا، بۆیە ئێمە بە زەروری نازانین، بە پێویستی نازانین، مودیریەتێکی عامەی نوێ دروست بکرێ، ئیستیحداسێکی پۆستێکی نوێ بکرێ، هەمان جیهاز ئەو ئەرکەی پێ ڕاسپێردرێ کە خۆی ئەرکەکە بەپێی یاسای وەزوارەتی خوێندتی باڵا پێی دراوە، کە تەقیمی ئەدای جامیعات بکات، جامیعاتی حکومی، هەروەها جامیعاتی خاص، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**دوا سیاغەتان بخوێننەوە لیژنەی هاوبەش.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دەیەم**

**اولا: یتولى جهاز الإشراف والضمان النوعي في الوزارة تقييم أداء الجامعات الخاصة وفق للقوانين والأنظمة والتعليمات المرعية.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (32) کەس، کێ لەگەڵ دا نیە؟ (2) کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، بەڵام دانیشتنی ئێستامان هەڵدەگرین سەعات سێی پاش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین.**

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکانمان، داوا لەلیژنەی یاسایی و لیژنەی خوێندنی باڵا دەکەین بفەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تلتزم الجامعة بتزويد الوزارة بجميع المتطلبات التي تمكنها من اداء مهامها وعلى وجه الخصوص ما يأتي:

1- محاضر مجالس الجامعة.
2- تقارير فصلية وسنوية عن المسيرة العلمية والتربوية.
3- نسب النجاح والرسوب والتسرب.
4- خطة القبول السنوي.
5- مقدار الاجوار الدراسية التي تستوفى من الطلبة.
6- أية معلومات اخرى تطلبها الوزارة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردییەکەی.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (11):

دەبێ زانکۆ هەموو پێویستییەکانی کە دەتوانێ بەهۆیانەوە ئەرکەکانی خۆی بەباشی جێ بەجێ بکات بخاتە بەردەم وەزارەت و بەتایبەتی ئەمانەی خوارەوە:

1_ پرۆتۆکۆڵەکانی ئەنجومەنەکانی زانکۆ.
2_ ڕاپۆرتە وەرزی و ساڵانەیەکانی لەبارەی ڕەوتی زانستی و پەروەردەییەوە.

3_ ڕێژەی دەرچوون و کەوتن و وازهێنان.

4_ پلانی وەرگرتنی ساڵانە.

5_ چەندێتی کرێی خوێندن کە لەقوتابیان وەردەگیرێ.

6_ هەر زانیارییەکی تر کە وەزارەت داوای دەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (11): تقترح اللجنتان:-

1_ اعادة صياغة الفقرة (3) من المادة بالشكل الاتي:

(3- نسب و معايير النجاح و الرسوب و التسرب مرفقة بنظام الامتحانات).

2_ اضافة فقرة بتسلسل الفقرة (6) وتغيير تسلسل الفقرات تبعا لذلك.

(6- مناهج الدراسة و متابعة تنفيذها و تقويمها).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو ئەگەر تێبینییەکت هەبێ؟.

**بەڕێز د. سعید علی / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدەقە کوردییەکەدا هاتبوو (محاضر مجالس الجامعة)، تەرجومە کرابوو بە پڕۆتۆکۆڵ، ئەوە دەبێ بکرێ بە کۆنووسەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێن، ئەو بەڕێزانە ناوەکانیان نووسراوە (کاک قادر، ئاهەنگ خان، کاک عبدالسلام، کاک جلال، شلێر خان، کاک جمال، ئەڤین خان، کاک کاردۆ)، فەرموو کاک قادر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی من لەسەر خاڵی پێنجی ماددەی (11)یە، لەچەندییەتی کرێی خوێندن کە لەقوتابیان وەردەگیرێ، مومکینە نەکرێ وەزارەت تەحدیدی بکا، یەعنی مەبلەغێك دیاری بکا، بەڵام دەشکرێ دیراسە بکا،

لەبەرامبەر ئەو خەدەماتەی ئەو پێداویستیانە، لەخواردن، لەجل و بەرگ کە دەدرێتە قوتابی موقابیلی ئەوە مەبلەغێکی مەعقول بێ، نەك سەقفی نەبێ و بەکەیفی خۆیان ئیستغلالی ئەو وەزعە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ماددەی (11) بەزەرورەت نابینم، بەهەموو فەقەرەکانی، بۆ بە زەروورەت نابیبنم؟ لەبەر ئەو سەبەبە، چونکە جامیعاتی ئەهلی کە تەقدیمی ئیجازە دەکەن لە پڕۆفایلەکەی خۆیان جیهەی تەنسیق و مەهامی خۆیان پیشان دەدەن، ئەو فەقەرانە بەوەی دەچێ کە ئەمن جامیعەیەکی بکەمەوە سەربەحکومەت بێ، بۆیە ئەو فەقەرەیە بەکاملی هیچ پێویست نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی تەسەوڕ دەکەم تێبینییەکانم هەر دووبارە دەبن، لەوەی کە من بە شێوەیەکی قەتعی رەتکردنی گرێدانێکی ئیداری زانکۆیەکان بەوەزارەت دەکەم، لەسەر ئەو ئەساسە ناتوانم بڵێم سەرکەوتوو دەبن ئەگەر بڵێن داعی نییە هەبی، وەکو ئاهەنگ خان، بەڵام هیچ نەبی، هیچ مانایەك نابینم بۆ یەکەم، مەحازری جەلەساتی جامیعە چی تێدا دەوترێ، مەسائیلی ئیداری ناوخۆی خۆیانە، پەیوەندی وەزارەت بەوە چییە؟ دووەم کە دەڵێ (تقارير فصلية وسنوية عن المسيرة العلمية)، یەعنی ئەگەر بتانەوێ ڕەبت ببێ بەوەزارەت بەو شێوەیە، ئیشی وەزارەتە دڵنیا بێت لەوەی ئەصڵی ئەم زانکۆیە، ئەو خزمەتەی چاوەڕوان دەکرێ لێی بەشێوەیەکی موتابق بۆ پێوەرە گشتییەکان دەچێت، بەڵام وەڵلاهی مەحازری مەجالیسی جامیعە بەهیچ شێوەیەك نابێت موبەریری هەبێ، سەر بە ئەو نییە، ئەمە دەزگایەکی کەرتی تایبەتە، نەمودیریەتی موتابیعی جامیعەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم (مقدار الاجوار الدراسية التي تستوفى من الطلبة سنوياً)، بەڵام شەشەم (أية معلومات اخرى تطلبها الوزارة)، ئەمە لەوانەیە تەجاوز بێ بۆ سەر حورییەت و ئیشی جامیعەکان کەنابێ ببێ بەڕاستی، پێشنیار دەکەم یەکەم و شەشەم لابدرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە (11)، لەماددەی چواردە بڕگە چواری تێدایە، وەکو هاوڕێیانم وتیان موحازر فعلەن پێویست ناکا، لەوە دەچێ ئێمە لەبەر ئەوەی تەعامولمان لەگەڵ کەسی تایبەتدا یەعنی تا ئێستا زۆر سەقافیە نەبووە، حەز دەکەین هەموو شتێك هەر شمولی بێ و هەموو شتێك هەر سەر بەوەزارەت بێت، ئەگینا بڕوا ناکەم ئەو تەقاریری فەصڵییە هیچ دەورێکی هەبێ، ئوجورەکەش هەر لە فەصڵی چواردە باسکراوە، چونکە ئەو کولییە و مەجلیسەکانی خۆیان ئەوانە هین دەکەن و خۆی لەوێ دەڵێ بەرزی دەکاتەوە بۆ وەزارەت، کەواتە ئەم ماددەیە هەر هەمووی تەسوڕ ناکەم پێویستی هەبێ، چونکە لەشوێنەکانی تر باسکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمنیش تەقریبەن هاوڕامە لەگەڵ برادەرانم لەوانەیە ئەمە تۆزێك تەداخول بێت، یەعنی زیاتر ڕەبتکردنی جەمامیعەی تایبەت بەوەزارەت لەوانەیە هەتا ڕادەیەك ئیسقلالیەتی جامیعە تۆزێك ئەوە بێت یەعنی تەواو نەبێتن، ئەگەر هاتو لانەدرا ئەم ماددەیە وەکو خۆی مایەوە، خاڵی یەکەم (محاضر مجالس الجامعة)، جامیعە یەك مەجلیسی هەیە، مەجالیس نییە، بکرێت بە (محاضر مجلس الجامعة)، ئەمە یەك، دووەم (تقارير فصلية وسنوية عن المسيرة العلمية والتربوية)، ئیشی جامیعە نییە تەربەوییە، ئیشی جامیعە تەنها علمییە، بۆیە کەلیمەی تەربەوی لابدرێتن، چونکە تەربییە سەر بەوەزارەتی تەربییە و تەعلیمە، خاڵی پێنجەم (مقدار الاجوار)، ئەو میقدارە زیادە، هەر بڵێین (الاجوار الدراسية التي تستوفى من الطلبة)، خاڵێکی تر ئیزافە بکرێتن، ئەگەر بکرێتن، (التعديلات التى تجرى على المناهج الدراسية)، ئەگەر هاتو گۆڕانکارییەك لەمەناهیجی دراسی بوون ئەوە پێویستە ئاگاداری وەزارەت بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت منیش هاوڕام لەگەڵ هاوڕێیانم، پشتگیری قسەکانی ئاهەنگ خان و کاك عبدالسلام دەکەم کەوا ئەم ماددەیە (11) سەروبەندی هەمووی زیادەیە، بەڵام ئەگەر هاتو بەدەنگدانیش ئەمە یەکلا نەکرایەوە

یاخود هەرمایەوە ئەوە لەگەڵ ئەوەم کەوا خاڵی یەکەم هەر لابدرێ، لەگەڵ خاڵی شەشەمدا، چونکە بەڕاستی ئێمە ئەگەر بێت و سەیری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەین، دەبینین ئەو وڵاتە گەورەیەی کە خوێندن چەند موتەتەویرە لەو وڵاتەدا، هەتاوەکو ئێستا وەزارەتی خوێندنی باڵایان نییە، مەعەل عیلم ئەو هەموو جامیعە گەورانە لەوێندەردا هەیە، بەڵام لیژنە هەیە، لەسەر مستەوای فیدراڵی کە یاخود لەسەر مستەوای ئیقلیمیش موتابەعەی ئەو کۆلیژانە دەکەن، یاخود ئەو زانکۆیانە دەکەن، کە کارەکانیان چۆن دەبەن بەڕێوە، بۆیە بەدیدی منیش ئەم خاڵە خۆی هەمووی زیادە، ئەگەر بەدەنگدان وەکو وتم یەکلا نەکرایەوە، خاڵی یەکەم و شەشەمی دەبێ هەڵبگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەماددەی (10) باسی ئەوە دەکەین کە جیهازەکی ئیشراف هەیە و زەمانی نەوعی بۆ تەقیمی ئەدای جامیعە دەکات، لەماددە (10) ئەوەمان دیاری کردووە، ئەم ماددەیە منیش وەکو هاوکارانم بە زەرووری نابینم، ئێمە پێمان وایە سیاسەتێکمان هەیە کە سەربەخۆیی زیاتر دەدەینە زانکۆکان، لەژێر ناوەندێتی وەزارەت و ئەوانە دەریان دەکەین، بەڕاستی ئێمە چەندین ساڵە داوا لەوەزارەتەکانی خۆمان دەکەین سێ مانگ جارێك تەقریرمان بۆ بنووسێ، بۆمان نانووسێ، یەعنی کاتێك ئەمە دەزگایەکی ڕەقابین ئینجا زانکۆیەکی تایبەتە، سەربەخۆیە، ئەم وردەکارییەی بۆچییە؟ لەکاتی مۆڵەت داندا ئەو گرێدانە ئیدارییە بەو شێوەیە قوڵکردنەوەی مەرکەزیەتە، لەبەر ئەوە من پێم وایە زەرووەرتی نییە ئەو ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر دوا تێبینیت هەبیت، فەرموو.

**بەڕێز د. سعید علی / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کۆنووسەکانی زانکۆ حکومییەکان ئێستا دێن بۆلای ئێمە، لەخیلالی بابڵێین ئەو کۆنووسانەوە دەتوانین موتابەعەی وردتری زانکۆکان بکەین، بەنیسبەت (الاجور الدراسية)، ئەگەر هیچ ڕەقابەیەك نەبێ لەلایەن حکومەت و وەزارەتەوە ئەوسا ئێمە بەرپرس نابین لەوەی کەوا ئەگەر زانکۆیەکی ئەهلی نرخێکی دانا کە لەعەقڵی هیچ کەسێکدا نەبێ، ناشتوانین دیفاعی لێ بکەین، نیسبەتی نەجاح و رسوب، خوتەی قبوڵ وای لێ دێ زانکۆکان بەکەیفی خۆیان تەعامول دەکەن لەگەڵ خوێندنی باڵا وەکو کاڵایەکی بازرگانی کە ئەوە قابیلی قبوڵ نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوارەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر پێشنیاری پەرلەمانتاران کاك عبدالسلام و هەندێك لەبەڕێزان خاڵی یەکەم و دووەم ئێمە پشتگیری لەوە دەکەین کە ئەو دووخاڵە پێویست ناکا و لابدرێ، هەروەها (أیة معلومات اخری)، کە بەریزبەندی خاڵی شەشە، یەك و دوو وشەش لابدرێ، بڕگەیەك زیاد بکرێ مەناهیجی دراسە، پڕۆگرامی خوێندن، لەکاتی هەرگۆڕانکارییەك لە پڕۆگرامی خوێندن دەکرێ پێویستە وەزارەت ئاگادار بکرێتەوە، پاش وەرگرتنی ئەو پێشنیارانە مادەکەمان بەم شێوەیە دارشتەوە، پێشنیاری ئەو دارشتنەوەیە دەکەین:

ماددەی (11):

تلتزم الجامعة بتزويد الوزارة بجميع المتطلبات التي تمكنها من اداء مهامها وعلى وجه الخصوص ما يأتي:

1-خطة القبول السنوي.

2- الاجور الدراسية التي تستوفى من الطلبة.

3- مناهج الدراسة وتعديلاتها ومتابعة تنفيذها وتقويمها.

4- نسب معايير النجاح والرسوب والتسرب مرفقة بنظام الامتحانات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس.

کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (1) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو ماددەیەکی تر.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی چوارەم**

**پێکهاتەکانی زانکۆ**

**لقی یەکەم**

**دەستەی ئەمیندارەکان**

ماددەی (12):

هەر زانکۆیەك دەستەیەکی دەبێت پێی دەگوترێ (دەستەی ئەمینداریەکان) لە (7 – 11) ئەندام پێك دێ و لەنێوانیاندا دەبێ نوێنەرێکی وەزارەت هەبێ و دەستە بۆ ماوەی (4) ساڵ دایان دەمەزرێنێ، یەکێکیان دەبێتە سەرۆك بەمەرجێك سێ یەکی ئەندامانی خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا بن و دوو بەشەکەی تریان خاوەنی شارەزایی بن لەنێوان ئەوانەی بڕوانامەی بەرایی زانکۆیان بەلانی کەمەوە هەیە، دەستەکەش

**باڵاترین دەستەڵاتی بەرپرسە لەکاروبارەکانی کارگێڕیی و دارایی و بەم شێوەیەی خوارەوە دەستەکە پێك دێ:-**

**1- سێ ئەندام لەخاوەن بەشداربووان / ئەندامن.**

**2- سەرۆکی زانکۆ/ ئەندام.**

**3- ئەندامەکانی تر لەغەیری خاوەن یان بەشداربووانن و لەغەیری کارمەندانی هەمان زانکۆن، خاوەن دایان دەنێ.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بەعەرەبییەکەی.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة (12):**

**يكون لكل جامعة هيئة تسمى (هيئة الامناء) تتألف من (7 – 11) عضواً من بينهم ممثل عن الوزارة، تعينهم الهيئة لمدة (4) سنوات و يسمي احدهم رئيسا له على ان يكون ثلثهم على الاقل من حملة الدكتوراه والثلثان الاخران من ذوي الخبرة ممن يحملون الدرجة الجامعية الاولية على الاقل وتعد الهيئة اعلى سلطة مسؤولة عن شؤونها الادارية والمالية و تتشكل الهيئة على النحو التالي من:**

**1- ثلاثة اعضاء من المالكين او المساهمين/ الاعضاء.**

**2- رئيس الجامعة/ عضواً.**

**3- بقية الاعضاء من غير المالكين او ا لمساهمين ومن غير العاملين في الجامعة نفسها ينسبهم المالك.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو لیژنەی هاوبەش.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پشتگیری ماددەکە دەکەین و تێبینیمان نییە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز د. سعید علی / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدەقە کوردییەکەدا دەڵێ بەرایی زانکۆی، مەفروزە بکرێت بە زانکۆیی بەرایی، پێش وپاش بخرێ ئەو دوو وشەیە، پێشنیار دەکەین بڕگەی چوارەم، ئەو خاڵی چوارەمە زیاد بکرێ (يخضع اي تغير في الهيئة الى موافقة الوزارة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێن، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (شەونم خان، هاژە خان، کاک جمال، سەمیرە خان، کاك عبدالسلام، کاك دلێر، سیوەیل خان، کاك پێشەوا، کاك کاردۆ، د. احمد)، فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (12) هەر زانکۆیەك دەستەیەکی دەبێت پێی دەگوترێ (دەستەی ئەمینداریەکان) لە (7 – 11) ئەندام پێك دێ و لەنێوانیاندا دەبێ نوێنەرێکی وەزارەت هەبێ، لەڕاستیدا من لێرە بەزیادەی دەزانم نوێنەری وەزارەت هەبێ، چونکە وەزارەتەکان ئەوەندە ئیش و کاریان هەیە، ئەوەندە مەشغولن زۆر زەحمەتە ئیلتیزام بکەن بە کۆبوونەوەی ئەو زانکۆ تایبەتانەوە، لەبەر ئەوە باشتر وایە کە هەروەك د. علی باسی کرد هەموو کۆنووسەکان یەکێك لە وەزارەتدا هەبێت بەرپرس بێ لەئیش و کاری ئەو زانکۆ تایبەتانە، هەموو کۆنووسەکانی کۆبوونەوەکانیان بچێتە ئەوێ، بۆ ئەوەی وەزارەت مەعلومات و زانیاری هەبێ لەسەر ئەو بابەتە، لەبڕگەی دووەمدا کە دەڵێ دەستەکە لەسێ ئەندام (سەرۆکی زانکۆ یان ڕاگری کۆلیژە زانکۆ)، نازانم ئەمە لێرە من تێ نەگەیشتم لەمە، ئایا مەبەستی زانکۆیەکە خۆیەتی یاخود زانکۆکانی وەزارەت دەسنیشانی دەکا؟ بەڕاستی من لەو خاڵە تێ نەگەیشتم، ئایا هەر زانکۆیەکە خۆی؟ ئەگەر سەرۆکی زانکۆیەکە خۆی بێ زۆر ئاساییە، بەڵام ئەگەر وەزارەت دەسنیشانی سەرۆکی زانکۆیەك بکا تەسەوڕ دەکەم ئەویش نەتوانێ ئیلتیزام بەو مەوزوعەوە بکا، پێویستە بڕگەیەکی دیکەش زیاد بکرێ،هەرچی گۆڕانکارییەك لەهەیئەکەدا، لەم هەیئەیەدا بکرێ، مەفروزە بە ئاگاداری، ئاگادار کردنەوەی وەزارەت بکرێ، بۆ ئەوەی وەزارەت بزانێ کێیە هەیئەی ئیدارەکە، ئەگینا گۆڕانکاری ئەگەر دەیکەن ئەوان لەلای خۆیانەوە دەیکەن تەبعەن خۆیان تەقیمی ئیشی خۆیان دەکەن، بەڵام وەزارەت دەبێ مەعلوماتی هەبێ، بۆ ئەوەی بۆ تەعامول کردن لەگەڵیاندا بزانێ کێیە هەیئەی ئیدارەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سليمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینییەكەم لەسەر ئەوەیە لێرە نووسراوە دەڵێ یەكێكیان دەبێتە سەرۆك، بەڵام لەو سێ خاڵە ناوی سەرۆك نەهاتووە، یەعنی سەرۆكەكە هەر خۆیان دەتوانن دەست نیشانی بكەن؟ یان لەناو یاسایەكەدا دەست نیشان بكرێ باشترە؟ ئەوانەی هاتوون هەر بە ئەندام هاتوون كەسیان بەسەرۆك نەهاتووە، لە شەرحەكەش دەڵێ یەكێكیان دەبێتە سەرۆك، تێبینی ترم لەسەر ئەوەیە دەڵێ یەكەمیان سێ ئەندام لەخاوەن بەشداربووان، یەعنی بەشدار بووەكان كێن؟ تەحدید نەكراوە، ئایا خۆی خاوەنەكە تەحدیدی دەكا؟ چونكە ئەوە پەیوەندی بەئیشە كارگێڕی و داراییەكانەوە هەیە، یەعنی خاوەنیش حەقی هەیە كە دیاریان بكا، بۆیە ئەو شتانە تەحدید بكرێ باشە لەناو یاسایەكەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهيم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو، سێ خاڵم لەسەر ئەو بابەتە هەیە، یەك، دەڵێت (هيئة الامناء) يتألف من ($7 - 11$)، مەبەستیان لەوە چییە؟ ئەگەر مەبەستتان (حەوت) یان ($11$) ئەوە دروستە، نابێت عەدەد ببێتە زەوجی، لازمە عەدەد فەردی بێت بۆ تەسویت، دەبێت فەردی بێتن یان حەوت یان نۆ یان یازدە، ئەمە یەك، خاڵی دووەم (وتعد الهيئة اعلى سلطة مسؤولة عن شؤونها الادارية والمالية)، ئەگەر بێبن و سەیری ماددەی ($15$) بكەن (اولا/ مجلس الجامعة هو أعلى هيئة ادارية في الجامعة)، ئایا (مجلس الجامعة )ئەعلا سوڵتەیە یانیش (هيئة الامناء)؟ ئەوە لێرە نەنووسراوە، ئەصڵەن لێرە لازمە پێش ئەوەی تەسویت بكەین ئەو مەوزوعە حەسر بكەین لێرە، ئەمە دوو، خاڵی سێیەم دەڵێتن (الجامعة نفسها ينسبهم المالك)، لەسەر چ پێوەرێك مالیك (بقية الاعضاء غير المالك) لەسەر چ ئەساس تەنسیب دەكاتن وەك ئەندامی ئەم هەیئەیە؟ بۆیە من پێشنیار دەكەم لە جیاتی (ينسبهم المالك) حوریەت بەسەرۆكی جامیعە بداتن، ئەو كەسانە ئێختیار بكاتن، وابزانم وا چاكتر دەبێتن لەرووی علمی و شەخسییەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سميرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی هەیئەكە دەكات، دەڵێ دەبێ نوێنەرێكی جامیعەی تێدا بێت، من بە باشی نازانم نوێنەرەكەی تێدا بێ، ئەگەر نوێنەرەكەی تێدابوو، ئەگەر هاتو لەكۆبوونەوەكان ئامادە نەبوو، بە پارەیەك ئیغرایان كرد، چەند كەم و كوڕی ونەقوستانی هەبوو ئەوە باسی نەكات لە جامیعەكەدا، ئەو كاتە تانە دەكەوێتە سەر وەزارەت،

دەڵێن ئەوە نوێنەری ئێوەی لێرە تێدابوو چاوپۆشی لەهەموو ئەغلاتەکانیشیان دەکەن، هەروەها بۆ دانانی هەیئەی ئیداری، باسی عەمید و راگر و ئەوانە دەکا، بەس چۆن مەرجەکانی دانەنایە، پێویستە بە دانانی یاسای خوێندنی باڵا بێ، یەعنی ئەو کەسانە بێ کە پسپۆڕبن، مەرجی تێدابێ، خاوەنی دکتۆرابن، یەعنی هەر بەس داندرایە و تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەو هەموو خوشك و برایە دەکەم، کە ڕەتکردنەوەی نوێنەری وەزارەت لەوێ دەکەن، من بەبوونێکی زۆر سەیر تەماشا دەکەم، ئەمە مۆزەفە لەدەوڵەت، خازیعە بۆ قەوانینی خدمەی مەدەنی، دێت لێرە خازیع دەبێ بۆ هەیئەیەکی مەدەنی و لەوێ ئەگەر غائیب بێت و غایب نەبێت، دەنگدان ئەدات، پاشان بۆ لەوێ بێتن؟ تەماشای ماددەکانی پاش ئەوە بکەی ئەرك و ئیشەکانی ئەم هەیئەیە هیچ وجودی ئەو، نە وجودی فائیدەی نییە، موجەرەد جارێکی تر ئیستیمارە بۆ ئەو بۆچوونەی کە ئێوە سەر بەئێمەنە تەسوڕ دەکەم تێدا نەبێت، سەمیرە خان زۆر جوان باسی ئیشکالییەی کرد، یەك لەنەسەکەی عەرەبی نازانم کوردییەکە چۆنە؟، دەڵێت (تتألف من ئەوەندە تعينهم الهيئة لمدة (4) سنوات) ئەندامانی هەیئە ئەوەندە کەسن، هەیئە دایان دەمەزرێنێت، کێ ئەو هەیئەیەی دامەزراندووە؟ بوو بە ئەو، یەعنی تەسەوڕ دەکەم تۆزێك رەکیکە، بیری لێبکەن، ئەوە یەك، دوو/ بەحەقیقەت ئەوی تر من دەبینم زۆر رێك و پێکە (مالیکینی) تێدابێ، نوێنەری مالکین، سێ مالیکەکان خۆیان بەخۆیان ئێختیار دەکەن، چونکە ئەوانە لەوانەیە باوەڕیان بە ئایدۆلۆجی و ئەوەیان هەیە، کەسێکی تر حەقی نەبێت، بەڕێزان بوونی سەرۆکی خودی ئەو زانکۆیە جارێکی تر ئەو گرێدانە مەنتقییەیە لەنێوان هەیئەتی تەنفیزی و هەیئەتی ستراتیجی، (بۆردوف دایلێکتەری) عادەتەن یەکەمین ئیشی ئەوەیە ( سکیوکتف دایلێکتەر) دابنێ، مودیری تە نفیزی، لەم حاڵەتە ڕەئیسی ئەو جامیعەیە مودیری تەنفیزییە، بۆیە مودیری تەنفیزی دەبێت ئەندام بێت لە هەیئەی بۆردەکە، تاوەکو ئەو وەکو دوێنێ و پێرێش باسمان کرد ڕاپۆرتیان بداتێ، تەعلیماتەکان تەنفیز بکات، چاودێری ئیشەکە لەخیلالی ئەو دەکەن، بۆیە واتە نوێنەری وەزارەت نەبێت پێکهاتەکەی زۆر رێك وپێك و دروستە، ئەگەر گۆڕانکاریش کرا پێشنیار دەکات من لەگەڵی مە ئاگاداری وەزارەت بکرێ، قەت نابێت قبوڵ بکەین ئەوان حەقی ئەوەیان نەبێت گۆڕانکاری بکەن بێ موافەقەی وەزارەت، رێزم هەیە بۆ داخوازی جەنابی وەزیر، ئەمانە نەسەر بە وەزارەتن، نە مۆزەفی ئەون، ئەمانە تەنها ئیجازەیان لەوەزارەت وەرگرتووە، لە رووی جەودەوە ئەو بەرهەمەیە دەیکەین، ئەوان حوڕن، بەکەیفی خۆیانن، ئەوە کەرتی تایبەتە، بەکەیفی خۆیانە کێ دادەنێن لە هەیئەکە، کێ دانانێن، مافی وەزارەتە بزانێت، تاوەکو بزانێت

تەعامول لەگەڵ کێ دەکەن، بۆیە ئیزافەکردنی نوقتەی چوارەم ئاگاداری وەزارەت یان ئەو لایەنەی کە ئیشراف لەسەریان دەکات، بە چ گۆڕانکارییەك کە لەهەیئەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دلێر.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ برادەرەکانم دام کە دەڵێن نوێنەری جامیعەی نابێ تێدابێ لە دەستەی ئەمیندارەکان، نوێنەری وەزارەتی نابێ تێدابێ، لەهەمان کاتیشدا ئەمە تەقریبەن ئەو دەستەی ئەمیندارییە بەشێوەیەك وای لێ هاتووە من وەکو جامیعەیەکی حکومی تەماشای دەکەم، نەوەکو وەکو جامیعەیەکی کەرتی تایبەت، ئێمە دەڵێین زانکۆ تایبەتەکان، یەعنی زانکۆی کەرتی تایبەت، بۆ نموونە دەڵێن سێ کەس لەمالیکەکان یاخود ئەوانەی پشکیان هەیە، دەڵێ بەلایەنی کەمەوە بۆ خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن، بەڕاستی ئەوەی خاوەنی فکرەیە یان ئەوەی سەرمایەی هەیە، ئیمڕۆ لەولاتانی ئێمە زۆربەی خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیی نییە، ئەمە خۆی لەخۆیدا ڕێگە گرتنێکە کە خەڵکی کەرتی تایبەت کە خاوەنی فکرەکە بێ و خاوەنی سەرمایەش بێت، بەڵام نەتوانێت ببێت بە سەرۆکی دەستەی ئەمیندارەکان خۆی لەخۆیدا واز دەهێنێت، ئەمە ڕێگا دەگرێت، یەعنی ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە کە دەڵێ سێ کەسیان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن، شەرت نییە سێ کەس، ئەو دەستەی ئەمینداریەتییە تۆ هەیئەی ڕەقابی هەیە، بەشێك هەیە لەوەزارەتی تەعلیمی عالی کە سەرپەرشتی ئەوانە دەکات، ئیتر ئەم فەرز کردنە بەسەریاندا ئەمە ڕێگا دەگرێ لەکەرتی تایبەت، بەڕاستی دەست خستنە ناو کەرتی تایبەت و ناو زانکۆی تایبەتیشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا بەنیسبەت عینوانی ئەو ماددەیە پرسیارێکم هەیە لە بەڕێزان ئەندامانی لیژنە، ئایا (هیئة الامناء) لەکاتی تەعریفەکان ماددەی یەکەم ئێمە ڕەتمان نەکردەوە؟ هیئة الامناء؟ چونکە من لەلای خۆم نووسیتم ڕەتکرایتەوە، ئەگەر ڕەتمان نەکردیتەوە ئاساییە، تەنها لەگەڵ ئەوەی (ممثل الوزارة) نیمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە من پێشنیار دەکەم ماددەی (12، 13، 14) بکرێ بەیەك ماددە، چونکە هەمووی پەیوەندی بەیەکەوە هەیە، بکرێ بە یەکەم و دووەم و سێیەم، بەنیسبەت ئەوەی کە لەماددەکەدا هاتووە باس لەوە دەکا هەر زانکۆیەك دەستەیەکی هەیە پێ دەوترێ دەستەی ئەمیندارەکان بەمەرجێك دەبێ نوێنەرێکی وەزارەت هەبێ لەو دەستەیەدا، بەڵام هەر لەکۆتایی نووسراوە دەستەکەش باڵاترین دەسەڵاتی بەرپرسە لەکاروباریەکانی کارگێڕیی و دارایی و بەم شێوەیەی خوارەوە دەستەکە پێك دێ، واتە لەخوارەوەش ئاماژەی بە نوێنەری وەزارەت نەکردووە، بۆ نموونە خاڵی یەك سێ ئەندام، خاڵی دوو سەرۆکی زانکۆ، خاڵی سێ ئەندامانی تر، واتە ئەگەر دەبێ نوێنەری وەزارەت هەبێ، لەوێ ئاماژەی پێ بکرێ، ئەگەر نەشبێ ئەوە باشتریشە، هەر لەناو ماددەی دوازدەدا باس لەوە کراوە کە یەکێکیان دەبێتە سەرۆك، بەڵام لەماددەی (13) خاڵی یەك باسی لەوە کردووە کە نابێ سەرۆکی زانکۆ ببێتە سەرۆکی دەستەی ئەمیندارەکان، واتە دەبێ ئەوەش ڕەچاو بکرێ کە ئەگەر یەکێکیان دەبێتە سەرۆك بەمەرجێك سەرۆکی زانکۆ نەبێ، چونکە لەماددەی دواتر ئاماژەی بەوە داوە کە نابێ بەهیچ شێوەیەك سەرۆکی زانکۆ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەوەی کە پەیوەندی ناکۆکی لەگەڵ ماددەی (15) هەیە، بەڵێ هەردووکیان نووسراوە (هەیئەتی ئەعلا) لە سەرپەرشتی کردنی زانکۆ، ئەو لایەنی زانستی درایتێ، ئەو ئیداری و مالی دراوەتێ، ئەمە خاڵێکیان، دووش پێم باشە ژمارەی هەیئەتەکە دیاری کراو بێ، نە لە ($7 - 11$)، جگە لەوە کێ ئەوانە دائەنێ؟ مەسەلەن ئەوانەی کە غەیری مالکینن، کێ ئەوانە دادەنێت؟ بەڕەئی خۆم مەجلیسەکە دەبێ ئەوانە دابنێ مالیك نابێ، دوو: لەگەڵ پێشنیاری بەڕێز وەزیر دانیم کە دەڵێ دەبێت وەزارەت ئاگادار بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەقریبەن قسەکانیشم کرا، من هەر ئەو دوو تێبینییەم هەبوو یەکەمیان نوێنەری وەزارەت پێویست نییە لەناو هەیئەیەکەدا هەبێ، چونکە لەماددەکانی پێشتر ئاماژە بەوە کراوە کە تەقریر و ڕاپۆرتی خۆیان بەرز دەکەنەوە لەژێر خازعدا بۆ ئیشرافی وەزارەت لەهەموو روێکەوە، ئیتر پێویست ناکا، لەماددەی چواردەشدا دەڵێت (تتولی هیئة الأمناء تدقیق و اقرار توصیات وقرارات مجلس الجامعة التابعة لها وترفعها للوزارة

للمصادقة عليها)، دیسان ئەو هەیئەتەش دیسان ڕاپۆرتەکان وتەوسییەتەکانی مەجلیسی جامیعە بەرز دەکاتەوە بۆ وەزارەت، ئیتر چ پێویست دەکا نوێنەری وەزارەت لێرەدا هەبێ؟ دووەمیشیان بەڕاستی ئەوەی کە کاك دلێر باسی کرد دەڵێ (ممن یحملون الدرجة الجامعیة الاولیة علی الاقل)، ئەوانەی کە مالیکن یان موساهیمن لە دروستکردنی یان کردنەوەی ئەو جامیعەیە، پێویست ناکات ئەو شەهادەیان هەبێ، چونکە بۆی هەیە مالیك بەکالۆریۆسیشی نەبێت، یان شەهادەی کەمتری هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینییەکت هەبێت.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە لەوێدا دەڵێ پێویست دەکا ئەوانەی لە (هیئة الامناء) بن بەلای کەمەوە بڕوانامەی بەکالۆریۆسیان هەبێ، تەنها بۆ ئەوەی ئەو هەیئەتە ئەرکێکی تایبەتی هەیە، تەصویت دەدات، ڕەئی خۆی دەردەبڕێ، بڕیار دەدا، لەبەر ئەوەی ئیلمامی هەبێ بە وردەکارییەکانی ئەو موئەسەسەیە کە ئەو بڕیاری لێ دەدا، لەبەر ئەوە کە دەڵێین مومکینە مالیکێك مەڵتی ملیۆنێر بێت، بتوانێ موسائەمە بکات، بتوانێ زانکۆیەك دابمەزرێنێ، بەڵام شەرت نییە خۆی ببێ بە خاوەن بڕیاری زانستی و علمی، لەبەر ئەوە چاکتروایە بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تەبعەن هەندێ مولاحەزە بۆ ئەو بەڕێزانەی کە زۆر پرسیاریان کرد کە (هیئة الامناء)، (هیئة الامناء)، جەنابی وەزیر خۆشی دوێنێ لە دیفاع کردنی لێی وتی دەتوانێ سەرۆك عەشیرەتێك دابندرێ، وایە؟ مەرجە ئەو سەرۆك عەشیرەتە شەهادەی بەکالۆریۆسی هەبێ؟ نەخێر، بۆیە (هیئة الامناء) مالیکەکە، ئەو کەسانەی کە پشکدارن کە ئەم هەیئەتە دادەنێن بەدەرەجەی یەك کامیان زۆرترین پشکی هەیە، زۆرترین قسەی دەڕوا، وایە بەم شێوەیە، ئەوەی زۆرترین پشکی هەیە ئەو قسەی دەڕوا، تەحدیدی ژمارەکە ($7 - 11$) بۆیە داندراوە بەو شێوەیە، تۆ جۆرێك لە حوریەتی دەدەیێ، مرونەتێکی دەدەیتێ بۆ ئەوەی بتوانێ شەخسییاتی تریش هەیە، شەخسییەی عامەیە، خەڵك خۆشی دەوێ، شاعیرێکی زۆر موهیمە، ڕەئی زۆر، زۆر باشی هەیە، چیرۆك نووسێکی زۆر، زۆر باشە، زۆر دیفاع لەقەزایەی خوێندن دەکا، کەسایەتییەکی دیارە، بخرێتە ناو هەیئەی ئومەناوە، ئەمە خاڵی یەکەم، یەعنی هەیئەی ئومەنا بە دەرەجەی یەکەم تەحەکومەکەی بەدەستی مالیکەکەیەتی کە زۆرترین پشکی هەیە، ئینجا لەدوای ئەوە ئەوانی تر دێن کە لەدەرەجاتی پشکەکەیاندا کەمتریان هەیە، بەپێی ئەوەی کە هەندێك پێیان

وایە ئەمە بڕیار دەدا لە شئونی علمی، نەخێر، لەتەفاسیلەکاندا کە دێی سەیری بکەی لەسەر شئونی علمی بڕیار نادات، تەنها ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە عقود لەگەڵ مامۆستاکاندا، ئەو مامۆستایانەی یەکێك دەڵێ مامۆستایەك بێنین لەئەمەریکاوە، ئەویتر لەبەریتانیاوە بیهێنین، لەئاخیردا ئیتیفاق دەکەن مامۆستایەك بێنن لەمالیزیا، پاش ئەوەی کە موناقەشەی دەکەن، یەعنی ئەو شتانەی کە پەیوەندی هەیە بەسەر بەڕێوەبردنی دارایی ئەو موئەسەسەیە و چۆنیەتی پێشخستنی لە بۆردی ئومەنادا دەکرێ، ما باقی ئەوەی پەیوەندی هەبێ بەسەر ئیدارەی زانکۆیەکە و شئونی علمی مەجلیسی زانکۆ دەیکات، هەمووی خەڵکی علمی پسپۆر دادەندرێ بەپێی ئەو پسپۆرەتییانەی کە باسکراوە، هەموو لەماددە (15)دا باسکراوە، مەرجی سەرۆك زانکۆ چییە؟، مەرجی عەمید چییە؟، ئەمانە هەمووی باسکراوە، بۆیە هەندێ چاکسازیمان تێدا کردووە، ئەگەر خاتوو ڕۆژان بیخوێنێتەوە، پێم وایە هین دەبێت، سەبارەت بەنوێنەری زانکۆ ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین لەوێ نەبێ، چونکە ئەمە کۆمەڵێك ئەسحاب مەساڵحن لەوێدا، نوێنەری وەزارەت چی دەکا لەناو ئەم ئەسحاب مەساڵحەیەدا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەبوو کە نوێنەری وەزارەت لە دەقەکەدا نەمێنێ، سەرەتا ئەو پێشنیارە بدرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوجا دەقەکە دادەڕێژینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە نوێنەری وەزارەت لەو زانکۆیە نەمینێت؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو سیاغەی بکەنەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئەو داڕشتنەوەیە دەکەین، ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیارێکیش کرا کە ئەو ماددەیە لەگەڵ ماددەی (13) دەمج بکرێ، واتە ماددەی (12) ببێتە بڕگەی یەکەم، ماددەی (13) ببێتە دووەم، ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، کە (12 و 13) دەمج بکرێ، واتە (12) ببێتە بڕگەی یەکەم، خۆی هیچ کاریگەری لەناوەرۆکی ماددەکە ناکا؟ ئایا ئەو بابەتەی کە لەسەری ڕێك دەکەوین بەبڕگە بێتن لەچوارچێوەی یەك ماددە ڕێك بخرێتن یان ماددەی جیاوازبێ، بەس پێشنیار بۆ ئەوە کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشه ئێستا ڕەئییەك هەیە ماددەی (12 و 13) بکرێت بەیەك، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (42) کەس لەگەڵ ئەوەدایە کە هەردووکیان بکرێ بەیەك، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، زۆر سوپاس، (5) کەس لەگەڵدانییە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ کرا بەیەك، ئێستا ئەوە فەقەرەی یەکمان موناقەشەکرد، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (12) کە ڕێککەوتین ببێتە بڕگەی یەکەم لەماددەکە، ئەوە موناقەشە کرا، بەم شێوەیە، بەس دەنگمان لەبۆ نەداوە، ئەگەر وەکو بڕگەیەك دەنگی لەبۆ بدەین تاسیاغەتەکەی بخوێنمەوە، ماددەی (12) دەبێتە بڕگەی یەکەم:

ماددەی (12):

اولاً: يكون لكل جامعة هيئة تسمى (هيئة الامناء) تتألف من (7 – 11) عضواً على ان يكون ثلثهم على الاقل من حملة الدكتوراه والثلثان الاخران من ذوي الخبرة ومدة العضوية اربع سنوات وتعد الهيئة اعلى سلطة مسؤولة عن رسم السياسة العامة للجامعة وتتشكل الهيئة على النحو التالي:

1- ثلاثة اعضاء من المالكين او المساهمين/ اعضاء.

2- رئيس الجامعة/ عضواً.

3- بقية الاعضاء من غير المالكين او ا لمساهمين ومن غير العاملين في الجامعة ينسبهم المالك.

ثانياً: يتم انتخاب رئيس الهيئة من بين اعضاء الهيئة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (44) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (1) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ ماددەی (13) کە بووە بەشێك لەماددەی (12).

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (13):

سێیەم:

یەکەم:

1- نابێ سەرۆکی زانکۆ تایبەتەکان ببنە سەرۆکی دەستەی ئەمیندارەکان.

2- نابێ ئەندامیەتی دەستەی ئەمیندارەکان و ئەندامیەتی ئەنجومەنی زانکۆ کۆ بکرێتەوە بەدەر لەسەرۆکەکانی زانکۆ تایبەتەکان کە ببنە ئەندام و هەروەها نابێ ئەندامیەتی دەستەی ئەمیندارەکان و ئەندامیەتی دەستەی ئەمیندارەکانی هەر زانکۆیەکی تر کۆ بکرێنەوە.

دووەم:

1- وازهێنانی سەرۆکی دەستەی ئەمیندارەکان و هەر یەك لەئەندامانی قەبوولْ دەکرێ و لەپایەکانیان لادەدرێن بەبڕیارێکی دەستە.

2- ئەگەر شوێنی سەرۆکی دەستە یان هەریەك لەئەندامانی چۆلْ بوو، دەستە یەکێك لەشوێنی دادەنێ بۆ ئەو ماوەیەی کە لە ئەندامیەتیەکەی ماوە.

سێیەم:

دەستە هەر سێ مانگ جارێك بەلایەنی کەم کۆ دەبێتەوە و سەرۆکەکەی بۆی هەیە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی لەکاتی پێویستی بکات یان لەسەر داوایەکی نووسراو لەلایەن سێ یەکی ژمارەکانی و ڕادەی یاسایی کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواو دەبێ و بڕیارەکان و ڕاسپاردەکان و سەرجەم پێشنیارەکان بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان وەردەگیرێن و لەکاتی یەکسان بوونی ژمارەی دەنگەکان ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثالثا:

1- لايجوز ان يكون رئيس الجامعة او عمداء الكليات الخاصة رئيسا لهيئة الامناء.

2- لايجوز الجمع بين عضوية هيئة الامناء و عضوية مجلس الجامعة، باستثناء رؤساء الجامعات الخاصة الاعضاء في الهيئة، كما لايجوز الجمع بين عضوية هيئة الامناء و عضوية هيئة الامناء لاي جامعة اخرى.

رابعا:

1- تقبل استقالة رئيس هيئة الامناء اي من اعضائه ويتم اعفاؤهم من مناصبهم بقرار من الهيئة.

2- اذا شغر مركز رئيس الهيئة او اي من اعضائه تعين الهيئة من يحل محله للمدة المتبقية من عضويته.

خامسا:

تعقد الهيئة اجتماعا مرة واحدة كل ثلاثة أشهر في الاقل ولرئيسه ان يدعو الى اجتماع استثنائي عند الضرورة أو بناء على طلب خطي من ثلث عدد اعضاءه ويتم النصاب بحضور ثلثي الاعضاء وتتخذ القرارات

والتوصيات والمقترحات باغلبية عدد الحاضرين، وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەكە دەكەین و تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

(اولا، ثانيا، ثالثا)، (یەكەم و دووەم) (تقبل استقالة رئيس هيئة الامناء)، دوای ئەمەش (اذا شغر مركز رئيس الهيئة،.....، هەتا دوایی) هەردووكی بنووسرێت لەئاخیردا (وبمصادق الوزارة)، (موصادەقە)یە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟ تكایە ناوەكانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (گەشە خان، ئاهەنگ خان، كاك عبدالسلام، كاك عمر هەورامی، سمیرە خان، كاك جلال، كاك شوان، شەونم خان)، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەبڕگەی دووەم كە پێشتر لەماددەی (13)بوو بە بڕگەی دووەم، من پێم وایە لەم روانگەیەوە كە ئێمە دەڵێین كەرتی تایبەتە و پێویست ناكا بەو شێوەیە ئێمە دەست بخەینە كاروبارەكانیانەوە بۆ بەڕێوەبردنی ئیش و كاری خۆیان پێویستە سەرپشك بن، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەمە بەپەیڕەوێكی ناوەخۆ رێك بخرێ، لاچوونی ئەندامی دەستەی ئەمینداران و واز هێنانی سەرۆكی دەستەی ئەمینداران، چۆنیەتی كۆبوونەوەكانیان، یەعنی ئەمە كارێكی تەواوی ناوخۆیی خۆیانە و پێویستی بەوە نییە كە لە یاسایەكەدا جێگیر بكرێ، بەڵكو پەیڕەوێكی ناوخۆیی خۆیان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەگەشە خانی دەکەم، لەو پێشنیاری کە تەقدیمی کرد، ڕاست دەکا، ئەوە جامیعەی حکومی نییە، من دانیشم بەتەفاسیلی بچمەوە....، چونکە هەر جامیعەیەکی ئەهلی تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە، لەوانەیە جامیعەیەك هەیە بەس تەدریبی بی، لەوانەیە جامیعایەك هەبێ بەس بەحسی بێ، لەوانە جامیعایەك هەبێ بەس خەستەخانە بێ، یەعنی ئەمن نازانم ئەمە کو تەعمیم دەکەن............ لەسەر هەموو جامیعاتی ئەهلی، لەفەلسەفەکەی نەگەیشتوونە، ئەوەی ئەو قانونەی بخوێنێتەوە دەڵێ ئەوە قانونی وەزارەتی تەعلیمی عالی و حکومەتە، ئەوە لەلایەکی، لەلایەکی دی (لایجوز الجمع بین عضویة هیئة الامناء و عضویة مجلس الجامعة او للکلیة) یان ببێتە عەمید شەرت نییە لەجامیعاتی ئەهلی، دەبینی ئەمن عالیمم لە کیمیای، زەنگینیشم، خۆ لەتەجاروبی دونیایێ سەد جامیعە، لەدونیایێ هەیە کە پێوەر یان ڕەقەم یەکە لەجامیعاتی عالەم، لەدونیایێ، کاکە ئەنتەرنێتی بکەنەوە بڕۆنە ناوی، دەبینن پیاوەکە یەك لەدامەزرێنەرەکەیتی، یەك لەهەرە زەخمی پارەکەی دایە، بەخۆشی عەمیدە لەکولیەکی، ئەمن تێناگەم (جمع بین وظیفتین) ئەوە بەس لەلای ئێمە نابێ، بەس لەکن هەیئاتی حکومی نابێ، بەڵام ئەوە لە دونیایێ بەپێچەوانەوەیە، ئەصڵەن لەدونیایێ لۆ ئەوەی ئەتو ئەوەندە پەرۆشی ستراجیەتییەکەی بەخۆت لەناوی، لەناویشی نی کەبەڕەئیس، لەناوی کە بەوەزیفەیەکی کەمتر، ئەوەتا تەجروبەی وڵاتان لەپێش چاومانە، ڕەئیس وزەرایە لە ئیسرائیل سبەی دوو سبەی بوە وەزیر مالییە، بووە وەزیر دیفاع، بۆ؟ چونکە لەستراتیجییەکەی خۆی دیفاعی لێ دەکا، هەی لەڕێی خوای ئەوە دیسان دەڵێمەوە لەڕێی خوای، سەد جاری دی دەڵێمەوە لەڕێی خوای، ئەوە بەقانونی جامیعەی حکومی دەچێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خوا حەقت بکاتەوە ئینشاء الله، فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا تەقریبەن من هاوڕام لەگەڵ ئەو خوشك و برایانەی کە دەڵێن هەندێك شت هەیە سەر بەنیزام داخیلییە، جارێ هیچ داعی نییە (خامسا)هەبێ، ئەصڵەن من لەگەڵ ئەوە نیم لەهیچ یاسایەك بێت، ئەم مەسائیلانە دەبێ بێڵێن بۆ نیزامی داخیلی، سبەینێ ئەگەر بڕیاریان دا پێویستە چوار مانگ جارێك دانیشن دەبێ یاسایەکە هەموار بکەین، بۆیە پێشنیار دەکەم (فی کل الاحوال) خامیسەن ئێمە لەیاسا دانەنێین، چونکە ئەمە کۆسپ دەخاتە سەر ڕێگای هەموارکردنی یاسا، دەربارەی ئەوەی تازە (ثالثا، رابعا) جارێکی تر ئەوەی رابیعەن دەخوێنم، ئەوەی ئیستیقالە قبوول کردن، توخوا ئیستیقالە کێ قەبوولی دەکا، غەیر

**هەیئەیـە؟ داعـی هەیـە بنووسـین ئیسـتیقالەکە لەلایـەن هەیئـە قبـوول دەکـرێ؟ یـان ئەگـەر یـەکێك نـەما، ڕەئیس نـەما، ئێ تەبعەن لەبـەینی خۆیـان ئیختیـاری دەکـەن، وەکـو دووەم هـاتووە لەسـەرێ، بۆیـە پێشـنیار دەکەم ئەوەی رابیعەن، ئەوەی تازەش نەمێنێ، مەنتیقییـە، تەحسـیل حاسـڵە، هـیچ ئیزافـە ناکرێـت و هـیچ تەخسیسێك نەبێ، دەربارەی (ثالثا) بـەڕەئی مـن (ثالثـا) بمـینێ بەیـەك جملـه (لايجوز الجمـع بـين عضـوية هيئـة الامنـاء وعضـوية مجلـس ا لجامعـة.)، چـونکە فەلسـەفەکە لێرەدایـە کـە وجـودی هەیئـەی ئومـەنا، جێگایەکی ڕەقیبە تەداخول ناکا لە ئیشی رۆژانەیان، تەنها ڕەئیس تاوەکو مەحاسەبەی بکـەن، مـن تێناگـەم ئەگەر هاتو پاشان سەرنەکەوت ئەو پێشنیارەی ئێمە، یـەعنی بـۆ ڕەئیسـی جامیعەیـەکی خـاس، بـۆی هەیـە ببێتە عزو لە هەیئەی ئەمەنا لە جێگایەکی تر؟ کە ئەمە سەد ئیشی هەیە، بۆ دوو عزوی هەیئەی ئەمـەنا کە دەوڵەمەندن یان مـالیکن کـە هـیچ ئیلتیزامـاتێکی ئیـدارییان نییـە، نابێـت؟ یـەعنی ئەمـە وای لێـدەکات خەڵکەکە تەسەوڕ بکەن کە ڕەئیس جامیعەکان بۆ خۆیان نووسییە، بۆیە بەڕەئی من کورتی بکەن، (لايجوز الجمع بين عضوية هيئة الامناء وعضوية مجلس ا لجامعة.)، (رابعا، خامسا)، نەمینێ، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عمر.**

**بەڕێز عمر صديق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەر بەکورتی پشتیوانی لـە ئـەو پێشـنیارەی بـەڕێز کـاك عبدالسلامی هاوکـارم دەکـەم، لـەوەی کـە لـەخاڵی دووەم هەیـە (لايجـوز الجمـع)، بەهـەمان شـێوە بـۆ پێنجـەمیش نـەمێنێت، چـونکە ئـەوە پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنی کاروبـاری نـاوخۆی هەرپـڕۆژەیـەك یـا زانکۆیـەکی تایبەتـەوە هەیـە، لەگـەڵ ئـەوەش کـە ئـەو گۆڕانکاریانە یا ئەو دانان و ئیستیقالە کردنـە تـەنها وەزارەتـی لـێ ئاگـادار بکرێتـەوە، نـەك بـە موسـادەقەی وەزارەت بێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو سميرە خان.**

**بەڕێز سميره عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەو ماددەیە کە بووە بڕگەیەك لەماددەکەی پێشووتر، ئـەو ماددەیـە زیـادەڕۆیی زۆری تێداکرایـە، پێویسـت ناکا هەبێ، چونکە دەکرێت بەڕێنمایش، بۆچی لەناو یاسادا هەبێت؟ ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ نیزام داخیلی ئەم زانکۆ یـە، مـادام نیـزام داخیلـی شمـوولی بکـا، نیـزام داخیلـی هـەبێ دەکـرێ بـە ڕێنمـایش لـە بـۆ خۆیـان دەربچوێنن، بەڵام ئەگەر هاتو هەر مایەوەش یەکەم و دووەم ئەوە هەر حەزف بکرێ، نەمێنێ، سـێیەم دوای ئەو کە (ثانیا)دێ، کە یەك و دوو دەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی لەسەربێ، ئەگەر ڕەزامەندی وەزارەتـی لەسـەر دانەبێ ناکرێ، دژی دەوەستێ، دوایش دەڵێ (تقبل استقالة رئيس هيئة)، ئەلێرە روون نیە ئەگەر ئیستیقالە**

بـدا تـەنها لەپایەکـەی ئیسـتیقالە دەدا، ئـەی ئەگـەر ویسـتی بمینێتـەوە وانـە بڵێتـەوە؟ ئـەو کـاتی هـەروەکو مامۆستاش نامینێتەوە؟ یان هەر لە هەیئە نامینێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر لەخوشك و برایان دژی ئەو بابەتە بوون کە مومەسیلی وەزارەت لە هەیئەی ئومەنا هـەبێ، بۆیـە لایەجوزێك زیاد بکرێ بڵێ ( لایجوز الجمع بین هیئة الامناء وهیئة الوظیفة الحکومیة)، چونکە ناکرێـت تـۆ وەزیفەیەکی حکومی هەبێ، وەزیر بێ یان وەکیل وەزیر بێ ئەندامی هەیئەی ئومەناش بێ لەگەڵ ڕێزمـدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەکەم پشتگیری لەبڕگەی دووەمی قسەکانی خاتوو ئاهەنگ دەکەم بەڕاسـتی، لـەوێوە پرسـیارێك دەکـەم لەبەڕێز وەزیر و لیژنەی هاوبەش، کەسێکی ملیۆنێر پرۆفسیۆرە، دوو، سێ شەهادەی هەیە و دەیان بەحسی تەقدیم کردووە، بۆ مافی ئەوەی نەبێ ببێت بەڕەئیسی هەیئەی ئومەنا؟ سـەرۆکی زانکۆکـەش بێـت، یـەعنی ڕێگریەکە لەمە چییە؟ لەرووی قانونییەوە، لەرووی زەوابیت و تەعلیماتەکانی ترەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لەو ڕوانگەی کە زانکۆ تایبەتەکان تایبەتمەندی خۆیان هەبێ، ئازادی خۆیان هەبێ لـەجێ بـەجێکردنی کارەکانیاندا، پشتگیری تەواو لەقسەکانی هاوکارم کاك عبدالسلام دەکەم، نامەوێ قسەکانی ئـەو جـارێکی تـر تیکرار بکەمەوە، چونکە ئەو قسەکانی کردووم و پشتگیری تەواوی لێ دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی کاك عبدالسلام دەکەم، بۆ ئاگاداریشتان ئەمە دەقاو دەق لە قانونی ئوردنی وەرگیراوە، بەس تەنها یەك شتی نەقوستانە، ئەویش دەڵێ (لایجوز الجمع بين عضوية مجلس الامناء وعضوية المجلس باستثناء رؤساء الجامعات الخاصة في المجلس وفقا لاحكام قانون التعليم العالي والبحث العلمي)، هەر ئەوەی لە هی ئەوێندەر نەقوستانە، ئیمە بۆ ئەو قانونە دانانێین؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لەکاك عبدالسلام دەکەم، بڕگەی چوارەم و پێنجەم پێویست ناکا، چوارەم ئەگەر هەر بمینێتەوەش ئەوە لەماددەی (14) بڕگەی (3) کە باس لە دەستەڵاتەکان و ئەرکەکانی ئەنجومەنی مەجلیسی ئومەنا دەکات، لەوێ باسکرایە پێویست ناکا لێرە، تەنها خاڵی یەك و دوو ئەویش بەو داڕشتنەوەی کاك عبدالسلام کە کردی، (لايجوز الجمع بين عضوية هيئة الامناء وعضوية مجلس الجامعة)، پێویست ناکا ناوی عەمیدی کۆلێژ بێت، چونکە عەمیدی کولیەکان خۆیان ئەندامن لە ئەنجومەنی زانکۆ، کە گۆتت نابێ ئەندام بێ لە ئەنجومەنی زانکۆ عەمیدی کولیەش دەگرێتەوە، عەمید ئەندامە لەئەنجومەنی زانکۆ، بۆیە پشتگیری لەو داڕشتنەوەیە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیختیساسەکان و ئیشەکانی هەیئەی ئومەنا لەگەڵ مەجلیسی جامیعە تەزاروبی هەیە، لەبەر ئەوە ناکرێ، وای لێ دێ (فيك الخصم و الحكم)، مەعقوڵ نییە یەکێك خۆی ئەندامی مەجلیسی جامیعە بێ، ئەندامی هەیئەی ئومەناش بێ، ناگونجێت، تەنها سەرۆکی زانکۆیەکە خۆی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دواڕەئیتان، دوا سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە دەنگمان لە بۆ دا دەمج کرایە، یەك خرا لەگەڵ ماددەی (12)، سێ بڕگەیە، ئێستا زۆربەی زۆری ئەندامان پێشنیار دەکەن کە بڕگە بۆ چوارەم و پێنجەم نەمێنێ، ئەگەر دەنگی هێنا و نەما ماددەکە یەك بڕگە دەمینێتەوە، دەبێتە بڕگەی سێیەم لەماددەی (12) بەم شێوەیە:

ثالثاً: لايجوز الجمع بين عضوية هيئة الامناء وعضوية مجلس ا لجامعة.

پێشنیاری ئیلغا کردنی بڕگەی پێنجەم کە دەکاتە سێیەم لەئەصڵی ماددەی (13)، پێشنیار کرا بڕگەی چوارەم ئیلغا بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە بڕگەی چوارەم ئیلغا بکرێ؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو بۆ ئەوی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ڕەتکردنەوەی بڕگەی پێنجەم، کە دەکاتە سێیەم لە ئەصڵی ماددەی (13)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵ دایە بڕگەی پێنجەم ڕەت بکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ ڕەتکرایەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بڕگەیەك ماوە کە دەبێتە بڕگەی سێیەم لەماددەی (12)، پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:
ثالثاً: لایجوز الجمع بین عضویة هیئة الامناء وعضویة مجلس الجامعة باستثناء رؤساء الجامعات الخاصە أعضاء في الهیئة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (18) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (21) کەس، کەواتە ئەمەیان زیاتر بوو،......... فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم دەقە لەسەر پێشنیاری جەنابی وەزیر بوو کە یەك کەس بوو، وابزانم (10) کەس وتیان تەئیدی عبدالسلام دەکەین، ئەو پێشنیارەی من کردم، دەبێ ئەویش بخرێتە دەنگدان، کە (لایجوز الجمع بین عضویة هیئة الامناء وعضویة مجلس الجامعة.) ئەمە وابزانم (10) کەس وتیان تەئیدی دەکەین، ئەو (استثناء رئیس الجامعة) تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سووء تەفاهومێك هەیە، سووء تەفاهومەکە ئەوەیە دەبێت ڕاگری کۆلیـژ ئەنـدامی ئەنجومـەنی زانکۆ بێـت، ئەوە مەجبورییە، دەبێت سەرۆکی زانکۆ حەتمەن دەبێ ئەندامی هەیئەی ئومەنا بێ، ئەگینا چۆن ڕەپتەکە دروست دەبێ؟ یەعنی وەکو ئەوە وایە بڵێی ئەم وەزیـرە نابێـت ئەنـدامی ئەنجومـەنی وەزیـران بـێ، دەبێـت هەموو ڕاگری کۆلیژێك ئەندامی مەجلیسی جامیعە بێت، کە هەیئەی ئومەنا هەبوو دەبێ ڕەئیسی جامیعـە ئەندامی هەیئەی ئومەنا بێ، بۆ ئەوەی بتوانن گوێی لێ بگرن و رەخنەی لێ بگرن و لێ پرسینەوەی لەگەڵ بکەن، ئەوە ئەبجەدییاتە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە ماددەی (12 و 13)مان دەمج کرد، لەخاڵی دووەمیان هاتووە ئەوەی کە عزوە ڕەئیسی جامیعیەیە، بە خاڵێك هاتووە ئەمە دەنگیشی لەسەر درا، ئەوە تەسبیت بووە، بـەڵام ئـەو خاڵـە کـە باسـکرا و پێشـنیاری کاك عبدالسلام بوو کە ئەندامانی مەجلیسی جامیعە نەبن بەعزو لە هەیئەی ئومـەنا، مەبەسـت ئـەوە بـوو نـەك مەبەسـتی ڕەئیسـی جامیعـە بـێ، چـونکە لەسـەر ئـەوە یـەکلا کراوەتـەوە ڕەئیسـی جامیعـە ئەنـدامی هەیئەی ئومەنایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەمووو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئەو دەقەی درایە دەنگدان باسی سەرۆك زانکۆ ناکات، لەبەر ئەوەی سەرۆك زانکۆ لەبڕگـەی یـەکی ماددەی (12) ئەنـدامە لەئەنجومەنی نوێنـەران، سەرۆکی زانکۆ ئەندامـە، ئـەو دەقـەی لەئەصـڵی پڕۆژەکـەدا هاتووە، سەرۆکی زانکۆمان نەدایتە دەنگدان، دەنگمان بـۆ دا کـە ئەندامـە، ئـەوەی ئێسـتاکە کێشـەی لەسـەرە دەقەکە لەئەصڵی پڕۆژەکەش بەو شێوەیە کە خاڵی دووەمـی یەکـەم لـەماددەی (13)دا (لایجوز الجمـع بـین عضویة هیئة الامناء وعضویة مجلس الجامعة)، واتە ناکرێ ئەندام بـێ لـەدوو ئەنجومـەن لـە یـەك وەختـدا، بەڕێزان، لەبەر ئەوەی ئەو گومانـە دروسـت بـوو، هەرچـەندە دەنـگ لەسـەر بڕگەکـە درا، کـە بـووە بڕگـەی

سێیەم لەماددەی (12)، بۆ دڵنیابوونی بەڕێزتان دەنگ درا بۆ ئەو دەقە، من ئەو دەقەم بەو شێوەیە خوێندەوە، باسی سەرۆکم نەکردیە (لایجوز الجمع بین عضوية هيئة الامناء وعضوية مجلس الجامعة باستثناء رؤساء الجامعات الخاصه الاعضاء في الهيئة)، دەنگ لەبۆ ئەوە درا، بەو شێوەیەی کە خوێندمەوە، (18) بە (21) بوو کاك عبدالسلام، (21) کەس دەنگی لەبۆ دا، (18) کەسیش لەگەڵی نەبووین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من عادەتم نییە شتێك دەنگی لەسەر درا موناقەشەی بکەم، ئەوە دەنگدانەکە کرا، بەڵام ئەوە یەکێك بوو لە پێشنیارەکان، پێشنیاری جەنابی وەزیر بوو، پێشنیارێکی تر لەئەندامانی پەرلەمان هات کە زیاتر لە (10) کەس دەڵێت (لایجوز الجمع بين عضوية هيئة الامناء وعضوية مجلس الجامعة)، ئەمە دەبێت بخەینە دەنگدان، ئەم نەسە واناڵێت (ڕەئیسی جامیعە سەرۆکی ئەنجومەنی جامیعەیە)، ئەوانە هەموو تەئیدی منیان کردووە، چونکە پێشنیاری من بوو، ئێمە کە قسەمان کرد، کە داوامان کرد ببێتە بەس (لا یەجوزی جەمعەکە) لەگەڵ ئەوەی ئێمە هەمووومان ئەوانەی گوتیان تەئیدی عبدالسلام دەکەین دژی (باستثناء رؤساء الجامعات الاخری)بووین، ئێمە هەموومان دژ بووین، کە پێشنیارەکەمان ئەمەی تێدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا کاك عبدالسلام ئێستا تۆ دەڵێی ڕەئیسی جامیعە نابێ لە هەیئەی ئومەنا بێ؟ فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێستا جەنابی وەزیر پێشنیاری لەسەر کردو دەنگتان لەسەر دا چییە؟ یەعنی من دەبێت ڕەئیسی جامیعەیەکی شەخسی بم، ببمە ئەندام لەهەیئەی ئومەنا لەجامیعەیەکی تر، ئێمە دژی ئەوەینە، بۆیە نەسەکە غەڵەتە عەرەبییەن، (بأستثناء ماورد في اولآ)، ئەگەر مەبەستتان ئەم ڕەئیسی جامیعەیە ئەو نەسەی ئێوە نووسیوتانە وامانا دەداتن، من دەتوانم ببمە سەرۆکی جامیعەیەك، عوزی ئومەنای جامیعەیەکی تر، بڵێ( مع مراعات الفقرة الاولى اعلاه)، دروستە ئەو کات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەیان خان ویستت قسەی بکەی.

**بەڕێز بەیان احمد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دبێژم یەعنی تەفاهوما هەی، مەجلیسی ئومەنا دڤێتن سەرۆکی جامیعەی تێدا بیتن، مەجلیسی جامیعەشی خۆ دڤێت سەرپەرشتیێ دکاتن، سەرۆکا زانکۆیێ ڤێ سەرپەرشتیا مەجلیسێ جامیعێ دکاتن، ئیزەن

پێشـنیارێ وەزیـرێ دروسـتە، بـەڕێز وەزیـرێ پێشـنیارا وی دروسـتە، یـەعنی دڤـێتن سـەرۆکی زانکـۆیێ لەهەردووکا دا هەبیتن، دمەجلیسی ئومەنادا هەبیتن، مەجلیسی جامیعەش دا هەبیتن، ئیزەن ئەو پێشنیارە دروستە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ مەوزوعی دەنگدانە کە باس بکەم، نوقتەی نیزامییەکەم لەسەر دەنگدانەکەیە، ئەو دەقـەی کـە خوێندرایەوە ئیستیسنایەکەی تێدابوو، (18) کەس لەگەڵی بـوو، ئـەوەی لەگـەڵی نـەبوو (21)بـوو، یـەعنی دەمەوێ ئەوە ڕاست بکەمەوە، (21)کە لەگەڵ ئەوە نەبوو کە ئەو ئیستیسنایەی تێدابێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا باس لەهەیئەی ئومەنای ئەو جامیعەیە، باس لەهەیئەی ئومەنای جامیعەیەکی تـر نییـە بـۆ ئـەوەی ئەندام نەبێ لـەوێ، لەبـەر ئـەوە مـن تەئیـدی ڕەئییەکـەی جـەنابی وەزیـر دەکـەم، دەبـێ ڕەئیسی جامیعـە لەهەردووکیاندا ئەندام بێ، ئەگەرنا جارێکی تر بخرێتەوە دەنگدانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من دەزانم ئەگەر هاتو بەو شێوەیە ببێ (باستثناء رؤساء الجامعـات الخاصـة)، ئەو تەفسیلەی بۆ دەکرێتن، بۆیە ئێمە پێشنیارێکمان پێشکەش کـردووە ئەگـەر لەسـیغەی جەمعـەوە بکـرێ بەسـیغەی مـوفرەد (باسـتثناء رئـیس الجامعـة الخاصـة)، یـەعنی ئـەو سـەرۆکی زانکۆیـە تایبەتـە دەبێـت لەنێویاندا بێت، لەنێو هەیئەی ئومەنادا بێت، دەتوانێ سەرۆکی زانکۆش بێ و ئەندامی بـۆردی ئەمینـداران بێت، بەم شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو (باستثناء) لەبەرچی داندرایە؟ لەبەر ئەوەی ئێمە لە خاڵی یەکەم کە بووە خاڵی یەکەمی ماددەی (12) دەنگمان لەبۆ ئەوەدا سەرۆکی زانکۆ ئەندامە لەهەیئەی ئومەنادا، لۆیە ئەو ئیستیسنائە لێرە داندرا، ئەگەر بڵێی (لایجوز الجمع) بەموتڵەقی ئیستسنائی تێدا نەبێ، تەعاروز لەگەڵ فەقەرەکەی پێشوو دەکا کە دەنگمان لەبۆ دایە، (لایجوز الجمع بین عضویة هیئة الامناء وعضویة مجلس ا لجامعة باستثناء رئیس الجامعة العضو في الهیئة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، شوکر الحمدلله بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (14) کە دەبێت ماددەی (13) لەئەصڵی پرۆژەکە:

یەکەم: دەستەی ئەمینداره‌کان وردکاریی و بڕیاردان لەسەر راسپاردەو بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئەو زانکۆیەی سەر بە ئەوە دەگرێتە ئەستۆ و بەرزیان دەکاتەوە بۆ وەزارەت بۆ ڕاستاندنی بەپێی پێویستی حاڵ و بەپێی حوکمەکانی یاساکان و ڕێنمایی پەیڕەو کراو لەماوەی پازدە رۆژ لەمێژووی بەستنیەوە.

دووەم: وەزارەت سەیری ئەو ڕاسپاردە و بڕیارانە دەکات و بڕیاریان لەسەر دەدات لەماوەی (30) رۆژ لەمێژووی تۆمارکردنی لەتۆماری نووسراوی هاوردە و لەباری یەکلانەکردنەوەی وەزارەت لەماوەی ناوبراودا، ئەوا ئەو ڕاسپاردانە بەبڕیار لەسەر درا و دادەنرێن، ئەمەش بەپێی یاسایە و دەشێ دەستەی ئەمیندارەکان لەحاڵەتێکدا قەناعەتی نەهات بەبڕیاری وەزیر بۆی هەیە بابەتەکە بخاتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران و بڕیاری ئەنجومەنەکەش یەکلاکەرەوەیە.

سێیەم: دەستەی ئەمیندارەکان ئەم ئەرکانە دەگرنە ئەستۆ:

1- نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی زانکۆ لەبەر رووناکی سیاسەتی فێرکردنی باڵا لەهەرێمدا.

2- دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆ بەپێی حکومەکانی ئەم یاسایە.

3- بەڕێوەبردنی ماڵی زانکۆ و وەبەرهێنانی و دەسکاریی کردنی بەپێی ئامانجەکانی زانکۆ.

4- ڕاستاندنی پلانی فەراهەمکردنی پێویستیەکانی خوێندن.

5- پێشنیارکردنی کرێی خوێندن و ناردنی بۆ وەزارەت بۆ بڕیاردان لەسەری.

6- ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر درێژکردنەوەی خزمەتگوزاری سەرۆکی زانکۆکان یان پاڵاوتنی یەکێکی تر لەشوێنی یان لادانی.

7- دامەزراندنی یاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرەکانی کۆلیژەکان و سەرۆکەکانی بەشە زانستیەکان.

8- ڕاسپاردن بۆ لەنوێ دانانی کۆلیژ و بەشی زانسیتی و لێکدانیان یاخود هەڵوەشاندنەوەیان.

9- ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر بودجەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی.

10- قەبووڵکردنی بەخشش و پیتاك و یارمەتی.

11- دەسنیشانکردنی سسیتەمی مووچەکان بۆ هەموو ئەو کەسانەی کار لەزانکۆدا دەکەن بەئەنداملنی دەستەی دەرس گوتنەوەشەوە.

12- سەیرکردنی پلانی ساڵانەی کە سەرۆکی زانکۆ لەبارەی پڕۆژەکانی گەشەسەندنی کە زانکۆ بەتەمایە بیکات و وتووێژ لەسەرکردنی و بڕیارلەسەردانی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة(13):

اولآ: تتولى هيئة الامناء تدقيق واقرار توصيات وقرارات مجلس الجامعة التابعة لها وترفعها للوزارة للمصادقة عليها حسب مقتضى الحال وفقا لاحكام القوانين والتعليمات المرعية خلال خمسة عشر يوما من تاريخ انعقادها.

ثانيا: تنظر الوزارة في تلك التوصيات والقرارات واقرارها خلال (30)يوما من تاريخ تسجيلها في سجل الواردة، وفي حالة عدم بت الوزارة فيها خلال المدة المذكورة تعد التوصيات مقراً بحكم القانون، ويجوز لهيئة الامناء في حالة عدم قناعتها بقرار الوزير الطلب بعرض الموضوع على مجلس الوزارة ويكون قرار المجلس باتاً.

ثالثا: يمارس هيئة الامناء المهام الاتية:

1- رسم السياسة العامة للجامعة في ضوء سياسة التعليم العالي في الاقليم.

2- تعين رئيس الجامعة وفقا لاحكام هذا القانون.

3- ادارة اموال الجامعة واستثمارها والتصرف بها وفق اهداف الجامعة.

4- المصادقة على خطة توفير المستلزمات الدراسية.

5- اقتراح الاجور الدراسية وعرضها على الوزارة لغرض اقرارها.

6- الموافقة على تمديد مدة خدمة رئيس الجامعة او ترشيح بديل عنه او اعفائه.

7- تعين مساعدي رئيس الجامعة وعمداء الكليات ورؤساء الاقسام العلمية.

8- التوصية باستحداث الكليات والاقسام العلمية و دمجها او الغائها.

9- المصادقة على الموازنة السنوية والحسابات الختامية.

10- قبول الهبات والمنح والاعانات.

11- تحديد سلم الرواتب لجميع العاملين بما في ذالك اعضاء الهيئة التدريسية.

12- النظر في الخطة السنوية التي يقدمها رئيس الجامعة عن المشاريع الانمائية التي تنوي الجامعة القيام بها ومناقشتها واقرارها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەین کە ریزبەندی بڕگەکان بگۆڕدرێت، سەرەتا (یمارس هیئة الامناء المهام الاتیة)، ئەرکەکانی دەستە بخرێتە پێش بکرێتە بڕگەی یەکەم، واتە سێیەم بکرێتە یەکەم، یەکەم ببێتە دووەم، دووەمیش ببێتە سێیەم، سەبارەت بە خاڵی دووەم لە ئەصڵی پڕۆژەکە (تنظر الوزارة)، لە ریزی سێیەم باس لەوە دەکا (في حالة عدم قناعتها بقرار الوزیر)، خۆی قەراری وەزارەتە، نەك وەزیر، لەبەر ئەوەی لە ریزی یەکەمی ئەو بڕگەیە باس لە وەزارەت دەکا، خاڵی دەیەم، دەستەڵاتەکانی مەجلیس ئومەنا (قبول الهبات والمنح والاعانات)، پێشنیار دەکەین کە ئەو رستەیە بۆ کۆتایی ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ، ئەگەر ئەو تەبەروعاتانە لەناوەوەی هەرێمی کوردستان لە بۆ زانکۆکە کرا، ئەوە پێویستە رەزامەندی وەزارەت وەربگیرێ، ئەگەر لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوو پێویست بە رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران دەکات، ئەوەش پێشنیاری ئێمەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسێیەم کە ئێستا بوو بە یەکەم، بڕگەی دووەم (تعین)، خۆی دەبێ بڵێی (یعین رئیس الجامعة)، لە دوای ئەوە ( بالتوصیة وترفع الی الوزارة)، یان (یعین رئیس الجامعة بالتوصیة ترفع الی الوزارة )، چونکە دەبێ جیهەتێك هەبێ موافقت بکا لەسەر دانانی رەئیسی جامیعە، لە زانکۆ حکومییەکان مەجلیسی وزەراء بڕیاردەدات، لێرە ئێمە دەڵێین (بالتوصیة ترفع الی الوزارة)، خاڵی سێیەم (ادارة اموال الجامعة واستثمارها والتصرف بها وفق اهداف الجامعة)، بڵێین (العلمیة)، شەشەم (الموافقة علی تمدید مدة خدمة رئیس الجامعة او ترشیح بدیل عنە او اعفائە بموافقة الوزارة)، ئەوەی بخرێتە سەر لەشەشەم، حەوتەم (تعین مساعدي

رئيس الجامعة وعمداء الكليات ورؤساء الاقسام العلمية)، بنووسرێ (بعد مصادقة الوزارة)، هەشتەم (التوصية باستحداث الكليات والاقسام العلمية و دمجها او الغائها وفق معايير الجودة والضمان النوعي في الوزارة)، ئەوەی بخرێتە سەر (وفق معايير الجودة والضمان النوعي في الوزارة)، برگەی دوانزده لە ئاخيردا بنووسرێ (وبمصادقة الوزارة)، ئەويش (النظر في الخطة السنوية)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

وەڵڵاهی كاك دكتۆر ئەمن سوالێكم لە جەنابت هەيە، ئەگەر عەميدی كوليیە لەو جامیعە ئەهلييانە موافەقەتی وەزارەتی پێوەبێ، ئيتر ئەوە بۆ ئەهلين؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعيد / وەزيری خوێندنی باڵا و توێژينەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دەڵێم ئێستا لە زانكۆ حكومييەكان دانانی راگر تەبعەن بە ئيعلانە، بەپێشكەشكردنی سيڤييە، دوايی جاميعە خۆی دايئەنێ، خۆی بڕيار نادات عەميد دابندرێ، بەرز دەكرێتەوە بۆ وەزارەت، وەزارەت بڕيار دەدات، بۆ سەرۆكی زانكۆ بەرز دەكرێتەوە بۆ سەرۆكايەتی ئەنجومەنی وەزيران، بەڵام لە زانكۆ ئەهلييەكانيش بەرزكردنەوەی ئەو تەوسياتانە بۆ وەزارەت مومكينە رێگرييە لە دانانی كەسێك كە مەرجی تێدانەبێ، مەرجی زانستی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبينی هەيە؟ تا ناوی بنووسم، تكايە ناوەكانتان بڵێن، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناويان نووسراوە، (كاك پێشەوا، كاك عبدالسلام، سيوەيل خان، مامۆستا فرمان، كاك عبدالرحمن، ئاهەنگ خان، گەشە خان، كاك شۆڕش، تارا خان، ئەڤين خان، كاك جمال، كاك عماد، كاك عمر صديق، سميرە خان، د. احمد، هاژە خان)، فەرموو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفيق مغديد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرەلەمان.**

بەنيسبەت ماددەی چواردە، سێيەم خاڵی يەكەم، نەخشە كێشانی سياسەتی گشتی زانكۆ، لەبەر روناكی سياسەتی فێركردنی باڵا لە هەرێمدا، ئێمە پێشتر لەماددەی دوانزدە باسمان لەوە كرد، كە دەستەی ئەميندارەكان بەرپرسە لەكاروباری كارگێڕی و دارايی، بۆيە پێشنيار دەكەم نەخشە كێشانی سياسەتی گشتی زانكۆ لەبواری دارايی و كارگێڕی، نەك بەشێوە عامەكەی بێ، چونكە لەماددەی پێشوو ئێمە دەنگمان لەسەردا، بەنيسبەت خاڵی دووەمەوە ئێمە مادام باس لەوە دەكەين كە ئەم زانكۆيانە سەربەخۆنە بۆيە پێويست ناكا دامەزراندنی سەرۆكی زانكۆ پێويستی بە رەزامەندی وەزارەت هەبێ، چونكە لەماددەی (18) باسی لەوە كردووە كە دەستەی ئەميندارەكان سەرۆكی زانكۆ دادەمەزرێنێ، كۆمەڵێك مەرجی داناوە، چوار مەرجە، ئەگەر ئەو مەرجانەی تێدابوو، ئەوا لەلايەن ئەو دەستەيە، دەستەی ئەميندارەكان سەرۆكی زانكۆ دادەندرێت، كەواتە پێويست بەوە ناكات رەزامەندی وەزارەت وەربگيرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من جارێ بيدايەتەن رەتی هەر رەپتێك دەكەم لە قەراراتی هەيئەی ئومەنا بە وەزارەت، هيچ پەيوندی نييە، ئەگەر بۆ دڵنيايی بێت، خوا شاهێدە من رەنگە وەكو هەموو كەسێك كە دڵسۆزە لەسەر ئاستی ئەو زانكۆيە و مەترسی ئەوەشم هەيە لەو باردودۆخە كە تەنها ببێتە مەسەلەيەكی ئيستيسماری، من لايەنگری ئەوەمە زانكۆی ئەهلی پلەكەی بەرزتر بێت لە زانكۆی حكومی، وەكو دەوڵەتە پێشكەوتووەكان، نەبێتە پاشكۆی جامیعەی ئێمە، ئەو كەسانە وەربگيرێت ئەوەی كە ئێمە وەرمان نەگرتووە، بۆ ئەو ئەساسە دەمەوێ رزگاری بكەم لە سياسەتی تەعليمی، لە مورتەبيت كردنی بە وەزارەت، چونكە ئەگەر ئێمە دڵنيا نەبين لەوانەی ئەوان لە ئاستی ئێمە دەبن، فەرموو با ئەو گرێيانەی لەسەر زانكۆكانی خۆمان هەيە، كە راستەوخۆ مورتەبيتن ئيدارييەن بە وەزارەت، مەبەستم وەزيرێكی تايبەت نييە، ئەوە چەند ساڵە ئەگەر وابا دەبوا جاميعاتی ئێمە وای لێ بێت گلەيی نەبێت تاوەكو بتوانين ئيسپات بكەين ئێمە باشتر لەخەڵكی خاوەن پرۆژە دەتوانين ئيدارەی وان بكەين، بۆيە رەجاتان لێ دەكەمەوە، مونتەڵەكە مەفهوم بێت، لەسەر ئەو ئەساسە من پێشنيار دەكەم دووەم داعی نەبێت هەبێت، دووەمی ئەصڵی، بۆ؟ چونكە من پێشنياری سيغەيەكی بەديل دەكەم بۆ ئەوەلەن، دەڵێم (تدرس هيئة الامناء في اجتماعاتها الدورية تقرير يرفعه رئيس الجامعة باسم مجلس الجامعة يتضمن القرارات والتوصيات، يتم التصديق عليها واصدار القرارات اللازمة وفق متطلبات الجودة ومراقبة الجوده)، مادام هەموو ئيشەكەی ئيلزام كراوە بە ئەوانەی ئيشراڤ وە جەودە، تەواو ئيتر ئيشی وەزارەتە و ئيشی لايەنی ترە بچێت تەدقيق بكا، بزانێت ئەوانە مولتەزمن بە جەودە يان نا، نە بچێت هەر بڕيارێك ئەوان دەدەن بۆ مەسڵەحەت بڵێت ئيلا من موافەقەت بكەم، من تێدەگەم لە جاميعاتی حكومی چۆنە، كێ بڕيار دەدات، ئەمە حكومی نين، ئەمە كەرتی تايبەتە، ئەمە هيچ حكومێكی كەرتی گشتی نابێت لەسەريان تەسبيت ببێت، ئەگەرحيجەتێكی مەنتقی ترمان هەيە، با بيڵێين، بەڵام بەراوردكردنی لەگەڵ كەرتی گشتی غەدری لێ دەكەين، چونكە ئەمە كەرتی گشتی نييە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سيوەيل خان.

**بەڕێز سيوەيل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا بەنيسبەت ئەو ماددەيە من هەر لەگەڵ ئەوەم هەر ئيلغا بێت، سەرتاپای، هەمووی، لەيەكەم پيتەوە هەتا ئاخيری، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی كاتی خۆی هەركەسێك تەقديم دەكا، پێشكەش دەكاتن موڵەت وەربگريتن، ئەوانەی هەموو تێدا دياريكراوە، واتە ئەوانە هەمووی بڵێين رێنماييە، نەك بڵێين بە ياسا

دەربچێتن، هەمووی ڕێنماییە، ئەگەر هەر ئیلغاش نەبوو، هاوڕام لەگەڵ کاك عبدالسلامی کە هەر بڕگەیەکی تێدا هەیە جەنابی وەزیر دەڵێ (بە موافەقەی وەزارەت)، واتە سەربەخۆیی زانکۆکان لەکوێ دا هەیە؟ ئەگەر هەمووی بە موافەقەتی وەزارەت بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فرمان.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرەلەمان.**

من هەر باسی خاڵی یەکەم دەکەم، ئەوەی کاك پێشەوا باسی کرد، پشتگیری هەردوو بەشەکەی دەکەم لەرووی کارگێڕی و داراییەوە، بەڵام لێرە زیاتر مەبەستمان زانستییە، دیارە ئەگەر وابوو نەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی زانکۆ لەژێر ڕۆشنایی سیاسەتی فێرکردنی باڵا لە هەرێم رەنگە ئێستا زانکۆی تایبەتمان هەبێ لە هە رێمی کوردستاندا کوالێتی بەرزتر بێ لەزانکۆ حکومیەکانی خۆشماندا، ئێ چۆن دەکەوێتە ژێر ئەو یاسایە؟ یەعنی بەراستی تکایە چاو بەو فەقەرەیە دا بخشێننەوە، بیگونجێنن لەگەڵ ئەوەی کە لە ئەرزی واقع چی روودەدا، لەزانکۆ و لە خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی منیش هەروا لە ئەلفی ئەو یاسایە تا ئاخیری، هەر هەمووی ئەو یاسایە کە دەردەکەین، مەقسەدمان بۆ چییە؟ بۆ ئەوەیە زانکۆ تایبەتییەکانە، زانکۆ تایبەتییەکان مانای وایە جیابووەوە لەکەرتی گشتی، کەرتێکی تایبەتە، ئەمە سەربەخۆییەکی موتڵەق دەبێ بیدەینێ، بەڵام بە چاودێری وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەژێر چاودێری خوێندنی باڵا، بەڵام نابێت هەموو شتێك هەر کارێك یان هەر کۆبوونەوەیەك یان هەرشتێکی بکات، دەبێ بە ئەمری وەزارەت بێ، یان بە ئیشراف وەزارەت بێ، یان بە رەزامەندی وەزارەت بێ، ئەوکاتە کەس ئامادە نییە زانکۆیەك لە ئەمەریکا یان لە فەرەنسا یان لە هەرجێیەکی بێنێتە ئێرە، دروست بکات بە پێی سیاسەت و وەکو لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە کە دەڵێ (- رسم السياسة العامة للجامعة في ضوء سياسة التعليم العالي في الاقليم)، ئەوان خۆیان بەرنامەی خۆیان هەیە، هەموو شتێکی خۆیان دێنێتە ئێرە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی ئێمە پێش بخا، وەکو ئەوەی لەوێ هەیە ئێمەش فێر بکات، ئێمەش بباتە سەر ئەو ئاستە، سەر ئەو پێشکەوتنەی کە لەوێ ئەوەندە ساڵە بە دوو سەد، سێ سەد ساڵە ئەوانە پێشکەوتوونە، ئێمە تازە دەست پێدەکەین، تازە ئەگەر ئەوان بێنە ژێر باڵی ئێمە و بێنە ژێر

باڵی ئەوەی کە ئێمە هەیە، یەعنی ئێمە هیچمان نەکرد، هیچ پێشکەوتنێك بۆ وڵاتەکەمان نەبینی، کەواتە ئێمە دێینە دواوە، مەقسەدم لێرە ئەوەیە نابێ هیچ رەچتێك لەبەینی ئەم زانکۆ و جامیعانە، لەگەل وەزارەتی خوێندنی باڵا هەبێ، یان هەر بەو رەچتەی کە ئەوە بوو، چاودێری بکرێت، ئایا ئەمانە جێ بەجێ دەکەن ئەو پرۆفایلەی کە تەقدیمی وەزارەتی کرد بەو شێوەیە و بەو رەزامەندییەی کە لەوێ وەری گرتووە، جێ بەجێ دەکەن یان نا؟ ئەگەر جێ بەجێ ناکەن، ئەوە حەقیانە لێ پێچینەوەی لێ بکەن و لێی بپرسن، رەزامەندییەکەی لێ وەربگرن، ئەگەر نا حەقیان نییە هەموو کاتێك بڵێن کوا راپۆرتەکە چی لێ هات و نازانم چی، ( ئاهەنگ خان) باسی ئەنتەرنێتی کرد، ئەگەر بێین سەیری ئەنتەرنێت بکەین لە لوبنان و لە ئوردن و لە ئیمارات و لە باژێرەکان، لە سعودییەی عەرەبی، لە جدە، لە هەموویان ئەو جامیعە ئەمەریکیانە هەنە، کەس پەیوەندی پێ نییە، پێشکەوتنی دونیا بەخۆیەوە دەبینێ، بۆ ئێمە وابکەین؟ بۆ ئێمە بیهێنینە ژێر باڵی خۆمان؟ وەکو خۆمانی لێ بکەین، کە دەبینین، ئیتر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ قسەی ئیزافە ناکەم لەسەر قسەکانی کاك عبدالسلامی، چونکە دەقا و دەق ئەوەی مەبەست بوو بە زۆر شێوەیەکی قانونی گەیاند، دەستی خۆش بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم کە دەڵێ (وەزارەت سەیری بڕیار و راسپاردەکان دەکا، لەماوەی (30) رۆژدا)، پێم وایە ئەو سی رۆژە کەمە، لەکاتێکدا کە رەنگە لە پشووی هاوینەدابێ، یاخود بەهۆی رۆتینیاتەوە، بەهۆی ون بوونی نووسراوەوە ئەم بڕیارە بە بەر حکومەتدا تێپەر ببێ و لەبەرژەوەندی ماڤی گشتی نییە، لەبەر ئەوە بکرێ بە (60) رۆژ باشترە، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، ئەو ئەرکانە زۆر تەفاسیلی دراوەتێ، پێویست ناکات لە یاساکەدا ئەو تەفاسیلەی بدرێتێ، هەر پێویستە بە شێوەیەکی کورت و پوخت بوترێ (هەموو کار و بەرپرسیارەتییەکی دارایی و کارگێڕی و سەرپەرشتیارەتی زانکۆ لە ئەستۆی دەستەکە دایە)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شۆڕش.

**بەڕێز شۆڕش مجيد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرەلەمان.**

وەڵڵا ئـەمنيش هـەر لەسـەر پشـتگيری كـردن لـەو پڕەنسـيبەی كـە زانكـۆكـان سـەربەخۆيی ئيـداريی هـەبێ، حكومەت دەستكاريی ئيش و كارە ئيدارەييەكانيان نەكەن، پێم وايە لەو ماددەيە لەيەكەم تەنها ئەوە بمينێ كـە (هەيئـەی ئومـەنا تـەنها وردبـينی و پەسـەندكردنی راسـپاردەكانی ئەنجومـەنی زانكـۆكـان بكـا)، ئـەوە بخرێتەوە، دووەم رەت بكرێتەوە، سێيەميش دوانزە خاڵە، پشتگيری لە هـەر دوانـزدە خاڵەكـە دەكـەم، تـەنها ئـەوەی ئەوەلـەن كـە دەڵـێ وردبـينی راسـپاردەكانی ئەنجومـەنی زانكـۆ و وردبـينی دەكـا و پەسـەندی دەكـا، ئەوەش بخرێتەسەر ئەو، ببێتە سێزدە خاڵ و پێويست بە هی يەكەم و دووەم ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرەلەمان.**

بەڕاستی من لە خاڵی حەوتـەم ئـەو تەعديلـەی كـە دەڵـێ (تعـين مسـاعدي رئـيس الجامعـة وعمـداء الكليـات بترشـيح مـن رئـيس الجامعـة) بـێ، رەئيسـی جاميعـە خـۆی موسـاعيدەكانی خـۆی هەڵبـژێرێت، روئەسـائی ئەقسامەكان لەلايەن راگرەكانەوە بێ، يەعنی ئەوە (رؤساء الاقسام العلمية في الكليـات الجاميعـة بترشـيح مـن عميدالكلية)، ئەلەوە ئەو گۆڕانكارييە بكرێ، دەشتواندرێت فەقـەرەی تـری بـۆ زيـاد بكـرێ، (اي امـور تخـدم الاستراتجية الجاميعة بما لايتعارض مع احكام القانون والقوانين النافذة)، دەتوانين بۆی ئيزافە بكەين، ئـەوە لەو حاڵەتە هەندێك حورييەت دەداتە ئەو جاميعانەی كە سەربەخۆيی خۆيان لەدەست نـەدەن بـۆ هەنـدێ ستراتيجيات، بەڵام من لێرەدا نازانم......، حەزدەكەم شەرحێك بۆ من بكرێـت، بەڕاسـتی لێـرە ئەنـداماں بـە نەوعـە ئينفيعالێـك نـازانم دژی ئـەوەن كـە هـيچ رەبتێـك نـەبێ لـە بـەينی جاميعـە و لەبـەينی جاميعـاتی تايبەت، وەزارەت و جاميعاتی تايبەت، ئەوە بۆ تەنزيمی ئومور و ئەو جاميعە تايبەتانەيە، بۆ ئەوە نييە كە سەربەخۆيی خۆی لەدەست بدات، من وا تێگەيشتووم ئەصڵەن ئەگەر لە هەندێ بواردا كە وەكو رەقابەيـەك لەسەری دەبێت و لەسەری بڕيار دەدات و ئەوانە هەمووی سـەر بـە وەزارەتـە، لـە هـەموو وڵاتـانی دونيـاش ئەوەی وەزارەتی تەعليم عالی هەيە، بپرسن بۆ زۆر وڵاتانی دەرەوە، هەتا عومان نـزيكترين شـوێنە لـەلامان كە زۆر، زۆر پێشكەوتووە لەلايەنی زانكۆ تايبەتەكانەوە، ئەمەی لێرە هاتووە لە خاڵەكاندا، زۆر شتێكی نامۆ

نییە، هەموو بە دژی وەستاون، وابزانم هەندێك خاڵ نەبێت دەنا من هەر پشتگیری لە هەمووی دەکەم، بەس بۆ رەئیسی جامیعەکە موساعیدەکان خۆی هەڵبژێرێت، ئەوە باسم کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لێبوردن دەکەم، ئێمە لێرانە دژایەتی ئەو یاسایانە ناکەین بەو شێوەیە، بەڵکو دەمانەوێ هەندێك تەعدیلاتی کە پێویستە بەبیرو بۆچوون و دراسەتی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لێرە تەسبیتی بکەین، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەوەلەن بگۆڕێت، ببێتە (تتولى هيئة الامناء تدقيق و مصادقة توصيات وقرارات مجلس الجامعة التابعة لها و حسب مقتضى الحال وفقا لاحكام القوانين والتعليمات المرعية)، تا ئێرە و کافییە، ئیتر پێویست ناکات ئەم تەوسیاتانە رەفع بکرێ بۆ وەزارەت و دوای ئەوە ماوەیەکی بۆ دیاریکرا، باوەڕ دەکەم ئەوە زیاد دەبێ لێرە وەکو ئەو سەربەخۆییە بدرێتە بڕیارەکانی مەجلیسی هەیئەی ئومەنا تاوەکو خۆیان بڕیارەکانیان بەشێوەیەکی سەربەخۆیانە یاخود بەشێوەیەکی کاراتر بتوانن بڕیارەکانی خۆیان بدەن، من پشتگیری کاك عبدالسلام دەکەم، خاڵی دووەم هەڵبگیرێ، چونکە هیچ پێویست ناکا خاڵی دووەم لێرەدا بمینێ، جەنابیان زۆر بەشێوەیەکی جوان شەرحی کرد، پێویست ناکا جارێکی تر من باسی بکەمەوە، خاڵی دووەمم ئەوەیە (تعين رئيس الجامعة او عميدالكلية)، پشتگیری ئەوە دەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە کە ئێستا هاتووە، چونکە بەڕاستی رەئیسی جامیعە و یاخود عەمیدی کولییە دەبێ (وفق الاحكام) ئەو یاسایە دابندرێ، نەك بە موافەقەتی وەزارەت، بۆیە ئەم یاسایە حەکەمە لەوەی کە تۆ چۆن رەئیسی جامیعە و عەمیدی کولیەکان دیاری دەکەی، سەبارەت بە خاڵی هەشتەم دەڵێ (التوصية باستحداث الكليات والاقسام)، وابزانم هەیئەی ئومەنا دەبێ موافەقەت بکا، بەڵکو دەبێ تەوسییەکە لەلای مەجلیسی جامیعەوە بێ، مەجلیسی جامیعە تەوسییە دەکا کەوا ئایا پێویستی بە ئیستحداس کردنی کولیات هەیە؟ یان پێویستی بە ئەقسامی علمییە؟ یاخود دەمجی بکا یان ئیلغای بکا، بۆیە ئەوە مەجلیسی جامیعە تەوسیەی دەکا، دوای ئەوە ئەمان لێرە موافەقەتی لەسەر دەکەن، هەیئەی ئومەنا دەبێ لێرە بڕیاری لەسەر بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من لەگەڵ ئەوە نیم یەعنی ئەوەندە پەیوەندی لە بەینی وەزارەت و جامیعاتی خاس ئەوەندە توند بکەن، ئەو پەیوەندییە وای لێ بێتن کە جامیعاتی خاس لە محتەوای خۆی تەفریغ ببیت و پێشێلکاری ماددەی چوار بکرێت کە دەڵێتن (جامیعە شەخسییەی مەعنەوییە و ئیستقلال مالی و ئیدارییە و

..........)، یەعنی زیاتر با ئیشی وەزارەت ئیشراف كردن بێ، ئەما موافەقە و موسادەقە و تەشاور و ئیستیسناء ونازانم چی، ئەوە تۆزێك لە ئیستقلالیەتی جامیعەی تایبەت تێكدەدات، ئەمە یەك، خاڵی دووەم، من لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی یاسایی مە بۆ پاش و پێشكردنی فەقەڕات، ئەو فەقەراتەی كە دەبێتە دوو و سێ، سەبارەت بەم ماددەیە ئەگەر بێین سەیر بكەین ئەوەلەن (تتولى هيئة الامناء تدقيق واقرار)، ئەگەر بێین سەیری ماددەی شانزدە بكەین، فەقەرەی سێ (ترسل الجامعة قرارات وتوصيات مجلسها الى الوزارة خلال خمسة عشرة يوما من تاريخ انعقادها)، لێرە جارەك دەڵێتن مەجلیس ئومەنا دەنێرێت، جارێكیش دەڵێتن جامیعە دەنێرێتن، ئایا كامەیان دروستە؟ مەجلیس جامیعە دەنێرێتن یان هەیئەی ئومەنا دەنێرێتن؟ ئەگەر بەیەكەوە بێتن پێویستە مەجلیسی ئومەنا موصادەقەی مەحازر بكاتن هی جامیعە، دوایی جامیعە خۆی بینێرێتە وەزارە، نا هەیئەت ئومەنا بنێریتن، ئەمە یەك، خاڵی تر ئەگەر بێینە سێیەم، فەقەرەی پێنجەم، (اقتراح الاجور الدراسية وعرضها على الوزارة لغرض اقرارها)، ئەگەر سەیری ماددەی (17) بكەین فەقەرەی چوار دەڵێتن (اقتراح الاجور الدراسية)، ئەوە مەجلیسی جامیعەیە، لێرەش هەیئەی ئومەنایە، كامەیان ئیقرار دەكرێتن؟ خاڵی چوارەم، ئەم خاڵە كە پێنجەمە لێرە، لەماددەی (17) چوارەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عماد.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ تێبینییەكانی كاك جمال، دیسان فیعلەن پێم وایە هەندێك تێكەڵاو هەیە لە مەهامەكانی مەجلیسی ئومەنا لەگەڵ مەجلیسی خدمە، یەعنی بۆ نموونە مەسەلەن فەقەرەی پێنج دەڵێتن (اقتراح الاجور الدراسية)، دیسان لە مەهامی مەجلیسی خدمەش وا هاتووە، دیسان لە فەقەرەی حەوت (تعين مساعدي رئيس الجامعة وعمداء الكليات ورؤساء الاقسام العلمية)، دیسان لە مەهامی مەجلیسی خدمە هاتووە، فەقەرەی دەش (- قبول الهبات والمنح والاعانات) دیسان لە مەهامی مەجلیسی خدمەشە، لەبەر ئەوە پێم وایە دەبێتن یان ئەو ئەركە، ئەو مەهامە، مەجلیسی ئومەنا بیكاتن، یان مەجلیسی خدمە، یان مەجلیسی خدمە پێسنیار بیكاتن، مەجلیسی ئومەنا موصادەقە لەسەر بكرێت، دەبێت ئەمە یەكلا بكرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیە لەبەر ئەوەی هەیئەی ئومەنا هەروەکو لەماددەی پێشوو ئاماژەی پێکرا، بەرپرسە لە شئونی مالی و ئیداری، بەباوەڕی من سێ ماف یان سێ لایەن مامەڵە دەکەن لەگەڵ یەکتردا، پێویست دەکا هاوسەنگی بەجۆرێك رابگیرێت، یەکەمیان هەیئەی ئومەنا کە زیاتر تەعبیر دەکا لە ئەوەی کە جانبی مالییەکە و قازانج و ئیستیسمارەکە لێك دەداتەوە، جانبی دیکە ئەوانەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، راستەوخۆ گرێبەستیان هەیە، چ قوتابی بێ، مامۆستا بێ یان ئیداریی بێ، جانبێکی تر وەکو هەموو هەرێمی کوردستان حقوقی ئقلیم لەسەری یان تەئسیراتی قەراراتی ئەوان، بۆیە ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە تەماشای بکەین بە باوەڕی من ئەوەی پەیوەندداره بە وەرگرتنی قەراراتی هەیئەی ئومەنا و تەدقیق کردن لە قەراراتی مەجلیسی جامیعە، ئەوە راستە بۆ ئەوان، بەڵام پێویست دەکات جامیعەی لێی ئاگادار بێت، چونکە قەرارە ئیداری و مالییەکان کاریگەری لەسەر زانستیش دەبێت لە داهاتوودا، یان ئەمە پرۆسەیەکە پێکەوە بەستراوە، من دەڵێم لێی ئاگادار بێت، نەك وەزارەت موصادەقەی بکات، بەمەبەستی چی؟ بە مەبەستی چاودێری کردنی، چونکە ئیمکانە قەرار وەرگرتنێکی ئیداریی ببێتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری لەسەر پرۆسەی زانستی هەبێت، خاڵی دووەمیان بەباوەڕی من ئەوەی کە پەیوەندارە بە مامەڵە کردن لەگەڵ جانبی مالی تەنها وەزارەتی تەعلیم عالی مامەڵەی لەگەڵ ناکات، لەبەر ئەوەی پرۆژەیەکی ئەهلییە، جیهەتی تریش مامەڵەی لەگەڵ دەکا، چۆن شەریکەیەك بۆ نموونە حیساباتی لە هەرێمی کوردستانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، تەدقیق دەکرێت یان موراقەبە دەکرێت، بۆیە پێویست دەکا ئێمە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەو قانونانەی کەنافزن لە هەرێمی کوردستانا تەنفیز دەکرێت بەسەر مەشاریعی ئیستیسماری یان خاس، پێویست دەکا لێرە جێی بکرێتەوە، چونکە لێرە قەراراتی ئیداریی دەدرێت، قەراراتی مالی دەدرێت، ئەو قەرارە ئیداری و مالیانەی کە دەدرێ لەلایەن هەیئەی ئومەنا پێویست دەکا خازیع بن بۆ ئەو قەرارانەی کە لە هەرێمی کوردستان هەن، جێ بەجێ دەکرێن، لە مومارەسەکردنی هەیئە، ئەوە مومارەسەکردنی ئەو خاڵانەیە کە داینراوە، بەهەمان شێوە لەسەر برگەی دە ئەمە دەبستمەوە بە خاڵی دووەم، کە وتوویەتی قبولی هیبات و مینەح و ئیعانات، لەکوێ؟ تەنها هی هەرێمی کوردستان؟ یان دەرەوەی هەرێمی کوردستان؟ بۆیە پێویست دەکا لە خاڵی دووەم وەکو ئاماژەم پێدا، پێویست دەکا بەپێی ئەو قانونانەی کە لە هەرێمی کوردستان نافیزن ئە بەو شێوەیە مینەح یان بەخشین و هاوکاری جامیعەکە وەربگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، پێویستە حەزف بکرێ، چونکە بە رێنمایش دەکرێت ئەوانە هەمووی بگونجێنێت، بەتایبەتی بڕگەی سێیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ رای هەندێك لە ئەندامان کە نایانەوێ هیچ رەپتێك لەنێوان وەزارەت و ئەو جامیعە ئەهلیانە هەبێت، لە راستیدا مەسەلەی ئەو جامیعە ئەهلیانە راستە جامیعەی ئەهلین، هەرکەسێك کە لەوێ دەوام دەکات پارەی خۆ دەدات و دەوام دەکات، بەڵام لەراستیدا ئەگەر بەو شێوەیە بێت لەرووە علمییەکەی هیچ مستەوایەکی ئەو جامیعانە نامینێت، چونکە بەراستی زۆر، زۆر کاریگەری هەیە، راستە یەعنی مەوزوعەکە مەوزوعێکی سرف تیجارییە، بەڵام ناکرێ بەم شێوەیە ئەو جامیعاتانە بەو شێوەیەی ئیهمال بکرێت، دەبێت رەپتێك هەبێت لەگەڵ وەزارەتدا، بۆیە مەسەلەن لەسەر پێشنیار کردنی کرێی خوێندن، هەندێك لەو جامیعاتانە بەڕاستی کرێیەکەیان زۆر، زۆرە، لێرە هاتووە دەڵێت پێشنیار کردنی کرێی خوێندن و ناردنی بۆ وەزارەت، باشە ئەگەر کرێی خوێندنەکە ناردرا بۆ وەزارەت ئایا وەزارەت حەقی ئەوەی هەیە کە رازی نەبێت لەسەر ئەو کرێی خوێندنە؟ چونکە چەند جامیعەیەکی ئەهلی هەیە لێرە هەموو کرێیەکانیان وەکو یەك نییە، هەر یەکەی جۆرێکە، یەعنی هەندێکی نزیکی چوار ملیۆنە، هەندێکی نزیکی سێ ملیۆنە، بەڕاستی زۆر قوتابیش هەیە گلەییان لەسەر ئەو بابەتە هەیە، خاڵێکی تر مەسەلەی دەستنیشانکردنی سیستەمی مووچەکان، یەعنی هەتا دەستنیشانکردنی سیستەمی مووچەی هەندێك لەو زانکۆیانە، یەعنی وا مامەڵە لەگەڵ کارمەندەکان دەکەن یاخود ئەو مامۆستایانەی وانە بێژن لەوێ کە وەکو کەسێك چۆن شەریکەیەك بێت، یەعنی هەر کاتێك ئیشی پێ بوو بانگی دەکا، کە ئیشی پێ نەما یەعنی نایەڵێ لەوێ وانە بڵێتەوە، بۆیە بەراستی ئەو شتانە دەبێ هەمووی یەکلایی بکرێتەوە، من پێم وایە یەعنی ئەوە ئەگەر بەو شێوەیە بێت وەکو ئێستا هەیە، یەعنی بەو شێوەیە مستەوای عیلمی زۆر، زۆر لەو جامیعانە نزم دەبێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە هەڵسەنگاندنی ئاستە علمییەکەی ئەوە زۆر پێویستە کە وەزارەت پەیوەندی لەگەڵ ئەو جامیعانە ببێ و ئیشرافیان بکا و تەقیمیان بکا، ئەوانیش کە لەماددەی

یازدەدا هاتووە دەڵێ تەقاریری فەصڵی و سەنەوی و وەرزی و ساڵانە بەرز دەکەنەوە بۆ وەزارەت، ئیتر ئەو مادەیە لێرە بەڕەئی من بڕگەی یەکەم و دووەم زیادە، ئەوانە لابدرێن لەبەر ئەوەی لەماددەی یازدەمدا مەعالەجە کراوە، تەقاریرەکانی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ وەزارەت، جارێکی تر لێرە (وترفعها الى الوزارة) و پاشان لە دووەم لە ماوەی سی ڕۆژدا، بەڕاستی ئەوەندە ئیدارییەن بەستنەوەی ئەو زانکۆیانە کە ئێمە سەربەخۆییمان پێیان داوە، یەعنی وادەکا تەقریبەن وەکو زانکۆ حکومییەکان بن، کە دەبێ لەهەموو سەغیرە و کەبیرەیەکدا بگەڕێنەوە بۆ وەزارەت، لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ئەوەڵەن و سێیەم حەزف بکرێ، ئیلغا بکرێ، تەنها لە ئەوەڵەن (تدقيق واقرار توصيات وقرارات مجلس الجامعة) بکرێتە خاڵێك لەو خاڵانەی کە لەوێدا هاتووە (: تمارس هيئة الامناء المهام الاتية)، یەکێك لە مەهامەکان بێ، بەو شێوەیە، تەبعەن ئەوەش هەڵەیە (يمارس) نییە، (تمارس)ە، ( يمارس هيئة الامناء  المهام الاتية)، دوایی (رسم السياسة العامة)ە، (تدقيق واقرار توصيات وقرارات مجلس الجامعة)، ئەوەڵەن و ثانییەن ئیلغا بکرێتەوە، لەبارەی خاڵی پێنجەمیش کە کاك جمال و کا عمادیش وتیان لەبەر ئەوەی کە لە مەهامەکانی مەجلیسی جامیعەی هاتووە لە ماددەی (17)دا، لێرە دووبارە بۆتەوە، (اقتراح الاجور الدراسية)، بەڕای من لێرە یان بکرێتە (اقرار الاجور الدراسية)، ڕەنگە لە ئەصڵیشدا بەو شێوەیە بێت، یان (لمصادقة الاجور الدراسية)، ئەگەر نا پێویست ناکا ئەلێرە ئەوە دووبارە ببێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستیدا هەموومان لەگەڵ ئەوەین کە ئەو زانکۆ تایبەتییانە سەربەخۆیی خۆیان هەبێ و ئەوە بە دەقیش هاتووە و قبولیش کراوە، بەڵام بوونی جۆرێك لە پەیوەندی موئەسەساتیانە و رێکخستنی قانونیانە بەمانای ئەوە نییە دەست و پێی ئەوان ببەسترێت، ئایا لەم بابەتە گرینگانەی کە من ئاماژەی پێدەکەم پێویست نییە وەزارەت جیهاتی رەسمی لێرە لەو زانکۆیانە بپرسنەوە؟ لەکرێی خوێندن وا زیادیان کردووە، ئێمە و وەزارەت خەریکین پێمان کەم ناکرێنەوە، بەبێ رەچاوکردنی هەڵاوسانی ئابووری و پێوەرە داراییەکان، ئەگەر رێگەیان بدرێ بە کەیفی خۆیان کرێ زیاد دەکەن، خاڵێکی تر وەزارەت چەند خەریکە بە دەیان بڕوانامەی تەزویری لەو زانکۆیانە گرتووە کە قبولیان کردووە و لە مەرحەلە دوو، مەرحەلە سێش دەخوێنن، ئەگەر پەیوەندی موئەسەساتیانەو موراقەبە و بەدوا داچوون نەبێ کێ ئەم بڕوانامە تەزویرانە لەم زانکۆیانە دەگرێ و ئەم خوێندنانە ئیلغا دەکاتەوە؟ زانکۆ هەیە لێرە بەدەر لەرێنماییە یاساییەکان زانکۆی تایبەت، بەکەلۆریۆسی لە ئیدارە هەیە ماجستێری لە ئێعلام پێداوە، ئەوە سەرگەردان بوونە، لەبەر ئەوەی وەزارەت ئێستا لە دانان بە بڕوانامەکانی ئیشکالیەتی هەیە، چونکە درێژکراوەی ئیختیساسی خۆیان نییە، ئەم خەڵکە یەك دونیا پارەشی سەرفکردووە، بەڵام سوود لە بڕوانامەکەی

وەرناگیرێ، ئەگەر پەیوەندییەکی قانونی و موئەسەساتیانە نەبێ، کێ لەمانە دەپرسێتەوە لەناو ئەم زانکۆ تایبەتییانەدا؟ زانکۆی تایبەت هەیە لێرە بێ رەچاوکردنی مەرجە زانستیەکان، بێ دابینکردنی مەرجە سەرەکییەکانی موختەبەر چووە بەشی پزیشکی کردۆتەوە، ئەگەر پەرلەمان لیژنەی تەحقیقی پێك نەهێنابا و وەزارەت بەدوا داچوونی نەکردبایە کۆمەڵێك پزیشکمان بۆ پەروەردە دەبوون لەو سەرەوە دەبوو چیان لەگەڵ هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە بکردبایە؟ بۆیە بوونی پەیوەندییەکی نەرمی موئەسەساتیانە و رێکخراو لەسەر بنەمای ئەم قانونە زەرورەتە، پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتی ئەو وڵاتەوە هەیە، پەیوەندی بە ئاستی علمی ئەو وڵاتەوە هەیە، تکا دەکەین ئێمەش لەگەڵ ئەوە نین بەراستی هەیمەنەیان بەسەردا بکرێ و خۆیان بەسەردا بسەپێندرێ، بەڵام بوونی ئەم پەیوەندییە زەرورییە، هێشتا شتی تر ماوە، بەڵام تەسەور دەکەم بەوەندە پەیامەکەمان گەیشتبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمە خان.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی کە د. عمر دەڵێ پەیوەندییەکی موئەسەساتی گەورە لە نێوان وەزارەت و زانکۆ ئەهلییەکان هەیە، بەڵام ئێمە لەم یاسایەی کە ئێستا دامان رشتووەو هێناومانەتە ناو پەرلەمان موناقەشەی دەکەین، بۆخۆی زۆر دوور کەوتنەوەیەکی گەورە هەیە لەنێوان وەزارەتی خوێندنی باڵا و ئەم قانونەی کە ئێمە ئێستا لە پەرلەمان دەریدەکەین، بۆ؟ لەبەر ئەوەی لە 2010 وەزارەتی خوێندنی باڵا ریفۆرمی کردووە، هەیکەلی ئیداری زانکۆکانی گۆڕیووە، لەوێ ئێستا بە فالکوتییە، بەڵام ئێمە لەو قانونەدا هاتووین بە یاسا کۆنەکە، بە هەیکەلی ئیداری کۆن فالکوتی بە کۆلیژ هێناومانە وەکو خۆی دامانناوە، ئەگەر ئێمە ئەو پابەندبوونە موئەسەساتییە لە نێوان زانکۆی تایبەت و حکومەتدا هەیە، دەکرا لەناو ئەو یاسایەدا جێی ئەوە بکرابایەوە کە لە هەرێمی کوردستان زانکۆ ئەهلییەکان، حکومەت پابەندن بە یاساکانەوە کە لە زانکۆ ئەهلییەکان و حکومییەکان وەکو یەك بێ، بەڵام ئێمە لێرە لەو یاسایە بەو شێوە دامان رشتۆتەوە، هەیکەلی ئیداری زانکۆ حکومییەکان ئێستا بڕۆ لە سلێمانی و کۆیە و سۆران فالکوتی سکوڵە، بەڵام لێرە ئێمە دەڵێین کۆلیژ، داوا دەکەم جەنابی وەزیر و لیژنەش وەڵامم بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

توو سەری باوکت ئەوە نوقتەی نیزام بوو؟ فەرموون د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامين (نورەدينى):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەراستيدا ئەگەر سەيرى ياسا جێ بەجێکراوەکان بکەين لێرە، ياساى ژمارە 10ى ساڵى 2008ى وەزارەتى خوێندنى باڵا کە پەرلەمانى کوردستان دەريکردووە، ئەم ياسايە دەبێ لە هەرێمى کوردستان جێ بەجێ بکرێت، ئەمە ئەصڵەکەيە، لەوێدا هەيکەلى زانکۆکان، زانکۆيە، کۆلێژە، بەشە، نە فوکوليتييەو، نە سکوڵە، کەواتە ئەوەى کرا ئێمە هاوارمان کرد لە دەرەوەى ياسايە، نەك ئەو ياسايە تەناقوزى لەگەڵ ياسايەکە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نورى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانى پەرلەمان، من حەزدەکەم هەر ئەوەندە بۆ ملاحەزەى بەڕێزتان، هەتا ئێستا ئەم زانکۆ ئەهلييانەى کە لە هەرێمى کوردستاندا کراونەتەوە ژمارەيەکى زۆر، زۆر کەميان بۆردى ئومەنائييان هەيە، نيانە، ئەوانەى کە کردوويانەتەوە، چونکە ياسايەك نەبووە پابەنديان بکات بەبوونى بۆردى ئومەنا، نيانە، هەريەکسەر مەجليسى جاميعە و کابراى موستەسمير سەرۆکێکى زانکۆى دەستنيشان کردووە و کارەکان رۆيشتووە بەو جۆرە، بۆيە بوونى مەجليسى ئومەنا زۆر لەو کێشانە رێك دەخاتەوە کە تاوەکو ئێستاکە هەيە، هەرچييەك لەو خاڵە نێگەتڤانەى ئەندامان باسيان کرد لەسەر بوونى حاڵەتى وا هەيە کە بەچەندين مانگ ئێمە وەکو ليژنەى پەروەردە بەدوا داچوونمان بۆ کردووە و خەريك بووين بۆ چارەسەرکردنى، هەمووى لە غيابى ياسادا بووە، بۆيە کە باسى ئەوەمان کردووە کە دەبێ ياسا هەبێ، ئەوە گرينگييەکەى، مەسەلەى بۆردى ئومەنا شتێکى تازەيە، بۆيە ئەم خاڵانەى کە بەم شێوەيە ئێستا رۆژان خان دەيخوێنێتەوە، بەم شێوەيە سياغەى بکەينەوە، ئێمە لەگەڵ ئەوە داين پەيوەندييەکى تەندروست هەبێت لەنێوانى بۆردى ئومەنائو وەزارەت، نەچێتە قالبى رۆتين و تەدەخولکردن لەکارەکانياندا، بۆردى ئومەنا موافەقاتى کرد لەسەر سەرۆك زانکۆيەك بەس تەنها ئێعلانکردنەکەى دەنێرێتە وەزارەت، پێى دەڵێ وەزارەت ئەوەتا ئێمە وەکو زانکۆى فلاَنى تايبەت، فلاَن کەسمان دەستنيشان کردووە بە سەرۆکى زانکۆ،

لەگەڵیدا سیڤییەکەی دەنێرن، دەڵێن ئەو کەسە ئەمەنەی خیبرە هەیە، خۆ ئـەوانیش هـەروەها بـە گاڵتـە و بە سوبعەتەوە ناچن یەکێك بکەن بە سەرۆکی زانکۆ، چونکە ئەمە پارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاسی تێبینییەکانی کاك عمر نورەدینی دەکـەم، بەراسـتی ئـەو خاڵانـەی بـەڕێزی ئاماژەی پـێ کـرد، هەموو لایەك، بەڵام ئەو هەندێ شتی واقعی باس کرد، کۆلێژ هەبووە چەند ساڵێك لەمەو بەر، چونکە هیچ رەقابەیەك نەبووە، بەشی یاسای کردۆتەوە و نـۆ سـەد خوێنـدکاری وەرگرتـووە، نۆسـەد، بەشـەرێك نـەبووە پێی بڵێی چی دەکەی، یان چی ناکەی، ئەگەر ئەو تـۆزە پەیوەندییـە نەبوایـە لـە نێـوان زانکـۆ ئەهلییـەکان، وەزارەت ئێستا کە هەیە، کە ئەمانەوێ ئەمڕۆ لەباری بەرین، لەوە دەچێ، ئەو نۆسـەدە، دەبـوو بـە هـەزار و نۆسەد، کرێی خوێندن لە زانکۆ ئەهلییەکانی کوردستان هەر بـەراورد نـاکرێ لەگـەڵ ئەوانـەی بەغـدا، دوو مانگە ئێمە لەگەڵیاندا خەریکین، تـازە مومکینـە سـەدا دە، سـەدا پـانزدە، ئیسـتعدادیان هـەبێ کرێیـەکانیان دابەزێنن، جا وەرە ئەگەر هیچ رەقابەیەکی وەزارەت نەمێنێ لەسەریان، زانکۆی وا هەیە بەس ئەو فۆڕمـەی کە پێشکەشکار داواکاری پێشکەش دەکات بۆ ئەو زانکۆیە، بەس فۆڕمەکەی پـێ دەفرۆشـێ بـە نـرخـی کرێـی خوێندن لە بەغدا، بۆ ساڵێك، بەس فۆڕمەکەی پێ دەفرۆشێ کـە دواتـر شـەرتیش نییـە وەربگیرێـت، لەبـەر ئـەوە بـوونی رەقابـە، بـوونی چـاودێری، دەسـتەڵاتی وەزارەت لەبەرژەوەنـدی خوێنکـاران و قوتابیـان و پێشکەشکاران و لەبەرژەوەندی خەڵکە، لەبەرژەوەندی گشـتییە، بـوونی زۆر زەرووریيـە، هیـوادارم ئـەوە بـە هەند وەربگیرێت، بەنیسبەت خاڵی (اقتراح الاجور الدراسية وعرضها على الوزارة لغرض اقرارها)، ئـەوە بەنیسبەت هەیئەی ئومەنا ئەوان ئەو پێشنیارە دەکەن بـۆ وەزارەت، بـەڵام مەجلیسـی جامیعـە کـە لـەخاڵی چوارەمدا هاتووە، ئەو پێشنیارە دەکا بۆ مەجلیسی ئومەنا، کەواتە مەجلیسی وەزارەت بـەرزی دەکاتـەوە بـۆ مەجلیسی ئومەنا، مەجلیسی ئومەنائیش بەرزی دەکاتەوە بۆ وەزارەت، ئەگەر پەرلەمان ئەو دەسـتەڵاتەمان لێ نەستێنێتەوە، هیچ نەبێ بتوانین قسەیەکمان هەبێ لە کرێی خوێندن، لەبڕوانامەکان، ئێمە کـە دەڵـێین با دانانی راگر یان یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بێتـە وەزارەت هـیچ نـەبێ دەسـتەڵاتێکمان هـەبێ کـە ئەگـەر هاتو یەکێك بڕوانامەکەی، ئاستی زانستییەکەی، سـیڤییەکەی، لەئاسـتی ئـەوە دا نـەبوو ببێـت بـەراگر یـان سـەرۆکی زانکـۆ بتـوانین بـەپێی یاسا قسەسـەکمان هـەبێ، راسـتە ئـەوە زانکـۆی تایبەتـە، بـەڵام خـۆ دەبـێ کارەکانی رێك بخرێ لەچوارچێوەی یاسایەك، کە رەقابەیەك هـەبێ لەلایـەن وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاوە بـۆ سەرکارەکانیان، دیسانەوە بەنیسبەت بڕوانامەی تەزویر، ئێمە تا ئێستا لە ماوەی چوار مانگ و پێنج مانگی رابردوودا زیاتر لە سەد و چل و شەش وابـزانم بۆتـە سـەد و پـەنجاش، تەڵەبـەمان فەصـڵ کـردووە لـەزانکۆ

ئەهلییـەكانی كوردسـتان، لـە هـەموو زانكۆ ئەهلییـەكان، لەبـەر ئـەوەی بڕوانامـەكانیان ئەصڵەن تـەزویرە، كۆمەڵێك خاڵی تر كە هەمووی پاساوی ئەوەیـە كـە وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا دەسـتەڵات و سەرپەرشـتیاری، مافی ئەوەی هەبێ چاودێری، سەرپەرشتی ئەو زانكۆ تایبەتانە بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕاسـتی خـۆ زۆر جێگـەی سـەرەنج و چـەند نـەزەرێكی زۆر، زۆر پەسـەندە، ئەگـەر هـیچ رەپتێـك، هـیچ چاودێرییەك بەسەر ئەو زانكۆ ئەهلیانەوە نەبێ، فیعلەن كێ دەڵێت مامۆستای وای تێدانابێ كـە شـەهادەی نییـە، تەڵەبـەی وای تێدایـە شـەهادەی نییـە، یـان ئـەو مامۆسـتایە مستەوای عیلمـی نییـە ببێتـە عەمیـدی كولییە، یان رەئیسی قسم، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆرم پێخۆشـە كـە دەڵێـی چـاودێر، زۆر واریـدە، زۆریـش تـەواوە، مـن سـیڤییەكەم چییە؟ پەرلـەمان بڵـێ ئاهەنـگ چی كردووە لەوەتەی 11/16 سوێندی خواردووە هەتا ئێسـتا، چ رۆژ باشـتر بـووە؟ چ رۆژ خـراپتر بووە؟ ئێمە كـە كلیـك لەسـەر ئینتـەرنێتی دەكـەین، هارڤـەردی دەكەیـەوە، كامبرێچـی دەكەیـەوە، سـۆربۆنی دەكەیـەوە، ئـازای كنێسـەتی ئیسـرائیلی دەكەیـەوە، جەماعـەتی وەزارەتـی حكومـەتی فیـدڕاڵی ئەمـەریكای دەكەیەوە، سیڤی بە ئەدەق تەفاسیلی حەیاتی ئینتەرنێتە، من لـە شـوقەی نـاز سـتی دانیشـتیمە تەفاصـیلی حەیاتی وان دەخوێنمەوە، بەحسیان دەخوێنمەوە، ئایا ئەوە قەد دەكرێ ئەمن سـیڤی بـە پۆسـتەی بەریـدی لە ئێستا را بنێرم؟ میللەت تەعلیق دەدات لەسـەر ئـەوەی ئـەوە چـەند شـایەنە و چـەند شـایەن نییـە، ئـەو بەحسەی كردییە چۆنە و چۆن نییە؟، ئەوە كـە مـن جامیعایـەكی ئـەهلی دادەنـێم موتەتـەوڕ دەكا، لـەوەی دەردەچێ سێ كەس لە حدودی هۆدەكی دانیشێ حكومی لەسەر بكا، ئەو بەحسەی ئـەوان تەقـدیمی دەكـەن، ئەو دیراسەی ئەوان تەقدیمی دەكەن، میللەت قەراری لەسەر دەدات، ئـەكادیمی قـەراری لەسـەر دەداتـن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی من پێشنیارێكی دیم ناردووە بۆ لیژنەی پەروەردە، دەبینـم باسـیان نـەكرد، دەمویسـت تـەنها بـەس پێش ئەوەی بهێتە باسكردن، تۆزێك ئەگەر رێگام بدەنێ من تێدەگەم لە مەترسییەكان، ئەم نموونانەم گوێ لێ بوو، فۆڕم بەگرانی دەفرۆشن، كرێی خوێندن بەكەیفی خۆیان دەكەن، شەهادات تەزویر دەكـەن، تەڵەبـە وەردەگـرن، كـە شـەهادەیان نییـە، بەڕاسـتی ئەمـە هـەمووی موبـەریر نـین، بـۆ ئـەوەی ئێمـە رێگـا بـدەین جامیعایەكی ئەهلی بكەویتە ئیدارییەن لە هەموو بڕیارەكانی بەردەستی وەزارەت، ئەوانـە هـەمووی ئیشـی

شورِته و ئیشی خەڵکی تره، کێ دەڵێت وەزارەتی خوێندنی باڵا خەبیره لە حیسابکردنی کرێی تەڵەبە، خۆ لە جامیعە و مەداریسی حکومەت کرێی خوێندن وەرناگرین، تاوەکو بزانین ئەوان خەبیرترن، بۆیە بۆ چارەسەری ئەمە تاکو وا تێنەگەیت کە من یان ئەو خوشك و برایانەی کە هاوڕان لەگەڵ من داوای بەرەڵڵایی دەکەین و خەمی ئاستی زانستی جامیعە نەخۆین، من پێشنیارێکم پێشکەشکردووە لەباتی ئیلزامی جامیعە بکەین لە هەر بڕیارێك موافەقەی وەزارە وەربگرین، شەش ڕۆژ و حەوت ڕۆژ، پێشنیارێکم کردووە خاڵی دووەم ڕەجا دەکەم کە خوێندراوە بیری لێ بکەین، ئایا ئەو هەموو مەترسییانەی لەسەر ئەوە بێت کە ئاستی زانکۆیەکە نەهێتە خوارێ، لەوێ چارەسەر بووە یان نەبووە؟ بێ ئەوەی ئێمە لەیاسا ناچاریان بکەین بڕیارەکانیان بنێرن بۆ وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تێبینم هەبوو لەکۆی هەموو ئەو موداخەلانەی کە کرا، ئێمە ئەوەندەی بەسەردا نەچووە، یاسایەکمان دەرکرد لێرە بەناوی یاسای قوتابخانە نا حکومییەکان، زۆر بەسانایی و زۆرێك لە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ئەوە قسە کرا، دەنگی لەسەر درا، کە عونسوری ڕەقابە کردن، عونسورێکی گرینگە، یەعنی ئەگەر ئێمە لەیاسایەکدا کە ئەوەندەی بەسەردا نەچووە، خولێکی بەسەردا نەچووە، یەعنی ئینتیباعەکە یەك ئینتیباعە، خەمخۆرییەکە یەك خەمخۆرییە، عەقلیەتەکانیش کە موناقەشەی کردووە ئێستا هەمووی ئێمەین کە کەحوزوورمان هەیە، ئەگەر ستراتیجییەتی حکومەتی هەرێم بۆ قوتابخانە ناحکومییەکان بەباشی بزانێ، کۆمەککردن و ڕای ئەندامانی پەرلەمان، کە پێویستە قوتابخانە ناحکومییەکان عونسووری ڕەقابە بە هەند وەربگیرێت تێیدا، لینکی بمینێت لەگەڵ لایەنی پەیوەندیداردا مەعقولیەتی تێدانییە ئێمە بۆ زانکۆکان کە مەسئولیەتەکە گەورەترە لێرەدا ئێمە تەفادی عونسووری موراقەبەکردن یان هەر لینکێك ئەگەر بە هەر شێوەیەك دابڕێژرێتەوە، بۆیە بەبڕوای من مادام بۆ قوتابخانە نا حکومییەکان ئەوە پەسەندکراوە، دەبێ ئەو ستراتیجیەتەی خۆمان بیر نەچێتەوە کە پەیوەندی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەگەڵ لایەنی قیتاعە خاصەکاندا ئەگەر لەبواری خوێندنیش دا بێت دەبێ نە پچڕێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا بابزانین لیژنەی هاوبەش پێشنیاری چی هەیە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر باس له پەیوەندی نێوان زانکۆ تایبەتەکان و وەزارەت کرا، ئەوە لەمادده (11) ئێمە ئەو کێشەمان چارەسەر کردییە، زۆر باس لەوە کرا چۆن چاودێری لایەنی زانستی زانکۆ تایبەتەکان دەکرێ، لەمادده (11) دەنگمان لۆدا، جیهازی ئیشراف و زەمان نەوعیمان هەیە، تەقیمی ئەدای جامیعاتی خاس دەکا، ئەو بابەتە دەنگی لۆ درا، ئەو بابەتە کۆتایی پێهات،

ماددەی چواردە کە بووە ماددەی سێزدە:

پێشنیاری ئەو دارِشتنەوەیە دەکەین.

ماددەی (13):

تمارس هيئة الامناء المهام الاتية:

1- رسم السياسة العامة للجامعة في ضوء سياسة التعليم العالي في الاقليم.

2- تدقيق واقرار توصيات وقرارات مجلس الجامعة.

3- تعيين رئيس الجامعة او عميد الكلية وفقاً لاحكام هذا القانون.

4- ادارة اموال الجامعة واستثمارها والتصرف بها وفق اهداف الجامعة العلمية.

5- المصادقة على خطة توفير المستلزمات الدراسية.

6- اقتراح الاجور الدراسية وعرضها على الوزارة لغرض اقرارها.

7- الموافقة على تمديد مدة خدمة رئيس الجامعة او ترشيح بديل عنه او اعفائه.

8- تعيين مساعدي رئيس الجامعة وعمداء الكليات ورؤساء الاقسام العلمية.

9- التوصية باستحداث الكليات والاقسام العلمية ودمجها او الغائها وفق معايير الجودة والضمان النوعي في الوزارة.

10- المصادقة على الموازنة السنوية والحسابات الختامية.

11- قبول الهبات والمنح والاعانات ان كانت من داخل الاقليم بعد موافقة الوزارة ومن خارجه وان كانت من خارجه بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء.

12- تحديد سلم الرواتب لجميع العاملين بما في ذلك اعضاء الهيئة التدريسية.

13- النظر في الخطة السنوية التي يقدمها رئيس الجامعة عن المشاريع الانمائية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. سەروەر.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر قسە لەسەر ئەوە کرا، من نامەوێ قسەر لەسەر ئەوەندە بکەم، بەڵام یەك پرسیاری بچوك لێرەدا دەیکەین، ئایا شوێنی وەزارەت لەکوێدایە لەمە؟، نالێین سەربەخۆیی نەبێت، بەڵام کێ ماڧ گشتی دەپارێزێت کاتێك لێرەدا پێشێل دەکرێت، یاسا دادەندرێت بەپێی واقعی کوردستان هەرشوێنە و واقعی خۆی لەبەر چاو دەگیرێت، ئێمە لەکوردستاندا واقعێك هەیە زەوی بەخشین کراوە بە ناوی زانکۆوە و نەش کراوەتێ، هاتوون زانکۆ بکەنەوە، مامۆستا هاتووە بابەتەکان هەم کاك دکتۆر عمر باسی کرد، جەنابی وەزیریش باسی کرد، لێرەدا ئەگەر چاودێرییەك نەبێت بۆ ئەم واقعەی ئەمڕۆی کوردستان کەوا هەیە، ئەم زانکۆیانە چوار چێوەیەك دانەندرێ بۆیان چوارچێوەیەکی ئاسایی بەڕاستی هەست دەکەم تووشی خەلەل دەبین، ماڧ گشتی دەفەوتێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ ئەم قۆناغە دەکرێ ئێمە وابکەین لەگەڵ سەربەخۆیشیان داین، بۆ قۆناغێکی تر ئەگەر هاتو پێویستی نەکرد دەکرێ دەستکاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ڕێباز.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم مامۆستا عظیمە باسی مەوزوعێکی کرد، مەوزوعی کۆلێژو فاکوڵتیەکە، ئێستا هەردووکی هەیە قەرار وابوو کۆلێژ بگۆڕێت بۆ فاکوڵتی، ئێمە پێش ئەوە دەبێ یەکلایی بکەینەوە لەگەڵ کۆلێژین یان لەگەڵ فاکوڵتی، چونکە ئەم یاسایە ڕێگەی لێ دەگرێ لەوەی کە زانکۆیەك بکرێتەوە کە فاکوڵتی بەکاربهێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد (هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم بەو خوێندنەوەی کە د. ڕۆژان خوێندییەوە، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە دیاریکردنی کرێی خوێندنی قوتابییان، هەروەها وەرگرتنی هاوکاری و بەخشین، ئەو دوو بابەتە زۆر بوون، ئەوە لەوێ چارەسەر کراوە، بەباوەڕی من ئەوەشی پەیوەندداره بە رادەی یان ئاستی ئیلتیزام کردنی ئەو زانکۆیانە، بە قەوانینەوە دەستنیشانکراوە لە ماددەکانی پێشوودا، چونکە ئەوان بۆ وەرگرتنی ئیجازە نیزامی داخیلیان پێویست بوو پێشکەش بکەن، سیستەمی مامەڵەکردن، لەگەڵ تەدریسین، هەروەها مەسەلەی جەودە و

جۆرییان، هەموو ئەوانە دەستنیشانکراوە، وەزارەت لەپاش ئەوەی کە رەقابەت دەکا لەسەر کاروبارەکانیان، دەتوانێ لێ پرسینەوەیان لەگەڵ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز د. سەروەر لەماددەی یانزەدا بەتایبەتی چونکە ئەمە جەنابت پرسیارەکەت کرد، وابزانم لێرەش نەما، لە ماددەی یازدەدا وتوومانە (تلتزم الجامعة بتزويد الوزارة بجميع المتطلبات التي تمكنها من اداء مهامها وعلى وجه الخصوص ما يلي: تقارير فصلية وسنوية عن المسيرة العلمية التربوية، خطة القبول السنوي، مقدار الاجور الدراسية التي تستوفى من الطلبة، مناهج الدراسة ومتابعة تنفيذها وتوفرها، نسب معايير النجاح والرسوب والتسرب) هینی الامتحاناتیش، یەعنی ئەمانە هەمووی لەماددەی یازدەدا ئێمە دەنگمان بۆدا، ئەوە رەبتەکەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمەوە دەنگەوە، بەو سیغەیەی کە پێشتر د. رۆژان خوێندیەوە، کە سیغەیەکی موشتەرەك بوو لە نێوانی هەردوو لیژنەکە، تکایە کێ لەگەڵدایە؟ دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، تەنها سێ کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لقی دووەم

ئەنجومەنی زانکۆ

ماددەی (14):

یەکەم: ئەنجومەنی زانکۆ باڵاترین دەستەی زانستی کارگێڕییە لە زانکۆدا.

دووەم: ئەنجومەنی زانکۆ پێکدێ لە:

1- سەرۆکی زانکۆ (سەرۆکە).

2- یاریدەرەکانی سەرۆکی زانکۆ (ئەندامن).

3- راگرەکانی کۆلێجەکان (ئەندامن).

4- نوێنەری دەستەی دەرس گوتنەوە (ئەندامە).

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبییەکەی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفرع الثاني**

**مجلس الجامعة**

المادة (15):

اولا: مجلس الجامعة هو اعلى هيئة علمية و ادارية في الجامعة.

ثانيا: يتألف مجلس الجامعة من:

| | |
|---|---|
| اولآ: رئيس الجامعة | رئيسا. |
| ثانيا: مساعدي رئيس الجامعة | اعضاء. |
| ثالثا: عمداء الكيات او رؤساء الاقسام | اعضاء. |
| رابعا: ممثل الهيئة التدرسية | عضو. |

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە پێشنیاری ئەوە دەکەین کە نوێنەری قوتابیان لەو ئەنجومەنە بەشدار بێت تێدا، واتە بڕگەك زیاد بکرێت (نوێنەری قوتابیان، نوێنەرێکی هەڵبژاردراوی قوتابیان ئامادەبێ لە کۆبوونەوەکانی ئەو ئەنجومەنە، ئەگەر بابەتێك پەیوەندی بەکاروباری قوتابیان هەبوو)، ئەگەر بابەتێك پەیوەندی بەوانەوە نەبوو تەنها کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە کاروبارێکی تایبەت بە مامۆستایان ئەوە پێویست ناکات نوێنەری قوتابیان ئامادە بێت، تەنها لەو حاڵەتانە کە کێشەکە پەیوەندی بەوانەوە هەبوو، هەروەها بڕگەی سێیەم (عمداء الكيات او رؤساء الاقسام)، لەبەر ئەوەی کولیەی جامیعە نەما، پێشنیار دەکەین بڵێین (رؤساء الاقسام في حالة عدم وجود كليات)، ئەگەر کولیە نەبوو، زانکۆکە تەنها لە چەند بەشێك پێکهات ئەوە سەرۆکی بەشەکان هەمان مامەڵەی راگری کۆلێژەکانیان بۆ بکرێ، ئەندام بن لەو ئەنجومەنە، واتە ئەگەر کۆلێژ بوو، راگری هەیە، راگر ئەندام دەبێ، کۆلێژ نەبوو تەنها بەش بوو، سەرۆکی بەشەکە ئەندام دەبێ،

لەبڕگەی چوارەم (ممثل الهیئة التدرسیة)، بکرێتە (ممثل منتخب الهیئة التدرسیة)، واتە نوێنەرەکە بە هەڵبژاردن هەڵبژێردرابێ و وەکو نوێنەری مامۆستایان ئەندام لەو ئەنجومەنە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەئیدی هەموو ئەو گۆڕانکاریانە دەکەم کە جەنابی د. ڕۆژان پێشنیاری کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تکایە ناوەکانتان بڵێین، زۆر سوپاس، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (سیوەیل خان، کاك عبدالرحمن، کاك شوان، تارا خان، لانا خان، شیلان خان)، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە دوو بڕگە نووسرایە، بە خۆشی هەر لە یەك بڕگە پێکدێت، نووسرایە (اولا: مجلس الجامعة هو اعلى هیئة علمیة و اداریة في الجامعة)، لەجیاتی بنووسین (ثانیا: یتألف مجلس الجامعة) یەکسەر بڵێین (ثانیا: و یتألف من: 1،2،3) نەبێتە دوو بڕگە، (ئەوەلەن و ثانیەن)، سوپاس و تەواو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابکر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەمە زانکۆی ئەهلی بێت، بۆ ئێمە لێرە دەستنیشان بکەین کە ببێتە مومەسیل لەو مەجلیسە کە ببێتە ئەندام لەو مەجلیسە؟ بە خۆیان ئیختیار بکەن، کێ پێویستیان پێیە، کێ پێ لازمە ئەو دابنێن بۆ ئەو مەجلیسە و ڕێك بێخن، مەسەلەن لێرە ئەو نووسیتی (ممثل الهیئة التدرسیة)، ئێمە لێرە ئیجبار بکەین، بەخۆیان ئەگەر پێویستیان پێ بوو دەینێن، نەبوو نابن، وەکو نوێنەری قوتابیان مەسەلەن ئەگەر پێویستیان بوو بێنن، نەیبوو....، یەعنی خۆیان بۆ خۆیان سەلاحیەت و دەستەڵاتی خۆیان هەبێت، ئیختیاری ئەو هەیئەیە دروست بکەن، من وا پێشنیار دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆیان ئێختیار دەکەن، بەس دەبێ تێیدا بێ، نابێ مووچەی تەدریسی تێدا نەبێ، کاک عبدالرحمن لە هەموو جامیعاتێك وایە، چۆن؟ بەس بەخۆیان ئێختیار دەکەن کێ دادەنێن، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوورە، ئەگەر ئێمە لێرە کردمانە یاسا، ئیجباریمان کرد، بیانەوێ و نەیانەوێ دەبێ ئەوە بێ، بەڵام ئێمە دەڵێین کە ئەوانە ئەو هەیئەیە هەیە، بەڵام ئەوانە خۆیان بۆ خۆیان بێن لەناو زیاد بکەن، کەم بکەن، ئەوە سەلاحەتێکی ترە بۆ ئەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پرسیارێکم هەیە لە لیژنەی موشتەرەك، تکاشم وایە وەڵامم بدەنەوە، بڕوام پێ بکەن من بۆ ئەوەی دەنگی لەسەر بدەم وەکو هەر یەکێك لە هاوکارەکانی ترم کە دەنگ لەسەر ئەو ماددەیە دەدەن بە بەڵێ، دەڵێ (مجلس الجامعة هو اعلى هيئة علمية و ادارية في الجامعة)، (اعلى هيئة علمية و ادارية)، قوتابییەك چی دەکا لەو هەیئەیە زەحمەت نەبێ؟ قوتابییەك کە هاتووە علم فێر بێ، تاڵبی علمە، لە هەیئەیەکی جامیعەدا دادەنیشێ، رەئی لەسەر مەنهەج چی دەڵێ؟ لە ئیدارییەکە قوتابییەك یان خوێندکارێك، هەرچییەکە ناوی، دێتە کۆبوونەوەی هەیئەی جامیعە و دەڵێ چی؟ راستە دەکرێت ئەگەر کێشەیەکی خوێندکاران هەبێ، قوتابیان هەبێ، یەکێکیان بانگ بکەن، دوای ئەوە ئەم نوێنەرە چۆن هەڵدەبژێردرێت؟........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەبێ باشە کاك شوان، بەڵام چۆن هەڵدەبژێردرێت، ئەوە شتێکی دیکەیە، چونکە جاری وا هەیە مامۆستا لە جامیعە ئیهمالی دەکا لە پۆل، مادەکەی خۆی نالێتەوە، بەلای دیکەی دا دەبا، ئەو تەڵەبەیە دەتوانێت گلەییەکانی خۆی بکات، فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماموٚستایەك ئیهمالی دەکا و دەرس ناڵێتەوە خۆ تەڵەبە ناچێ بە سەرۆکایەتی ئەو زانکۆیە بڵێ، مەفرووزە سەرۆکایەتی زانکۆ، عەمادە خۆی موتابەعەی ئەو ماموٚستایە بکات، لەنەتیجەی بڵێین دەرس و هینەکاندا دەردەکەوێ ئەو ماموٚستایە باشە یان خراپە، چی کردووە یان چی نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی منیش لەگەڵ هەر پێشنیارەکەی سیوەیل خانم بەراستی، ئەگەربێت و دەمجێکی لەرووی ڕێکخستنەوە بەو شێوەیە بێ، بەڵام منیش هاوڕام لەگەڵ کاك شواندا، وجودی تەڵەبە بەبوونی تەڵەبەیەك لێرەدا بەکۆمەڵێك حزبەوە، بەکۆمەڵێك تێڕوانینەوە، بەکۆمەڵێك بۆچوونی ئەم تەڵەبەیەوە، ئێمە بۆ مومەسیلێك، بۆ کەمئەندامان یەك یاسا ساڵێك دواکەوتووە، مومەسیلێکیان بدێ، دەبێ تەڵەبەیەکی گەنج بەم هەموو بوونەوە کێ هەڵدەبژێرن وەکو مومەسیل؟ وجودی ئەو تەڵەبەیە چییە لەناو ئەو مەجلیسی جامیعەیە؟ حەزدەکەم من خۆم ماموٚستای زانکۆبووم چەند وەختە، مەجلیسی جامیعە مومەسیلی تەڵەبە کاتێك دەبێ وەختی کێشە، وەختی شتێك دەبێ ئەم مومەسیلی هەیئەی تەدریسییە دەتوانێت دەوری مورشید ببینێت، بزانێ چ موشکیلەیەك هەیە، بێ عەرزی بکات لەناو مەجلیسی جامیعە، من لەگەڵی نیم لەوەدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**بەڕێز لانا احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن پشتگیری لە لیژنەی قانونی دەکەم، کە دەڵێ نوێنەرێکی تەڵەبەی هەبێتن لەناو ئەو مەجلیسی جامیعەی، لەبەر ئەوەی بەراستی یەعنی زۆر بەزەرورەتی دەزانم نوێنەری تەڵەبەی هەبێ لە مەجلیس جامیعەی، ئێعتیادی لە بیدایەتی کۆبوونەوەکەی نوێنەری تەڵەبەی مەوجودە، چونکە زۆر کێشە هەیە روودەداتن، کێشەی دەبێ تەڵەبە لەگەڵ ماموٚستایان، لەسەر مەنهەجە، لە بیدایەتی کۆبوونەوەکەی بەشداری دەکا کە تەرحی کرد و موناقەشەی کرد، دوایێ نوێنەری تەڵەبەی کۆبوونەوەکەی بەجێ دێڵێتن، ئەوجا هەنگێن مەجلیس جامیعە شئوونی ئیداری و شئوونی عیلمی دیراسە دەکەن، ئەوان بەتایبەت خاس، بۆیە پشتگیری لە رەئی لیژنەی قانونی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شیلان خان.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار عبدالغنی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ئەز پێشنیار دکەم کو بێتە دیار کرن مەجلیسی جامیعە، ئەنجومەنی زانکۆ چەند کەسان پێك بێت، ئایا حەوت کەسن؟ هەشت کەسن؟ دە کەسن؟ ئەندامێت وێ دیار نین مەسەلەن رەئیسی جامیعێ یەك کەسە، موساعیدی رەئیسی جامیعە چەند کەسن؟ دوونە؟ سێ نە؟ چارێ نە؟ عومەداء دەبێت چەند کەس؟ نوێنەرێ خوێنکاران ل زانکۆیێ سەدا چەند؟ یەعنی رێژا دە، پازدە، بیست، یا ژمارا بێتە دیار کرنێ، ئەو تشتا باشە، ئەزیش دگەل رەئییا لیژنا پەروەردێ و خوێندنا بالاّ و هەروەسا لیژنەیا یاسایی کو نوێنەرێ خوێندکاران ژ تێدا هەبیتن لە مەدرەسێ، هەروەسا ژ کی نە تەنها لەوێ ئێختیساسێ وان تەدریسی بن، ئەندام بن، یانە نوێنەر بن، نوێنەرایەتی وانە هەبیتن لە مەجلیسێ، بەلکو ل بەشێ تەکنیکی و ئیداریش ژی نوێنەرایەتی وانە هەبیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینییەکت هەبێ.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینیەکم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە پاش وەرگرتنی پێشنیارەکان بەو شێوەیە دادەڕێژینەوە:

ماددەی (15):

مجلس الجامعة هو اعلى هيئة علمية وادارية في الجامعة ويتألف من:

1- رئيس الجامعة/ رئيساً.

2- مساعدي رئيس الجامعة/ اعضاء.

3- عمداء الكليات او رؤساء الاقسام في حالة عدم وجود الكليات/ اعضاء.

4- ممثل منتخب للهيئة التدريسية/ عضواً.

5- ممثل منتخب للطلبة يحضر اجتماعات المجلس فيما يخص شؤون الطلبة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمەوە دەنگەوە، ، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، شەش کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (16) کە دەبێتە ماددەی (15):

یەکەم: ئەنجومەنی زانکۆ بەلایەنی کەم هەر مانگێگ جارێك کۆدەبێتەوە و سەرۆکەکەی بۆی هەیە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکات لەکاتی پێویستی دا یان لەسەر داواکاری بەنووسینی سێ یەکی ژمارەی ئەندامانی و رادەی یاسایی، بۆ ئامادەبوونی دوو لەسەر سێی ئەندامانی تەواو دەبێ و بڕیارەکان و راسپاردە و پێشنیارەکانیش بەزۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان دەبێ و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان رای ئەو لایەنە پەسەند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

دووەم: پرۆتۆکۆڵەکانی دانیشتنەکان لە تۆمارێکی تایبەتی دەنووسرێن و سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی زانکۆ واژووی دەکەن.

سێیەم: زانکۆ بڕیارەکان و راسپاردەکانی ئەنجومەنەکەی لەماوەی پانزدە رۆژ لەمێژووی کۆبوونەوەکەی دەنێرێت بۆ وەزارەت، بۆ سەیرکردن و بڕیار لەسەردانی راسپاردەکان لەماوەی مانگێك لەمێژووی تۆمارکردنی لە تۆماری هاوردە لە حاڵەتێك گەر راسپاردەکە دوای ماوەی ناوبراو نەهاتەوە، ئەوا راسپاردەکانی ئەنجومەن بە حوکمی یاسا بە بڕیار لەسەر دراو دادەندرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەعەرەبییەکەی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (16):

اولا: يعقد مجلس الجامعة اجتماعا مرة واحدة على الاقل كل شهر ولرئيسه أن يدعوه الى اجتماع استثنائي عند الضرورة أو بناءا على طلب خطي من ثلث عدد اعضاءه ويتم النصاب بحضور ثلثي الاعضاء وتتخذ

القرارات والتوصيات والمقترحات بأغلبية عدد الحاضرين، وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

ثانيا: تدون محاضر الجلسات في سجل خاص يوقعها رئيس وأعضاء مجلس الجامعة.

ثالثا: ترسل الجامعة قرارات و توصيات مجلسها الى الوزارة خلال (15) خمسة عشر يوما من تاريخ انعقادها للاطلاع والنظر في اقرار التوصيات خلال شهر من تاريخ تسجيلها في سجل الواردة، وفي حالة عدم ورود المصادقة بعد مضي المدة المذكورة يعتبر توصيات المجلس مقرة بحكم القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لەماددەکە دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها تێبینییەك بۆ دەقە کوردییەکە، (ثانیا: تدون محاضر)، بکرێ بە (کۆنووس) لە جیاتی پرۆتۆکۆڵ، زۆر سوپاس.

کێ تێبینی هەیە؟ سێ کەس ( کاك کاردۆ، سیوەیل خان، ئاهەنگ خان، کاك سالار)، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکەم هەر ئەوەیە کە دەکرێ لەگەڵ ماددەی (17) ئەمە لێك بدەین، چونکە هەر پەیوەندی بە مومارەسەی مەجلیسی جامیعە و مەهامەکانیەوە هەیە، ئەو ماددە زەروری نییە لەوێ بەو شێوەیە، دەتوانین بیکەینە یەك لەگەڵ ماددەکەی تر، زۆر سوپاس.\

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تەنها ئەمنیش تێبینییەكی بچووكم هەیە، ئەویش ئەوەیە ثانیەن رەبت بكرێتن لەگەڵ ئەوەلەن، بۆ خۆی هەر كەسێك نەك مەجلیسی جامیعەی بێتن، مەكتەبە، فوتابخانەیە، نازانم دائیرەیە ئەگەر كۆبوونەوەی دەكات لە مەحزەرەك نایننووسێ هەمووی تەوقیعی دەكەن، ئەلێرە نووسرایە ثانیەن واتە رەبتی بكا بە یەكەمەوە تەنها ثانیەن نەمێنێ، لەكۆتاییەكەی دەڵێ ( صوت معه الرئيس و تدون محاضر الجلسات في سجل خاص يوقعها رئيس وأعضاء مجلس الجامعة)، ثالثا ببێتە، ثانیەن، ثانیەنیش كە زۆر پرسیار دەكرا ئایا وەزارەت سەرپەرشتی نەكاتن و ئایا لەژێر رەقابەی كێ بێ؟ ئەلێرە هاتییە دەڵێ (ترسل الجامعة قرارات و توصيات مجلسها الى الوزارة)، واتە وەزارەت ئیشرافی دەكاتن، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو ئاهەنگ خان.**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من لەماددەی (16) كە بۆتە ماددەی (15) دەڵێم ئەو هەموو شەرتانەی ئەوەی ئێمە لەسەر جامیعات دادەنێین، مانگی جارەك كۆبوونەوە بكات و حەفتەی جارێك و رەئیس دەبێ لەگەڵ لایەنی زۆرینە بێ، ئەوە هەموو لە پرۆفایلی جامیعەكەی بەخۆی دێ، هەركەسە بەپێی جامیعەی خۆی، یەعنی داعی نییە ئێمە تەقریر بكەین، ئەمن لەو ماددە و لەو قانونەی یەك پرسیارم هەیە لە لیژنەی پەروەردە، دەمەوێ جوابم بدەنەوە لەگەڵ لیژنەی یاسایی، ئایا ئێمە ئەو قەرارە دادەنێین بۆ ئەوەی جامیعەكانی ئەهلی ئەوەی خەراپە لە هەرێم چاك بكەینەوە یان دەمانەوێ گۆڕانكاری لەسیستەمی موئەسەساتی تەعلیمی ئەهلی بكەین؟ بۆ ئەوەی جامیعاتی زۆر باشی دونیایێ بێتە هەرێم؟ ئەگەر یەكەم بێ پڕ بە پیستی خۆیتی بۆیان تەنزیم بكەین، ئەگەر دووەمیش بێ بە خوای برادەران قەشمەریمان پێدەكەن، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو كاك سالار.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، چونکە بەپێی ڕێنمایی بێ یان پەیڕەوی ناوەخۆی زانکۆ بێت دەکرێت مەعالەجە بکرێت، ئەم تەفاسیلە ئیجاب ناکات لێرە هەبێ، لەگەڵ بۆچوونی بەڕێز ئاهەنگ خانیش دام، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر دوا تێبینیت.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیچ تێبینییەکم نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەبوو ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێ، پێشنیاری دووەم ئەوەیە کە ماددەی (16 و 17) یەك بخرێت، بکرێتە چەند بڕگەیەك، دوو بەڕێزیش گوتیان ئیلغا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەڵێ ئەم ماددەیە هەر لە ئەصڵدا لەغوو بکرێ و ڕەتبکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (19 )کەس دەڵێ ڕەت بکرێتەوە، کێ دەڵێ بمینێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (14)کەس دەڵێ بمینێتەوە، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ لەغوو کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17) کە دەبێتە ماددەی (16):

یەکەم: ئەنجومەنی زانکۆ ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- بڕیاردان لەسەر مەرجەکانی وەرگرتن بەپێی بەرزەفتیەکانی وەزارەت.

2- پێشنیارکردنی پلانی وەرگرتنی ساڵانەی قوتابیان.

3- بڕیاردان لەسەر بەرنامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت.

4- پێشنیارکردنی کرێی خوێندن.

5- پاڵاوتنی .............

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا یەك دەقە، کاك عمر نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەپرسم ئایا ئێستا نیسابی قانونی هەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا جەنابی سکرتێر دەڵێ نیسابی قانونی تەواو نییە، ماددەی (17) موناقەشە دەکەین، دوایی تەسویتی لەسەر دەدەین، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (17) کە دەبێتە ماددەی (16):

یەکەم: ئەنجومەنی زانکۆ ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- بڕیاردان لەسەر مەرجەکانی وەرگرتن بەپێی بەرزەفتیەکانی وەزارەت.

2- پێشنیارکردنی پلانی وەرگرتنی ساڵانەی قوتابیان.

3- بڕیاردان لەسەر بەرنامەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت.

4- پێشنیارکردنی کرێی خوێندن.

5- پاڵاوتنی یاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆ.

6- دامەزراندنی سەرۆکەکانی بەشە زانستیەکان و یاریدەدەرانی راگرەکان و لادانیان.

7- راسپاردنی درێژکردنەوەی خزمەتگوزاری راگرەکانی کۆلێژەکان.

8- بڕوانامەی زانستی دان بە دەرچووەکان.

9- بڕیاردان لەسەر بەرزکردنەوەی زانستی بۆ ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە بەپێی رێنمایی پەیڕەوکراو.

10- پێشنیارکردنی کردنەوەی کۆلێژ و بەشە زانستییەکان و لێکدانیان یان هەڵوەشاندنەوەیان بۆ دەستەی ئەمیندارەکان.

11- ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی.

12- پەسەندکردنی میلاکی کۆلیژەکان یان بەشە زانستییەکان.

13- گرێبەست کردن لەگەڵ ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە لە عێراقی و بیانیەکان بەپێی ئەو مەرجانەی کە زانکۆ فەرمیەکان دایدەنێن (بەدەر لە دەستنیشان کردنی کرێکان).

14- راسپاردن بۆ دامەزراندنی ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە و کارمەندانی تر لە زانکۆدا و دەستنیشانکردنی مووچەکانیان و پاداشتیان و قەبوولکردنی داواکاریی وازهێنانیان و کۆتایی هێنان بە خزمەتگوزارییان.

15- بەستنی ڕێککەوتننامە لەگەڵ زانکۆکان و کۆلیژ و دەزگا زانستیەکانی کە گرنگی بە توێژینەوەی زانستی لەناو هەرێم و دەرەوەی دەدەن.

16- وەستاندنی خوێندن بە تەواوی یان هەندێکی لەکاتی پێویستی بۆ ماوەیەك لە هەفتەیەك ڕەت نەکات، بەمەرجێك زوو ئاگاداری وەزارەت بکرێتەوە و بەو کارە لەگەڵ روون کردنەوەی هۆیەکانی.

17- پێشکەشکردنی ماڵی گوازراوە بە دیاری بۆ زانکۆکان و کۆلیژەکان و دەزگا زانستی و پەروەردەییەکان.

18- قەبوولکردنی بەخشش و پیتاك و یارمەتی و وەسیەت و وەقف لەناو هەرێم و دەرەوەیدا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.

دووەم: ئەنجومەنی زانکۆ بۆی هەیە هەندێك لە دەستەڵاتەکانی بدات بە سەرۆکی زانکۆ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە عەرەبییەکەی.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (16):

اولاً: يمارس مجلس الجامعة المهام ا لاتية:

1- اقرار شروط القبول وفق ضوابط الوزارة.

2- اقتراح خطة قبول الطلبة السنوي.

3- اقرار المناهج الدراسية ورفعها الى الوزارة.

4- اقتراح الاجور الدراسية.

5- ترشيح مساعدي رئيس الجامعة وعمداء الكليات.

6- تعيين رؤساء الاقسام العلمية ومعاوني العمداء واعفائهم.

7- التوصية بتمديد مدة خدمة عمداء الكليات.

8- منح الخريجين الشهادات العلمية.

9- اقرار الترقيات العلمية لاعضاء الهيئة التدريسية وفق التعليمات المرعية.

10- اقتراح فتح كليات او اقسام علمية ودمجها او الغائها الى هيئة الامناء.

11- اعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية.

12- اقرار ملاكات الكليات او الاقسام العلمية.

13- التعاقد مع اعضاء الهيئة التدريسية من العراقيين او الاجانب وفق الضوابط التي تعتمدها الجامعات الرسمية (باستثناء تحديد الاجور).

14- توصية تعيين اعضاء الهيئة التدريسية والعاملين الاخرين في الجامعة وتحديد اجورهم ومكافأتهم وقبول استقالاتهم وانهاء خدماتهم.

15- عقد الاتفاقيات مع الجامعات والكليات والمؤسسات العلمية التي تعني بالبحث العلمي داخل الاقليم وخارجه.

16- ايقاف الدراسة كلياً او جزئياً عند الاقتضاء مدة لاتتجاوز الاسبوع على ان تعلم الوزارة بذلك فوراً مع بيان الاسباب والمبررات.

17- اهداء الاموال المنقولة الى الجامعات و الكليات والمؤسسات العلمية و التربوية.

18- قبول المنح والهبات والاعانات والوصايا والوقف من داخل الاقليم و خارجه بعد استحصال موافقة مجلس الوزراء.

ثانياً: لمجلس الجامعة تخويل بعض صلاحياته الى رئيس الجامعة.

بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

دوو تێبینیمان هەیە، یەکەم ئەوە وشەی (اهداء) بگۆڕێت بە (تبرع) کە لەخاڵی (17) هاتیە، پێشنیاری زیادکردنی بڕگەیەك بە ڕێزبەندی بڕگەی (19) بەم شێوەیە: (وضع اليات تطبيق نظام الضمان النوعي والصحة والسلامة والتطوير الاكاديمي المستمر)، زۆر سوپاس.

بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:

فەرموو جەنابی وەزیر.

بەڕێز د. على سعيد / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

خاڵی سێیەم دەڵێ (اقرار المناهج الدراسية ورفعها الى الوزارة)، بكرێ بە (اقتراح) نەك (اقرار) (اقتراح المناهج الدراسية ورفعها الى الوزارة للموافقه)، چوارەم (اقتراح الاجور الدراسية الى هيئة الامناء)، یەعنی مەجلیسی جامیعە پێشنیاری نرخەكانی كرێی خوێندن دەكات، بەرزی دەكاتەوە بۆ مەجلیسی ئومەنا، هەیئەی ئومەنائیش بەرزی دەكاتەوە بۆ وەزارەت، هەشتەم (منح الخريجين الشهادات العلمية)، بكرێ بە (ومصادقتها من قبل الوزارة)، ئێستا زانكۆكانی خۆشمان تەنها كۆنووسەكان بەرز دەكەنەوە و ئینجا دوای موافەقەت ئەمرەكان دەردەچێت، نۆیەم لەباتی (اقرار الترقيات العلمية لاعضاء الهيئة التدريسية) بكرێ بە (احالة معاملة الترقيات العلمية لاعضاء الهيئة التدريسة الى لجان الترقيات المركزية في الجامعات الحكومية وحسب الرقعة الجغرافية)، ئێستا بۆ نموونە زانكۆی گەرمیان، زانكۆی هەڵەبجە، ڕاپەڕین، مەعامەلەی تەرقییە دەنێرن بۆ زانكۆی سلێمانی بەم شێوەیە، سیانزە (التعاقد مع اعضاء الهيئة التدريسية..... هەتا دوایی)،

بنووسریّ (مع مراعات أحكام قانون المؤسائلة والعدالة)، بۆ ئەوەی رێگری بكرێت لە هەندێك ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە، ئەوە برگەی سیانزدە، ئەوانی تر وەکو خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا نیسابی قانونی تەواوە بۆ ماددەی (16) کە داوای ڕەتکردنەوەیان کرد، تکایە کێ لەگەڵدایە ڕەتبکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە،.......... کاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرەلەمان.**

برگەی سێیەم لەو ماددەیەی کە ئێستا دەنگی لەسەر دەدریّ، ئێمە لەماددەی پێشوودا کە برگەی دووەم بوو بە دەنگدان ڕەتکرایەوە، ئەویش ناردنی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی زانکۆ بوو لە لایەن هەیئەی ئەمیندارەکانەوە بندریّ بۆ وەزارەت، ئێستا جارێکی تر هەمان شتە هاتۆتەوە لێرە، ئێمە بە دەنگدان ڕەتمان کردۆتەوە،.........

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز، ئێستا ئەو ماددەیەی خوێندرایەوە ئەوە تەسویتی لە بۆ ناکریّ جاریّ، چونکە ئەندامان ڕاو بۆچوونی خۆیان لەسەر نەگۆتییە، ئەوە تەنها هی ماددەی (16)یە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ماددەی (16) کە داوای ڕەتکردنەوەی هەبوو، کێ لەگەڵ ئەوە دایە ڕەت بکرێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (26) کەس لەگەڵدایە ڕەت بکرێتەوە، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (7)کەس لەگەڵدایە بمێنێتەوە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ڕەتکرایەوە، ئێستا ئەوەی بۆ ماددەی (17) کە ئێستا بوو بە ماددەی (16) کێ دەیەویّ قسە بکات؟ تکایە با ناوی بنووسم، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (بەفرین خان، کاك سالار، سمیرە خان، هاژە خان، کاك دڵشاد، کاك پێشەوا، سیوەیل خان، بێریڤان خان، ئاهەنگ خان، تارا خان)، فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**له راستیدا ئێمه قانون دەردەکەین، ئەمە لە شەرح دەچێت، ئەمە لە ئینشاء دەچێت، قانون شەرح و ئەو هەموو تەفسیلە لە خۆ ناگرێ، من پێم وایە ئەمە شتێکی زیادەیە، هەر ئیلغا بکرێتەوە، هەر بوترێت ئەنجومەنی زانکۆ کارەکانی یان ئەرکەکانی بە پێی پەیڕەوێك جێ بەجێ دەکات و تەواو، ئەوانە هەموو زیادەیە، ئینشایە نەك قانون بەراستی، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك سالار.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من لە راستیدا ئەو ماددەیەش بە گرینگ نازانم، چونکە ئەوەی پەیوەندی بە ئەرك و ماف سەرۆك بەش و کۆلێژ و زانکۆ و ئەو هەیئەتە ئیداریانەوە هەیە، هەمووی یەعنی پەیوەندی بە ئەو ئالۆگۆڕانەوە هەیە کە لە رووی ئیدارییەوە بەخێرایی روو دەدەن، من لەگەڵ ئەوەم ئەو مادەیە رەت بکرێتەوە، لیژنەکان ماددەکانی دواتریش تا ماددەی (25) تۆزێك دیقەتی تێدا بکەن، چونکە ئەمانە دەکرێت بە پێی رێنماییەکان و پەیڕەوی ناوەخۆی زانکۆ مەعالەجە بکرێ لەراستیدا، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**تکایە لەو ناوانەی نووسراون، چونکە کاك سالار دەڵێ رەتبکرێتەوە، کەسی تر لەگەڵ کاك سالارە بڵێتن رەت بکرێتەوە؟ دەباشە کەواتە ئەوە پێنج کەس.......، فەرموو کاك د. عمر.**

**بەڕێز د. عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا جیاوازی هەیە لەگەڵ زانکۆ کە موئەسەسەیەکی ئەکادیمی تەعلیمیە، لەگەڵ دام ودەزگایەکی کۆمەڵگای مەدەنی یان لەگەڵ حزبێکی سیاسی، هەندێك شت لەزانکۆدا بە پەیڕەوی ناوەخۆ چارەسەرناکرێ تکایە، مەسەلەی مەنهەج و ئیقتراحکردنی مەنهەج و پەسەندکردنی مەنهەج کە شتێکی زۆر، زۆر عیلمی و ئەکادیمییە، با لەمە لە پەیڕەوی ناوەخۆش شتێك پێشنیار بکات، بەس ئەوە قابیلی گۆڕانە، قابیلی بڕیار لەسەردانە، بۆ ئەوەی تێڕوانینەکەمان بگۆڕین، یەعنی ئێمە لەگەڵ رێزی زۆرم دا، ئەمە ئینشاء نییە، ئەمە شتی گرینگی تێدایە، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئێستا پێنج کەس دەیەوێ ئەم ماددەیە رەت بکرێتەوە، پێش ئەوەی موناقەشەی لەسەر بکەین.........، فەرموو کاك کاردۆ.**

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەن بەبێ ئەرك نابێ، بـەڵام بۆچـوونێکی تـر هەیـە کـە مـن پـێم وایـە بەشـێکی ئـەو خاڵانـە دەکرێ رێنمایی پێ دەربکات، یەك دەق بمێنێت ئەم ماددە، چونکە بەشێکی پەیوەندی بە موازەنەی هەیە، میلاکات و نازانم چی، بەشێکی پەیوەندی بە ئیدارەی هەیە، ئێمە دەتوانین بە یەك دەق ماددەکە چارەسـەر بکـەین، ئەوی تر تەعلیماتی بۆ دەر بکەین، بەس ئیلغا بکرێتەوە ئیشی نامێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش ئەو ماددەیەی بە زیاد دەزانم، کۆمەڵێك مەوزوع هاتیتە دەرێ لـەناو ئـەو بڕەگـەو ماددانـە هـەمووی ئیدارینە، پێویست ناکات لە یاسادا هەبێت، باسی هەیکەل دەکات، باسی دانانی خوتەی تەڵەبە و مامۆستایان و وەرگرتنی قوتابی و مەنهەج و پارە و پول و دارایی دەکات، ئەگـەر بکرێـت بـە رێنمـایی یـان رێنمـایی نـاو خـودی وەزارەتەکـە پـەیڕەوی نـاوەخۆی نـاو وەزارەتەکـە یـان رێنمـایی لـەلای وەزارەت دەربچـێ، وەزارەتـی تەعلیم عالی پەسەند بکرێت، ئەمن ئەوە هەمووی بە زیاد دەزانم، پێویستە بە رێنمایی بێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من لەگەڵ مانەوەی ئەو ماددەیـەم، بـەڵام تێبینـیم هەیـە لەسـەر خـاڵی چوار و خـاڵی یـازدە، چـونکە بزەبـت لـە مـاددەی چـواردە دا هـاتووە هـەردووکی، پێشـنیارکردنی کرێـی خوێنـدن، ئامـادەکردنی بودجـەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی، هەردووکی هاتووە، لەماددەی چواردە دا هاتووە و دەنگیشمان پێدا، لـە دەسـتەی ئەمیندارەکان هەردووکی فەقەرەی پێنج و یازدە، ئەو دووە هاتووە بۆ من پێم وایـە ئـەو دووە زیـادە، لێـرە لابدرێ، چونکە لەوێ دا هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەکان زۆرن، چونکە بڕگەکان لە سێ شت دا خۆیان دەگرنەوە، بۆ نموونە ئەگەر یەك ماددە دابڕێژێت، ئەوە هەمووی دەگرێتەوە، تەعینات دەگرێتەوە، ئجور دەگرێتەوە، عەقد دەگرێتەوە، هەمووی دەگرێتەوە، بۆ نموونە یەك بڕگە، یەك بڕگە ئیدارییات، یەك بڕگە بکرێت بە ئیدارییات بە یەك رستە بۆ ئەوەی هەمووی بگرێتەوە، دوایی بە تەعلیمات تەفاسیلەکەی دەربچێ، یەك بڕگەش بواری تەعلیمییە کە پەیوەندی بە عیلاقات لەگەڵ جامیعەکانی تر هەیە، لەگەڵ وانە، پێم وایە بکرێ بە سێ بڕگە کۆ بکرێتەوە، بۆ نموونە بڕگەی یەك و دوو و سێ، هەشت، نۆ ئەمانە بکرێن بە بڕگەیەك، بۆ نموونە بڕگەی یانزدە، دوانزدە، سیانزدە، چوار، ئەوانە کە پەیوەندی بە میزانیەوە هەیە لەگەڵ حەڤدە و هەژدە بکرێ بە یەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مانەوەی ئەو ماددەیە بەگرینگ دەزانم، چونکە دوو ماددە پێشتری ئێمە دەنگمان لەسەر ئەرکەکانی دەستەی ئەمیندارەکاندا، کە ئەمەش رەچتی بەوە، گرینگە ئەو ماددەیە بمینێتەوە، بەلام تێبینی من سەبارەت بەخاڵی چوارەم دیارە بەڕێز وەزیر باسی کرد، ئەمە لەخاڵی پێنجەمی دەستەی ئەمیندارەکان هاتووە، بەلام ئەو باسی لەوە کرد کە پێشنیارکردنی کرێی خوێندن بۆ دەستەی ئەمیندارەکانە، بەلام بەنیسبەت خاڵی شەش، لەخاڵی حەوتەمی ئەرکەکانی دەستەی ئەمیندارەکان دووبارە بۆتەوە، ئایا ئەمەش پێشنیارکردنە یان هەردوکیان دەستەڵاتی دامەزراندنی سەرۆکی بەشە زانستییەکان و یاریدەدەرانی راگرەکان و لادانیان هەیە، سەبارەت بە خاڵی هەشتەم لەکوردییەکەی زۆر بەشێوەیەکی بێ سەروبەر نووسراوە، من پێشنیار دەکەم بنووسرێ پێدانی بڕوانامە بە دەرچوانی کۆلێژەکان، نەك بڕوانامەی زانستی دان بە دەرچووەکان، خاڵی نۆ بڕیاردان لەسەر بەرزکردنەوەی پلەی زانستییە، ئەگەر پلەی بۆ زیاد بکرێ باشترە لەکوردییەکەی، سەبارەت بە خاڵی هەژدەم دیسان لە خاڵی دەی ئەرکەکانی دەستەی ئەمیندارەکان دووبارە بۆتەوە، بۆیە پرسیار لە جەنابی وەزیر دەکەم ئایا خاڵی شەش و هەژدە ئەگەر دوو دەستەڵاتی هاوبەشن، واتا هەم ئەنجومەنی زانکۆ، هەم دەستەی ئەمیندارەکان دەتوانن سەلاحییەتی ئەوانەی دامەزراندنی سەرۆك و هەروەها بەخشین و پیتاك وەربگرن؟ یان جیاوازە و دووبارە بۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منـيش لەگـەڵ ئـەوەم ئـەو ماددەيـە ڕەت بكرێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر ڕەت نەكرايـەوە بـە دەنگـی زۆرینـەی ئەنـدامانی بـەڕێز ئەگـەر ڕەت نـەكراوە هەنـدێك خاڵـەكان كـورت بكرێتـەوە لـە دوو، سێ بڕگـە، بەتايبـەت ثـانيـەن ئـەوە هـەر ڕەت بكرێتـەوە پێويسـت ناكـاتن، (لمجلس الجامعـة تخويـل بعـض صـلاحياته الى رئـيس الجامعة)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بێریڤان خان.

**بەڕێز بێژیڤان اسماعيل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا، كاك پێشەوا كردی، بەس یەك داواكاریم هەیە، داوا دەكەم ئەنجومـەنی زانكـۆ ئەمینـداری زانكۆی ئاگادار بكاتەوە بە دابینكردنی قسمی داخيلی بۆ قوتابییەكان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕەتكردنەوەی ماددەكـەم، ئەگـەریش هـەر ڕەت نەكرايـەوە موسـیڕبوون لەسـەری ئـەوەی كـە كـاك دڵشاد گۆتی پڕ بە پيستی خۆيتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا تحسين ياسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر خۆمان یەكەم شت وتمان (اعلى هيئة علمية وادارية)يـە، لەبـەر ئـەوە دەبـێ مـەهامی ديـاربێ، مـن زۆر لەگەڵ ئەوەم دەبێ ئەوە مەهامەكانی ديار بێت، بەڵام وا بەباش دەزانم (ئەوەلەن و ثانيەن) هەيە، (ثانيـەن دەڵێ: لمجلس الجامعة تخويل بعض صلاحياته الى رئيس الجامعة)، لەبەر ئەوە بە تەسەوڕی من خاڵی (5، 6، 7، لەگەڵ 14)، ئيشی ڕەئيسی جاميعەيە، (ترشيح مساعدي رئيس الجامعة، تعيين رؤساء الاقسام، التوصية بتمديد مدة خدمة، چواردە توصية تعيين اعضاء الهيئة التدريسية والعاملين) ئەمانە سرف ئيشی ڕەئيسی جاميعەيە، دەتوانين مەهامی مەجليسی جاميعـە بێنينـە خـوارێ، مـەهامی ڕەئيسـی جاميعـەش لـە جيـاتی ئەوەی بڵێين دەتوانين هەندێكی بدەينە ڕەئيسی جاميعە، چونكە ڕەئيسی جاميعەكە خۆی مەهامی تايبەتی

هەیە، دووەم خاڵم دەمەوێ بیڵێم کە لە مومارەسەی مەجلیسی جامیعە یەکەم مەهامی (اقرار خطة القبول وفق الضوابط العلمیة والمعاییر ومعاني الجودة)، ئەوە یەکەم خاڵ بێ بۆ مەهامی مەجلیسی ئـەو جامیعەیـە، خاڵێکی دیکەشم هەیە، ئەگەر (اقرار خطة بحث) بۆ ئەقسامی عیلمی ئیزافە بکرێت، ئەوەش باشـە، سێیەم خـاڵم (اهـداء الامـوال المنقولـة الی الجامعـات و الکلیـات والمؤسسـات العلمیـة و التربویـة مـع التشاور مـع هیئـة الامناء)، ئەگەر ئەم ڕێگایەی وایە یان چ ڕێگایەك حەزدەکـەم پرسـیارەکەم ئەوەیـە چـۆن (اهـداء الامـوال الی الکلیات والمؤسسات العلمیة) دەبێت؟ وەڵامی ئەو پرسیارەم ئەگەر لیژنەی بەڕێز بیداتەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خەلیل عثمان حمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا هـەمان ڕەئـی ئـەو برادەرانـەم هەیـە، مـن پـێم وایـە بەڕاسـتی بەشـێك لەوانـە دەتوانـدرێت هـەم لـە ڕێنمایەکانی وەزارەتی خوێنـدنی بـاڵاوە، هـەم لـە پـەیڕەوی ناوەخۆکـەی زانکۆیەکـە دیـاری بکرێـت، یـەعنی دەتوانـدرێ بـوترێ بـە دوو دێـڕ، ئـەرك و دەسـتەڵاتەکانی ئەنجومـەنی زانکـۆ لەبـەر ڕۆشـنایی ڕێنمایـەکانی وەزارەت و پەیڕەوی ناوەخۆی زانکۆکە دیاری دەکرێت، ماددەی هەژدەمیش هەر هەمان دووبارە بوونەوەیە، من پێم وایە لە زمنی پەیڕەوە، یـەعنی دەتوانـدرێ بـە دوو دێـڕ بـرادەران سـیاغەی بکـەن و تـەواو، یـەعنی لەسەر ڕۆشنایی ئەو تەعلیماتەی وەزارەت دیاری دەکا، هەروەها پەیڕەوی ناوەخۆی زانکـۆ کـە دایـدەنێ، مـن پێم وایە دەتواندرێ بە دوو دێڕەوە بېڕێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینییەکی تازەت هەبێ.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامـم بـۆ کـاك پێشـەوا، بڕگـەی چـوار و شـەش، بڕگـەی چـوار (پێشـنیاری ئوجـور دەکـات بـۆ دەسـتەی ئەمینداران، دەستەی ئەمیندارانیش ئەوە بەرزدەکاتەوە بۆ وەزارەت بۆ موافەقەت و موسـادەقە، بەنیسـبەت شەشەم ئەو (تەعینە) بکرێ بە (تەرشیح)، یەعنی ئەنجومەنی زانکۆ تەرشیحی ڕوئەسـای ئەقسـام بکـات بـۆ دەستەی ئەمینداران، لەباتی تەعین، هەژدەش لەباتی قبوول ئەوەش لە سلاحیەتی هەیئـەی ئومـەناء بێـت، پێشنیاری قبولکردنی مینەح بەم شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**ئەوانەی کە داوای ڕەتکردنەوەیان کرد، سەحبی دەکەنەوە یان سوورن لەسەر ڕەتکردنەوەکە؟ کەس دەنگی نییە، ئەوانەی کە داوای ڕەتکردنەوەیان کرد سوورن لەسەر ڕەتکردنەوەکە؟ یان بێ دەنگ دەبن؟.....، کاک فرسەت سکرتێری پەرلەمان موداخەلەی هەیە با بفەرموێت.**

**بەڕێز فرسەت احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەدیهیەك لە قانون هەیە، هەر کە بە قانون دەزگایەك یان ئەنجومەنەك دروستکرا، مەفرووزە بە قانون مەهامەکانی ئەو دەزگایە دروست بکرێن، بۆ؟ چونکە ئەو دەزگایە بەخۆی نابێت مەهامی خۆی تەحدید بکاتن، دنیایەکی ئیش و کار بەخۆی دەداتن، سەلاحیاتیش، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سێ، چوار کەس داوایان کرد ڕەت بکرێتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، زۆر سوپاس، (10) کەس لەگەڵدایە ڕەت بکرێتەوە، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (30) کەس لەگەڵدایە بمێنێتەوە، کەواتە مایەوە، فەرموون دوا سیاغەتان بخوێنەوە بۆ خستنە دەنگەوە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی (17) لە ئەصڵی پڕۆژەکە کە ریزبەندی ماددەی (15) وەردەگرێت:**

**اولاً: يمارس مجلس الجامعة المهام ا لاتية:**

**1- اقرار شروط القبول وفق ضوابط الوزارة.**

**2- اقتراح خطة قبول الطلبة السنوي.**

**3- اقرار المناهج الدراسية ورفعها الى الوزارة.**

**4- اقتراح الاجور الدراسية ورفعها الى مجلس الامناء.**

**5- ترشيح مساعدي رئيس الجامعة وعمداء الكليات.**

**6- اقتراح تعيين رؤساء الاقسام العلمية ومعاوني العمداء واعفائهم.**

**7- التوصية بتمديد مدة خدمة عمداء الكليات.**

**8- منح الخريجين الشهادات العلمية ومصادقتها من قبل الوزارة.**

**9- اقرار الترقيات العلمية لاعضاء الهيئة التدريسية وفق التعليمات المرعية.**

**10- اقتراح فتح كليات او اقسام علمية ودمجها او الغائها الى هيئة الامناء.**

**11- اعداد الموازنة السنوية والحسابات الختامية.**

**12- اقرار ملاكات الكليات او الاقسام العلمية.**

13- **التعاقد مع اعضاء الهيئة التدريسية من العراقيين او الاجانب وفق الضوابط التي تعتمدها الجامعات الرسمية (باستثناء تحديد الاجور).**

14- **التوصية بتعيين اعضاء الهيئة التدريسية والعاملين الاخرين في الجامعة وتحديد اجورهم ومكافأتهم وقبول استقالاتهم وانهاء خدماتهم.**

15- **عقد الاتفاقيات مع الجامعات والكليات والمؤسسات العلمية التي تعني بالبحث العلمي داخل الاقليم وخارجه.**

16- **ايقاف الدراسة كلياً او جزئياً عند الاقتضاء مدة لاتتجاوز الاسبوع على ان يتم اعلام الوزارة بذلك فوراً مع بيان الاسباب والمبررات.**

17- **وضع اليات تطبيق نظام الضمان النوعي والصحة والسلامة والتطوير الاكاديمي المستمر.**

**ثانياً: لمجلس الجامعة تخويل بعض صلاحياته الى رئيس الجامعة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (35) کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانییە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، زۆر سوپاس، (11) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا، تا بەیانی سەعات (10)ی پێش نیوەڕۆ بە خواتان دەسپێرین و هەر بژین.**

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35)**

**چوار شەممە رێکەوتی 26\12\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (35)

**چوار شەممە رێكەوتی 2012/12/26**

**کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چوارشـەممە ڕێکـەوتی 2012/12/26 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (35)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (35)ی خـولی سێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکـەوتی 2012/12/26 دا بـەم شێوەیە بێت:**

**بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان: دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی چوارەم، خولی گرێدانی یەکەم، ژمارەی دانیشتن 35، ڕۆژی دانیشتن 2012/12/26، بەرنامەی کار بەپێی حوکمەکانی بڕگەی یەکی مادده 20، لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە یەکی هەموارکراوی ساڵی 1992 پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە 35 ی ئاسایی، خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 10 پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی چوار شەممە، ڕێکەوتی 2012/12/26، بەم شێوەیە بێت:**

**بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پێشنیاری یاسای زانکۆ تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان.**

**بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری تەعلیم عالی و وەزیری مونەسیقی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، بەخێربێن، ئێستاش داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی خوێندنی باڵا دەکەین، فەرموو بۆ سەکۆی لیژنەکان.**

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 18 کە دەبێتە ماددەی 17، یعین رئیس الجامعة من قبل هیئة الامناء و یشترط فیه ان یکون:**

**1- من حملة شهادة دکتوراه او ما یعادلها و بمرتبة استاذ او استاذ مساعد.**

**2- من المعروفین بالکفاءة العلمیة والاداریة.**

**3- ان لا یکون محکوماً بجنایة او جنحة مخلة بالشرف.**

**4- ان یکون متفرغاً کلیاً لعمله ولا یمارس اي عمل اخر.**

5- ان يكون مجال تخصصه له علاقة بأحد اختصاصات الاقسام او الفروع العلمية للجامعة او الكلية.

**ثانياً: يتولى رئيس الجامعة المهام التالية:**

1- رئاسة مجلس الجامعة و دعوته الى الاجتماعات العادية والاستثنائية و تنفيذ قراراته و تمثيل الجامعة امام الجهات الرسمية وغير الرسمية وله تخويل من يمثل الجامعة امام تلك الجهات.

2- ادارة شؤون الجامعة ودعوته الى الاجتماعات العادية والاستثنائية وتنفيذ قراراته و تمثيل الجامعة امام الجهات الرسمية وغير الرسمية وله تخويل من يمثل امام تلك الجهات.

3- توقيع العقود والاتفاقيات التي يصادق عليها مجلس الجامعة.

4- المصادقة على قرارات اللجان الخاصة بالشطب والتثمين والايجار.

5- ترشيح العميد و رؤساء الاقسام والفروع العلمية.

6- ايفاد منتسبي الجامعة داخل الاقليم وخارجه.

7- التوصية باهداء الاموال المنقولة الى الاجامعات والكليات والمؤسسات العلمية والتربوية.

ثالثاً: لرئيس الجامعة تخويل بعض صلاحياته لمساعديه وللعمداء و رؤساء الاقسام.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەی.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 18 کە دەبێتە ماددەی 17، سەرۆکی زانکۆ لەلایەن دەستەی ئەمیندارەکانەوە دادەمەزرێت، مەرجە ئەوانەی خوارەوەی لێ بێتە دی:

1- خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا یان هاوشانی بێ و بە پایەی پرۆفیسۆر یان پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێت.

2- لەو کەسانەی بێت کە بە هێزی لە ڕووی زانست و شیاوی کارگێڕی ناسراون.

3- وا بەپەسەند دەزانرێت، کە بواری پسپۆریەکەی پەیوەندی هەبێت بە یەکێك لە پسپۆریەتی بەشەکان.

4- تەواو خۆی تەرخان کردبێت بۆ کارەکەی و هیچ کارێکی تر دەست نەداتێ.

دووەم: سەرۆکی زانکۆ ئەم ئەرکانەی خوارەوە دەگرێتە ئەستۆ:

1- سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی زانکۆ و بانگهێشت کردن بۆ کۆبوونەوەی ئاسایی و نائاسایی و، جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی و نوێنەرایەتی کردنی زانکۆ لە بەردەم لایەنی فەرمی و نافەرمی، بۆی هەیە دەسەڵات بداتە ئەو کەسەی کە نوێنەرایەتی زانکۆ دەکات لەبەردەم ئەو لایانانەدا.

2- بەڕێوەبردنی کاروباری زانستی و کارگێڕی و دارایی زانکۆ بەپێی حوکمەکانی یاسا و پەیڕەو ڕێنماییەکان.

3- ئیمزا کردنی گرێبەست و ڕێکەوتن نامەکانی کە ئەنجومەنی زانکۆ پەسەندیان دەکات.

4- پەسەند کردنی بڕیارەکانی لیژنە تایبەتەکان بە کوژاندنەوەو نرخاندن و کرێ.

5- پالآوتنی ڕاگرو سەرۆکەکانی بەشەکان و لقە زانستیەکان.

6- ناردنی کارمەندانی زانکۆ لە ناوەوەی هەرێم و دەرەوەی هەرێم بە ئیفاد.

7- ڕاسپاردن بە پێشکەش کردنی ماڵی گوازراوە بۆ زانکۆکان و کۆلیژەکان و دەزگا زانستی و پەروەردەیەکان.

سێیەم: سەرۆکی زانکۆ بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بدات بە یاریدەدەرکانی و ڕاگرەکان و سەرۆکەکانی بەشەکان، ئەوەی تر پێویست ناکات چونکە پەیوەندی بە کۆلیژ و زانکۆ هەبوو کە رەت کراوەتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە و پشتگیری ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها تێبینیمان لەسەر خاڵی یەکەم هەیە، لەبەرئەوەی پۆستی سەرۆکی زانکۆ پۆستێکی باڵایە، بەنیسبەت زانکۆ حکومیەکانەوە لە دەسەڵاتی  سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، بۆئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرپرسیارەتی هەڵبگرێت، دوایی سەبارەت بە ڕەفتارە زانستی و کارگێڕی و داراییەکانی سەرۆکی زانکۆی تایبەت، پێشنیار دەکەین کە دانانی سەرۆکی زانکۆ بە موافەقەتی ئەنجومەنی وەزارەت بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (سۆزان خان- کاك جلال- نەسرین خان- عبدالسلام- زکیە خان- ئاهەنگ خان- کاك عماد- کاك نەژاد- کاك عمر- عظیمة خان- گوڵزار خان)، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەمە جارێکی تر بەجێی بێڵینەوە بۆ هەیئەی ئومەنا، کە تەعینەکەی بکات، بەڵام ئیختیاری وەزارەتی بکات وەك ناو، ئەوە فلاَن کەسە بەم مەرجانەی کە داندراوە بەپێی یاساکە بووەتە سەرۆکی ئەو زانکۆیە بۆ ئاگاداریتان، بەڵام پاش موصادەقەتی ئەنجومەنی وەزارەت، یەعنی ئەمە چ سەربەخۆییەکە ئێمە دەیدەین بەو زانکۆیانە، بەو شێوەیە، ئەوان ئازادن لەوەی کە کێ دەست نیشان دەکەن، بە مەرجێ لەناو ئەو چوارچێوەی مەرجانە بێت، کە لەناو یاساکەدا هاتووە و وەزارەتی لێ ئاگادار بکەنەوە، لەکاتێکدا ئەگەر هەر

چ كێشەی لێ دروست بوو و زانرا، سەرۆكی زانكۆكە كێشەكەی دروست كردووە هیچ عیلاقەیەكی پێوە نیە، ئەگەر موصادەقەی لەسەر بوو بێت یاخود نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مولاحەزەكەم لەسەر هەیئەی ئومەنایە، كە رەئیسی جامیعە دابنێت، ئیحتمالی تێدایە تەئسیراتی بۆ سەر رەئیسی جامیعەكە هەبێت، ئەگەر مەجلیسی جامیعەكە داینێت باشترە، لە یەكەمیشدا كە دەڵێت (مرتبة ولا تقل بمرتبة عن استاذ مساعد) لە لیژنەی یاسایش گوێیان لێمان بێت زەحمەت نەبێت، لە هەموو رەئیس جامیعەكان و ئەوانەی بەو دەرەجانەی لەلای خۆمان و لە هەموو شوێنێك لەڕووی قانونیەوە بێت وەكو (من المعروفين بالكفاءة العلمية)، ئەگەر (القانونيه) زیاد بكرێت نەك شەرتی بۆ دابنرێت ئەوە شتێكی باشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتیوانی بۆچوونەكەی سۆزان خان دەكەم، لەڕاستیدا ئەوە زانكۆیەكی تایبەتە، پێویست بەوە دەكات كە مەجلیس ئومەنا دایبنێت، ئەگەر بێت و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران دایبنێت، كەواتە سەربەخۆیی چی؟، سەربەخۆیی خۆی لە دەست دەدات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جیاوازی هەیە لەنێوان دڵنیا بوون لەوەی ئەو سەرۆك زانكۆیە ئاستێكی وای هەیە، كە فعلەن دەگونجێت ببێتە سەرۆك زانكۆ و، بێ ئەوەی ملكەچی لایەنێكی رەسمی بێت، من تێ دەگەم لەو دڵسۆزیەی كە خاوەنی ئەو مەبدەئانە، كە وەزارەت موافەقە بكات یان ئەو شتانەی رەبت كردن بە وەزارەت، مەبەستیش هەر ئەوەیە دڵنیا بن كە یەكێكی شایستەو لە ئاستی سەرۆكی زانكۆ لەوێ بێت، بەڵام ئەوە فكرەكە تێك دەدات كە لەسەر ئەوان بێت، بۆیە دەكرێت بۆ دڵنیا بوونی هەڵگرانی ئەو بیرۆكەیە، لە ماددەی 18 تێكستێك ئیزافە بكەین، بڕگەیەك یانیش یەكێك لەو بڕگانە بگۆڕین، بڵێین هەموو ئەو مەرجانەی پێویستە لەسەر

سەرۆکی زانکۆیەکی حکومی دا هەبێت لە هەرێمی کوردستان، ئەو مەرجانەشی تێدا بێت، بۆ دڵنیا بوون 100٪، کە پێویست نیە ئیتر وەزیر یان ئەنجومەنی وەزیران موفاقە بکات یان نەیکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زەکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتگریا کاك عبدالسلامێ دکەم، چونکە ئەگەر بێن تەماشا بکەین قانونا یا وەزارەتا تەعلیم عالی ئەگەر تەماشا بکەین، ئیك برِگە بێژێت برِوانامەی دکتۆرای هەبێت و، بۆماوەیەکیش خزمەتێ زانکۆیی هەبێت کە لە 10 سالْ کەمتر نەبێت، ڤێ وێدا عەینەن شت هاتیە خوارێ بەسەر خزمەت کەمتر لە 10 ساڵە تێدانینە، لەبەر ئەڤەیە بۆچی ئەڤەی تێدا نەبێتن، ژ بەر هەندێ بۆ دڵنیا بوون پشتگریا بۆچوونە کاك عبدالسلامێ دکەم، خالێ تر ڤێرەدا هاتە دیار کرن کو سرۆکێ زانکۆیێ چەوە بێت دانان، بەس دیار نەکریە ئەڤی سەرۆکێ زانکۆیێ یاریدەدەری وی چۆن دهێتە دیار کرن، میکانیزمە دانانە وان بە چ شێوەیەك بێتن، چەندێ بن و، کارێ وان چیە؟ ئەڤ ژ ئەگەر یاسایە بێت دیار کرن ئەوا باشتر دەبێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ قسەکەی سۆزان خان و لەگەڵ ئەوەی کە نەسرین خانیش وتی، بەنیسبەت هەیئەی ئومەنا، بەنیسبەتی دووەم فەقەرەی 5 و 6 (تەرشیح العمید) لەجیاتی (تەرشیحی) ئەوە دەڵێم موصادەقە، چونکە دانانی عەمید لە زانکۆکانی ئەهلی ئەوەی لە ولاّتان بەدی دەکرێت، بە سیڤی و بە پرۆسیجەرێکی موعەیەن دەڕوات موصادەقەی ئەوی دەوێت، ئیفاد مونتەسیب جامیعە دیسان لە هەموو پرۆتۆکۆڵی دونیا ئیفاد سەرۆك زانکۆ ناکات بە عەکسەوە ئەسڵەن ئیفادەکە لە ئیدارە دێت و، دەڵێتە ئەو عەمیدەی ئەو شتە موهیمە، ئەو موئتەمەرە موهیمە دەبێت تۆ بڕۆیت، یەعنی ئیفاد زۆر شێوازی سایکۆلۆجیەتی موختەلیفە، هی ئێمە بە شکلێکی خێرەو تەسفیەیەو، یەعنی وەکو بڵێم یەکێکی کە ئیفاد دەکەی، دەڵێت ئەوە من تۆم ئیفاد کرد، بەلاّم لە ولاّتان وانیە ئیفاد مەهامە، لە خوارێ ڕادێت ئەو موئتەمەرە هەیە، دەبێ حازر بێ لەبەر فلاّن پۆڵەسی، بۆیە ئەوە موسادەقەیە، فەقەرەی حەوتەمیش (توصیە بأهداء الاموال) ئەوەش موصادەقەیە، ئەوەش بە کەیفی خۆی نابێت، ئەوەش مەجلیس قەراری لێدەدات، شئونی خۆی هەیە (لرئیس الجامعة تخویل بعض صلاحیاتە) دیسان ئەو تەخویلە ئۆتۆماکیەن بە هەیکەلی جامیعەکەی دێتە

خوارێ، تۆ عومیدی بە هەیکەلی جامیعەکە دیاری کرایە، سەلاحیاتی تۆ چیە ئەوە وابزانم زیاتر لە شێوازی زانکۆ حکومیەکان دێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عماد فەرمووو.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من لە فەقەرە ئەوەلەن کە دەڵێت (یعین رئیس الجامعة من قبل هیئة الامناء و یشترط فیه ان یکون) بە تەسەوری من (یعین رئیس جامعه) زیادە، یەکسەر بڵێین (یشترط في من یکون رئیساً للجامعة)، چونکە تەعینی رەئیسی جامیعە لە مەجلیسی ئومەنا یەك لابووە، لە مەهامەکانی مەجلیس ئومەنا، یەکێك لە مەهامەکان تەعین رەئیس جامیعە واتە ئەو موقەدیمە پێویست ناکات، دووبارە بڵێین (یعین رئیس الجامعة من قبل هیئة الامناء) یەکسەر بڵێین (یشترط في من یکون رئیسا للجامعة) یەکسەر ئەوانەی تر بڵێنەوە، دوو: سەبارەت بە پێشنیارەکەی دیسان جەنابی وەزیر کە پێشنیاری کرد بوو، بۆئەوەی ئەنجومەنی وەزیران تەعینەکە بکاتن، ئەوەش دیسان یەك لا بووە لە مەهامەکانی مەجلیسی ئومەنا، چونکە نابێتن پێشتر دەنگمان داوە، (یعین رئیس الجامعة من قبل هیئة الامناء) ئێستا ناکرێتن جارێکی تر، ئەو سەلاحیەتە بدەینەوە وزراء ئەوانە تەعین بکەن، دیسان ئەوانە مەرجن کە دەبێت لە رەئیسی جامیعە هەبێتن، نە ئەوە مەهامەکان بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ قسەکانی ئاهەنگ خانم، دەربارەی مەوزوعی ئیفادات و ئەو قسانەی کە ئەو کردی بەڕاستی نامەوێت دووبارەی بکەمەوە، من لەگەڵی دامە ئەو زیاتر بەرەو ئەوە دەڕوات، کە جامیعە حاڵەتێکی علمی وەربگرێت و گرینگە ئەو شئونە ئیداریانەی کە ئاهەنگ خان باسی کرد تەتبیق بکرێت لە جامیعاتی ئەهلیش، لە ماددەی 18 ئەوەلەنیش حەقیقەتەن نەنووسراوە پێم خۆشە لیژنەی قانونی گوێیان لێ بێت ئەوەلەنێکی دەوێت لێرانە، لە یەکەمی دەڵێت (من حملة شهادة الدکتورا و بمرتبة استاذ) من پێم وایە (استاذ) بێت، (استاذ مساعد) لەگەڵ دانەبێت، یەعنی ئەوەی کە دەبێتە رەئیس جامیعە بەلایەنی کەمەوە مەرتەبەکەی (استاذ) بێت، لە دووەم کە دەڵێت (من المعروفین برصانتهم العلمیة وبکفاءتهم الاداریة) من نازانم ئەوە بە چی دیاری دەکرێت رەسانەی علمی و کەفائەتی ئیداری، یەعنی بە چی دیاری دەکرێت؟ دەبێت شتێك هەبێت کە پێی دیاری بکریت، یەعنی کێ رەسینە و کێ غەیر رەسینە؟ یەعنی ئەگەر رەسین هەبێت ئەوە دەبێت غەیر رەسینیش هەبێت بە چی دیاری دەکرێت ئەوە؟ ئەوە کەفائەتی علمیش

مەعلومە بە دەرەجەی ئەوە دیاری دەکرێت، بە دەرەجەی علمی دیاری دەکرێت، یەعنی کە کابرا دەبێتە پرۆفیسۆر بە مانای کەفائەتی هەیە، بۆیە دەبێتە پرۆفیسۆر، بەحسی تەقدیم کردیە ئینجا بوویتە پرۆفیسۆر، لەبەرئەوە بەڕاستی پێم وایە ئەوە دەبێت عیلاجێکی بۆ بکرێت، (من المعروفین برصانتهم العلمیة)، من پێم وایە لە دووەم و سێیەم وای تەماشا دەکەم کە ئەوانە هەمووی وەکو تەعلیماتی ئیداری و ئەوانەنە کە پێویست ناکات قانونەکەیان پێ قورس بکرێتن، پێم وایە ئەوانە کورت بکرێنەوە لە $2$ فەقەرە زیاتر هەڵناگرێت، یەعنی ئەو هەموو فەقەرانە تەقریبەن زۆرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو هاوکارم کاك عماد وتی، تەعین کردنی رەئیسی جامیعە یەك لابوویتەوە، بەڵام لەو مەرجانەی کە دانراون بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و، لیژنەنی خوێندنی باڵاش ئاگادار دەکەمەوە، ئایا پێویست ناکات ئێمە بیر لەوە بکەینەوە ئەهمیەی قانونی پێویست نیە بۆ ئەو کەسانەی یەعنی بیکەین بە مەرج بۆ ئەو کەسەی کە دەبێت بە رەئیسی جامیعە، یەعنی بۆ نموونە تاوانێکی ئەنجام نەدابێت، بابەتێك لەو بابەتانە ئەوەش پێویستە وا هەست دەکەم، چونکە سەرۆکایەتی زانکۆ پێویستە یەکێك لەو مەرجانەی تێدا بێت، ئەوە پۆستێکی گرینگە یەعنی ئەهلیەی قانونی لە دەست نەدابێت، لە ئەرکەکانیان و ئەو سەلاحیەتانەی کە هەیەتی، لە خاڵی پێنجەم نووسراوە (الموافقة علی تعین عمداء) یەعنی ڕاگرەکان، من پێم باشترە ئەو تەرشیحیان بکات، رەئیسی جامیعە موافەقەی لەسەر بکات، یەعنی بۆ شەخسی بێت ئەم بابەتە؟ بەم شێوەیە تەسەور دەکەم بە موئەسەساتی تر بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرمووو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکانی ئاهەنگ خان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵزار خان فەرمووو.

**بەڕێز گوڵزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی $18$ لە ئەسڵی یاساکە دەربارەی خاڵی یەکەمیان، بڕگەی یەکەم کە نەنووسراوە پێویستە بنووسرێت یەکەم سەرۆکی زانکۆ لەلایەن هەتا دوایی، ئایا دامەزراندنی سەرۆکی زانکۆ بە هەڵبژاردن لەنێوان چەند

کاندیدێك دەبێت یان 1 کاندید و بەس؟ لە خاڵی پێنجەم، لە برگەی دووەم دەڵێت (پاڵاوتنی ڕاگرو سەرۆکی بەشەکان و لقە زانستیەکان)، پێویست نیە بوترێت بۆ ئەنجومەنی زانکۆ، چونکە پاڵاوتنەکە بۆ ئەنجومەنی زانکۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکی تازەت هەبێت؟ لیژنەی هاوبەش ئێوە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا سەبارەت بە سەرۆکی زانکۆ، لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی ئەمینداراندا، فعلەن ئەوە ئیشارەتی پێدراوە سەرۆکی زانکۆ لەلایەن ئەوانەوە دادەمەزرێت، هەروەها سەبارەت بە بوونی مەرجەکانیش دووبارە دارشتنەوەی دەوێت، پاشان دارشتنی کۆتایی دەخەینە بەرچاوی بەڕێزان، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین سەبارەت بە ئەوەی کە لە هیچ تاوانێکی ئەوتۆ حکوم نەدرابێت، کە کاریگەری هەبێت لەڕووی لایەنی کە ڕێگر بێت لە وەرگرتنی ئەو پۆستە، پێمان باشە ئەو مەرجە زیاد بکرێت، هەروەها بەشێوەیەك دابرێژرێتەوە کە هەتا لەڕووی شکلەوە ئەوەی کە لە یەکەم فعلەن دەبێت بیکەین بە خاڵی یەکەم و، دوای ئەوە (1 و 2 و 3)ی بۆ دابنێین، واتە لەڕووی شکلیشەوە پێویستی بە دارشتنەوە هەیە، هەروەها ئەو مەرجەشی بۆ زیاد بکرێت، بەلاّم سەبارەت بە ئێمە ڕەئیمان وایە بۆئەوەی کە ڕەزامەندی وەزارەتی پێویست بێت، ئێمە پێمان وایە ئەوە پێویست ناکات، چونکە سەرۆکی زانکۆ کۆمەڵێك مەرجی قانونی بۆ داندراوە، ئەنجومەنی ئەمیندارانی ئەو زانکۆیە بۆ خۆی دایدەمەزرێنێت، هەرکاتێك کە مەرجێکی قانونی تێدا نەبوو، چونکە وەزارەت قانونەکە جێبەجێ دەکات، دەکرێت بەڕاستی پێیان بڵێت ئەم کەسە، ئەم مەرجە قانونەی تێدانیە پێویستە بیگۆڕن یان بڕیارەکەتان هەڵبوەشێنن، بۆیە پێویست ناکات بڵێین وەزارەت ڕەزامەندی لەسەر نیە، بەلاّم سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی زانکۆ لە مەسەلەی راسپاردن بە پێشکەش کردنی ماڵی گوازراوە ئەوە تەوسیەیە بەڕاستی، نەك دوا بڕیار لەلای ئەو بێت، ناردنی کارمەندانی زانکۆش خۆ دەبێت کێ ئەمرەکەیان بۆ دەربکات، خۆی ئەنجومەن بڕیار دەدات، ئەنجومەنی ئەو زانکۆیە، بەلاّم لەڕووی ئیداریەوە دەبێت سەرۆکی زانکۆ موافەقەتی بۆ بکات، ئەمری پێویستیان بۆ دەربکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا دارشتنەوەی ماددەی 18، کە بووە ماددەی 17 (يشترط في عميد الكلية ان يكون:

1- من حملة شهادة الدكتوراه او ما يعادلها و بمرتبة استاذ او استاذ مساعد.

2- من المعروفين بالكفاءة العلمية والادارية.

3- ان لا يكون محكوماً بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

4- ان يكون متفرغاً كلياً لعمله ولا يمارس اي عمل اخر.

5- ان يكون مجال تخصصه له علاقة بأحد اختصاصات الاقسام او الفروع العلمية للجامعة او الكلية.

ثانياً: يتولى رئيس الجامعة المهام التالية:

1- رئاسة مجلس الجامعة و دعوته الى الاجتماعات العادية والاستثنائية و تنفيذ قراراته و تمثيل الجامعة امام الجهات الرسمية وغير الرسمية وله تخويل من يمثل الجامعة امام تلك الجهات.

2- ادارة شؤون الجامعة ودعوته الى الاجتماعات العادية والاستثنائية وتنفيذ قراراته و تمثيل الجامعة امام الجهات الرسمية وغير الرسمية وله تخويل من يمثله امام تلك الجهات.

3- توقيع العقود والاتفاقيات التي يصادق عليها مجلس الجامعة.

4- المصادقة على قرارات اللجان الخاصة بالشطب والتثمين والايجار.

5- ترشيح العميد و رؤساء الاقسام والفروع العلمية.

6- ايفاد منتسبي الجامعة داخل الاقليم وخارجه.

7- التوصية باهداء الاموال المنقولة الى الجامعات والكليات والمؤسسات العلمية والتربوية.

ثالثاً: لرئيس الجامعة تخويل بعض صلاحياته لمساعديه وللعمداء و رؤساء الاقسام.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دايە؟ تكايە دەست بەرز بكاتەوە، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

3 كەس لە ئەندامانی پەرلەمان ڕەزامەندیان كرد لەسەر ئەوانە، كە دەبێت ڕەزامەندی موصادەقە بێت، تەخویلی سەلاحیات بەڕێزان هەتا لە موئەسەساتی (UN) بەخۆی (term of reference) هەیە دێتە خوارێ، دەڵێت تۆ سەلاحیاتت ئەوەیە نە بۆت هەیە سەلاحیاتی خۆت بدەیە دەست كەس، نە بۆت هەیە كەس بتداتێ، بەڕێزان ئەوانە موئەسەسەی حكومی نینە، تكا دەكەم ئەو هەڵەیە تیكرار نەبێت لێرە، ئەوان ئیفاد و ئەوانە هەمووی دەبێت ببێتە موصادەقە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە رۆژان.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە كە بە یاسا دەسەڵاتی هەر پۆستێك دیاریكرا، تەنها بۆی هەیە خۆی ئەو دەسەڵاتە مومارەسە بكات، بەلاّم ئێمە بە دەقی یاسا مافی دەدەینێ و بۆی هەیە، یەعنی شتەكە جەوازیە، بۆی هەیە تەنازول لە بەشێك لە دەسەڵاتەكانی تر بۆ ئەو كەسانەی كەوا دیاریمان كردووە، یان یاریدەدەرەكەی یان ڕاگری

کۆلیژێك یان سەرۆکی بەشێك ئەگەر ئەو دەقە نەبێت، بۆی نیە دوای ئەوە شتەکە جەوازیە (رئیس الجامعە)، یەعنی بۆی هەیە ئەو کارە بکات، لەوانەیە بۆی نەکات هەموو دەسەلأتەکانی خۆی ممارەسە بکات، بەس ئەگەر ئەو دەقە نەبێت حەقی تەخویلی نابێت، بە دەقی قانونی پێویستە مافی ئەوەی بدەیتێ کە ئەگەر ویستی بەشێك لە دەسەلأتەکانی تەخویلی ئەو کەسە بکات کە لە یاساکە دیاریکرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فرست فەرمووو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەلاحیات ڕاستە نادرێتە نەسێکی مخەوەل نەبێت، مفەوەز نەبێت بە تەنازوزل، مادام نەسێکی قانونی هەیە تەخویلی کردیە بە تەنازول لە سەلاحیات، ئەوە حەقی هەیە تەنازول بکاتن، ئەوە مەبدەئێکی قانونی هەیە و مافی پێداوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەو سیغەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، 43 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 7 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19 دەبێتە بە 18

الفرع الثانی: مجلس الكلية

المادة التاسعة عشرة ستصبح المادة السادسة عشرة:

اولا: يشكل في الكلية مجلس يتألف من:

1- عميد الكلية/ رئيساً.

2- رؤساء الاقسام العلمية/ اعضاء.

3- معاون العميد/ عضواً.

4- ممثل منتخب عن الهيئة التدريسية/ عضواً.

5- ممثل منتخب عن الطلبة (يحضر في القضايا الطلابية فقط)/ عضواً.

ثانياً: ينعقد مجلس الكلية مرتين في كل شهر ولرئيسه ان يدعوه الى اجتماع استثنائي عند الضرورة ويتم نصاب المجلس بحضور اغلبية عدد اعضائه ويكتمل نصاب المجلس بحضور اغلبية اعضائه وتتخذ القرارات والتوصيات والمقترحات بأغلبية عدد الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

ثالثاً: يرفع مجلس الكلية محضر اجتماعه خلال اسبوع من تاريخ انعقاده الى رئيس الجامعة للنظر فيه، وتعد القرارات والتوصيات ومقترحات مجلس الكلية مقرة في حالة عدم وجود اعتراضات بشأنها خلال اسبوعين من تاريخ تسجيلها في سجل الواردة لمكتب رئيس الجامعة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19 کە دەبێتە ماددەی 18

یەکەم: لە کۆلیژ ئەنجومەنێك لە مانەی خوارەوە پێك دێت:

1- راگری کۆلیژ   سەرۆك

2- سەرۆکی بەشە زانستیەکان  ئەندام.

3- یاریدەدەری ڕاگر   ئەندام.

4- نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی دەستەی وانەگوتنەوە   ئەندام.

5- نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی قوتابیان تەنها لە پرسەکانی قوتابیان ئامادە دەبێت) ئەندام.

دووەم: ئەنجومەنی کۆلیژ لە مانگێکدا دووجار کۆدەبێتەوەو سەرۆکەکەی بۆی هەیە لەکاتی پێویست داوایان بکات بۆ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی، ژمارەی یاسایی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی دێتە کایەوەو بڕیارو راسپاردە و پێشنیارەکان بە زۆرینەی ژمارەی ئامادەبووان وەردەگیرێن و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکان ئەو لایەنە پێش دەخرێت کەوا سەرۆك دەنگی لەگەڵ داوە.

سێیەم: ئەنجومەنی کۆلیژ کۆنووسی کۆبوونەوەکانی لە ماوەی هەفتەیەك لە ڕێکەوتی بەستنی بۆ سەرۆکی زانکۆ بە مەبەستی تێڕوانینی، بەرزدەکاتەوە، بڕیارو راسپاردەو پێشنیارەکانی ئەنجومەنی کۆلیژ لە حاڵەتی نەبوونی نارەزایی لەسەریان لە ماوەی دوو هەفتە لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی لە تۆماری هاتووەکان (واردە) نووسینگەی سەرۆکی زانکۆ، ئەوا بڕیاردراوی هەژمار دەکرێن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەوە فەرعی دووەم نیە، فەرعی سێیەمە لە خاڵی یەکەم ئەوەلەن ئەو (لها)یەی ناوێت، (یشکل فی المجلس یتألف من) لە بڕگەی 4 و 5 کە باس لە نوێنەری دەستەی مامۆستایان و، نوێنەری قوتابیان دەکات، وشەی مونتەخەب زیاد بکرێت، نوێنەرەکە هەڵبژێردراو بێت لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئەو نوێنەرە دابندرێت، لە ئەندامی ئەنجومەنەکە و نوێنەری مامۆستایان و قوتابیان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (د. احمد- هاوڕاز خان- کاك نەژاد- کاك جمال)، فەرموو د. احمد:

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی چوارەم و پێنجەم، چونکە لە هەندێك تێبینیەکانی زانکۆکان هاتووە، کە ئەو دوو خاڵە رەش بکرێتەوە، من پێم وایە بوونی نوێنەری هەیئەی تەندروستی و، نوێنەری قوتابیان کە هەڵبژێردرا بێت وەکو ئەوەی لە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش دا هاتووە، زۆر زەرورە بوونیان هەبێت، چونکە ئێستا وای لێهاتووە کە زانکۆکان، کۆلیژەکانیان یان لقەکانیان دەکەنەوە لە شارەکانی تر، بۆیە کۆلیژی زانکۆیەك لە شارێکی تر بێت، ناکرێت ئەو نوێنەرەی کە لە مەجلیسی جامیعە هەیە، نوێنەر بێت یان ئیکتیفا بەوە بکرێت لە بڕی ئەو نوێنەرەی کە لە کۆلێژەکە هەیە، چونکە ئەمڕۆ گیروگرفتی هەم مامۆستایان زۆرە، هەم قوتابیانیش زۆرە، بۆیە بوونی نوێنەری هەم هەیئەی تەندروستی و، هەم مامۆستایان، هەم قوتابیانیش بەشێوەی هەڵبژاردن بێت گرینگە لە ئەنجومەنی کۆلێژەکە بوونی هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە من پێم وایە یەکەم ئەو هەیکەلەتەی کە لێرە دانراوە، بەڕاستی هەر لە نیزامی داخلی هەر لە پەیڕەوی ناوخۆی زانکۆکە دەتوانرێت ئەوە بکرێت، چونکە لەوانە هەندێك گۆڕانکاری ڕووبدات، هەندێك پێویستی ڕووبدات، ئەگەر مولزەم نەبێت بە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە ئیشکال دروست بێت، سەبارەت بە دووەمیش دەڵێت ئەنجومەنی کۆلێژ هەموو مانگێك 2 جار کۆدەبێتەوە، یەعنی ئەگەر لە هەموو مانگێك 2 جار کۆنەبووەوە، چی بەرامبەر دەکرێت، یەعنی ئیجرائات چیە؟ لەبەرئەوە پێم وابوو چوونە وردەکاریە، قوڵ بوونەوەیە یەعنی لەجیاتی ئاسانکاری، لەجیاتی بەجێهێشتنی هەندێ شت بۆ کۆلێژەکان، یەعنی شتەکان ئاڵۆزتر، قورستر وای لێ دەکات کارەکان زەحمەت تر بڕۆن بەڕێوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لیژنەی قانونی هەندێك یەعنی ڕاستکردنەوەی کرد ئەوە من لەگەڵ دامە، ئەوەی دکتۆرە ڕۆژان چاکی کردەوە ڕاستە، بەڵام نازانم (ممثل هيئة تدريسية) ئەگەر هەش بێت، ئەوە دەبێت حەقیقەتەن

شتێك دیاری بكرێت، كە بە هەڵبژاردن بێتن، یەعنی یەكێك هەڵدەبژێرن یەعنی هەبێت تێیدا بێت، یەعنی (ممثل هیئة تدریسي) بە هەڵبژاردن بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە وەكو هاوڕاز خانیش وتی ڕاستە یەعنی ئەو شتانە دەگۆڕێن، بە مروری زەمەن لەوانەیە دەگۆڕێن، هیچ پێویست ناكات ئەو تەفاسیلانە لەناو قانونەكە هەبێتن بەڕاستی، ئەوەی تەڵەبەش بە حەقیقەتەن بەخۆتان دەزانن ئێمە چەندین ڕێكخراوی قوتابیانمان هەیە، یەعنی بە حەقیقەت من ئەو قسەیە دەكەم، مومكینە تەداخولات ببێتن لەو جامیعاتانە بە هەر شێوەیەك بێتن، من پێم وایە تەلەبەكان لەناو خۆیان لەوێ مومەسیلی خۆیان هەڵدەبژێرن، ئەگەر نەشبێت باشتریش، ئەوەی تر سێیەم (یرفع مجلس الكلیة) پێم وایە بكرێتن (محاضر اجتماعه) ئەو (خلال اسبوع الجامعة)ي ناوێتن، شەرت نیە (خلال اسبوع) بێت، یەعنی مەحازر ئیجتماعی لەوانەیە بە 6 ڕۆژان، بە 5 ڕۆژان تەئخیر بێت، مەسەلەن لەوانەیە بە 10 ڕۆژان، یەعنی شەرت نیە ئیلا دەبێ لە خیلالی ئسبوعێك بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك دوێنێ و پێش دوێنێ بیستمان، جەنابی وەزیر كە بەنیازن مەعهەدی تایبەتیش بكەنەوە، بۆیە من پێشنیاردەكەم لە عنوانەكەی بڵێین (مجلس الكلیە، المعهد) واتە مەجلیسی كولیەو مەعهەد لێرە دابنێین، پێویست ناكات جارێكی تر بێن دووبارە یاسایەكی تر بڵێین بۆئەوە، دووەم: خاڵی یەكەم كە ئەوەی لێرە دەبێت 18 (یشكل في او یكون للكلیة او المعهد مجلس یتألف من) یەعنی ئیشی مەجالیسی كولیەو مەعهەد تەقریبەن یەك ئیشەو، یەك مەهامەو، یەك مومارەسە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بوونی نوێنەری مامۆستایان و قوتابیان، ئێمە پێمان وابووە كە ئەوە هەبێت و لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێت، ئێستاش هەیە لە ڕاستیدا، لە ئەنجومەنی كۆلێژەكان، نوێنەری مامۆستایان و قوتابیان و خوێندكاران هەیە، كاریگەری ئیجابیشی هەیە بۆئەوەی كە كاروباری كۆلێژەكە لەو ڕووەی پەیوەندی بە مامۆستایان هەبێت، لەو ڕووەی پەیوەندی بە قوتابیان و خوێندكاران هەیە بە باشی بڕوات، سەبارەت بە مەسەلەی ئەوەی كە ئەوانە لە نیزامی داخیلی دا هەبێت، وەڵلاهی ئێستا لە زانكۆ حكومیەكاندا، لە یاسای خوێندنی باڵا ئەوە هاتووە، زۆرجار كۆبوونەوەی ئەنجومەنی كۆلێژو زانكۆ پەیوەندی بە چارەنووسی تەلەبەوە هەیە، پەیوەندی بە كۆمەڵێك بڕیارەوە هەیە، بۆیە دواكەوتنی دەبێتە مایەی ئەوەی كە تەئسیری

خراپی لەسەر بەڕێوەچوونی کارەکان هەبێت، بۆیە ئەگەر لە قانوندا بمێنێتەوە ئەوە هێزە قانونیەکەیی و پابەندبوونی ئەو لایانانە بەشێوەیەك دەبێت، کە تەئسیری ئیجابی دەبێت، بۆیە ئێمە جەخت لەوە دەکەینەوە کە بمێنێتەوە باشترە، سەبارەت بە مەسەلەی پەیمانگا، وەڵلا پێمان خۆشە لەو بارەوە ڕای بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاش بزانین، ئایا ئێمە بیکەینە ئەنجومەنی کۆلێژ و پەیمانگا، یان هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە؟، چونکە لە ئەساسدا قانونەکە نەوتراوە قانونی زانکۆو پەیمانگا تایبەتەکان، بەڵام دەشکرێت زانکۆی تایبەت مەسەلەن پەیمانگا بکاتەوە، با گوێمان لە بیرو بۆچوونی وەزیر بێت لەو بارەیەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەردوو زانکۆی حکومی و زانکۆی تایبەت بۆیان هەیە کۆلێژیش بکەنەوە، پەیمانگاش بکەنەوە لە هەمان کاتدا، پێشنیار دەکەم پەیمانگا دەرج بکرێت، چونکە بە تەئکید زانکۆ تایبەتەکان و حکومیەکانیش بۆیان هەیە پەیمانگا بکەنەوە، پەیمانگا شەرت نیە هەر لە دەرەوەی زانکۆ بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پەیمانگا ئێمە دواتر لە مادده کۆتاییەکان ماددەیەك دادەنێین، ئەو حوکمانەی لەسەر کۆلێژەکان جێبەجێ دەکرێت، هەمان حوکم لەسەر پەیمانگەکانیش جێبەجێ دەکرێت، بەوەی چارەسەریان دەکەین، لەبەرئەوەی هەموو ماددەکان ناوی پەیمانگای تایبەتمان لێ هێنایە بەو ماددەیە لە کۆتایی چارەسەری دەکەین، الفرع الثالث مجلس الكلية

اولا: يشكل في الكلية مجلس يتألف من:

1- عميد الكلية/ رئيساً.

2- رؤساء الاقسام العلمية/ اعضاء.

3- معاون العميد/ عضواً.

4- ممثل منتخب عن الهيئة التدريسية/ عضواً.

5- ممثل منتخب عن الطلبة (يحضر في القضايا الطلابية فقط)/ عضواً.

ثانياً: ينعقد مجلس الكلية مرتين في كل شهر ولرئيسه ان يدعوه الى اجتماع استثنائي عند الضرورة ويتم نصاب المجلس بحضور اغلبية عدد اعضائه ويكتمل نصاب المجلس بحضور اغلبية اعضائه وتتخذ القرارات

والتوصيات والمقترحات بأغلبية عدد الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت معه الرئيس.

ثالثاً: يرفع مجلس الكلية محضر اجتماعه خلال اسبوع من تاريخ انعقاده الى رئيس الجامعة للنظر فيه، وتعد القرارات والتوصيات ومقترحات مجلس الكلية مقرة في حالة عدم وجود اعتراضات بشأنها خلال اسبوعين من تاريخ تسجيلها في سجل الواردة لمكتب رئيس الجامعة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرزبکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشر

يمارس مجلس الكلية المهام التالية:

اولاً: اقتراح خطة القبول السنوي، و شروط القبول حسب الاقسام العلمية و متابعة تنفيذها بعد اقرارها.

ثانياً: اقتراح استحداث الاقسام العلمية و دمجها او الغائها.

ثالثاً: التوصية بخطط الاقسام او الفروع العلمية بشأن دعوة الاساتذة الزائرين.

رابعاً: اقتراح الخطط الخاصة بالبحث العلمي والتأليف والترجمة والنشر وتوفير مستلزمات التعليم.

خامساً: اقتراح خطة الدراسات العليا والمناهج الدراسية.

سادساً: اعداد ملاكات الكلية.

سابعاً: فرض العقوبات الانضباطية على الطلبة وفق التعليمات المقرة من الجامعات.

ثامناً: اقتراح خطة للعلاقات الثقافية والعلمية مع نظيراتها.

تاسعاً: التوصية بمنح الشهادات العلمية للخرجين.

عاشراً: رفع التوصية بالترقيات العلمية لأعضاء الهيئة التدريسية الى رئاسة الجامعة حسب تعليمات الترقيات العلمية المعتمدة.

حادي عشر: لمجلس الكلية تخويل بعض صلاحياته الى العميد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 20 کە دەبێتە 19

ئەنجومەنی کۆلێژ ئەم ئەرکانە دەگرێتە ئەستۆ:

1- پێشنیارکردنی مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابی بەپێی بەشە زانستیەکان و بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی لە پاش پەسەند کردنی.

2- پێشنیارکردنی پلانی وەرگرتنی ساڵانە.

3-پێشنیارکردنی لە نۆژەن دانانی بەشە زانستیەکان و لێکدان و هەڵوەشانەوەیان.

4- راسپاردنی دانانی پلانەکانی بەشەکان یان لقە زانستیەکان لەبارەی بانگهێشتی مامۆستای میوان.

5- پێشنیارکردنی پلانی تایبەت بە توێژینەوەی زانستی دانان و وەرگێڕان و دانان و بلاوکردنەوەو فەراهەم کردنی پێویستیەکانی خوێندن.

6- پێشنیارکردنی پلانی خوێندنە باڵاکان بەپێی مەرجی تایبەتی.

7- پێشنیارکردنی بەرنامەکانی خوێندن.

8- ئامادەکردنی میلاکەکانی کۆلێژ.

9- سەپاندنی سزای بەرزەفتکردن بەسەر قوتابی بەپێی ڕێنماییەکان، کە لە زانکۆ بڕیاری لەسەر دراوە.

10- پێشنارکردنی پلانێك بۆ پەیوەندیە ڕۆشنبیری و زانستیەکان لەگەڵ هاوشانەکانی.

11- ڕاسپاردن بە دانی بڕوانامەی زانستی بە دەرچووان.

12- بەرزکردنەوەی ڕاسپاردە بۆ بەرزکردنەوەی زانستی بۆ ئەندامی دەستەی دەرس وتنەوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ، بەپێی ڕێنماییەکانی بەرزکردنی زانستی پەیڕەو کراو.

13- ئەنجومەنی کۆلێژ بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی بدات بە ڕاگر.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە لەسەر خاڵەکان، هەر هەمووی پێویستن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ 3 کەس، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە یەکەم پێشنیار کردنی مەرجەکانی وەرگرتن، دووەم پێشنیار کردنی پلانی وەرگرتنی ساڵانە، شەشەم هەیتمان پێشنیار کردنی پلانی خوێندنە باڵاکان، حەوتەمیش پێشنیارکردنی بەرنامەکانی خوێندن، حەزم لێیە بەڕێز کاك دکتۆر علی سعید ڕوونی بکاتەوە، مەرجەکانی وەرگرتن، یەعنی پرۆسەکە ستراتیجیە لەلایەن وەزارەتەوە رەسم دەکرێت، یانیش هەموو سەربەستیە دەدرێتە ئەوان، هەروەها بەنیسبەت ئەوانەی باسیشم کرد، پلانی وەرگرتن و پلانی خوێندن، چونکە وەزارەتی خوێندنی باڵا پلانەکە دادەڕێژێت و نسبەی دەرەجەکە دەست نیشان دەکات، لە بۆ ئەوان کە سەربەخۆ نینە لەوە، مەسەلەن 50 لە حقوق وەربگرن، یانیش 50 لە بەشێکی زانستی وەربگرن، وابزانم لێرە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە ئێمە پێشتر لە ماددەی 17 هەندێك شروتمان دانا، هەندێك مەهاممان دانا بۆ مەجلیسی جامیعە و، لێرە ئەو مەهامانەی کە داندراوە بۆ مەجلیسی کولیە، لەبەرئەوەی سیاسەتەکەیان سیاسەتێکی موشتەرەکە بۆ 1 جامیعەیە، دەکرێت هەندێ لەوانە بە ڕێنمایی ڕێك بخرێت، چونکە وەکو رەسمی سیاسە لە مەهامی مەجلیسی جامیعەدا هێڵە گشتیەکان داندراوە، ئەوەی تریان دەکرێت هەندێکی بە ڕێنمایی ڕێك بخرێت، چونکە عامەتەن کۆمەڵێك مەهامی سەرەکی هەیە کە سیاسەتی گشتی جامیعەکەیە، یەعنی ناکرێت بۆ هەموو ئەو شتانە ورد ببێتەوە، بۆ مەهامی کولیەکەش بەتایبەتی خاڵەکانی یەکەم، دووەم، سێیەم، ئەوانە هەر هەمووی عیلاقەی بە داڕشتنی سیاسەتی علمی کولیەکەوە هەیە، ئەو خاڵانە بۆ هەمووی نەکرێت بە یەك وەك لە هەندێك تەفاسیل، هەروەها سەبارەت بە فەقەرەی 9 لە ماددەکەدا (فرص العقوبات الانضباطیة)، بە بڕوای من ئەوە لە هەموو موئەسەسەیەکدا تایبەتە بە تەعلیماتی داخلی ئەو شوێنە، یەعنی پێویست ناکات بچێتە ناو یاساکەوە، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە کەم بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیار دەکەم یەکەم و دووەم و سێیەم، کە هەرسێکیان پێشنیارە بەم شێوەیە بێت (اقتراح شروط القبول حسب الاقسام العلمية و خطط قبول السنة واستحداث الاقسام العلمية)، ئەوە ببێت بە یەکەم، شەشەم و حەوتەم و هەشتەم و دەیەمیش ئەویش ئیقتراحە، بە هەمان شێوە (اقتراح خطة الدراسات العليا والمناهج الدراسية و اعداد ملاكات وخطة للعلاقات الثقافية والعلمية) ئەوە هەشت خاڵمان لە کۆڵ بووەوە بوو بە 2 خاڵ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیەکی ترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی زانستی وەحدەی ئەساسیە لە هەموو جامیعەیەکدا، دەبێت پلانی وەرگرتن هەموو ئەوانە خوتەی سەنەوی لەوێ دەست پێ بکات وەکو پێشنیار و، دوای ئەو پێشنیارانە بە نەزەر ئیعتبار وەردەگیرێت و موناقەشە دەکرێت و، بڕیاری لەسەر دەدرێت لە ئەنجومەنی زانکۆ، دواتر ئەوەی سەلاحیەتی ئەنجومەنی زانکۆ نەبێت بەرز دەکرێتەوە بۆ هەیئەی ئومەنا، لەبەرئەوە لە سوڵبی واجباتی علمی، ئەقسامی علمی و کولیاتە، دەبێت هەموو ئەو خاڵانە بمێنن، بەڵام دەمج کردنەکەی مەسەلەیەکی ترە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بەڕاستی پێشنیارەکان هەموو بەجێن، بەڵام زۆربەیان لایەنی هونەریە، مەسەلەی دەمجی یەك و دوو و سێ و چوار و ئەوانە، بەڵام بەمشێوەیەی ئێستا هیچ کێشەیەك دروست ناکات، مەسەلەی پێشنیاری شروتی قبوڵ و خوتەی قبوڵ و ئەوانە لەلایەن ئەوەی کە ئێستاش لە زانکۆ حکومیەکاندا هەیە، هەر لە کۆلێژ و بەشەکاندا، ئەوەی پەسەندەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەوە، بۆیە ئەوەی کە لێرەوە هاتووە رێك هەماهەنگە لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا کاری پێ دەکرێت، بۆیە هیچ کێشەیەك دروست ناکات، مەوزوعی چوونە ناو تەفسیلات و ئەوانە، بەڕاستی دوو ئیتیجاه هەیە لەم مەوزعەدا، هەیە دەڵێ قانون باشترە وایە گوشراو و موجەمەد بێت و، وردەکاریەکان بگەڕێتەوە بۆ تەعلیمات و ڕێنمایەکان ئەوەی کە ئاشتی خان باسی کرد، بەڵام ئێستا لە کوردستاندا لەم وەزعەی کە ئێمە تێیداین، پێم باشە وردەکاریەکانی بێتە ناو قانونەکە وەکو ئەوەی کە لێرە پێشنیار کراوە، لەبەرئەوەی مەجالی تەفسیرات و

مەجالی بۆچوونی کەسی و تاکە کەسی نەچێتە ناو مەوزوعەکەوە، یەعنی هیچ زەرەر ناکەین ئێستاکە بەم شێوەیە بە تەفسیل باسکرابێت، دیارە هەندێك عقوباتی ئینزباتی کە ئێستا هەیە کاری پێ دەکرێت، فعلەن هەیە و تەسبیت کراوە و نەش هاتووەتە ئێرەو، بەلاّم سەلاحیاتی مەجلیسی کولیە بێت کە بێت ئیقاعی ئەوانە بکات، یەعنی تەنفیز و فەرزی ئەو عقوبەتانە بکات، بۆیە لەگەڵ ڕێزگرتن لەو بۆچوونانە پێمان وایە ئەوەی کە لە ماددەکە هاتووە گونجاوە و کێشە دروست ناکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دواسیاغەتان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 19

یمارس مجلس الکلیە المهام التالیە، بڕگەی یەك و دووەمان دەمج کرد، شەش و حەوت دەمج کرایە بەم شێوەیە:

1- یمارس مجلس الكلية المهام التالية:

اولاً: اقتراح خطة القبول السنوي، و شروط القبول حسب الاقسام العلمية و متابعة تنفيذها بعد اقرارها.

ثانياً: اقتراح استحداث الاقسام العلمية و دمجها او الغائها.

ثالثاً: التوصية بخطط الاقسام او الفروع العلمية بشأن دعوة الاساتذة الزائرين.

رابعاً: اقتراح الخطط الخاصة بالبحث العلمي والتأليف والترجمة والنشر وتوفير مستلزمات التعليم.

خامساً: اقتراح خطة الدراسات العليا والمناهج الدراسية.

سادساً: اعداد ملاكات الكلية.

سابعاً: فرض العقوبات الانضباطية على الطلبة وفق التعليمات المقرة من الجامعات.

ثامناً: اقتراح خطة للعلاقات الثقافية والعلمية مع نظيراتها.

تاسعاً: التوصية بمنح الشهادات العلمية للخرجين.

عاشراً: رفع التوصية بالترقيات العلمية لأعضاء الهيئة التدريسية الى رئاسة الجامعة حسب تعليمات الترقيات العلمية المعتمدة.

حادي عشر: لمجلس الكلية تخويل بعض صلاحياته الى العميد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 20:

يعين عميد الكلية بقرار من هيئة الأمناء يشترط فيه ان يكون:

1- من حملة شهادة الدكتوراه وبمرتبة استاذ مساعد على الاقل.

2- من المعروفين برصانتهم العلمية وبكفاءتهم الادارية.

3- من المختصين بأحد اختصاصات قس الاقسام او الفروع العلمية للجامعة او الكلية.

4- متفرغاً كلياً لعمله ولا يمارس اي عمل اخر.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 21 كە دەبێتە ماددەی 20، من پێش خوێندنەوەی ئەو ماددەیە دەمەوێت جارێكی تر ئەوە ڕوون بكەمەوە، كە یەكێك لە سەرنجەكانی لیژنەی هاوبەش لە ڕاپۆرتیشدا ئاماژەمان پێداوە، ئەوەیە كە داڕشتنەوەی كوردیەكەی كە وەكو چۆن لە پرۆژە ئەسڵیەكەدا هاتووە، زۆر تێبینیمان لەسەر هەیە پێویستی بەوە هەیە سەر لە نوێ هەمووی دابڕێژرێتەوە، بۆیە ئەوەی كە دەیخوێنمەوە ئێستا بە كوردی، ئەو داڕشتنە نیە كە لەلایەن لیژنەی هاوبەشەوە ئامادە كراوە، ماددەی 21 كە دەبێتە ماددەی 20

ڕاگری كۆلێژ بە بڕیارێك لە دەستەی ئەمیندارانەوە دادەمەزرێت و، پێویستە ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی:

1- خاوەنی بڕوانامەی دكتۆڕا بێت و بە لایەنی كەم پرۆفیسۆری یاریدەدەر بێت.

2- بە پتەوی زانستی و توانای كارگێڕی ناسرابێت.

3- پسپۆر بێت لە یەكێك لە پسپۆریەكانی بەشەكان یان لقە زانستیەكانی زانكۆ یان كۆلێژەكە.

4- خۆ تەرخان كارێكی تەواو بێت بۆ كارەكەی و هیچ كارێكی تر نەگرێتە ئەستۆ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەكت هەبێت؟ لیژنەی هاوبەش ئێوە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ئەم 5 کەسە (هاژە خان- کاک جلال- شلێرخان- کاک عبدالسلام- کاک عماد- د. احمد)، فەرموو هاژە خان.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم ماددەی 21 و 22 لەیەك بدرێت، چونکە بە هەمان شێوە لە سەرۆکی زانکۆ وامان کرد، یەعنی مەرجەکانی و ئەرکەکانی بە یەکەوە کراوەتە 2 بڕگە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەش وەکو ئەوی لێ بکرێت، بکرێتە ماددەی 21 بڕگەی یەکەم و دووەم، واتە ماددەی 22 و 21 بەیەکەوە لێك بدرێت، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارەکەم بۆ لیژنەی هاوبەشە، ئەم شروتانەی لێرە هەیە لە ماددەی 18 نەسەن هەیە، ناتوانین بڵێین بەپێی ئەو ماددانەی لە ماددەی 18 هاتووە، نەفسی سودی تێدابێت، بە کەلیمەیەکیش فەرقی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە هاوڕام لەگەڵ قسەکەی کاک جلال، بەڵام ئەوەی موتەفەریقەکەکە بەڕاستی عەمیدی کولیە، کە ئەو روتبەی شەهادەی دکتۆرای هەبێت، یەعنی نابێت بەو شێوەیە هەر ئەو ئیشە بکات، یەعنی هەر لە مەجالی علمیەکە دەبێت سوودی لێ وەربگیرێت، یەعنی ناتوانین ئەوەی بەسەردا فەرز بکەین، دوای ئەوە ئێمە عەمیدمان هەیە بەس بۆ کولیە نیە، ئەگەر شتێك ئیزافە بکرێت (یجوز تعین العمداء الاخرین غیر عمداء الكوليات لتولي مسؤلية ای نشاط جامعي يقوم به لهذه الغاية)، چونکە عەمیدمان هەیە هەر هی کولیە نیە لەناو جامیعە حکومیەکانیشدا هەیە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەوەی بۆ زیاد بکرێت، بزانین شروتەکەی چیە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عبدالسلام فەرموو

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا پشتگیری تێبینیەكەی شلێرخان دەكەم، ئێمە لە كەرتی تایبەتین بۆ خدمەی مەدەنی چەند شەرت دابنێین لەسەر ئەو كەسەی كە پارەی دەدەینێ، بە كەیفی خۆمانە، بەڵام لە كەرتی تایبەت خەڵك ئازادە، هەر خۆشیەكەی كەرتی تایبەت ئەوەیە یەكێك فرسەتی ئەوەی هەبێت لە 3، 4 بوار داهاتیشی هەبێت و توانای خۆشی بخاتە گەڕ، ئێمە حەقمان چیە ئەوە لە چوارەم دابنێین، مەجلس ئومەنایەك هەیە، مەجلیس جامیعەش هەیە، یەعنی هەیئەی ئومەنا هەیە، مەجلیس جامیعەیە، مەجلیس كولیە، ئێمە بۆ باوەڕ بەوان ناكەین، ئەوان بەپێی زروفی خۆیان دەتوانن قەرار بدەن یان نا، دین لە ئەمەریكا كە عەمیدی هارڤەرد بوو، موستەشاری سەرۆكی ئەمەریكا بوو، ئەندامی لیژنەش ئەو بوو، بۆیە هیچ كەم و كوڕی نەبوو، سۆفت پاوەریشی بۆ ئێمە تەئلیف كرد، بۆیە من پێشنیاردەكەم پشتگیری پێشنیارەكەی شلێر خان دەكەم، ئەو چوارەمە هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو دوو كامیرانە لێرە چەند جار ئینزارم كردیە، بۆیە وا قسە دەكەم، یەك حەرەكەی ناتەبیعی بكەی كامیرا دێتە سەرت، یەك پیركژی نەكەی كامیرا دێتە سەرت، چیە ئەوە؟ ئەگەر وابێت لێیان قبوڵ ناكەم، زۆر بێ مانایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عماد فەرموو.

**بەڕێز عماد محمد حسين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەرەتا هاتووە (يعين) ئەوە لابدرێت، چونكە یەك لاكراوەتەوە پێشتر، تەعین كردنی عەمیدی كولیە پێشتر هاتووە، ئەركەكانیان، صەلاحیەتەكەی ئومەنایە، پێویست ناكات دووبارە ببێتەوە، بە هەمان شێوە پشتیوانی لە پێشنیارەكەی هاوكارانم دەكەم، بەوەی كە مەرج نیە موتەفەریغ بێت، چونكە تەسەور دەكەم ئەركەكانی ئەوەندە گران نیە وەكو رەئیسی جامیعە، تا بڵێین ئیلا دەبێت موتەفەریغ بێت، هەمان پرسیاریش دەكەمەوە ئایا پێویست ناكات بە هەمان شێوە باس لە ئەهلیەی قانونی و یەعنی شتێك لەو بابەتە ئیزافە بكرێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابرهيم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا یەك خاڵ بوو، پێم وایە رەئیسی كولیە و، پێشتریش عەمیدی كولیە لەگەڵ رەئیسی جامیەعەش كە پێشتر نازانم ئەو خاڵەمان باس نەكرد، كە (من المعروفين لسيرتهم الذاتية)، حكوم نەدرابێت بە شتێك كەوا موخیل بێت بە شەرەف، چونكە بەڕاستی پایەی سەرۆكی زانكۆ لەگەڵ عەمیدی كولیە بەڕاستی پایەكە، كە لە رەئسی هەرەمەكەیە، بەڕای من پێویست بوو ئەو خاڵەی بۆ زیاد بكرێت مەعروف بن بە سیرەی زاتی، حكوم نەدرابن بە تاوانێكەوە موخیل بن بە شەرەف، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینی تازەت هەیە؟ لیژنەی هاوبەش بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئێمەش لەگەڵ ئەوەین كە هەردوو ماددەی 21 و 22 دەمج بكرێت، هەروەها ئەوەش لابدرێت كە بە بڕیارێك لە دەستەی ئەمیندارانەوە، فعلەن چونكە پێشتر ئەو بڕیارە دراوە، هەروەها لەگەڵ ئەوەین كە لە بڕگە چوار، كە دەڵێت خۆ تەرخان كردووی تەواوبێت ئەوەش لابدرێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەین كە ئەوەی كە سزا نەدرابێت، كە حكوم نەدرابێت بە هیچ سزایەك كە ڕێگر بێت لەوە، لەگەڵ ئەوەشین، بەلام یەك سەرنج دەدەین بەڕێزان، زۆر گرینگە كە ئێمە موناقەشەی قانون دەكەین، هەمیشە موقارنە بكەین، بەلام دەبێت لە ڕاستیدا موقارەنەكەمان واقیعیانە بێت، لە موناقەشەی ئەو قانونە چەند جار باسی هارڤەرد كرا، هارڤەرد لە كوێ و زانكۆی تایبەتی ئێمە لە كوێ؟، كە بۆ 1 ساڵ داوای كردووە تەنها لە بەشی قانون 900 كەس وەربگرێت، لە هەموو دونیادا بگەڕێی بەشێكی قانون نادۆزیەوە، لە هەموو زانكۆكانی جیهاندا داوا بكات 900 تەلەبە لە قانون بۆ 1 ساڵ وەربگیرێت، ئەوە واقیعی كوردستانە دەبێت هەوڵ بدەین بیگونجێنین، دوا سیاغە دەخوێنینەوە، دوای ڕەچاو كردنی ئەم تێبینی و سەرنجانەی كە لەلایەن بەڕێزان پێشكەش كرا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەكەین، كە ماددەی 21 و 22 ڕێك بخرێت و بكرێتە یەك ماددە، واتە ئەوەی لە ناوەڕۆكی ماددەی 21 هاتووە ئەگەر دەمجەكە دەنگی هێنا دەبێتە بڕگەی یەكەم لە ماددەكەدا بەمشێوەیە (اولاً: يشترط في عميد الكلية:

1- من حملة شهادة الدكتوراه و بمرتبة استاذ مساعد على الاقل.

2- من المعروفين بالكفاءة العلمية و الادارية.

3- من المختصين بأحد اختصاصات الاقسام او الفروع العلمية للجامعة او الكلية.

4- ان لا يكون محكوماً بجناية او جنحة مخلة بالشرف.

سەرەتا ئەو پێشنیارەی یەکخستنەکەی مادده 21 و 22 بدرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە دەبێتە بڕگەی یەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کێ لەگەڵ دایە ماددەی 21 و 22 بکرێت بە یەك؟ تکایە دەستی بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە، ئەو سیاغەیەی کە لیژنەی هاوبەش خوێندیانەوە، تکایە کێ لەگەڵ دایە؟ دەستی بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەبێت بە دووەم لە ماددەی 20،

ثانيا: يتولى عميد الكلية المهام التالية:

1- ترشيح معاون ورؤساء الاقسام والفروع العلمية في الكلية من بين اعضاء الهيئة التدريسية المعينين على الملاك الدائم.

2- متابعة سير الدراسة في الكلية لتحقيق اهدافها والعمل على الترصين المستمر للحالة العلمية والفكرية والتربوية.

3- المصادقة على توصيات مجالس الاقسام او الفروع العلمية.

4- الموافقة على توزيع المواد الدراسية والوحدات الفصلية على اعضاء الهيئة التدريسية والمحاضرين.

5- تأمين المستلزمات الدراسية من الاجهزة المختبرية والعلمية والكتب الدراسية وغيرها.

6- المصادقة على توصيات اللجان المشكلة في الكلية.

7- صرف المكافات.

ثالثا: لعميد الكلية تخويل بعض صلاحياته لمعاونة او لرؤساء الاقسام او الفروع.

رابعاً: يمارس رئيس القسم صلاحية العميد في الجامعات التي تتكون من اقسام فقط.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرمو.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: ڕاگری کۆلێژ ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات

1- پالاَوتنی یاریدەدەرەکەی و سەرۆکەکانی بەشە زانستیەکان یان لقەکان لە کۆلێژ لەنێوان ئەندامانی دەستەی دەرس وتنەوەی کە لەسەر میلاکی هەمیشەیی دامەزراون.

2- بەدواداچوونی بەرێوەچوونی خوێندن لە کۆلێژ لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی و کارکردن لەپێناوی پتەوکردنی بەردەوامی باری زانستی و هزری و پەروەردەیی.

3- پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی بەشەکان یان لقە زانستیەکان.

4- ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دابەشەکردنی کەل و پەلی خوێندن و یەکەکانی وەرزی بەسەر ئەندامانی دەستەی دەرس وتنەوەو وانە بێژەکان.

5- دابینکردنی پێداویستیەکانی خوێندن لە ئامێری تاقیگەیی و زانستی و کتێبی خوێندن و هی دیکە.

6- ڕەزامەندی دەبڕین لەسەر راسپاردەکانی ئەو لیژنانەی لە کۆلێژ پێك هێنراون.

7- خەرج کردنی پاداشتەکان.

8- بە ئیفاد ناردنی کارمەندانی کۆلێژ لەناو هەرێم و دەرەوەیدا.

سێیەم: ڕاگری کۆلێژ بۆی هەیە هەندێك لە دەسەلاَتەکانی بدات بە یاریدەدەرەکەی یان بە سەرۆکەکانی بەشەکان یان لقەکان.

چوارەم: سەرۆکی بەش دەسەلاَتی ڕاگری دەبێت لەو زانکۆیانەی کە پێك دێن تەنها لە بەشەکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیمان هەیە، یەکەمیان تایبەتە بە برگەی چوارەم بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە (الموافقة على توزيع المواد والوحدات الدراسية الفصلية)، واتە وەحدەش زیاد بکرێت، سەبارەت بە برگەی هەشت تەنها لەناو هەرێم مافی ئیفادی هەبێت، لەبەرئەوەی (خارج الاقليم) دەرەوەی هەرێم ئەو دەسەلاَتە لە ماددەکانی پێشوو تر درایە سەرۆکی زانکۆ، واتە دەقەکە بەم شێوەیەی لێ بێت برگەی هەشت (ايفاد منتسبي الكلية داخل الاقليم).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی بالاَو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خالّی یەکەم (ترشيح معاون و رؤساء الاقسام العلمية في الكلية) بگۆڕێت بە (ترشيح معاون و رؤساء الاقسام والفروع العلمية في الكلية).

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنها 3 كەس (هاوڕاز خان- كاك نەژاد- تارا خان) فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە خاڵی 7 و 8 خەرج كردنی پاداشتەكان، من پێم باشە ئەوە بكرێتە سەلاحیاتی رەئیسی جامیعە و، خاڵی هەشتیش بە ئیفاد كردن ئەگەر ئەوەی لیژنەی یاسایی وتیان شتێكی باشە بۆ ناوەوە، ئەگەر نا ئەویش بكرێتە سەلاحیاتی رەئیسی جامیعە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ قسەكەی هاوڕاز خان دام، مەسەلەی سەرف و موكافەئات (المصادقة على توصيات اللجان المشكلة في الكلية)، هەر لە سەلاحیاتی رەئیسی جامیعەیە ئیتر پێویست ناكات لە قانون بەو شێوەیە بێت و، ئیفادیش بە هەمان شێوە، هەر لە بازنەی كاری خۆیەتی، یەكەمیشی كە تازە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ڕاستی كردەوە، منیش هەر لەگەڵ ئەوە دامە كە وابێتن، بەڵام لە سێیەمدا كە لێرە بە سێیەم هاتووە، نازانم لەوێ چەندە، كە دەڵێت (يمارس رئيس القسم صلاحية العميد في الجامعات التي تتكون من الاقسام فقط)، ئەگەر ئەوە مەبەست كولیەی جامیعە بێت كە ئێمە لەغومان كردەوە، ئەوە تەبعەن لەغو كراوەتەوە، ئەگەر نا (من الاقسام فقط) مەخسەدی چیە نازانم، مەبەست لە ئەقسام چیە؟ حەز دەكەم لیژنە بۆم ڕوون بكاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ئیقتراح دەكەم حەوتەم و هەشتەم لابرێت، چونكە ئەوانە سەلاحیاتی رەئیسی جامیعان، (صرف المكافأت)( (ایفاد منتسبی الكلیه).

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو دوا سیاغە و دوا ڕەئیتان.

**د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی چوارەم کە مەسەلەی ئەو جامیعاتانەی کە ئەقسامی تێدایە، فعلەن هەندێ جامیعات هەیە، جامیعات وەکو فەنی و تەکنەلۆجین، کە لەجیاتی ئەوەی کولیاتی هەبێت ئەقسامی هەیە، ئەوە وەکو ڕوونکردنەوە وابزانم وەزیریش هاودەنگە لەسەر ئەو مەوزوعە، مەوزوعی حەوتەم و هەشتەم کە باسی سەرفی موکافەئات دەکرێت، (ایفاد منتسبی) دەکرێت، ئەوە لە چوارچێوەی کولیەیە ئێمە ئاگاداربین رەئیسی جامیعە دەتوانێت بەشێك لە سەلاحیاتی خۆی بدات بە عەمیدەکان هیچ کێشەیەك دروست ناکات، چونکە تەوەجوهی ئێمە دەبێت بەرەو ئەوە بچێت ڕۆتین کەم بکەینەوە، یەعنی بۆ سەرفی موکافەئەیەك لە چوارچێوەی کولیەیەك پێویست ناکات کتاب بچێت بۆ ریئاسەی جامیعە و لەوێ موافەقە بکرێت یان نەکرێت، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش ڕامان گۆڕیوە کە مانەوەی ئەوە هیچ کێشەیەك دروست ناکات و، هیچ تەزادێکی نیە لەگەڵ سەلاحیاتی سەرۆکی زانکۆ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لەسەر ئەو زانکۆیانەی تەنها لە بەش پێك دێن، ئەگەر ئێمە سەیر بکەین ئێستا باشترین 2 زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا زانکۆی کوردستان و زانکۆی ئەمریکی، لەڕاستیدا هەردووکیان دەچنەوە ئەو قالبەی کە پێیان دەوترێت کۆلیژە زانکۆ، چونکە لەوێ ئەوان کۆلێژیان نیە بەشی زانستیان هەیە لە زانکۆکەدا چەند بەشێکی زانستی هەیە، نەك زانکۆیەك بێت لە چەند کۆلێژێك پێك هات بێت، بۆیە لەم حاڵەتانەدا پێویستە حیساب بۆ بەشەکان بکرێت، چونکە لەجیاتی کۆلێژ بەش هەیە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەبێتە بڕگەی 9 ماددەی 20،

ثانیاً: یتولى عمید الكلیة المهام التالیة

1- ترشیح معاون ورؤساء الاقسام والفروع العلمیة في الكلیة من بین اعضاء الهیئة التدریسیة المعینین على الملاك الدائم.

2- متابعة سير الدراسة في الكلية لتحقيق اهدافها والعمل على الترصين المستمر للحالة العلمية والفكرية والتربوية.

3- المصادقة على توصيات مجالس الاقسام او الفروع العلمية.

4- الموافقة على توزيع المواد الدراسية والوحدات الفصلية على اعضاء الهيئة التدريسية والمحاضرين.

5- تأمين المستلزمات الدراسية من الاجهزة المختبرية والعلمية والكتب الدراسية وغيرها.

6- المصادقة على توصيات اللجان المشكلة في الكلية.

7- صرف المكافات.

ثالثا: لعميد الكلية تخويل بعض صلاحياته لمعاون او لرؤساء الاقسام او الفروع.

رابعاً: يمارس رئيس القسم صلاحية العميد في الجامعات التي تتكون من الاقسام الفقط.

**د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نیسابمان تەواو نیە ناتوانین تەسویت بکەین بەڕاستی، فەرمووون بۆ ماددەیەکی تر تا ئەو خوشك و برايانە دێنەوە.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئەگەر نەساب تەواو نەبێت، دەکرێت موناقەشە بکەین، ئێستا ئێمە لەبەردەم بەشی چوارەم داین، کە تایبەتە بە ئەنجومەنی کۆلێژە زانکۆ ماددەی 23 و 24 و 25، لەبەرئەوە لە ئەساسدا کۆلێژە زانکۆ رەت کرایەوە، پێویستە ئەم ماددانەش رەت بکرێنەوە هیچی موناقەشە نەکرێت، بێینە سەر ماددەی 26 دەبێ ئەوەش تەسویت بکرێت، تەسویتی ناوێت چونکە ئەگەر تۆ کۆلێژە زانکۆت رەت کردووەتەوە، دەبێت بێینە سەر لقی پێنجەم کە دەبێتە بەشی چوارەم، ماددەی 26 کە دەبێتە ماددەی 21.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفرع الرابع

مجلس القسم او الفرع

الماده التاسعه عشره:

اولاً: تتكون الكلية من اقسام او فروع علمية و يجوز ان تضم وحدات للبحوث العلمية ووحدات ادارية.

ثانياً:

1- القسم او الفرع العلمي هو الوحدة العلمية الاساس في التعليم الجامعي الخاص يديره مجلس القسم او الفرع

و رئيسه ويضم عدداً من التدريسيين لا يقل عن سبعة على ان لا يكون اربعة منهم على الاقل من حملة شهادة الدكتوراه.

2- يعين رئيس القسم و رئيس الفرع بقرار من رئيس الجامعة و بترشيح من عميد الكلية على ان لا تقل مرتبته العلمية عن (مدرس) و تحدد مهامة بالنظام الداخلي.

ثالثاً: يجوز لعضو الهيئة التدريسية في الجامعات الحكومية القاء المحاضرات بصفته محاضر خارجي بعد اكمال نصابه القانوني في جامعته و بموافقة رئاسة القسم و عمادة الكلية.

رابعاً: يجوز اعارة خدمات التدريسين الحكومين كملاك الى هذه الجامعات من غير الاختصاصات النادرة بعد موافقة الجامعة والوزارة لمدة معينة وتتحمل الجامعة الخاصة رواتبهم ومختصصاتهم المنصوص عليها في القوانين والانضمة والتعليمات وتحتسب مدة خدمتهم فيها لاغراض العلاوة والترقية العلمية.

خامساً: يتولى مجلس القسم او الفرع العلمي المهام التالية:

1- التوصية بما يحتاجه القسم من اعضاء الهيئة التدريسية والمحاضرين والفنيين ودعوة الاساتذة الزائرين.

2- اقرار مشاريع البحوث العلمية المقدمة من اعضاء القسم او الفرع.

3- التوصية بتعضيد التأليف والترجمة والنشر والبحوث العلمية والاهتمام ببحوث الطلبة وتوفير مستلزمات تنفيذها.

4- تنفيذ قرارات مجلس الجامعات او الكلية المحالة من قبل العميد.

5- تشكيل اللجان العلمية والتربوية وفق حاجة القسم.

6- متابعة التطورات العلمية والتقنية و توجيه اعضاء الهيئة التدريسة لتحديث وتطوير المناهج الدراسية.

7- تقييم الحالة العلمية للقسم سنوياً والعمل على ترصينها.

8- اقتراح خطة لتأهيل و تطوير الملاكات العلمية والادارية.

سادساً: لمجلس القسم او الفرع تخويل الرئيس بعض صلاحياته.

**د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردیەكەی.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينی):**

بەشی پێنجەم

ئەنجومەنی بەش يان لق

ماددەی 21

يەكەم: كۆلێژ لە بەش و لقە زانستیەكان پێك دێت، دەشێت يەكەی زانستی و يەكەی كارگێڕی بگرێتە خۆ.

دووەم:

1- بەش یان لقی زانستی بریتیە لە یەکەی زانستی بنەڕەتی لە خوێندنی زانکۆیی تایبەتدا کەوا ئەنجومەنی بەش یان لق و سەرۆکەکەی بەڕێوەی دەبەن و ژمارەیەك مامۆستا لە خۆ دەگرێت کە نابێت لە حەوت مامۆستا کەمتر بن بە مەرجێك، بەلای کەم، چواریان هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا بن.

2- سەرۆکی بەش و سەرۆکی لق بە بڕیارێك لەلایەن سەرۆکی زانکۆو بە کاندیدکردنی لەلایەن ڕاگری کۆلێژەوە، دادەمەزرێت، بە مەرجێك پلەی زانستی لە (مامۆستا) کەمتر نەبێت و ئەرکەکانی لە پێڕەوی ناوخۆ دیاری دەکرێت.

سێیەم: ئەندامی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆ حکومیەکان، پاش تەواو کردنی ڕادەی یاسایی لە زانکۆکەیدا و بە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی بەش و ڕاگرایەتی کۆلێژ، بۆی هەیە بە سیفەتی وانەبێژی دەرەکی وانە بلێتەوە.

چوارەم: دەکرێت خزمەتی ئەو مامۆستا حکومیانەی پیسپۆڕیەکانیان دەگمەن نیە، پاش ڕەزامەندی زانکۆو وەزارەت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، وەك میلاك بۆ ئەم زانکۆیانە بخوازرێن، زانکۆ تایبەتەکەش ئەو موچەو تەرخانکراوەکانی لە یاساو پێڕەوو ڕێنماییەکان دەڤیان لەسەر کراوە لە ئەستۆ دەگرێت و ماوەی خزمەتیان لەم زانکۆیانەدا بۆ مەبەستی سەر مووچە و بەرزکردنەوەی زانستی، بۆیان هەژمار دەکرێت.

پێنجەم: ئەنجومەنی بەش یان لقی زانستی ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

1- ڕاسپاردنی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوەو وانەبێژ و هونەری و داوەتکردنی پرۆفیسۆری زائر بەو ئاستەی کەوا بەش پێویستی پێیانە.

2- بڕیاردانی پرۆژەی ئەو توێژینەوە زانستیانەی کەوا لەلایەن ئەندامانی بەش یان لق پێشکەشراون.

3- ڕاسپاردن بە دەستگرتنی دانان و وەرگێران و بلاوکردنەوەو توێژینەوەی زانستی و گرینگیدان بە توێژینەوەی قوتابیان و دابینکردنی پێداویستیەکانی جێبەجێ کردنیان.

4- جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی زانکۆ یان کۆلێژ کە لەلایەن ڕاگرەوە بۆی ڕەوانە کراوە.

5- پێکهێنانی لیژنەی زانستی و پەروەردەیی بەپێی پێداویستی بەش.

6- بەدواداچوونی پێشکەوتنە زانستی و تەکنیەکیەکان و ئاراستەکردنی ئەندامانی دەستەی وانەگوتنەوە بۆ نوێکردن و پێشخستنی پرۆگرامەکانی خوێندن.

7- ساڵانە هەڵسەنگاندنی باری زانستی بەش و کارکردن بۆ بەهێز کردنی.

8- پێشنیارکردنی پلانێك بۆ لێهاتوو کردن و پێشخستنی میلاکاتە زانستی و کارگێڕیەکان.

شەشەم: ئەنجومەنی بەش یان لق بۆی هەیە هەندێك دەسەڵاتەکانی خۆی بە سەرۆکەکەی ڕاسپێرێت.

**د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا نسابی قانونی تەواوە بۆ ئەو ماددەیە، کە پێشتر خوێندرایەوە بەو سیغەیەی کە خوێندرایەوە، تکایە کێ لەگەڵ دایە؟ دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەو ماددەیەی کە خوێندرایەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین و، یەك تێبینیمان هەیە لەسەر خاڵی سێیەم، ئایا ئەو مامۆستایانەی کە لەسەر میلاکی زانکۆ حکومیەکانن تا چەند دەرفەتیان هەبێت لە زانکۆ تایبەتەکان وانە بڵێنەوە؟ ئێمە لەنێوان ئەندامانی لیژنە 2 بۆچوون هەبوو، بۆچوونێك کە ڕێگری بکرێت لەوەی کە مامۆستایانی میلاکی زانکۆ حکومیەکان وانە بڵێنەوە لە زانکۆ تایبەتەکان، ڕای دووەم ئەوە بوو کە ڕێگایان پێ بدرێت، بەلاَم دوای وەرگرتنی ڕای ئەنجومەنی زانکۆ، بەبێ ڕای ئەنجومەنی زانکۆ ڕێگا نەدرێت وانە بڵێنەوە، ئەویش لەبەرچی پێداویستی زانکۆ حکومیەکان، تا زانکۆ حکومیەکان پێویستیان بە کەفائەتی ئەو مامۆستایە هەبێت، بە پسپۆری و شارەزایی ئەو مامۆستایە هەبێت و، کاریگەری هەبێت لەسەر ئەدای مامۆستایەکە لە زانکۆ حکومیەکان، ڕێگای پێنەدرێت بچێت لە زانکۆ تایبەتەکان دەرس بڵێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی خاڵی دووەم (یعین رئیس القسم) ئیزافە بکرێت و، (رئیس الفرع) چونکە نەهاتووە لەوێ، خاڵی دووەم دکتۆرە جەنابت دۆزیتەوە، من تێبینیم نەبوو لەسەر خاڵەکانی تر، بەس ئەگەر ڕوونکردنەوە پێویست بکات، سەبارەت بە بەشداری کردنی ئەندامانی دەستەی وانە وتنەوە لە زانکۆ حکومیەکان، بەپێی عورف پێویستە جوهدی مامۆستا بۆ بەشەکەی خۆی بێت و، ئەگەر لێی زیاد بوو دەبێت بۆ کۆلێژەکەی خۆی بێت، ئەگەر لێ زیاد بوو ئەو کاتە بۆ زانکۆی تر بێت، لەبەرئەوە هەتا ئەو بەشە زانستیەی کە مامۆستا کاری تێدەکات پێویستی بە پسپۆری ئەو مامۆستایە بێت، مەفروزە ئەو جوهدەی ئەو مامۆستایە بۆ ئەو قسمە بێت، بەلاَم ئێمە دڵنیاین و، پێشمان چاکە کەوا زانکۆ تایبەتەکان ئیعتماد بکەنە سەر خۆیان و، ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دابین بکەن، بەلاَم چاکیش نیە بڵێین (لایجوز) بەو موتلەقیە، لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری زانکۆ تایبەتیەکان پێویستیان بە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەبێت لە زانکۆ حکومیەکان، پێشنیار دەکەین بکرێن بە 2 بڕگە، یەعنی لەجیاتی یەك و، دوو بڵێین یەکەم (یجوز اشتراك اعضاء الهيئة التدريسية في الجامعات الحكومية بالقاء محاضرات بصفتة محاضر خارجي بعد اكمال نصابه القانوني في جامعتة وبموافقة رئاسة القسم و عمادة الكلية)، یەعنی دەبێت بەشی زانستی ڕەزامەند بێت، ئەنجومەنی کولیەکە ڕەزامەند بێت، ئەو کاتە ئەو مامۆستا بەڕێزە بۆی هەیە وانە بڵێتەوە لە زانکۆیەکی تایبەت، چونکە ئەگەر کاتیشی هەبێت دوایی وای لێ دێت توانای ئەو مامۆستایە زیاد لە پێویست بەکاردێت و، توانای نامێنێت و ئەدائی بۆ بەیانیان وەکو خۆی نامێنێت، دووەم خەدەمات (يجوز اعارة خدمات التدريسين الحكومين كملاك الى هذه الجامعات من غير الاختصاصات النادرة بعد موافقة

الجامعة والوزارة لمدة معينة وتتحمل الجامعة الخاصة رواتبهم ومخصصاتهم المنصوص عليها في القوانين والانضمة والتعليمات).

**د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (د. احمد- كاك نەژاد- سمیرە خان- كاك عبدالسلام- سۆزان خان)، فەرموو دكتۆر احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر بڕگەی سێیەمە لەو ماددەیە، دیارە وەكو پێشنیاریش كراوە من لەگەڵ ئەوەم كە هەم ئەوانەی كە لە (اعضاء هیئة التدریسین) لە جامیعاتی حكومی ئەوانە بۆیان هەبێت مەحازەرات بڵێنەوە لە زانكۆ تایبەتەكان (بعد اكمال نصابه القانوني في جامعتة وبموافقة رئاسة القسم و عمادة الكلية)، وەكو ئەوەی كە لە پێشنیاری وەزارەتی خوێندنی باڵادا هاتووە ئەوە خاڵی یەكەم بێت، خاڵی دووەم (من التدریسین من حملة شهادة الدكتوراه والماجستير بالقاء محاضرات بصفتة محاضر خاريجى)، ئەوە بۆ ئەوانەی كە هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرا و ماجستێرن، بەلاّم نە لە زانكۆی حكومی لەسەر میلاكن، نە لە زانكۆی تایبەت، یەعنی ئەوە مافە بستێنینەوە، ئێستا ئێمە هەڵگرێكی زۆری بڕوانامەی دكتۆڕاو ماجستێرمان هەیە، كە بواریان بۆ نەرەخساوە نە لە زانكۆ حكومیەكان دەرس بڵێنەوە، نە لە زانكۆ تایبەتەكان، ئەگەر بە میلاكیش لەسەر زانكۆی تایبەت وەرنەگیرا بێت، بۆی هەبێت وەكو موحازر ئەو زانكۆیە ئیستفادەی لێ بكات، بۆیە من پێم باشە ئەو بڕگەیە بكرێت بە دوو خاڵ،خاڵی یەكەم بوار بدرێت بە (اعضاء الهيئة التدريسية) لە زانكۆ حكومیەكان و موافەقەتی جامیعە، خاڵی دووەم ئەوانەی كە هەڵگری بڕوانامەن دكتۆراو ماجستێرن، ئەوانەش بۆیان هەیە ئیستفادە لە وتنەوەی وانە لە زانكۆ تایبەتەكان بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەنیسبەت دووەم (يعين رئيس القسم و رئيس الفرع بقرار من رئيس الجامعة و بترشيح من عميد الكلية)، من پێم وایە ئەوەش زیاد بكرێت (ينبغي او يجب ان يكون حاملاً شهادة الدكتوراه)، یەعنی ئەوەی كە دەكرێتە رەئیسی قسم لە دكتۆرای كەمتری نەبێت ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر بە حەقیقەت ئەوەی جەنابی وەزیریش باسی كرد، بەلاّم ئەو مەوزوعی ئیعارەی خەدەماتی ئەساتیزەی جامیعە بۆ جامیعاتی ئەهلی، تەسەور دەكەم هەموو هاوكارانیشم دەزانن كە هەتا جامیعاتی ئەهلی هەبێت، جامیعاتی حكومی ئیهمالیەكی تێدا دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر نەختێك لە ئیغرائاتی مالی یان شتێكی وای لەو بوارەوە تێدا

بێتن، لەو حاڵەتەدا پێم باش نیە، کە ئەوانەی تەعینن لە جامیعاتی حکومی ڕێگایان پێ بدرێت لە جامیعاتی ئەهلیش دەرس بڵێنەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت میلاکات، منیش وام پێ باشە کە مامۆستایەکانی لە جامیعەی حکومینە هەر لەوێ بن، ڕێگایان پێ نەدرێت بچنە جامیعاتی ئەهلی وەکو کاك نەژاد وتی، ئەگەر بێت و پارەیەکی موغری بدەنێ، ئەوەی حکومی ئیهمال دەکەن پەلکێشی دەکەن بۆ لای خۆیان، ئەگەر بڕۆینە ناو ئەقسامەکانی علمی هەموو موختەبەراتیان هەیە، هەندێك موختەبەر هەیە هەر هەشت سەعاتی دەوێت لە موختەبەرەکە بێت، چۆن جەدوەلی بۆ دادەنرێت بچێتە کۆلێژێکی ئەهلی دەرسی بڵێتەوە، نەفسی ئەقسامی علمی خۆی هەبێت، ئیلا ئەگەر ئۆف و شتی وای هەبێت ڕۆژەکانی تر، جیاوازی نەبێت لەگەڵ جەدوەلی، ئەویش لە هەمان کات ئەو تەلەبەکانی لە ئەهلینە زۆر مەحروم دەبن، حەقی خۆی نادرێتێ، چونکە بۆ نموونە ئێمە لە جامیعەی موسڵ بووینە کە دەرسمان وەرگرتیە، حاڵەتی  وا هەبوو کە مامۆستا ئیستیعارە کرایە لە کولیەکی حکومی هاتووە بۆمان، ڕۆژێك دەهات و ڕۆژێکی تر نەدەهات، جەدوەلی ئیمتحاناتی بۆ دادەنرا، تەجاروبی علمی تێدا دەبوو، یەعنی زۆربەی ئەوە لە مەوادی ئەو مامۆستایە نەفسی کولیەکەی نەبوو، ئیعتمادی لەسەر خۆی نەبوو ئیستعارەی کرد بوو، هەمووومان بێ بەش بووین لە ئەو مادده علمیەی کە وەرمان دەگرت لەوێ، پێویست دەکات هەر کۆلێژێکی ئەهلی دادەنرێت ئیعتمادی لەسەرە خۆی بێت، پێشی مۆڵەتی وەربگرێت هەموو مامۆستایەکانی دابین کرد بێت، ئینجا مۆڵەتی بدرێتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە سێیەم لەم ماددەیە، بەڕاستی پرەنسیپەك هەیە هەر یەکێك لە گرێبەستێکی کارکردن بێت، بەڵێن دەدات هەموو تواناکانی خۆی بخاتە بەردەست ساحێب کارەکەی خۆی، بۆیە ئەمە بنەمایەکی یاسایی و عورفە، کە دەبێت ڕەزامەندی خاوەن کارەکەی حکومی خۆی وەرگرتبێت، پێش ئەوەی بێتە زانکۆیەکی ئەهلی ئیش بکات، بۆیە من لەگەڵ پێشنیاری دارشتنەکەی جەنابی وەزیرم ، کە ڕێگا بدرێت، بەلاَم دەبێت موافەقەی خاوەن کارەکە هەبێت کە لە جامیعەی حکومیە ئەوە یەك، دوو سەبارەت بە چۆنیەتی ناردن یان سوود وەرگرتن لەنێوان ستافی تایبەتی کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، من تەسەور دەکەم ئەگەر بمانەوێت مەسەلەی تەنسیب ئەوە دەبێت لە یاسای وەزارەتی خوێندنی بالاَ و یاسای زانکۆ حکومیەکان باس

بكات، واتە ڕێگا بدرێت بەلایەنی کەمەوە، ئەمە نەبێت دەرگایەك کە وەزارەتی خوێندنی باڵا یان زانکۆیەکی حکومی بڕیار بدات، بلێ وەڵلا من ئەو 3 ماستەرەو ئەو 3 دکتۆرایەم هەیە، قەرارم داوە تەنسیب بکەمە لای ئێوە، ئەمە جارێ لەڕووی قانونیەوە دەبێت ڕێگای لێ بگیرێت، چونکە ئەوە جارێکی تر مەشروعێکی تایبەتە، تەنسیبی بکەی لەناو دام و دەزگای خۆت ئا، بەڵام بەڕەئی من نەیکەین، ئەوە هەر ناگونجێت لەگەڵ پرەنیسپەکانی کەرتی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بەشی یەکەم لەگەڵ بەڕێز وەزیرم، کە هەموو کەس ئازادە مامۆستا لەدوای ئەوەی نیسابی خۆی تەواو کرد لە جامیعە، ئەگەر ئەوەندەی کاتی هەبوو بتوانێت لە زانکۆیەکی ئەهلیش دەرس بڵێتەوە، وەزعی مەعیشی خۆی چاك بكات، زۆر ئاساییە با بیکات کێشەیەکی ئەوتۆ نیە، چونکە لە دەرەوەی نیساب پاش تەواو کردنی نیسابەکە مافی خۆیەتی، مەسەلەی ئیعارە بەڕاستی دەبێتە دەرگایەك بۆ سوئی ئیستخدام، خراپ بەکارهێنانی بۆیە من بە هیچ جۆرێك لەگەڵ مەسەلەی ئیعارە نیم، دوای ئەوە توخوا چۆن دەبێت زانکۆیەکی ئەهلی لەسەر ئەساسی ئەوە موافەقەتی وەرگرتووە، مۆڵەتی وەرگرتووە کە لە سەرەتادا ستافەکەی دەبێت دیاری بکات، یەعنی یەکێك لە مەرجەکانی مۆڵەت وەرگرتن ئەوەیە کە تۆ هەیئەی تەدریسیەکەت دیاری کرد بێت، دوای ئەوە کە هەر سوود وەرگرێتەوە لەهەمان ستافی منم و خیبرەی من، چ داهێنانێکی داهێناوە، کێشەکە لێرەدا چیە؟، ئەوان سوود لە هێزی ناوخۆیی وەردەگرن وەکو لۆکاڵ، چونکە موچەی کەمتریان پێ دەدەن، بەڵام ئەگەر بچێت مامۆستایەك بێنێت لە دەرەوەی وڵات، دەبێت 4 قات و 5 قات پارەی پێ بدات، لەبەرئەوە ئیستغلالی ئەوانەی خۆمان دەکەن، ئەوانە بەکاردەهێنن ئیتر بە ئیعارە بێت لەژێر چەند ناوێکدا، ئیعارەی ناو دەنێن، مەحازەراتی ناو دەنێن، هەرچیەکی ناو دەنێن، بۆیە من بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئیعارە نیم و، بە هیچ جۆرێکیش سبەی ڕۆژێ لە جێبەجێ کردنی ئەو یاسایە، ستافی مامۆستاکانی تەقدیم نەکات لەگەڵ وەرگرتنی مۆڵەتەکەی ئەوە ئەکرێ بە موخالەفەی قانون و، کێشەی یاسایی لەسەر دروست دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینی تازەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت تەعین (یعین رئیس القسم و رئیس الفرع)، دەبێت ئەوە ئیزافە بکرێت (علی ان یکون حاصل علی شهادة دکتورا و بمرتبة مدرس علی الاقل)، چونکە ناکرێت ڕەئیس قسم یان ڕەئیس فەرع دکتۆرای نەبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەسەلەی ئەوەی کە نازناوی زانستی یان بڕوانامەی بۆ سەرۆکی بەش، ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەین دیاری بکرێت، کە بڵێت پلەی زانستی دەبێت مودەریس بێت یان بڵێین بڕوانامەی دکتۆرا بێت، بەڵام لە واقیعیشدا بەڕێز جەنابی وەزیریش دەزانێ چەندین بەشمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، کە لە ڕاستیدا قانونی وەزارەتی خوێندنی باڵاش وا دەڵێت، بەڵام بە عەمەلی وانیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەو مەرجە دیاری بکرێت، سەبارەت بە چۆنیەتی سوود وەرگرتنی زانکۆ تایبەتیەکان لە مامۆستایانی زانکۆ حکومیەکان، لەڕاستیدا ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ڕێی لێ نەگیرێت، بەڵام ڕێك بخرێت، بەشێوەیەك کە لەسەر حیسابی زانکۆ حکومیەکان نەبێت لەڕووی زانستی و، لەڕووی بەجێ هێنانی ئەرکی زانستی و ئەرکی یاسایی، یان بەو دارِشتنەی کە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵادا هەیە و، کە بەڕێز کاك دکتۆر علی خوێندیەوە، ئێمە تەئیدی ئەو بۆچوونە دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفرع الرابع**

**مجلس القسم او الفرع**

المادة الحادية والعشرون

اولاً: تتكون الكلية من اقسام او فروع علمية ويجوز ان تضم وحدات للبحوث العلمية ووحدات ادارية.

ثانياً:

1- القسم او الفرع العلمي هو وحدات علمية الاساس في التعليم الجامعي الخاص يديره مجلس القسم او الفرع و رئيسة ويضم عدداً من التدريسين لايقل عن سبعة على ان يكون اربعة منهم على الاقل من حملة شهادة الدكتوراه.

2- يعين رئيس القسم و رئيس الفرع بقرار من رئيس الجامعة و بترشيح من عميد الكلية على ان لاتقل مرتبتة العلمية عن (مدرس) و تحدد مهامة بالنظام الداخلي.

ثالثاً: يجوز لعضو الهيئة التدريسية في الجامعات الحكومية القاء المحاضرات بصفتة محاضر خارجي بعد اكمال نصابه القانوني في جامعته وبموافقة رئاسة القسم و عمادة الكلية.

رابعا: يجوز اعارة خدمات التدريسين الحكومين كملاك الى هذه الجامعات من غير الاختصاصات النادرة بعد موافقة الجامعة والوزارة لمدة معينة وتتحمل الجامعة الخاصة رواتبهم و مخصصاتهم المنصوص عليها في القوانين والانظمة والتعليمات و تحتسب مدة خدمتهم فيها لاغراض العلاوة والترقية العلمية.

خامساً: يتولى مجلس القسم او الفرع العلمي المهام التالية:

1- التوصية بما يحتاجة القسم من اعضاء الهيئة التدريسية والمحاضرين والفنيين و دعوة الاساتذة الزائرين.

2- اقرار مشاريع البحوث العلمية المقدمة من اعضاء القسم او الفرع.

3- التوصية بتعضيد التأليف والترجمة والنشر والبحوث العلمية والاهتمام ببحوث الطلبة و توفير مستلزمات تنفيذها.

4- تنفيذ قرارات مجلس الجامعة او الكلية المحالة من قبل العميد.

5- تشكيل اللجان العلمية والتربوية وفق حاجة القسم.

6- متابعة التطورات العلمية والتقنية و توجيه اعضاء الهيئة التدريسية لتحديث و تطوير المناهج الدراسية.

7- تقييم الحالة العلمية للقسم سنوياً والعمل على ترصينها.

8- اقتراح خطة لتأهيل و تطوير الملاكات العلمية والادارية.

سادساً: لمجلس القسم او الفرع تخويل الرئيس لبعض صلاحياته.

**بەڕێزد. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 5 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

الفرع الخامس

الهيئة التدريسية

المادة الثانية والعشرون

اولاً: تتألف الهيئة التدريسة من:

1- الاساتذة.

2- الاساتذة المساعدين.

3- المدرسين.

4- المدرسين المساعدين.

ثانياً: يتم تعيين المذكورين في البند (اولاً) من هذه المادة و ترقيتهم و ترفيعهم بموجب تعليمات يصدرها مجلس الجامعة مع مراعاة ما يأتي:

1- توافر شروط عضوالهيئة التدريسية في الجامعات الحكومية في من يعين بهذه الوظائف.

2- اعتماد قواعد الترقيات العلمية المعمول بها في الجامعات الحكومية.

3- اعتماد هيكل عمل عضو الهيئة التدريسية المنصوص عليها في قانون الخدمة الجامعية النافذ في الاقليم.

**بەڕێزد. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەشی پێنجەم

دەستەی دەرس وتنەوە

ماددەی 22

یەكەم: دەستەی دەرس وتنەوە لەمانە پێك دێت:

1- پرۆفیسۆرەكان.

2- پرۆفیسۆرە یاریدەدەركان.

3- مامۆستایەكان.

4- مامۆستا یاریدەدەركان.

دووەم: دامەزراندنی ئەوانەی لە بەندی (یەكەم) لەم ماددەیە ناویان هاتووە پایە بەرزكردنەوەیان و بەرزكردنەوەیان بەپێی ڕێنمایی وا دەبێت كە ئەنجومەنی زانكۆ یان ئەنجومەنی كۆلێژی نەبەستراوە بە زانكۆ دەری دەچوێنێت لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەمانەی خوارەوە:

1- مەرجەكانی ئەندامیەتی دەستەی دەرس وتنەوەی لە زانكۆكانی فەرمی تێدا بێت لەوانەی كە لەو فەرمانانە دادەمەزرێن.

2- پشت بەستن بە بنەماكانی بەرزكردنەوەی زانستی كە لە زانكۆ فەرمیەكاندا كاریان پێ دەكرێت.

3- پشت بەستن بە هەیكەلی كاری ئەندامی دەستەی دەرس وتنەوە كە دەقی لە یاسای خزمەتگوزاری زانكۆ ژمارە (23)ی ساڵی 2008 دا هات بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەكت هەبێ؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید / وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم نیە، بەڵام ئەو دەرس وتنەوەی بکرێت بە وانە وتنەوە لە دەقە کوردیەکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین، تەنها بۆچوونێك هەبوو کە ژمارە و ساڵی یاساکە باس نەکرێت، یاسای خزمەتی زانکۆیی کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان، بڕگەی کۆتایی بڕگەی سێ بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ 2 کەس فەرموو سیوەیل خان، دواتر کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە دووەم (يتم تعيين المذكورين في البند (اولاً) من هذه المادة و ترفيتهم و ترفيعهم بموجب تعليمات يصدرها مجلس الجامعة او مجلس الكلية غير مرتبطة بجامعة)، وابزانم دەبێت ئەوەی تەرك بکەین، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە کولیە هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەرئەوەی ماددەکانی پێشوو و، هەروەها قانونەکە بۆ خۆی بۆ دامەزراوەیەکی ناحکومیە، لێرەش بە هەمان شێوە لە بڕگەی سەرەتا، بڕگەی یەکەم لە مەسەلەی دەست نیشان کردنی هەم پلە، هەم تەرقیە پێدان، ئەوە هەمووی دراوە بە مەجلیسی جامیعە بۆ خۆی، چۆن لە ماددەی سێیەم دەتوانرێت ئیعتمادی هەیکەلێك بکرێت، کە هی حکومەتە لەکاتێکدا ئێمە باسی هەیکەلێك دەکەین، کە هەیکەلەکە هەیکەلێکی دامەزراوەی ناحکومیە، بۆیە پێویست دەکات لەسەرمان کە بە هۆشیارییەوە ئەو بابەتە دابڕێژرینەوە، چونکە بەس تەنها بەو بڕگەیە ئێمە فەرزی دەکەین بەسەر هەموو موئەسەساتی ئەوانەی کە زانکۆ تایبەتەکانن، ڕێك وەکو موئەسەسەیەکی حکومی مامەڵە بکەن، لەگەڵ کارمەندەکانیان لەگەڵ ئەوانەی کە دەرس دەڵێنەوە، بۆیە ئەم بابەتە هەندێك تەرکیزی دەوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوا دارشتنەوەی ماددەکە، ماددەی 22

الفرع الخامس

الهيئة التدريسية

المادة الثانية والعشرون

اولاً: تتألف الهيئة التدريسة من:

1- الاساتذة.

2- الاساتذة المساعدين.

3- المدرسين.

4- المدرسين المساعدين.

ثانياً: يتم تعيين المذكورين في البند (اولاً) من هذه المادة و ترقيتهم و ترفيعهم بموجب تعليمات يصدرها مجلس الجامعة مع مراعاة ما يأتي:

1- توافر شروط عضو الهيئة التدريسية في الجامعات الحكومية فيمن يعين بهذه الوظائف.

2- اعتماد قواعد الترقيات العلمية المعمول بها في الجامعات الحكومية.

3- اعتماد هيكل عمل عضو الهيئة التدريسية المنصوص عليها في قانون الخدمة الجامعية النافذ في الاقليم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیسبەی نیسابمان تەواو نیە، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر هەتا ئەوان دێنەوە، ئینجا دوایی تەسویت دەکەین، فەرموو ماددەیەکی تر بخوێنەوە ئینجا موناقەشەی دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

المادة الثالثة والعشرون

يسري على التدريسيين والعاملين في مؤسسات التعليم العالي الخاصة احكام قانون التقاعد رقم (27) لسنة 2006 المعدل وتلتزم تلك المؤسسات بتحويل التقاعدية وفق المادة الثالثة من القانون الى صندوق تقاعد موظفي الدولة).

**د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 23

حوکمەکانی یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە 27 ساڵی 2006 هەموار کراو جێبەجێ دەکرێن، لەسەر ئەوانەی دەرس دەڵێنەوە کارمەندن لە دەزگاکانی فێرکردنی باڵای تایبەت و ئەو دەزگایانەش دەبێت پارەی بڕینەکانی خانەنشینی بەپێی ماددەی 3 یاسای ناوبراو بنێرێت بۆ سندووقی خانەنشینی فەرمانبەرانی هەرێم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داڕشتنەوەی ماددەکەمان بەشێوەیەك کردووە، کە ناوی ئەم یاسایانەیە یاسای خانەنشینی یەکگرتووی ژمارە 27 ساڵی 2006، لەبەرئەوەی یاسای خزمەتی زانکۆیی لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت، ئەو یاسایە هەندێك ئەحکامی خانەنشینی مامۆستایان و کە مەشمولن بە حوکمەکانی یاسای خزمەتی زانکۆیی دەیان گرێتەوە، هەندێك حوکمی تایبەتی تێدایە بەوان، بۆیە پێشنیاردەکەین ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (تسري على التدريسيين والعاملين في مؤسسات التعليم العالي الخاصة احكام القانون النافذ في الاقليم 2006 المعدل وتلتزم تلك المؤسسات بتحويل التقاعدية وفق احكام القانون الى صندوق تقاعد موظفي الدولة).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیەکت هەبێ؟ کێ تێبینی هەیە؟ تەنها 5 کەس ، ئەم بەڕێزانە (سۆزان خان- کاك جلال- شلێر خان- کاك عمر هەورامی- هاوڕاز خان)، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن من زۆر پشتگیری لە مانەوەی ئەو ماددەیە دەکەم و بەم شێوەیە، بەڵام کێشەیەکی ترمان هەیە، کە دەبێت هەم بە دەقێکی یاسایی هەر لەگەڵ ئەمەدا چارەسەری بکەین، کێشەی ئەوەی کە زۆر لەو موئەسەساتانە بەهیچ جۆرێك ئیلتزام ناکەن بەم یاسایە و، بە سندووقی خانەنشین کردن یەعنی زەمانی ئایندەکەیان ناکات، خاڵێکی تریش هەیە کە دەبێت ئیلزامی ئەو موئەسەسەیە بکەین، کە نوسخەیەك لەو عەقدەی کە دەیکات لەگەڵ عامیلەکاندا، لەگەڵ مامۆستاکانیاندا بینێرێت بۆ دائیرەی تەقاعود و زەمان و بۆ وەزارەت، بەو شێوەیە نەبێت، چونکە فێڵێك دەکەن لە نووسینی بڕە پارەکەیان، بۆئەوەی کەمتر پارەی

تەقاعودی بدەن بەو مۆزەف و مامۆستایانە، تەنها بە ناردنی نوسخەیەك لەو عەقدە ئەم كێشەیە چارەسەر دەكرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەرچەند نموونەیەكمان هەیە، ئەگەر غەڵەت نەبم بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئاگای لە قسەكانم بێت، بۆ جامیعەی ئەمریكی زۆربەی مامۆستایەكانیان خانەنشینن، كە لە ئەمەریكاوە دێن بۆ ئێرە، دوایی تۆ قانونی تەقاعودی عیراقی چۆن بەسەر ئەجنەبیەكدا فەرز دەكەی لێرە، لەبەرئەوە من پێم وایە قانونی رەقەم 27 بۆ عیراقیە یان بۆ ئەوانەی كە لە هەرێمی كوردستانن، جامیعەی عیشقمان هەیە، جامیعەی ترمان هەیە لە خاریجەوە خەڵك دەهێنن، ئەوانە دەبێت تەعدیل بكرێت لەو ماددەیە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە ئەگەر بەڕێز سكرتێری پەرلەمان بۆمان ڕوون بكاتەوە، بەڕاستی قانونی تەقاعود بۆ كەرتی گشتیە، بۆ كەرتی تایبەت نابێت، بۆچی ئێمە بە تەنها ئەوها بكەین، جا ئەگەر ئاوها بكەین هەموو كەرتە تایبەتەكان ئەو قانونی زەمانمان هەیە، ئەو بڕەی كە لێی دەبڕێت بەنیسبەت عیراقیەكان و ئەوە، لەبەرئەوە بە غەڵەتە با تووشی هەڵەیەكی یاسایی نەبین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوەی هاوكارانم، نە ئەوەی كە لە ئەسڵی پرۆژەكە هاتووە، نە ئەوەش بەڕێزان لە لیژنەی هاوبەش پێشنیاریان كرد، بۆئەوەی چ یاسای قانونی تەقاعودی پەیوەندیدارە بە كارمەندانی حكومەت، چ ئەوەی پەیوەندیدارە بە تەدریسیین، نابێت ئەم زانكۆیانە یان كارمەندەكانی یان تەدریسیەكانی تەنفیز بكرێت، چونكە لە ئەصڵدا ئەمە پرۆژەیەكی تایبەتە، ئەهلیە، ناحكومیە، ئێمە ئەگەر ئەوە تەنفیز بكەین، ئەوە كۆمەڵێك كێشەمان بۆ دروست دەبێت، یەكەم مانای وایە لەڕێگایەكی كە حكومەتیش نیە هەندێك دامەزراوە خەڵكت بۆ تەعین دەكات، تەعینەكەشی وەكو حكومی دواتر حقوقی دەبێت لەسەر حكومەت، كە تەرخان كردنی بڕە پارەیەك بۆیان، خاڵێكی تر ئەوەی بەڕێز هاوكارم كاك جلال ئیشارەتی پێدا، ئیمكانە

ژمارەیەك لەو تەدریسیانەی کە دێنە ناو ئەو موئەسەسە ئەهلیانە کار بکەن، خەڵکی هەرێمی کوردستان نەبن، تۆ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکەی؟، ئەوان چۆن ڕازی دەبن بەوەی کە مانگانە ئیستقتاعاتی تەقاعودی لێ ببڕێت؟، دواتریش تەقاعود دەبێت بەپێی قانونەکە، چ ئەوانەی تەدریسین، چ ئەوانەی مەدەنین، چۆن حکومەت دەتوانێت بڕە پارەیەکیان بۆ ببڕێتەوە وەکو بۆ تەقاعودی، باشترین حەل ئەوەیە کە بەپێی قانونی عەمەل و زەمانی ئیجتماعی مەعەدەل مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ڕەئی هاوکارانم هەیە، ئەم قانونی تەقاعودی موەحەدە بەڕاستی ناکرێت تۆ بەسەر کەرتی تایبەتدا جێبەجێ بکەی، هەمان ڕەئیم هەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو پێشنیارانە دەکەین، کە ئەو بەڕێزانە، ئەو مامۆستایانە لەسەر میلاکی زانکۆ تایبەتەکان دوای خانەنشینیان ئەوان پابەندی یاسای زەمانی ئیجتماعی دەبن، ماددەکە بەم شێوەی دادەڕێژینەوە پێشنیاری ئەو داڕشتنەوەیە دەکەین، يسري على التدريسيين والعاملين في الجامعات الخاصة احكام قانون التقاعد والضمان الاجتماعي النافذ في الاقليم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی 27 لە ئەسڵی پرۆژەکە کە هات بوو، دوایی ژمارەکەی گۆڕا بەو شێوەیەی کە لیژنەی هاوبەش خوێندیانەوە پێشتر، کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، ئێستا بۆ ئەو ماددەیەی دوا سیاغەتان بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە بەم شێوەیە دامان ڕشتەوە (يسري على التدريسيين والعاملين في الجامعات الخاصة احكام قانون التقاعد والضمان الاجتماعي النافذ في الاقليم).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**الامور المالية**

**المادة الرابعة والعشرون**

**اولاً: تتكون مالية الجامعة او الكلية من:**

**1- مساهمة الجهة المؤسسة لها.**

**2- الاجور الدراسية.**

**3- المنح والهبات والاعانات والوصايا والوقف.**

**4- الايرادات الناجمة عن النشاطات البحثية والاستشارية والتدريبية و غيرها.**

**ثانياً: للجامعة استثمار اموالها المنقولة و غير المنقولة بما ينسجم مع اهدافها العلمية والتربوية.**

**ثالثاً: تخصص الجامعات الخاصة نسبة لا تقل عن 20٪ من صافي ارباحها لتغطية نفقاتها لتوسيع و تطوير نشاط الجامعة كالبحث العلمي والنشر، والتدريب، والمؤتمرات العلمية، والايفاد للاغراض العلمية او اي مجال اخر.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بە كوردیەكەی فەرموو.**

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 24**

**دارایی زانكۆ لە مانە پێك دێت:**

**1- بەشداری كردنی ئەو لایەنەی دایمەزراندوە.**

**2- كرێی خوێندن.**

**3- بەخشش و پیتاك و یارمەتی و وەسیەت و وەقف.**

**4- ئەو داهاتانەی كە لە چالاكیەكانی توێژینەوە و ڕاوێژكاری و هی دیكەی بۆی دێت.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش فەرموو.**

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**تێبینیمان نیە، پشتگیری ماددەكە دەكەین.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر؟ کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو ماددەیەدا لە دووەم (الاجور الدراسیة) من نازانم لە شوێنێکی تر هاتووە یان لێرە جێگای بکرێتەوە (المحددة من قبل الوزارة)، یەعنی جامیعە بە کەیفی خۆی ئجوری دیراسی دانەنێت بەڕاستی، تەحدید بکرێت یان ئجوری دیارسی موحەدەد بێت لەلایەن وەزارەتەوە، لە سێیەمیشدا (المنح والهبات والاعانات والوصایا والوقف)، من پێم وایە ئەوانە تەرتیب بکرێن، چونکە ئەوە عیلاقەی بە ئەمنی نیشتمانیەوە هەیە، لەوانەیە لە شوێنێکی تر بە نەوعێك ئەو هیبات و ئەو ئەوەیە بێت، دەبێت ئەوەش عیلاجەکی بکرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پێشنیارەکەم ئەوەیە ئەم 3 ماددەیە 29، 30، 31 عیلاقەی بە ئموری مالیەوە هەیە، من پێشنیار دەکەم بکرێت بە یەك مادده، چونکە یەکەم بەڕاستی داڕشتنەوەی ئاسانە، یەکەم مکەوناتەکەیە، دووەم بۆ مەسەلەی ئیستسمارە، سێیەمیش تەوزیعی وەفرە، لەبەرئەوە پێشنیاری دووەمیشم لە ماددەی 29، لە یەکەم و دووەم بکرێت بە یەك، سێیەم و چوارەمیش بکرێت بە یەکەم و دووەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان بیروبۆچوونم هەیە بەوەی کە یەك بخرێت ئەو ماددانە، بەڵام بەڕاستی دارایی زانکۆ بە هەرچی شێوەیەك پەیدای دەکات لەوانەیە بە نەشاتاتی عیلمی پەیدای بکات، هیبات و ئەو شتانە، بۆ ئێمە لە ئەوەلەوە باسمان نەکردووە ئەم بابەتانە، لە سەرەتای دروست کردنەکە کە دەڵێت هیبات دەتوانێت وەربگرێت ئەوانە، ئەی داراییە ئجوری دیراسی وەردەگرێت، ئەی قابیلە ئەو پارەیە چی لێ دەکات هەمووی پێ دەوترێت دارایی، بۆیە بەڕاستی زیادە ئەو بەشە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا بەس تێبینیم لە چوارەمدا هەیە، دەتوانین نەشاتاتی بەحسی و ئیستشاری و تەدریبیش، زۆرجار هەیە تەئهیل دەکات، تەدریب دەکات ئەوەش زیاد بکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نووسرایە (تتکون مالیة الجامعة والکلیة)، کولیەکەی دەبێت ڕەش بکەینەوە، سێیەمیان وەك سۆزان خان باسی کرد، ئەوە باسمان کردووە لە ماددەکانی پێشوو تر (منح و هبات و وصایە..هتد)، ئەوەی لە دەرەوەی ولاَت و ناوەوەی ولاَت بۆی دێت، بەس من پرسیارێکم هەیە ئایا پێشانگای کتێب دەکرێتەوە لە جامیعەی دەیفرۆشن یان نایفرۆشن، واریداتی هەیە یان نیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە کرێی خوێندن، لەڕاستیدا پێشتر دیاری کراوە ئەوە دەستەی ئەمینداران پێشنیار دەکات، وەزارەت موافەقەت دەکات، بۆیە ئەوە ڕەبت کراوە هیچ موشکیلەیەکمان لەوە دانیە، ئەوەی کە باس دەکرێت سەرچاوە داراییەکانی زانکۆ پێشتر باس کراوە، لە چوارچێوەی مەهامە کە دەتوانێت پیتاك وەربگرێت، ئەویش ڕەبت کراوە کە چۆن وەری دەگرێت، بەلاَم لێرە بە تەحدید ئەو سەرچاوە داراییانە دەست نیشان کراوە، کە لەوێوە زانکۆ دەتوانێت کۆمەکی ماددی و سەرمایەی ماددی کۆ بکاتەوە، بۆیە پێمان وایە بمێنێتەوە باشە، خراپ نیە، سەبارەت بە مەسەلەی دەمج کردنەکە ئێمەش پێمان وایە دەمج بکرێت باشە، ماددەی 24 و 25 و 26 ئەو سێ ماددانە هەموویان پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە بکرێتە ماددەیەك، ئەوەی کە پێشانگا و ئەوانە ئەوەش پەیوەندی بە نەشاتاتی زانکۆوە هەیە، لە ڕووی بەحسی و لەڕووی توێژینەوەو لەڕووی ڕاهێنانیش، ئەوەی ڕاهێنانیش زیاد بکرێتن بۆ بڕگەی چوارەم، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە زیاد بکرێتن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان تێبینی چیت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەی ئەگەر لە دەرەوەی ئەو یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم، ئەم زانكۆیە داهاتێكی پەیدا كرد، لە ئەنجامی ڤیستیڤالێك، لە ئەنجامی مەعرەزێك، لە ئەنجامی شتێك ناومان نەهێناوە، بۆ ئێمە ئەم تەقیدە بكەین، یەعنی بەڕاستی زۆر تەقیدی تێدایە ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

و (غیرها) هەیە بەڕاستی بە سەراحەت لە بڕگەی چوارەمدا ئەگەر باش بیخوێنینەوە دەڵێین هی دیكە، ئاماژەی پێدراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دوا سیاغەتان دكتۆر، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەعمولەن عورف وایە كە سەرچاوەكانی دارایی دیاری دەكرێت، لەبەرئەوەی لە دەرەوەی ئەو سەرچاوە داراییانە هیچ نەشاتێكی مالی و ئیقتصادی نەكرێت، چونكە جاری وا هەیە لە هەندێ وڵاتدا زانكۆ تایبەتەكان دەبێت بە غیتایەك بۆ بەعزێك مەعاملاتی مالی مەشبوه، بۆیە لێرەدا ئەم نەسە قانونیە كە هەبێت ڕێگرە لەو شتانە و، هەر كاتێكیش ئیلتزامی پێوە نەكرا، جیهەتی موختەس كە وەزارەتی تەعلیم عالی دەتوانێت موسائەلەی ئەو دەزگایە بكات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری یەكخستنی مادده یەك لە ئەسڵی پرۆژەكە ڕیزبەندی مادده 29، 30، 31 بدرێتە دەنگدان، پێشنیاری یەكخستنی ماددەی 29 و 30 و 31 بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ ئەوە دایە ماددەی 29 و 30 و 31 تەوحید بكرێت؟، دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵ دانیە؟ 2 كەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، دوا سیاغەی 29 بخوێننەوە، بۆئەوەی بخەینە دەنگەوە موناقەشەكەی، دوای ئەو سیاغەیە موناقەشە دەكەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الخامس**

**الامور المالية**

**المادة الرابعة والعشرون**

**اولاً: تتكون مالية الجامعة او الكلية من:**

**1- مساهمة الجهة المؤسسة لها.**

**2- الاجور الدراسية.**

**3- المنح والهبات والاعانات والوصايا والوقف.**

**4- الايرادات الناجمة عن النشاطات البحثية والاستشارية والتدريبية و غيرها.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵ دایە؟، تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟، 2 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون ئێستا ئەو دوو ماددەیەی تر تەوحید بکەن، بۆئەوەی ببێتە بەشێك لە ماددەکەی تر.**

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ثانياً: للجامعة والكلية استثمار اموالها المنقولة و الغير المنقولة بما ينسجم مع اهدافها العلمية والتربوية.**

**ثالثاً: يوزع صافي والوفر المالي السنوي للجامعة على النحو الاتي:**

**1- نسبة 20٪ للجهة المؤسسة.**

**2- يكون المتبقي من صافي والفر المالي السنوي لتغطية نفقاته لتوسيع و تطوير نشاط الجامعة او لاي مجال اخر من شأنه تحقيق اهدافها.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیەکەی فەرموو.**

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دووەم: پشت بەستن بە زانکۆ یان کۆلیژ، دیارە لێرە کۆلیژ نامێنێت، زانکۆ بۆی هەیە ماڵی گوێزراوەو نەگوێزراوە وەبەربهێنێت، بەجۆرێکی وا کە لەگەڵ ئامانجە زانستی و پەروەردەیەکەی بگونجێت.**

**سێیەم: پوختەی پاشەکەوت کردنی دارایی ساڵانەی زانکۆ بەم جۆرە دابەش دەکرێت:**

**1- رێژەی لە 20٪ بۆ لایەنی دەزگاکە.**

2- ئەوەی دەمێنێتەوە لە پوختەی پاشەکەوتی ساڵانەی دارایی بۆ پڕکردنەوەی خەرجیەکانی فراوان کردن و پەرەپێدانی چالاکی زانکۆ یان هەر بوارێکی تر بێت کە ئامانجەکانی بێنێتە دی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرمووو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو دوو ماددەیە کە بووە بڕگەی دووەم و سێیەم، ڕێزبەندی ماددەی 30 لە ئەسڵی پرۆژەکە، کە بووە بڕگەی دووەمی ماددەی 24، ئێمە پشتگیری لێ دەکەین، سەبارەت بە بڕگەکەی تر کە باس لەوە دەکات، ئەوەی کە دەمێنێتەوە دوای ئەو بڕە پارەیەی کە 20٪ لێی دەبڕێت، پێشنیار دەکەین دیاری بکرێت بۆچی بەکار دێتن، بە مەبەستی توێژینەوەی زانستی، بلاّوکردنەوە، ڕاهێنان، کۆنفرانسی زانستی و ئیفاد بۆ مەبەستی زانستی و، هەر بوارێکی تر بەم شێوەیە (يكون المتبقي من صافي الوفر المالي السنوي لتغطية نفقات توسيع وتطوير نشاط الجامعة كالبحث العلمي والنشر والتدريب والمؤتمرات العلمية والايفاد للاغراض العلمية ولأي مجال اخر).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمووو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە یاسای ژمارە 10 ی وەزارەتی خوێندنی باڵای ساڵی 2008، کە لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، بەپێی ئەو یاسایە پێشنیار دەکەین کە توستەو بەنیسبەت (3٪ من اجمالي الوارد السنوي من الاجور الدراسية والنشاطات الاخرى الى صندوق التعليم العالي والبحث العلمي وفق احكام القانون رقم (10) لسنة 2008).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاک دلێر- سۆزان خان- شلێرخان- کاک عمر – کاک نەژاد- سمیرە خان)، کاک دلێر فەرمووو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی 31 کە بوو بە بڕگەی سێیەمی ماددەکە، ئەو نەشاتانەی کەوا دیاری کراون لیژنەی هاوبەشیش خوێندیانەوە، بەلاّم ئەو موئەسەسەیە مولزەم نەکرا بە گۆڕینی دەزگاکان و ئامێرەکان، یان موختەبەرات، یان کەل و پەلەکانی لەو باقیەی کە دەمێنێتەوە، ئەمەیان دەکەوێتە سەر کێ، ئایا بە 6 ساڵ

ئەو زانكۆیە ئامێرەكانی موختەبەر یاخود كەل و پەلەكانی تری ناو زانكۆكە، كە بەرەو كۆن بوون دەچن هەروەكو خۆی دەیهێڵێتەوە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وابزانم قسەكانم بە نەزەر ئیعتبار وەرناگیرێت، بەڵام من قسەی خۆم دەكەم، بەڕێز من كەسێكی سەرمایەدار بم، مەشروعێك بكەمەوە كەس حەقی ئەوەی هەیە تەحدیدی ربحەكەی من بكات؟، چەندێك نسبەتەكەی هەڵدەگرم و باقیەكەی بۆچی بەكاردێنم، ئەوە تەداخولێكی سافر نیە لەو پارەیەی من، لەوماڵەی من كە خستوومەتە ناو مەشروعێكەوە، بەڵێ من ئەگەر سەرمایەدار بم پێشی دەخەم، جیهازی تازە دەكڕم، كۆمەڵێك نەشاتات دەكەم، هەرچیەكم بوێت بۆئەوەی ناوی زانكۆكەم بەرەو بەرزترین ئاست بڕوات، مافی كەس نیە بە من بڵێت تۆ 20٪ بەكاربهێنە بۆ خۆت و ئەوەندەی وا لێ بكە، لە هیچ شوێنێكی دونیایێ نیە ئەوە، تۆ پێت بڵێت تەحدیدی بكە نسبەتی ربحەكە چەند هەڵ بگرەو، چەند هەڵ مەگرە، یەعنی لە چ شوێنێكی دونیایێ ئەوە هەبووە، بەڕاستی ئەوە ئەو پەڕی مەركەزیەتە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو كەسانەی كە ئیستسمار دەكەن لە مەجالی خوێندنی باڵادا، یەعنی لە جامیعات دایدەنێن، قانونی شەریكاتمان هەیە، چونكە ئەوە بەناوی شەریكەیەكەوە دەچێتە ئەو بوارەوە، ئەگەر ئێمە بە هەموو شێوەیەكەوە ئیلغای ئەو شەریكەیەمان كردووە، لە ماددەكانی دوایشدا باسی زەریبە و ئەو شتانەی تێدایە، ئێستا ئەو لە 20٪ كە موئەسیسە دوایی هەر یەعنی خۆت دەڵێی موتەبەقیەكە، یەعنی لە 80٪ هیچ جیاشت نەكردووەتەوە ئەوەی كە بەڕێز وەزیر وتی، مەسەلەن نسبەكان كەم بكەینەوە لە 3٪ بۆئەوەی كە (نەش و) و ئەوانە، بەڵام نسبەتێكیش دابنرێت لە تەشریعاتی وڵاتێكی وەكو ئوردن، لە دیراسەیەكدا دەڵێت لە 2٪ ئیجباری بكە كە دایبنێی بۆ دیراسەی دكتۆرا، یەعنی تەلەبەكانی خۆی نەبێتەوە بە بارێك بەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، با پارەیەك دابنێت بۆئەوەی كە بۆ دكتۆرا، دوای ئەوە ئەو شەریكەیە یەعنی گومانم هەیە كە ئەوەندە موحاسبێكی قانونی زۆر باشی بكات، كە تۆ بزانی واریداتی چەندە، لەبەرئەوە ئەگەر حیسابێكی نەبێت، یەعنی حیسابێكی هەبێت ئەو واریداتەی كە هەیەتی بچێتە ئەو حیسابەوە، ئینجا بەپێی قانونی شەریكات ئەو كاتە لەگەڵی دانیشن، بزانن ئەو ئەرباحەی چەندە؟ وە ئیلا ئەوانە هەمووی ون دەبێت و، من شكم هەیە بتوانین زۆ شت بەسەریدا فەرز بكەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرمووو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای منیش بە هەمان شێوە ئەو نسبەتەی کە داندراوە بۆ هەلگرتنی، بۆ ئەمانەی کە نووسراوە لە 20٪ کەمە، چونکە ئەگەر ئێمە بەیادمان بێت، بۆ قوتابخانە ئەهلیەکان لەم ڕێژە زۆر بەرزترمان دانا بوو، تەنها ڕیژەیەکی کەممان دانا بوو بۆ تەتویری مەدارس، من لەگەڵ ئەوە نیم بڵێم لە 70٪، بەڵام بە لایەنی کەمەوە دەبێت نزیکی لە 50٪ بۆ موستەسمیر بێت، هەم پاڵی پێوەنێیت بۆ ئەو کەسەی کە ئیستسمار دەکات لەو مەجالەدا، بەردەوام بێت لەسەر ئەو کارە ئەمە جانبێکێتی، جانبێکی تریشی بەس تەنها وەکو شەریکەیەك یان موئەسەسیەکی ربحی تەماشای ئەو موئەسەسانە نەکرێت، ڕاستە منیش لەگەڵ ئەوەم کە نسبەتی هەلگرتنی وەفرەکەی مەحدود بێت، بەس لە 20٪ زۆر زۆر کەمە، ئەمە وا دەکات لە شەریکات یان ئەو کەسانەی کە ئیستسمار دەکەن لەو مەجالەدا، کەمتر ئیستسمار بکەن لەم مەجالەدا یان پەرەی پێ بدەن بوارەکەی خۆیان، ئێمە حیسابی تەنها ئەو ساڵە نەکەین کە تەئسیسی جامیعات دەکرێت، ئەگەر جامیعەیەکی دیاریکراو بە نموونە بهێنین وەفری ئەمساڵی ڕێژەیەکی دیاریکراوە لە پارە، بۆ ساڵی داهاتوو ئیمکانە زیاد ببێت، تا وای لێ دێت ئەگەر وەفرەکە بەشێوەیەکی واقیعی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، دانەڕێژرێت بەوە کە چەندی بۆ ئیستسمارە، تەسەور دەکەم لەبری ئەوەی قازانج بۆ ئێمە دروست بکات، ببێتە مایەی سەر ئێشە بۆمان، لەبەرئەوە من لەگەڵ ئەوەم کە لە 20٪ بکرێتە لە 50٪ بەلایەنی کەمەوە، ماددەی 32 جەنابتان خوێندتانەوە یان نا؟، ئەگەر ئەو تێبینیەی بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و خوێندنی باڵا، ئەگەر تەرکیز بکەن، یەعنی ئێمە موناقەشەی بکەین ئێستا یان دواتر دەیخوێننەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرمووو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ شلێر خان دام بە حەقیقەت لەسەر مەوزوعی ئەوەی کە قسمێك لەو وەفرە بۆ پێگەیاندنی ئەوەی کە وتی لە قەوانینی ئوردنی هاتووە، وابزانم شتێکی وای وت ڕاست دەکاتن، قسمێك لەو پارەیە نسبەتێکی ئەگەر کەمیش بێت بۆ پێگەیاندنی دیراساتی عولیا، لەبەرئەوە ئەوانە دیسانەوە دەبنە بار بەسەر حکومەت و بەسەر جامیعاتی حکومیەوە، من لەگەڵ ئەوە دامە و، لە هەمان کاتیش بەنیسبەت فەقەرەی سێ لەگەڵ لیژنەی قانونی دامە، کە بەو داڕشتنەی کە هێناویانە، ئەوەی بحوسی علمی و ئەوانە، بەڵام لەو فەقەرەی دوایی ماددەی 29 نازانم چۆنیان تەرتیب کرد، نازانم دەبێت تەحدید بکرێت مەبەست لە ئەهدافی (العلمیة والتربویة) یەعنی تەحدید بکرێت، کامەیە ئەهدافی تەربەوی و علمی و، فەقەرەی

**تریش من دەپرسم ئایا چ جیهەتێکی مالی تەحدیدی ئەو (صافي الوفر)یە دەکات، یەعنی تەحدیدی ئەو پارەیە دەکات، بۆئەوەی (سەدا) ئەوەندەی من لەگەڵ ئەوە دامە 20٪ کەمە، بەلاّم چ جیهەتێکی مالی تەحدیدی ئەوە دەکات، کە ئەو ساڵەکە ئەوەندەی قازانج کردووە ئەو شەریکەیە، کە بەناوی جامیعە دایدەنێ، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**سمیرە خان فەرموو.**

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 31 ئەگەر بەمشێوەیەی خۆی بمێنێتەوە هەموار نەکرێت، ئەوە عەرقەلەی دروست دەکات، تەشجیعی موستەسمیر ناکات، بچێتە قیتاعی تەعلیم و پەروەردە، بۆیە پێویستە هەموار بکرێت، من وا ئیقتراح دەکەم (لیکون التوزیع من الایراد السنوي بدلاً من صافي الوفر المالي بالشکل التالي ویوزع الایراد السنوي للجامعة أو الکلیة الخاصة علی النحو التالي: 1- نسبة 20٪ من الایراد السنوي للجهة المؤسسة لتغطیة نفقات التأسیس)، ئەگەر بیستەکە زیاتریش بکرێت ئەوە باشتر، چونکە ئەگەر ئێمە نیسبە و تەناسوبی بێنینە دەرێ، (رأسمال) لەگەڵ ربحی سەنەوی زۆر کەمی دەردەچێت لە بۆ موستەسمر، پێویستە زیاتر بکرێت و فەقەرەی دووەمیش وەکو خۆی هیچ مولاحەزەم نیە، بەلاّم کوردیەکە لەگەڵ عەرەبیەکەی یەکتر ناگرێتەوە، موئەسەسەیەکە تەرجومەی کوردی کرایە یەك ناگرێتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان، فەرموو.**

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دوای ئەو سەرنجانەی کە لەلایەن خوشك و برایانی ئەندام پەرلەمانەوە پێشکەش کرا، ئێمە ڕەئیمان وایە کە داڕشتنەکە بەمشێوەیە بێت، بەتایبەتی بڕگەی سێیەم بیکەین بە 2 خاڵ، خاڵی یەکەم بڵێین تەرخان کردنی هەر زانکۆیەکی تایبەت ڕێژەی لە 20٪ پوختەی پاشەکەوتی دارایی ساڵانەی خۆی بۆ پەرەپێدانی تواناکانی تەرخان دەکات، واتە بەم تەعبیرە بە عەکسەوە بیکەی، لە 20٪ ئەو قازانجەی کە هەیەتی تەرخانی دەکات بۆ پەرەپێدانی تواناکان و چالاکی زانستی و ئەکادیمی و، لایەنی کەم ئەوەندە دادەنێت، ئەگەر زیاتری دانا دەستی خۆش بێت.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاك عمر هەورامی.**

**بەڕێز عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە 20٪ ئەگەر دابنرێت بۆ مەجالی تەتویر تەسەور دەکەم کەم بێت، ئەوکاتەی کە وتمان بەلایەنی کەم حەتمەن جیهەتی با بڵێین ئەوەی کە لە مەجالی کەرتی تایبەت ئیش دەکات، حەتمەن بەلای کەمەوە دەڕوات خۆ بەلای زۆرەوە دانارِوات، لەبەرئەوە یەعنی لە 30٪ کەمتر نەبێت باشترە، چونکە بۆ؟ ئێمە بۆئەوەی ئەو موئەسەسانە تەنها وەکو موئەسەسەیەکی ربحی تەماشا نەکرێت، چونکە موئەسەسەیەکی تەعلیمیە لەگەڵ ئەوەش کە موئەسەسەیەکی ربحیشە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کە باسی دامەزراندنی زانکۆمان کرد، هەرچی مەرجی پێویست هەیە باسمان کرد، دەبێت ئەوها بێت و موستەقل بێت و پارك هەبێت و باخ هەبێت و قاعە هەبێت، ئەوە پێویستی بە پارەیەکی زۆرە، موستەسمرەك نایەت ئەو ئیشە هەمووی بکات، پاشان بێت لە 20٪ یان 25٪ یەعنی شتێکی بۆ دابنێت، کە ئەسڵەن موناسب نەبێت لەگەڵ ئەو حەجمی ئەو پارەیەی کە ئیستسماری کردووە ئەمە یەك، دوو لێرە پرسیارێك دێتە پێش ئەگەر هاتو ئیرادی زانکۆ بەشی نەفەقاتی نەکرد، چۆن ئەم موشکیلەیە عیلاج دەکەی؟ یەعنی دەبێت عیلاجێکی بۆ بدۆزیەوە، ئەگەر هاتو ئەو 500 ملیۆنی بۆ هات، مەسروفەکەی 600 ملیۆنە، ئەگەر موستەسمر بێت دەبێت دیار بێت، یەعنی چۆن ئەم موشکیلەیە حەل دەبێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد یەك دەقیقە فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە خۆی شتەکە زۆر بە عەکسەوە هاتووە، لێرە دەڵێ 20٪ بۆ جیهەی موئەسەسەیە، یەعنی 20٪ وەفرەکە ئێستا کردیانەوە بە عەکس، لەو حاڵەتەی دا بەڕاستی هەم ئەوە کەمە بۆ ئەوە، هەم لە 80٪ زۆر زۆرە بۆ جیهەی موئەسیس بەڕاستی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی عنوانی ئەم یاسایە لە ئەسڵدا تایبەتە بە جامیعاتی خاصە، تەحسیل حاسڵە ئەوە خۆی دەچێتە بابی ئیستسمارەوە، ئیستسماری تەعلیمی، لە قانونی ئیستسماردا بە سەریح باسی لە حقوقی موستەسمیر کردووە، وە ئیعفائەکانی لە رسوم، لە زەریبە، لە هاوردنی ئالات و ئەدەوات و مەکائین، ڕاستە ئێمە هەدەفمان لەوەیە مەسائیلی علمی بەرەو پێش بکەوێت، تەربەوی بەرەو پێش بکەوێت، لە یاساکە شروتی بۆ داندراوە، باسی لەسەر کراوە، ئیلتزاماتی خاسی خراوەتە سەر، بەڵام ئەوە یەکێکە لەو پرۆژانەی کە تایبەتە بە کەرتی تایبەت، ئێمە دەمانەوێت تەشجیعی کەرتی تایبەت بکەین، ئەگەر کەرتی تایبەت بێت، ئێمە ناکرێت لێرە دەست بخەینە مەسئەلە مالیەکەی چۆن  چی دەست دەکەوێت، چۆن تەوزیع دەکرێت و ئەرباحی چۆن بێت؟ ئەگەر وابێت ئەمە دەرگایەك لەسەر موستەسمیر دادەخات، لە هەرێمی کوردستاندا کە چیتر خەڵك ئیستسماری لەو شێوانە نەکات لە کوردستان، لەبەرئەوە ئەمە پێویستە، چونکە لە ماددەکانی دواتر باسی لەوە کردووە کە ئیعفایە لە رسوم، لە زەریبە و، ئەوە زمنی مەسەلەی یاسای ئیستسمارە لە هەرێمی کوردستان، پێویست ناکات ئێمە دەست بخەینە داهاتی ئەو موئەسەسە ئەهلیانە، کەرتی تایبەتە لەبەرئەوە ئەو ماددەیە هەر پێویستە ئیلغا بکرێتەوەو هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا 3 کەسی تر داوای نوقتەی نیزام دەکات، ئەوە ئەڤین خان، سیوەیل خان، دکتۆر ڕێباز، یەکەو یەك دەقیقەتان دەدەینێ، فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ئەساسدا فەلسەفەی ئێمە بۆ دانانی یاخود نیەتی موشەریع بۆ دانانی ئەم یاسایە، بۆئەوەیە بۆئەوەی ریقابە بکات لەسەر ئەو جیهەتانە یاخود ئەو موئەسەسانەی کە بەناوی موئەسەساتی یاخود جامیعاتی ئەهلی هاتووە، وابزانم ئێمە لە خاڵەکانی پێشتریش یان لە ماددەکانی پێشتر ئەو ڕێکارانەمان داناوە کە چۆن دروست دەکرێت، چۆن چاودێری دەکرێت، چۆن مامۆستاکانی دابین دەکرێت، بۆیە ئەوە موئەسەساتێکی خۆی لە سەرەتا یاخود لە ماددەی دووەم باسی ئەوەمان کردووە، کە بەپێی یاسای ئیستسمار زیاتر داندراوە ئەو ماددەیە، یاخود ئیعتمادی کردووەتە سەر یاسای ئیستسمار، بۆیە لە یاسای ئیستسمار مادام وایە جیهەتێکی موستەسمرە، خۆی تەحدید دەکات کە ئەو چەند پارەکەی دیاری دەکات، بۆئەوەی کەوا لە بەشەکانی تری یان لە کەرتەکانی تر سەرفی بکات، بۆئەوەی بتوانێت مونافەسەی یەکتری بکەن، خۆی لە کوردستاندا ئێستاش بێت یەك کولیە یاخود یەك جامیعەی ئەهلیمان نیە، ئەوە دەکەوێتە

مونافەسەی نێوان ئەوان، من دەمەوێت ئەو خاڵە ئەسڵەن لابرێت، بۆچیەتی زیادە و لابرێت، با جیهەتی مالی ئەوان سەربەخۆ بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر ڕێباز فەرمووو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵڵا قسەكانی منیان كرد، لەبەرئەوە پەشیمان بوومەوە، بەڵام قەینا هەر دەیكەم، بەڵام پێشتر ئێمە دیاریمان كردووە، كە دەبێ ئەم زانكۆیانە بڕیارەكانی خوێندنی باڵا جێبەجێ بكەن، لەوانەیە جێبەجێ كردنی ئەو بڕیارانە ساڵێك پارەیەكی زۆرتری بوێت، ساڵێكی تر كەمتری بوێت، لەبەرئەوە گرینگ موراقەبەكردنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و، جێبەجێ كردنی بڕیارەكانی ئەوەو ئەو خاڵە پێویست ناكات.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ڕەت كردنەوەم و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا هەدەفی ئەم یاسایە لەگەڵ ئەو ماددانەشدا، كە هەیە دوو هەدەفە لەڕاستیدا، یەكەم تەشجیعی لایەنی وەبەرهێنانە لە بواری خوێندندا، تەشجیعیش بەوە دەبێت لەڕاستی نابێت دەستی موستەسمیر، وەبەرهێن ببەستیتەوە، لەلایەكی تریشەوە ئێمە بوارێكمان هەیە بواری خوێندنە، ئەگەر بەو شێوەیە دەستیان بڵاو بێت، ڕەنگە هیچ گرینگیەكی ئەوتۆ بەلایەنی خوێندن و ئاستی زانكۆكان نەدرێت، بۆیە باشترین حەل ئەوەیە كە تەوازونێك ڕابگیرێت، وەڵامی ئەوەش كە كەسێك پارەی خۆیەتی، لەڕاستیدا بەو مافی موڵكداریەتی و خاوەنداریەتیە ئەوەندە موتلەق ڕەها نیە، كە تۆ هیچ قیودێك نەخەیتە سەری، یەعنی ئێمە لە قانون و لە شەریعەتدا قیودمان هەیە لەسەر موڵكایەتی تاك، لەسەر موڵكایەتی فەرد، دەتوانێت بیخات لە بڕی زەكات، دەتوانێت بیخات لەبڕی ئەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئێمە قسە لەسەر نیسبەتەكە بكەین، نیسبەتێك یەعنی پێمان باشە بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان داوا بكات لە پەرلەمانتاران

قسە لەسەر نیسبەتەکە بکرێت، لە 10٪ بێت، لە 20٪ بێت ئێمە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا قسەمان لەسەر لە 5٪ کرد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئیەکە هیچ موناقەشە نەما، تکاتان لێ دەکەم، ڕەئیەکە دەڵێت نیسبەتەکان هەمووی لەغو بکرێت، چونکە پێشتر هاتووە، کێ لەگەڵ ئەوە دایە نیسبەتەکان هەمووی لەغو بکرێت لە ماددەکانی پێشتر؟، تکایە دەست بەرز بکاتەوە، نەخێر فەقەرەی یەکەم تەسویتی لەسەر کراوە، ئەوە ناکرێت، بەس نیسبەتەکان دەتوانرێت لەغو بکرێتەوە، چی تێنەگەیشتوونە کاك خورشید؟ فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی ئەوە تێنەگەیشتووین، ئەو دەنگدانە ئیلغائی نیسبە ئیعتمادی لەسەر چ بەندەك دەكات، ئەو بەندە لە کوێیە، ئەو خاڵە لە کوێیە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ئێستا ئەوەی دەنگدانی لە بۆ دەکرێت، ڕێژەیەك داندراوە، ڕێژەکە چەندە؟ دوایێ لەسەری ڕێك دەکەوین، ئایا ئەو ڕێژەیە لە قازانجی زانکۆ تایبەتەکان ببڕدرێت، هەر لە بۆ پێشکەوتنی خودی زانکۆکانە، لەسەرەتای گفتوگۆی ئەو یاسایە...

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

بۆ خۆی ئەسڵی بڕگەکە بەم شێوەیەیە ڕێژەی لە 20٪ بۆ لایەنی دامەزرێنەر، باقیەکەی تری بۆ پێشخستنی زانکۆ، ئێمە ڕەئیمان وابوو وەکو لیژنەی هاوبەش لێرە بڵێین داڕشتنەکە بەم شێوەیە بێ، ڕێژەی لە 20٪ پوختەی قازانجی دابندرێت بۆ پەرەپێدانی تواناکان و پاڵپشتی لە توێژینەوەی زانستی، لەم نێوانەدا رەئیەك هەیە کە دەڵێت ئەم بڕگەیە رەت بکرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە پێشنیاریان کرد، بزانین پێشنیارەکانیان چی بووە؟، بۆئەوەی پێشنیارەکانیان بخەینە دەنگەوە، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە مەشروعێکی ئیستسماریە، کە خاوەنەکەی قازانجی بۆ خۆی دەوێت، بێگومان پێشی دەخات، بۆ تۆ دەتەوێ فەرزی بکەی بەسەریدا، من لەگەڵ ئەوە دانیم بە هیچ جۆرێك، هیچ نیسبەتێك لە هیچ بابەتێك دیاری بکرێت، با حوریەتیان بدەینێ، خۆیان زانکۆکەیان بەڕێوە ببەن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا با بگەڕێینەوە یاسای قوتابخانە، پەیمانگا ناحکومیەکان، بەڕێزان لەوێش ڕێژەی لە (5٪)ـمان دانا بۆ پەرەپێدانی تواناکانی مامۆستایان و کارمەندان و چالاکی زانستی و پەروەردەیی، دەمانەوێت بە هەمان شێوە نسبەتێك لە داهاتەکەی بۆ ئەوە دابندرێت، تا قانونیەن تۆ ئەم زانکۆیانە ئیلزام بکەی، بەلایەنی کەم ڕێژەی لە 10٪ دابنێ بۆ پەرەپێدانی تواناکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە جەنابی کاك عمر نورەدینی باسی لەسەر دەکات، ئەوە یاسایەکی ترەو تایبەتیەتی خۆی و خسوسیەتی خۆی هەیە، ئەم یاسایە خاسە بە زانکۆی تایبەت، زۆر لە برادەران باسیان لەوە کرد کە نەك نیسبەت باس بکەین، بەڵکو ئیلغای ماددەکە بە هەردوو فەقەرەکەیەوە بکرێت بە کاملی، نیسبەتی 20٪ یاخود ئەوەی کە دەمێنێتەوە لە وەفر، سیانەو پێشکەوتنی زانکۆکەی پێ بکات، لەبەرئەوە زۆرینەی ئەندامان باسیان لەوە کرد، کە ماددەکە پێویستە هەڵگیرێت لێرە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی مەبەستتان ئەسڵی ماددەی 31 بە هەردوو فەقەرەکەیەوە، ئێستا ماددەی 31 لە ئەسڵی مەشروعەکە بە هەردوو فەقەرەکەی داوا دەکەن ڕەت بکرێتەوە؟ کێ لەگەڵ ڕەت کردنەوەیە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، 25 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 32 کەس دەیەوێت بمێنێتەوە، لەبەرئەوە ئاخیر سیاغەکەی بخوێننەوە دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەکە بەم شێوەیە پێشنیار دەکەین، بەس ڕێژەکە لەسەری ڕێك نەکەوتووین، چونکە پێشنیاری زۆر هەبوو، ثالثاً: 1- تخصص الجامعات الخاصة نسبة لا تقل عن 20٪ من صافي ارباحها لتغطية نفقاتها لتوسيع و تطوير نشاط الجامعة كالبحث العلمي والنشر، والتدريب، والمؤتمرات العلمية، والايفاد للاغراض العلمية او اي مجال اخر.**

**2-تخصص نسبة 3٪ من صافي ارباحها لتمويل صندوق التعليم العالي، المؤسس وفقا قانون وزارة التعليم العالي رقم 4 لسنة 2008.)، پێشنیاری ڕێژەکە 10٪ بۆیە دەڵێم لەسەری ڕێك نەکەوتین، لەبەرئەوەی پێشنیار هەبوو لە 5٪، پێشنیار هەبوو لە 10٪، پێشنیار هەبوو 20٪، بڕگەی دووەم باسی لە 3٪ دەکات نەك 30، لەبەرئەوەی ئەوە پێشتر یاسای خوێندنی باڵا، وەزارەتی خوێندنی باڵا لە مادده 6 باس لە سندووقی (تەعلیم عالی) دەکەین، تەمویلی سندووقەکە یەك لە خاڵەکان دەڵێت (الرسوم المستوفاة من الجامعات والكليات والمعاهد غير الحكومية)، ئێستا ئەو ڕێژەیە ڕەسمە لێی دەسێنرێت، تەمویلی ئەو سندووقە بە بەشێك لە قازانجی ئەوزانکۆیانە بکرێت.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕاستی ئەگەر ئێمە گوێ لە یەکتری نەگرین، ناتوانین تەفاهوم بکەین، گوێ لە یەکتری بگرین، نەختێك بێ دەنگی، هێمنی قاعەکە بپارێزن، فەرموو کاك عمر.**

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەنها پەیوەندیدار بە بڕگەی کۆتایی یان ئەوەی پەیوەندیدارە بە دانانی لە 3٪، بۆ وەزارەت ئەو بابەتە من پرسیاریشم کرد، ئەسڵەن جەنابتان نەتان خوێند بوو و، موناقەشەشی لەسەر نەکرا بوو، ئێستا بەبێ موناقەشە چۆن دەیکەن بە بڕگەیەك لەو ماددەیە، پێویست دەکات موناقەشەی لەسەر بکرێت، من پرسیارم کرد وتم بەڕێزتان خوێندتانەوە، بەڕێز لیژنەی یاسا و، لیژنەی خوێندنی باڵا، دکتۆر صباح ئیشارەتی دا و، جەنابیشتان ئیشارەتی دا وتتان نەمان خوێندیتەوە، ئەگینا من بۆ خۆم مولاحەزەم هەبوو لەسەری، ئەوە بەبێ موناقەشە چۆن ئیزافە دەکرێت؟.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەو ماددەیە ماددەی 30 و 31 لە ئەسڵدا 4 کەس قسەیان کردووە، 5، 6 کەس قسەیان لەسەر کردووە کاکە، موناقەشەیان کرد، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە لیژنەی هاوبەش ماددەکانیان خوێندەوە، تەنها ماددەی 30 لەگەڵ 31 خوێندراوە، بەڵام بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا تەعلیقی هەبوو لەسەر ماددەی 32، ئێستا بەڕێزتان بەبێ ئەوەی ڕەئی پەرلەمانتاران وەربگیرێت، پێشنیاری ئەوە دەکەن کە لە 3٪ بۆ وەزارەت بێ، ئێ قسە لەسەر ئەو بابەتە نەکراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر ئیجازە بدە ئەوانەی کە ناویان نووسراوە موناقەشەیان کرد، (کاك دلێر- سۆزان خان- شلێر خان- کاك نەژاد- کاك عمر- جەنابت و سمیرە خان قسەیان لەسەر کرد، چونکە ماددەی 30 و 31 کراون بە یەك، بەدەنگی ئێوە کران بە یەك، 6 کەس موناقەشەی لەسەر کرد، چۆن موناقەشەی لەسەر نەکراوە؟، فەرموو دکتۆر عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتێك ئێمە ئێستا لە ئەسڵی قانونەکە ماددەی 30 و 31 مان خوێندەوە، کە دەبێتە بڕگەی دووەم و سێیەم، لەو ماددەیەی کە قەرارمان دا دەمجی بکەین، بۆیە ئێستا موناقەشە لەسەر پرۆژەی قانونەکە ماددەی 30 و 31 دەکەین، زیاتر گفتوگۆ لەسەر ماددەی 31، کە دەبێت بڕگەی 3 لە ماددە تازەکە، ئەوەی کە 2 بڕگەیە خوێندمانەوە، بەڵام ئەوەی ڕسوماتەکە لە 3٪ پێشنیاری بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بوو، کە ئەو ڕەئی خۆی داو وتی پێشنیار دەکەین ئەوە بکرێت، من بەش بە حاڵی خۆم ئەوە ڕسوماتە، وەزارەتی خوێندنی باڵا بەگوێرەی یاسای وەبەرهێناندا، وەزارەتی خوێندنی باڵا شوێن دابنێت ڕسوماتیان لێ وەربگرێت بیخاتە ناو سندووقەکەی، هیچ پێویست ناکات لەناو ئەو قانونە دابێت، تەنها لەسەر ئەوە ڕێك بکەوین نیسبەتێك لە داهات و قازانجی زانکۆ تایبەتەکان تەرخان بکرێت، بۆ چالاکی و پەرەپێدانی تواناکانیان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پێشنیارتان چیە بۆ ئەوە؟ سیغەیەکمان بدەنێ بۆئەوەی بزانین پەرلەمانتارەکان بۆ ئەوە چی دەڵێن؟ فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لەسەر ڕێژەکە مایە ڕێك بکەوین، بڕگەی سێیەمی ئەو مادەیە، کە ماددەی (31)ە لە ئەسڵی پڕۆژەکە، کە (تخصص الجامعات الخاصة نسبة لا تقل) چەند بێ لە 5٪ ، 10٪، 20٪ سێ ڕێژە پێشنیار کراوە، (من صافي ارباحها لتغطية نفقاتها لتوسيع وتطوير نشاط الجامعة)، ئەو ماددەیە دەنگی هێنا کە بمێنێتەوە، بەس مایە لەسەر ڕێژەکە ڕێك بکەوین، 3 پێشنیار کرایە 5٪ کەمتر نەبێت یان 10٪ یان 20٪.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەرسێکیان یەك یەك بیخەرە دەنگەوە، بزانین کامە دەنگی هێنا ئەوە دەکەین، دکتۆرە فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەمتر نەبێت لە 5٪.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەیە لە 5٪ کەمتر نەبێت؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کەس نیە. پێشنیاری ئەمجارە بخوێنەوە، بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە 10٪ کەمتر نەبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە؟ 15 کەس لەگەڵ دایە، ئەوی تر بخوێنەوە، فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە 20٪ کەمتر نەبێت بە مەبەستی (لتغطية نفقاتها لتوسيع و تطوير نشاط الجامعة كالبحث العلمي والنشر، والتدريب، والمؤتمرات العلمية، والايفاد للاغراض العلمية او اي مجال اخر).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، ئەوە 25 دەنگی هێنا، کەواتە ئەمەیان لە هەموو دەنگەکانی تر زیاتر بوو، دەبێت ئەوە تەسبیت بکەن، فەرمووو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە بوو بە بڕگەی سێیەم لە ماددەکە، دووەم (للجامعة و الكلية) ئەوە بڕگەی دووەمە لە ماددەی 24، ثانياً: للجامعة استثمار اموالها المنقولة و غير المنقولة بما ينسجم مع اهدافها العلمية والتربوية.)، ثالثاً:

تخصص الجامعات الخاصة نسبة لا تقل عن 20٪ من صافي ارباحها لتغطية نفقاتها لتوسيع و تطوير نشاط الجامعة كالبحث العلمي والنشر، والتدريب، والمؤتمرات العلمية، والايفاد للاغراض العلمية او اي مجال اخر).

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دايە؟ تكايە دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵ دانيە؟ 8 كەس لەگەڵ دانيە، كەواتە بە زۆرينەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەيەكی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والعشرون

اولا: تعفى الجامعة من ضريبة الدخل في صافي الوفر لمدة 10 سنوات.

ثانياً: يعامل اعضاء الهيئة التدريسية في الجامعة والعاملون فيها معاملة اقرانهم في الجامعات الحكومية من حيث ضريبة الدخل.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كورديەكەی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدينی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 25

يەكەم: باجی دەرامەت دەبووردرێت لە هەموو پاشەكەوتەكانی بۆماوەی 10 ساڵ.

دووەم: ئەندامانی دەستەی دەرس وتنەوە لە زانكۆ و كارمەندانی هەمان مامەڵەی هاوشانەكانيان لە زانكۆ لەگەڵ دەكرێت لەبارەی ملكەچ بوونيان بۆ باجی دەرامەت.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ليژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەيی:**

پشتگيری ماددەكە دەكەين و تێبينيمان نيە.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبينی هەيە؟ ناوەكانتان دەنووسين، ئەم بەڕێزانە ناويان نووسراوە (ئاشتی خان- شلێر خان- سۆزان خان- كاك جلال- د. بشير- كاك نەژاد- كاك خورشيد- كاك ئاسۆ- كاك عمر)، فەرموو ئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزيز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە بە موتلەقی هاتووە، کە ئیعفائەکی موتلەق بکرێت، ئەگەر وەکو سیستەمی ئێستا بێت کە زەریبە دەورێکی گەورەی هەیە لە پێش خستندا، زۆرجار ئەو موئەسەسەیە ناچار دەکەی کە زیاتر مولتەزم بێت، چ پەیوەندی لەگەڵ حکومەتدا، چ پەیوەندی خۆشی بۆ پەرەپێدانی موئەسەسەکە، نیسبەتێك لە زەریبە بمێنێتەوە ئەگەر وەکو قانونی ئیستسماریش سەیر بکرێت، بەلاّم نیسبەتێکی زۆر نەبێت، چونکە ئێمە پێشتر داکۆکیمان لەوە کردووە، کە لە 20٪ تەرخان بکات بۆ بەرزکردنەوەی تواناکان و پێشخستنی موئەسەسەکە خۆی، بۆیە ڕەچاوی ئەوە بکرێت کە لە 20٪ بۆ موئەسەسەکە خۆیەتی، نیسەبەتەکە لێرە نیسبەتێکی زۆر نەبێت، کە ئەو لایەنە موستەسمرە یان ئەو موئەسەسەیە زەرەرمەند نەبێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم نیسبەتێك زەریبە بکەوێتە سەرشانی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر بشیر فەرمووو.

**بەڕێز د. بشیر خلیل توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە فەقەرەی یەکەم (تعفى الجامعة من ضريبة الدخل في صافي الوفر لمدة 10 سنوات)، من پێم وایە ئەوە وەکو یاسایەکەی وەبەرهێنان بێت، وابزانم لەوە کەمترە 7 ساڵە، با ئەو 10 ساڵە ببێتە 7 ساڵ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرمووو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەوەلەنی ئەو ماددەیە بەپێی یاسای وەبەرهێنان، خۆ ئێمە نابێت شتێك بکەین پێچەوانەی یاسای وەبەرهێنان بێت، دوای ئەوە من پرسیارێك دەکەم لەسەر دووەم زەریبەی دەخل هەموو فەردێك لە هەرێمی کوردستاندا دەبێت زەریبەی دەخل بدات، ئەوە هیچ، لۆجیکە عیلاقەی نیە بەسەر ئەوانەی (في الجامعة والعاملون فيها)، یەعنی تۆ لە موستەسمرەکە پاش 7 ساڵ دەست دەکەی بە وەرگرتنی زەریبە، ئەو کەسەی کە لە ئەوەل ڕۆژەوە دەچێت لەوێ ئۆتۆماتیکی، مادام دەخلی هەیە دەبێت زەریبەی دەخل بدات، یەعنی من نازانم بۆچی لەوێدا بێت ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من لەگەڵ ماددەکاندا تەقریبەن ئەوەم نیە، پێشنیار دەکەم ماددەی 32 و 33 و 34 یەك بابەتە بکرێت بە یەکەم و دووەم و سێیەم بە یەك مادده، مەسەلەی (صافي الوفر) لێرە نازانم بەڕاستی تێگەیشتن نیە، (صافي الوفر) مانای چیە لێرە کە ئیعفا بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی ماددەی 32 و 33 و 34 بەم شێوەیە بێت، بەنیسبەت قانونی ئیستسمار بڵێ لە بڕگەی پێنجەم قانونی ئیستسمار کە ڕەقەم چواری ساڵی 2006 لە بڕگەی پێنجەمدا دەڵێت پرۆژە لە هەموو باج و ڕەسمە ناگومرگیەکان دەبڕێت، هەر زەریبەی دەخل نیە هەمووی لەبەرئەوە بابڵێین بەپێی قانون ئیستسماری نافز، چونکە هەموار دەکرێتەوە، با ئێمە وەکو کاك جلال جارێکی تر لە قانونی ئیستسمار باسی کرد، ئێمە با باسی هەر ڕەقەمی پرۆژەی ئیستسماری نەکەین یەعنی قانونەکەی، بابڵێین نافز چونکە کە هەموار کرایەوە بەسەر هەموو مەشروعەکاندا، بۆئەوەی ئێمە جارێکی تر نەیگۆڕین، بۆیە ئێمە دەڵێین ماددەی 33 هەر نەفسی شتە لە قانونی ئیستسماردا هەمووی ئیعفا دەکرێت، بە عەکسەوە چی مەوادە دەیهێنن بۆ مەشروعەکە ئیعفا دەکرێت، دوای ئەوەش 5 ساڵ بۆیان هەیە ئەساسی تر بێنن هەر ئیعفا لە گومرگ، بەنیسبەت ماددەی 34 هەر بەوە حەل دەکرێت، کە تۆ باسی یاسای ئیستسمارت کرد دوایی ئەوە مودەقیق خاریجیە بکە بە مودەقیقێکی موحاسبی قانونی، چونکە ئەوە لە قانونی شەریکاتیشدا هەر دەبێت ئەوە بکرێت، لەبەرئەوە موحاسبی قانونی بێت نەك مودەقیق خارجی، ئەگەر جەنابتان بیکەن و بیدەن بە دەنگدان ئەم سێیانە بکرێت بە یەك و، هەر باسی قانونی ئیستسمارو موحاسب قانونەکە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتەن من لە مەوزوعی زەریبە ئاشتی خان ئەوەیەکی تەرح کرد، من لەگەڵی دامە ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم چونکە ئێمە نیسبەتێکی زۆرمان داناوە، یەعنی ئەمن جارێکی تریش دووبارەی دەکەمەوە ڕاستە ئەوە شەریکەیەو قتاعی خاسەو .....هتد، بە حەقی خۆیەتی و ئەوانە، بەس ئەوە مەوزوعێکی تەربەوی و تەعلیمیە، ئەوە عیلاقەی بە ئەمنی قەومیەوە هەیە، عیلاقەی بە تەربیەوە هەیە، ئەوە

عیلاقەی بە ئەجیالی داهاتووەوە هەیە، ئەو شتانە دەبێت هەمووی بە نەزەر ئیعتبار وەربگیرێت، خۆ کابرا شەریکەی سەیارات دانانێت ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم کە لێرە ئیشارەتی پێکراوە دەڵێت (لمدة 10 سنوات)، یەعنی بەڕاستی هەتا زەریبە کەمەکەش نابێت 10 ساڵ بێت، دەبێت زۆر کەمتر بێت بەلای زۆری لە 5 ساڵ زیاتر نەبێت، یەعنی با زەریبەیەکی کەمی لێ وەربگیرێت، بەس لە 5 ساڵ زیاتر نەبێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕەئی من بەو فەقەرەییە سیاغەی بکەین، 1- تطبق على الجامعات الاعفاءات الضريبية المنصوص عليها في قانون الاستثمار رقم 4 لسنة 2006. ئەوە یەك، 2- تعفى من الضريبة نسبة 20٪ المنصوص عليها في هذا القانون المخصصة لتطوير الجامعة. ئەو 20٪ نابێت زەریبەی لەسەر بێت، چونکە ئەوە ئەسڵەن بۆ جامیعەیە، بەو شکلە ئەم بابەتە حەل بکەین باشە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بڕگەی یەکەم، من پێم باشە لە 10 ساڵەوە بکرێت بە 5 ساڵ، لەبەرئەوەی ئێستا هەوڵێکی زۆر هەیە، بۆئەوەی قانونی ئیستسمار تەعدیل بکرێت بەتایبەتی ئیعفا کردن، لە زەریبەی دەخل کە ماوەکەی یەکجار زۆرە بەتایبەتی ئەم ماددەیە دەبێت بخوێندرێتەوە، لە ماددەی پێشتر ئێمە هاوکاریمان کرد، هاوکاری دەستەی زانکۆ تایبەتەکان کرا، کە نزیکەی 80٪ وەفری داهاتەکانیان بۆ خۆیانە، ماددەی دواتریش ئەوان ئیعفا دەکرێن لە مەسائیلی گومرگ و ئەوانە، هەرچی بۆ پێشخستنی ئالات و ئەدەوات و شت بێنن بۆ زانکۆکان، بۆیە من پێم باشە لێرە لەجیاتی 10 ساڵەکە بکرێت بە 5 ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ڕەئیەکەی هاوکارمان سۆزان خان دەکەم، بەوەی کە بڕگەی دووەمیان نەمێنێت، چونکە ئەوە بە یاسای تر ڕێك خراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دواسیاغەتان لیژنەی هاوبەش، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەی 32 و 33 لە ئەسڵی قانونەكە دەمج بكرێت، لەڕاستیدا هەرچەند ئەم 10 ساڵە بۆ خۆی ئەوە تەشجیعی موستەسمیرە، چونكە ئەگەر یەكێك مەسەلەن بەپێی قانونی ئیستسمار 7 ساڵ ببەخشرێت ئەو 10 ساڵ دەبەخشرێت، كەواتە تەشجیعە بۆ ئەو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆچوونی زۆربەیان بەو شێوەیە بوو، كە ئیعادە سیاغە بكرێتەوە و، سەرئەنجام بۆچوونەكەی كاك خورشید هەمووی بكەین بە ماددەی 32 و 33، بە یەك فەقەرە بەو شێوەیەی كە كاك حاجی پێشنیاری كرد دابڕێژرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشنیارێكی ئەوە هەیە كە ماددەی 32 و 33 لە ئەسڵی مەشروعەكە هاتووە بكرێت بە یەك، تكایە كێ لەگەڵ دایە؟ با دەست بەرز بكاتەوە، كێ لەگەڵ دانیە؟ 1 كەس لەگەڵ دانیە، فەرموو كرا بە یەك، بە زۆرینەی دەنگ كرا بە یەك، بەڵام بزانم سیاغەكەتان چۆنە؟، فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە دەبێتە ماددەی 32 بڕگەی یەكەم، چونكە ئێستا دەنگی هێناو ماددەكە رێكخرا، 1- تطبق على الجامعات الخاصة الاعفاءات الضريبية المنصوص عليها في قانون الاستثمار النافذ في الاقليم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك خورشید با نیسبەكەمان بۆ بنێرێت، بزانین چۆن چۆنیە توخوا، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بە زۆرینە هاوڕا بووین لەسەرئەوەی هەر3 ماددەكە دەمج بكرێت، بەڵام ئێمە قانونی ئیستسمارمان هەیە، ئێستا پرۆژە یاساكە هەم لە حكومەتدا، هەم لە پەرلەمانیش تەقدیم كرا بۆ، پێمان وایە ئەوەی لە قانونی ئیستسمار هەیە ئیستغلال كراوە، لەو مەجالەی كە ئەجهیزە بەناوی ئیستسمار دەهێنن و گومرگ نادەن، لە واقیعدا خەڵك زۆر ئیستفادەی لێ كردووەو، ئیستسمارەكەشی نەكردووە ئەجهیزەی تر دەهێنێت بە جیاواز، ئێمە كە لە قانونی ئیستسمار ڕازی نەبین ئێستا بۆ بێین ئەوە زیاد بكەین، ئەگەر قانونی ئیستسمار نافزە لە كوردستان، پێویست ناكات بنووسین ئەوانە شتێكی ئیستسمارین تەعلیمەكە، قانونی ئیستسماریان بەسەر تەتبیق دەكرێت، هیچ پێویست ناكات لێرە بنووسرێت، كەواتە هەر 3 ماددە ئیلغا بكرێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 32 و 33 یەك خرا کرا بە یەك ماددە، ڕیزبەندی ماددە 25 وەرگرت بەو شێوەیە پێشنیاری ئەو داڕشتنەوەیە دەکەین، ماددەی 25 ، 1- تطبق على الجامعات الاعفاءات الضريبية المنصوص عليها في قانون الاستثمار النافذ في الاقليم. 2- تعفى من الضريبة نسبة 20٪ المنصوص عليها في المادة (44) ثالثاً من هذا القانون المخصصة لتطوير الجامعة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە السادسە والعشرون کە لە پرۆژەکە (34)ە، ماددەکە کە دەمج کران ئەو ماددەیە بوو بە ماددەی 26، المادە 26 (تخضع حسابات الجامعة للتدقيق المالي من قبل مدقق خارجی القوانين المرعية).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 26

ژمێریاری زانکۆ دەکەوێتە بەر وردەکاری دارایی لەلایەن وردبینێکی دەرەکی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین و تەنها ئەو عیبارەیە هاتووە، (من قبل مدقق خارجي) ئەوە نەمێنێت، ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە (تخضع حسابات الجامعة للتدقيق المالي وفق القوانين المرعية). یان (القوانين النافذة في الاقليم).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ سیغەکەی بخوێننەوە بۆئەوەی بیخەینە دەنگەوە، بەس دکتۆر احمد قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من پشتگیری ماددەکە دەکەم، بەس بەر لەو ماددەیە ماددەی پێشنیار کراو هەیە، کە لەلایەن زانکۆی گەشەپێدانەوە پێشنیار کراوە، ئەگەر پەسەند کرا پێش ئەو ماددەیە پەسەند بکرێ، چونکە پەیوەندی بە تەسهیلات هەیە بۆ زانکۆکان دەڵێت (تسهيل امور الجامعات الغير ربحية من حيث الاستفادة من الخبرات الموجودة في الجامعات الحكومية و ذلك لتشجيع اصحاب الاموال الى فتح مثل هذه الجامعات في الاقليم لانها تقديم خدمات دون مقابل وتدير امورها بأموال مالكيها وما يعطى الطلبة من الاجور دون الاستفادة المالية لصاحب الامتياز)، ئەگەر پێتان باش بێت ئەمە بۆ تەسهیل کردنەوەی زانکۆکان، ئەو ماددەیە لێرە ئیزافە بکرێت بەر لەوەی بچینە سەر حیساباتی جامیعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماده السادسه والعشرون

(تخضع حسابات الجامعة للتدقيق المالي وفق القوانين المرعية).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**الفصل السادس**

**الاحكام العامة**

المادة السابعة والعشرون

تعد الشهادات التي تمنحها الجامعة معادلة للشهادات التي تمنحها نظيراتها من الجامعات والكليات الحكومية شريطة مصادقة الوزارة عليها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 27

ئەو بڕوانامەی کە زانکۆ دەیان بەخشێت هاوتای ئەو بڕوانامەن کە هەمان جۆرە زانکۆ و کۆلیژی فەرمی دەیبەخشن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی هاوبەش پشتگیری ماددەکە دەکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاک قادر- رازاو خان- کاک پێشەوا- ئەڤین خان- کاک نەژاد- کاک سلام- کاک عمر- سۆزان خان) فەرموو کاک قادر.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە، ئەگەر هەر نەبێت بە تەسەوری من تەحسیل حاسلە ئەو قانونەی کە ئێمە دەری دەکەین ئێستا، بۆئەوەیە کە ئەو جامیعاتە بە رەسمی بناسرێن فەرمینە، لێرە دەڵێت کە هەمان جۆرە زانکۆ و کۆلیژی فەرمی دەیانبەخشن، یەعنی بۆ ئەو گومانە بخرێتە سەر ئەو جامیعانەی کە فەرمی نەبن، بۆیە لەجیاتی ئەو فەرمیە بکرێتە حکومی، هاوتای جامیعاتی حکومی بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من بابەتێك حەز دەکەم ئەگەر لێرە جێگای ببێتەوە لەو ماددەیە، ئەگەر چی بە قانون نیە پێشتر ڕەنگە بە بڕیارێك بێت، ئەویش ئەوەیە کە لە زانکۆ حکومیەکان ئەوانەی کە ساڵانە لەسەر ئاستی کۆلیژەکان یەکەم و دووەم و سێیەم دەبن وەردەگیرێنەوە لە زانکۆکان، ئایا ئەگەر ئەوە ئیزافە بکرێت ماددەیەکی یاسایی لێرەدا، پێشنیاری ئەوە دەکەم جێگای دەبێتەوە لەو ماددەیە ئیزافە بکرێت، بیکەین بە ماددەیەکی قانونی ئەوانەی کە یەکەم و دووەم وسێیەم دەبن لە ئاستی کۆلیژەکان وەربگیرێنەوە وەکو موعید لە زانکۆکان، نازانم تا چەند جێگای دەبێتەوە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رازاو خان فەرموو.

**بەڕێز رازاو محمود فتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە بەم شێوە ڕەهایە ئەو دەسەڵاتە نەدرێت، بەڵکو بە جۆرێك لە جۆرەکان لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، ئەگەر ئەو بەشەمان هەیە سەرپەرشتی جۆری هەر بەشێکی تایبەتمەند بەوە لەژێر چاودێری ئەوانەو، بەڕەزامەندی ئەوان ئەو بڕوانامانەیان پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ ئێمە ڕەئیەکی درێژمان کردە سەر ئەوەی چەند ئەم زانکۆیانە پەیوەندی و دەسەڵاتی وەزارەت بەسەریانەوە هەیە، هەر لێرە بۆئەوەی دڵنیا بین لە مستەوای ئەو شەهادانە بگەڕێینەوە ماددە کۆنەکان، کە بڕیارەکان و کارکردنی بەپێی ئیشرافی ئەوەی حیمایەی جەودە بوو، یان لەوێ تەزکیرەك بەوە بکەین یانیش ئەو ماددەیە هەڵ بگرین، واتە ئۆتۆماتیکیەن بۆیان نیە شەهادە موعادەلە بکەن، یەك جیهەت دەبێ هەبێت لەو وڵاتە موعادەلە بکەن، بۆیە تەسەور دەکەم بە رەهایی ئەو حوکمە لێرە نەدەین، چونکە حەل کراوە زمنیەن لەوەی وتوومانە مولتەزم دەبن بە ئەوانەی جەودە، یانیش دەبێت لێرە ئیلزامی بکەین و، بڵێین پاش تەعدیل کردنەکەی جیهەتێکی رەسمیە ئەگەر ئەوها بە قانون موعادەل ناتوانین بکەین، بە ڕەئی من ئەوە حیمایەتی مستەوای علمیەکەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری کاك قادر دەکەم، کەوا فیعلەن بکرێت بە (الجامعات والکلیات الحکومیة)، هەروەها پرسیارێکیشم هەیە حەز دەکەم لیژنەی بەڕێز یاخود جەنابی وەزیر وەڵامم بداتەوە، ئایا ئێمە لێرەدا من ناو ناهێنم، بەڵام جامیعات هەیە ماجستێری بە خەڵك داوە، بەڵام ئەو ماجستێرە ئەگەر بێیت و موقارەنەی بکەی لەگەڵ ئەو ماجستێرەی کەوا لە جامیعاتی حکومی دەدرێت، زۆر جیاوازی هەیە باشە لێرە چۆن موعادەلەی دەکەی لەگەڵ ئەوەدا؟ چونکە تۆ سەیر دەکەی ئەو بەناوی (bissnus)ەوە دەیدات یاخود لە ئیختصاصی خۆی نایدات، یەعنی ئەوە لێرەدا تۆزێك ڕاوەستانی دەوێت، دەبێت ئەم بابەتە بە تەعلیمات چاك بکرێت، یاخود وەڵامم بدەنەوە بە چ شێوەیەك تەعادول دەکرێت لەگەڵ ئەو شەهادەیە، کە دراوە لە جامیعاتی حکومیدا، هەروەها ئەم تەعادولە دەکرێت ئایا لەمەودوا وەکو وابزانم کاك پێشەوا بوو

باسێکی لێکرد، ئایا خەریجی جامیعاتی ئەهلی ئیتر لەمەودوا دەتوانن ئەو تەعادولە ئەوائیلەکانیان وەکو ئەو ڕێنماییانەیان لەسەر تەتبیق دەکرێت، کە لەسەر قوتابی یاخود خوێندکاری زانکۆ حکومیەکانەوە وەرگیرێن، ئەوانیش دەتوانن بەهەمان ڕێگا لە دیراساتی عولیا، لە جامیعاتە رەسمیەکان یاخود حکومیەکان جارێکی تر بەردەوام بن لەسەر خوێندنەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوشانی هاوڕێکانم ڕەئیم وایە بە ڕەهائی نەوترێت، با بڵێین هاویەکسانن، هاوتان لەگەڵ شەهاداتی تری حکومی، ئەوەشمان لەبیر بێت موصادەقەکردنی شەهادات بە هەڵەیە نەچووبم پێشووتر دراوە بە وەزارەت، یەعنی دەتوانێت موصادەقەی بکات نەك هەر لەو موعادەلەیە بێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەئیم وایە پێشنیار دەکەم کە لە قانونەکە وابێت، چونکە جامیعاتی ئەهلیش من وای تەماشا دەکەم وەکو جامیعاتی با بڵێین ئەو دەوروبەرانە یان جامیعاتێ کە دێن قسمێك لە وەزارەت هەیە، بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا دەزانێت، کە قسمی تەعادولی شەهاداتە، لەوێ موعادەلە بکرێت، ئەو شەهادەیە موعادەلە بکرێت بەچی، مادام ناحکومیە ئەو جامیعانە ناحکومینە، کابرا لە قاهیرە وەردەگیرێ، لە لوبنان، بۆ لێرەدا ئەوەی دەکات ئەویش هەر جامیعاتی ترن، ئەوەش هەر جامیعاتی ناحکومینە، ئەوەش هەر عیلاقەی بە ئێرەوە نیە، کەواتە بۆ موعادەلە نەکرێت لێرە لە قسمی تەعادولی شەهادە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو هەموو گفتوگۆیانەمان کرد، ویستمان ئازادیەکی زۆر بدەین بە زانکۆکان، بەڵام ئەم ئازادیە ئەلێرەدا بوو بە رەها، ئێمە پێویستمان بەوەیە وتوومانە ئازادیان دەدەینێ، بەڵام بە کۆنترۆڵ کردنەوە،

کۆنترۆڵەکە لە کوێیە هەموو پرۆسەکە لەژێر زەمانی جەودەی نەوعیە، لێرەش بەبێ موصادەقەکردنی وەزارەت ناتوانی شەهادە بکەی و یەکسەر پێشی بوترێت (معترف بها بعد مصادقة الوزارة).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لانا خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن بەس دەمەوێت تێبینیەکی تەوزیح بکەم، بەنیسبەت ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێم دەخوێنن بەشێك هەیە لە وەزارەتی تەعلیم عالی، کە لەدەرەوەی هەرێم مەسەلەن بۆ نموونە لە قاهیرەی دەخوێنن، لە ئوردن دەخوێنن، ئەوانە کە شەهادەیان وەرگرت دێتەوە ناو هەرێم موعادەلەی شەهادەیان پێ دەکرێت و لە وەزارەتی تەعلیم عالی، بەس لێرەدا بەنیسبەت ئەو ماددەیە، بەنیسبەت ئەو زانکۆیە تایبەتیانە، ئەو ئەهلیانە، ئەوانە لەناو هەرێمی کوردستاندا، ئەوانە مەنهەجیان هەموو ئیشرافی لەسەر دەکرێت، مەناهجی تەربەوی ئەوەی دیراسەت دەکات، وەزارەتی تەعلیم عالی ئاگادارە چ مەناهجێك لە خیلالی ئەو چەند ساڵەی دەوترێتەوە، یەعنی پێویست ناکاتن ئەوانەی لە دەرەوەی هەرێم دەخوێنن ئەو جودایە، دێتەوە ناو هەرێمەوە موعادەلەی پێ دەکرێت،هەتا بزانین ئەو مەوادانەی کە لە دەرەوەی هەرێم خوێندیتیان چۆنە؟، ئەسوەتەن بەو جامیعاتانەی کە داخلی هەرێمە، بەس کە جامیعەکە لەناو هەرێم بێت، بەو هەموو خەتەواتانە تێپەڕی بێت و هەموو ئاگادارین وەزارەتی تەعلیم عالی ئاگادار بێ بە مەناهج و ئەوانە، پێویست ناکات لێرە کولیەکە یان زانکۆکە نەتوانێت شەهادەی پێ بدرێت، ئیلا دەبێت موعادەلەی پێ بکرێت لە وەزارەتی تەعلیم عالی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی سەرنج و تێبینی ئەندامان، ئێمەش پشتگیری لەو بۆچوونە دەکەین، کە مەبەست لەو دەقەش ئەوە نەبووە کە هەر بڕوانامەیەك لە زانکۆیەکی تایبەت وەردەگیرێت بە هەمان شێوە وەکو زانکۆ حکومیەکان بێ، لەوانەیە وەحداتی خوێندنیان، کاتژمێری خوێندنیان جیاواز بێت، واتە ماستەرێك لە زانکۆی تایبەت بەرامبەر دبلۆمێکی زانکۆی حکومی بێت، ئەو شتەی کە دەگەڕێتەوە لەبۆ ئەو یاسا کارپێکراوانە، بۆیە پێشنیاری ئەو داڕشتنەوەیە دەکەم، تعد الشهادات التي تمنحها الجامعة معادلة للشهادات التي تمنحها نظيراتها من الجامعات والكليات الحكومية شريطة مصادقة الوزارة عليها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 1 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة والعشرون کە لە پرۆژەکە (36)ـە،

اولاً: في حالة عجز الجهة المؤسسة عن توفير المستلزمات المطلوبة المحددة في هذا القانون لمجلس الوزارة بعد منحها فترة لا تقل عن ثلاثة اشهر الحق بفك ارتباط الجامعة عن الجهة المؤسسة ويتولى مجلس الجامعة او الكلية و بأشراف من الوزارة ادارة شؤونها لحين ايجاد بديل عن تلك الجهة والتي تحدد بتعليمات.

ثانياً: للوزير رفع التوصية الى رئيس مجلس الوزراء بألغاء اجازة الجامعة او احد اقسامها بعد انذارها عند ثبوت مخالفتها للشروط المطلوبة، و في حالة الموافقة على الالغاء تتولى الوزارة ادارتها وفق نظامها الداخلي الى حين تخرج اخر و جبة من طلبتها و عليها ان تنقل الطلبة الى نظيراتها من الجامعات الخاصة و تصفى اموالها المنقولة وغير المنقولة بعد اداء التزاماتها و ديونها حسب القوانين المرعية.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 28

1-لەبارێکدا لایەنی دامەزرێنەر نەیتوانی پێویستیە کەل و پەلە پێویست دیاریکراوەکان لەم یاسایە دا فەراهەم بکات، ئەنجومەنی وەزیران مافی ئەوەی هەیە دوای پێدانی ماوەیەکی گونجاو پەیوەندی زانکۆکە یان ئەنجومەنی کاروباری بەڕێوە ببات، تاکو دۆزینەوەی بەدیلی ئەو لایەنەی کە بە ڕێنمایی دەست نیشان دەکرێت.

2-وەزیر بۆی هەیە راسپاردەیەك بەرز بکاتەوە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بە هەڵوەشانەوەی مۆڵەتی زانکۆکان یان یەکێك لە بەشەکانی دوای ئەوەی کە دەرکەوێت سەرپێچی مەرجە داواکانی کردووە ئاگاداری بکاتەوەو لە باری ڕەزامەندی دەربرین لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەوە وەزارەت بەڕێوەبردنی دەگرێتە ئەستۆ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ تاکو دوا دەورەی قوتابیەکانی دەردەچن و بۆشی هەیە قوتابییەکان بگوێزرێتەوە بۆ زانکۆ فەرمیەکان یان گواستنەوەیان بۆ زانکۆیەکی تر دابین بکات، ماڵە گوازراوەو نەگوێزراوەی دوای جێبەجێ کردنی ئیلتزامات و قەرزەکانی بەپێی یاسا کارپێکراوەکان پاکتاو بکات.

**بەڕێز د. ارسلان بايز اسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە و پشتگیری ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵاو توێژنەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی یەکەم لەدواییەکەی بنووسرێت (باشراف الوزارة)، یەعنی : في حالة عجز الجهة المؤسسة عن توفير ..هتد، بەس بنووسرێت (وباشراف الوزارة)، لە دووەمدا و ولها ان تنقل الطلبة الى نظيراتها من الجامعات الخاصة) لێرەدا قەسدی حکومیە ئەوە لابرێت، چونکە مەعایری وەرگرتن لە زانکۆ حکومیەکان فەرقی هەیە لەگەڵ زانکۆ ئەهلیەکان، بنووسرێت (و لها ان تنقل الطلبة الى الجامعات الخاصة فقط.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە خاڵی یەکەمی کە نووسراوە (منحها مهلة مناسبة)، بەڕەئی من ئەو موهلەیە تەحدید بکرێت، چونکە موهلە موناسبەکە لە وەجهە نەزەری وەزارەت تەحدید دەکرێت، یان ئەو جیهەتەی کە لە ئەزمەیە، چونکە لەو خاڵەدا ئێمە ئیعلانی ئەوە دەکەین کە موئەسەسەکە کەوتووەتە ئەزمەوە، کەواتە ئەگەر وەزارەت موهلەکە تەحدید بکات لەوانەیە بە مەزاجی خۆی بیکات، موئەسەسەیەکی تر بڵێ موهلەی کەم دا بە من بەوەی کە ئیرتباتەکانی خۆم هەڵبوەشێنم، لایەنێکی تر بڵێ موهلەتی دا زۆرتر بە من، کە لەوانەیە وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیرانیش بکەوێتەوە ژێر پرسیار، بۆیە بەڕەئی من دەبێت ئەو موهلەیە تەحدید بکرێت، ئەگەر بەلایەنی کەمەوە بنووسرابا (لاتقل عن ثلاثة اشهر)، یەعنی تەحدید بکرێت بۆئەوەی بۆ هەمووی یەك چاو بێت، هەروەها سەبارەت بەهەمان خاڵ وەکو پێشتر وتم ئەو موئەسەسەیە کەوتووەتە ئەزمەوە، کەواتە چۆن دەتوانێت (ویتولى مجلس الجامعة او مجلس الكلية ادارة شؤونها)، ئێمە ئیعلانمان کردووە موئەسەسەکە کەوتووەتە ئەزمەوە، من ڕەئیم وایە دەبێت (بالتنسيق بوزارة معنية) یان (باشراف الوزارة المعنية)، چونکە مەجلسەکە خۆی ناتوانێت بە تەنها ئیدارەی ئیشەکانی خۆی بکات، سەبارەت بە خاڵی دووەمی ئەو ماددەیە کە دەڵێت (ولها ان تنقل الطلبة)، من لێرە ئەوە جیاوازە لەگەڵ ئەو پێشنیارەی وەزیر، کە سەبارەت بەوەی کە بە تەنها بگەڕێت بۆ کولیاتی خاص، ئێمە لە یاسای قوتابخانە ناحکومیەکاندا ئیقرارمان لەسەر ئەوە کرد و جێگیر کرا، کە ئەو قوتابیانە مەسئولیەتێکی نیشتمانیە لەسەر وەزارەت، ڕاستە ئەوانە وەرگیراون ئێمە فلتەرمان بۆ داناوە، کۆمەڵێك ڕێ و شوێن لەسەر ئەو بنەمانە وەرگیراون، بۆیە مەسئولیەتێکی نیشتمانی پەروەردەییە، بۆیە من دژی ئەوەم کە (لها)ش

بێت، چونکە (لها)ـەکە جۆرێك لە خیار دەدرێت بەوەی کە حکومەت پشکی بۆ بدۆزێتەوە یان نەدۆزێتەوە، بە بڕوای من ئیلزام بکرێت ئەو تەلەبانە مەسیریان چی لێ دێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بکرێت بە (علیها) لەبڕی ئەوەی کە بڵێی (ولها).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها تێبینیم لەسەر خاڵی دووەم هەیە لەو ماددەیە، کە دەڵێت (فی حالة الموافقة علی الالغاء تتولی الوزارة ادارتها وفق نظامها الداخلي الی حین تخرج اخر و جبة من طلبتها و علیها ان تنقل الطلبة)، زۆر زۆر گرینگە کە لێرەدا بوونی هەبێت، چونکە ئیلغایەکە بە فەرمانی وەزارەت و ئەنجومەنی وەزیران دەبێت، لەبەرئەوە ئەو تەلەبانەی کە لەو زانکۆیانەن ئەوان هیچ گوناهێکیان نیە، کە لێرە دەبنە قوربانی، دەبێت جیهەتی مەسئول چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە، ئێمە لە ڕابردوودا زانکۆی شاهانە کە هەڵوەشایەوە بەڕاستی تەلەبەکان هەمووی سەرگەردان بوون هیچ خەمیان لێ نەخورا، لەبەرئەوە بەڕاستی زۆر گرینگە (ولها ان تنقل الطلبة)، جەنابی وەزیر تەنها لەسەر ئەوەش ڕازی نیە کە بەشێوەی جیاوازی بنووسرێت (ولها ان تنقل الطلبة الی الجامعات الحکومیة)، یەعنی لایەنی کەم جیاوازیەکە بۆی هەیە کەوا قوتابیەکان نەقل بکات بۆ زانکۆ حکومیەکان، ئەگەر وجوبیش نەبێت لایەنی کەم جەوازیەکە لێرە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەنیسبەت خاڵی دووەمەوە پشتگیری لە پێشنیارەکەی بەڕێز وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا دەکەم، بەڵام بۆ؟ چونکە یەکەم ئەگەر ئەوە ببێت، کەسێك بە پارەی خۆی دەخوێنێت دەچێتە کولیەکی توب لە جامیعەی صین، بەڵام دەرەجەی کولیەی توبی جامیعە حکومیەکانی نیە، کە ئەو جامیعەیە لابردرا چووە کولیەکی توبی حکومی غوبن پەیا دەبێت و، لە مستەوای علمیشدا بەڕاستی کێشە دروست دەبێت، دوو ئەگەر مایەوە (ولها ان تنقل الطلبة الی الجامعات الرسمیة حسب الاستحقاقات القانونیة وتعلیمات الوزارة).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سمیرە خان.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 36 لە فەقەرەی یەکەم من وا پێشنیار دەکەم (اعطاء صلاحیة فك ارتباط الجامعة عن الجهة المؤسسة الی مجلس الوزراء بدلاً من مجلس وزارة التعلیم العالي)، فەقەری دووەم (ان یکون رفع التوصیة بالغاء اجازة الجامعة من قبل مجلس الوزارة بدلاً من الوزیر و یعطی صلاحیة الغاء اجازة الجامعة الی مجلس الوزراء بدلاً من رئیس مجلس الوزراء)، چونکە بۆ نموونە ئەوەمان لەپێش بوو شاهانەی بەریتانی، مەسیری هەزاران تەلەبەیە، ئەجیالەکانی خۆمانە لە بۆ بەرژەوەندی گشتی و هەرێم مەجلیسی وزارە ئیلغای بکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کراو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەژاد قسەکانی تۆش کرا، فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو نەقلەی لە جامیعاتی ئەهلی بۆ جامیعاتی حکومی، بەحەقیقەت ئەوە ئیشکالاتی زۆر دروست دەکات، ئەوەلەن شروتەکانیان جیاوازە، دەرەجاتیان جیاوازە، ئینجا غوبنێکی زۆر بۆ ئەو قوتابیانە دروست دەبێتن، کە لە جامیعاتی حکومی دەخوێنن، خۆیان ماندوو کردووە، پلەی زۆر باشیان بەدەست هێناوە تا چوونەتە کولیە، پاشان لەو حاڵەتەدا دەبێت ئەوە ڕادعێك هەبێت بۆ کابرای موئەسیس، وەکو هەر شتێکی تر، کە ئەوە موخالەفەی قانونی کردووە، مەسەلەن بۆیە وای لێهاتووە نوقتەی دووەم مەبەستمە، دەبێت ئەوەی تێدابێت (تغریم المؤسس)، تەغریمیش بکرێتن، باشە بۆ ئەو پرۆژەیەی ناجیح نەبوو، ئەوە پرۆژەیەکی تەعلیمیە بۆ ناجیح نەبوو، دەبێت تەغریم بکرێت، هەر ئەوەندە نەبێتن بۆئەوەی ببێتە پەندێك بۆ ئەوانی تر.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. علی سعید/ وەزیری خوێندنی باڵاَ و توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو وتم بڕگەی یەکەم بنووسرێت (و باشراف الوزارة) ئەوە حەل دەبێت، ئێمە ئیشرافی دەکەین، لە بڕگەی دووەمیشدا تەئیدی ئەوە دەکەم کە بە وەزارەت بڵێت (وعلیها) وەکو پێشنیاز کرا، (وعلیها ان تنقل الطلبة الی الجامعات الخاصة فقط).

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان، دوا سیاغەتان، فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کە ماوەکە بە 3 مانگ دیاری بکرێت، هەروەها بەسەرپەرشتی وەزارەت بێت، هەروەها وای لێ بکەین کە لەسەر وەزارەت پێویستە کە ئەوان بگوازێتەوە بۆ زانکۆیەکی تایبەت، بەڵام با بیر لە حاڵەتێکی تر بکەینەوە، ئێستا زانکۆی تایبەتمان هەیە، تەنها لە 1 زانکۆی تایبەت بەشی پزیشکی هەیە، فەرەزەن ئەو زانکۆیە تووشی ئەزمە بوو، لە زانکۆ تایبەتەکانی تریش بەشی پزیشکی یان ئەو بەشە نەبوو، ئەو تەلەبانە چیان لێ بکرێت، بۆیە دەبێت پێشبینی ئەو حاڵەتە بکەین، کە لەم حاڵەتەدا چارەنووسی ئەو تەلەبانە مەسەلەن مسۆگەر بکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة والعشرون کە لە پڕۆژەکە (36)ـە

اولاً: في حالة عجز الجهة المؤسسة عن توفير المستلزمات المطلوبة المحددة في هذا القانون لمجلس الوزارة بعد منحها فترة لا تقل عن ثلاثة اشهر الحق بفك ارتباط الجامعة عن الجهة المؤسسة ويتولى مجلس الجامعة او الكلية و بأشراف من الوزارة ادارة شؤونها لحين ايجاد بديل عن تلك الجهة والتي تحدد بتعليمات.

ثانياً: للوزير رفع التوصية الى رئيس مجلس الوزراء بألغاء اجازة الجامعة او احد اقسامها بعد انذارها عند ثبوت مخالفتها للشروط المطلوبة، و في حالة الموافقة على الالغاء تتولى الوزارة ادارتها وفق نظامها الداخلي الى حين تخرج اخر و جبة من طلبتها و عليها ان تنقل الطلبة الى نظيراتها من الجامعات الخاصة و تصفى اموالها المنقولة وغير المنقولة بعد ادء التزاماتها و ديونها حسب القوانين المرعية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ تکایە دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵ دانیە؟ بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، تا سەعات 4 بەخواتان دەسپێرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**......... کاکە نابێ، خۆت لە لیژنەی، داوا لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی خوێندنی باڵا دەکەین فەرموون بۆ سەکۆی لیژنەکان، داوا دەکەم ئەو دانیشتنەی پاش نیوەڕۆ قسەکانتان کورت و پوخت و دەوڵەمەند بکەن، بۆ ئەوەی ئەمڕۆ کۆتایی پێ بێنین، لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ ماددەی 37.**

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 37 کە دەبێتە ماددەی 29**

**لاتسمع المحاكم الدعاوى التى تقام على الجامعات فى كل ما يتعلق بقبول ذوى الامتحانات أو العقوبات الانضباطية التى تفرض على الطلبة وترقين قيدهم  أو الاعتراضات حول منح الالقاب والشهادات العلمية، ويكون للوزارة وحدها حق البت فى الشكاوى التى تنشأ  عن هذه الامور.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاك د.عمر  فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 29**

**دادگاکان گوێ لەو داواکاریانە ناگرن کە لە سەر زانکۆ تایبەتەکان بەرز دەکرێتەوە، لە هەموو کارێکی پەیوەندار بێ بە وەرگرتنی قوتابی و تاقی کردنەوەکان، یان سزا بەرزەفتەییەکانی کە لەسەر قوتابی یان**

كوژانەوەی قەیدی یان ئەو نارەزاییانەی لە بارەی پێدانی نازناوەکان و بڕوانامەی زانیستی هەبێت و تەنیا وەزارەت مافی بڕیاردانی لەبارەی ئەو شکایەتانەوە هەیە کە لەو کاروبارانە دروست دەبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ماددەکە دەکەین و تێبینیمان لەسەری نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە؟ ئاهەنگ خان و لانە خان و کاک نەژاد و کاک عبدالسلام، ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ئەسڵەن بەدیهەیە، هەر دەبێ رەفز بکرێتەوە، حەق نیە جێی لێرە لەو یاسایەی هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ماددەی 37 بە ڕەئی من ئەو ماددەیە پێویست ناکات هەبێت لەو یاسایە، چونکە ئەکید ئەو جیهەتەی کە موتابەعەی ئەو زانکۆیانە دەکات وەزارەتی تەعلیمی عالیە، یەعنی ئەگەر هەر چ کێشەیەکی هەبێت پێویست ناکات بە ڕەئی من ئەو ماددەیە لەو یاسایە هەبێ، بۆیە ماددەی 37 لەغو بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ بێنمە بیری یاسازانان کە هەر هاووڵاتیەك بە پێی دەستوور حەقی تەقازی هەیە، ئەمە مەبدەئە، بۆیە بەشێوەی گشتی (لاتسمع المحاكم الدعاوى) نیە شتی وا، بەڵام لەگەڵ ئەوەمە ئەو شەکاوی و شتانە رەفع بکرێن بۆ وەزارەت و وەزارەت مولزەم بێ حەلی بکات کە جیهەتی موشریفە لەسەر ئەو، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو هەلومەرجە، یەعنی پێشێلی مافێکی ڕەوای بەشەر نەکەین، هەمان هەدەف لە سیاغەی

ئەو ماددەیە جێ بەجێ بکەین، ئەم سیاغەم نووسیوە، ئیجازە هەیە پێشنیارەکەم بخوێنمەوە بۆ ئەوەی مافی مرۆڤ پێشێل نەکەین و ڕوحی ئەم مادده تەتبیق ببێ، (ترفع الشكاوى على قرارات الجامعة فى كل ما يتعلق بقبول او الامتحانات أو العقوبات الانضباطية ....... ترفع الشكاوى الى الوزارة التى يوجب عليها البت في هذه الشكاوى واصدار القرار المناسب.) لە سیاغە کردنی ئەم ماددەیە ئەوەیان دەویست، بەڵام بۆمان نیە بڵێین مەحکەمە دەعاوە وەرناگرێ، چونکە مافی هەرکەسێکە بچێتە مەحکەمە، پێشنیار دەکەم ئەم نەسە وەربگرن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی لەگەڵ ئەوە دامە کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە ئەوەی کاک عبدالسلام دەڵێ ڕاستە، هەموو کەسێك حەقی هەیە شکایەت بکات و بچێتە مەحکەمە و ئەوانە، بەڵام ئەگەر واباشترە بنووسرێ (للوزارة وحدها حق البت فى الشكاوى التى تقام على الجامعات فى كل ما يتعلق بقبول .... ).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا دوو کەس داوایان کرد ئەم ماددەیە لەغو بکرێت و ڕەد بکرێتەوە، کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەم ماددەیە ڕەد بکرێتەوە، تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کاک کاردۆ خستمانە دەنگەوە، کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە علاقەی بە هەموو شتێکەوە هەیە، ئەمە چۆن دەکرێ؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەو جیهەتی ئەوانەی موتابەعەی ئەم زانکۆیانە دەکات، وەزارەتی تەعلیمی عالیە، یەعنی مەسەلەن بە نیسبەتی قبولی تەڵەبەیە، یەعنی وەزارەت سەرپەرشتی دەکات و یەعنی بە من ئەو ماددەیە بەدیهیە، یەعنی پێویست ناکات ئەسڵەن بەخۆی مەجرای خۆی وەرگرتووە، پێویست ناکات لە یاسا هەبێ، ئەگەر نا منیش لەگەڵ ئەوەم و هەر کەسێك حەقی خۆی هەیە، مەسەلەن لە مەحاکم دەعاوی و شەکاوی تەقدیم بکات، بەس لێرە وەزارەت سەرپەرشتی دەکات، شتەکە بەدیهیە، ئەوەیە مەبەستم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا هەمان نەس لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا هەیە کە ساڵی 2008 پەسەند کراوە، مەوزوع لەوەیە بەڕاستی هەندێ پرسی تایبەت بە مەسەلەی شەهادە و تەرقین قەید و ئەم شتانە لە مەحکەمە بەڕاستی ئەوە ئیشی وەزارەتی خوێندنی باڵا و جیهەتی ئەوەیە، ئەگەر مەسەلەن بچێتە لای مەحکەمە، ڕەنگە مەجرایەکی تر وەربگرێ، بەڵام بۆ ئەوەی کەواش وەرنەگیرێ کە تۆ ڕێگە لە هاووڵاتیەك دەگری کە پەنا بۆمەحکەمە بەری، ئێمە بەو شێوەیە هەوڵ دەدەین بەم شێوەیە دایبڕێژینەوە، بڵێم ئەگەر سکاڵا هەبوو لەسەر هەر کارێکی پەیوەندار بە وەرگرتنی تەڵەبە و بە تاقی کردنەوە، بە کوژاندنەوەی قەید، بە پێدانی نازناو و بە بڕوانامە ئەوە وەزارەت ئەو لایەنەیە کە بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەبارەوە دەدات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چلبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ڕەئیەك هەیە دەڵێن ماتوڵ لە قانونی وەزارەتی تەعلیمی عالی هەبێ، لێرە چ پێویست دەکات هەبێ، تەتبیق دەبێ لەسەر زانکۆ تایبەتەکانیش تەتبیق دەبێ، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە بۆچی ئەم ماددەیە دانرا، لەبەرئەوەی لە دوو کێشەدا لە مابەینی وەزارەت و زانکۆ تایبەتەکاندا پەنایان بردە بەر مەحاکم، مەحاکم لەبەرئەوەی بە بێ ئەوەی علمیان هەبێ بە ڕێنماییەکانی کەوەزارەت دەری کردووە بۆ وەرگرتنی مۆڵەت بە بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە یەکێکیان زانکۆی شاهانەکە بوو، بە بێ ئەوەی کە بزانن کە ئەمە نازناوێکی هەڵگرتووە کە خودی ئەو وڵاتەی کە بە ناویەوە نازناوەکەی وەرگرتووە قبولی نیە ئەو ناسنامەیە هەڵگرێ، حوکمیان دا ئەوەڵ جار لەساڵحی کە لە دوایی دا جارێکی تر تەمیز کرایەوە، حوکمەکە هەڵوەشێنرایەوە، بۆیە ئەمە شتێکی سرف علمیە دەبێ بمێنێتەوە ئەم ماددەیە، بەڵام بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ ئەمە، نەوترێ بۆ هەموو شتێك، چونکە هەندێ جار ئەو قەزایانەش شەرت نیە قەزایەی علمی بێ، دەبێ بوترێ بۆ ئەو قەزایانەی کە مەربوتە بە ئەحکامی ئەم قانونە و لەگەڵ علمیەکان حەسر بکرێ، بۆیان نیە پەنا بەرنە بەر مەحاکم قەزیەکە لەگەڵ وەزارەت دا چارەسەر بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عماد فەرمووە.

**بەڕێز عماد محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن ئەم قسانەی کە کرا لەبەر ئەوەی، چونکە سیاغەکە تۆزەك رەکیکە، ئێمە دەتوانین سیاغەیەکی تر پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی ئەو گومانە دروست نەبێت، یەعنی سیاغەکەش بەم شێوەیە بێ، (للوزارة وحدها حق البت فى الشكاوى التى تنشأ عن كل ما يتعلق بقبول أو الامتحانات أوالعقوبات الانضباطية التى تفرض على الطلبة أو ترقين قيدهم أو الاعتراضات حول منح انقاذ او الشهادات العلمية)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرمووە.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەوەی کە لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵادا هاتووە، زانکۆ تایبەتەکان ناگرێتەوە، چونکە لە قانونەکە خۆی دا ئەو مەوادانەی کە دەڵێ تا یاسایەك بۆ زانکۆ تایبەتەکان دەردەچێ ئەم ماددانە بەسەر ئەوانیش دا جێ بەجێ دەبێ، کە ئەو ماددەیە یەکێك نیە لەو ماددانە، بۆیە پێویستە هەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا لانە خان و ئاهەنگ خان پێشنیارێکیان کرد، کاك عبدالله فەرمووە.

**بەڕێز عبدالله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له زۆر وەزارەت دا قەراری وەزیر کە ئەدریٚ ئەگەر لایەنیٚك مەسەلەن هەستی کرد ئەو قەرارە لە ساڵحی ئەو نیە و حەقی پێشێل کراوە، تەعن لەو قەرارە دەدات، لەبەرئەوەی مەحکەمەی بەدائە، ئەمە ئەگەر لەو قانونەدا ئاماژەیەکی وای تێدا بێت، چ ڕێگریەك هەیە، من دەزانم فەلسەفەی ئەمە لەوەوە هاتووە بۆ ئەوەی دەرگای مەحکەمە نەکرێتەوە بەرامبەر بە هەموو کێشەیەکی بچووك و ئەمانە، لەبەرئەوەی جامعەکان هەر مەشغوڵی ئەوە دەبن و خەریکی ئەوە دەبن لە ڕێگەی مەحکەمە بن، ئیشەکەیان سەقەت دەبیٚ، بەڵام لە حاڵەتێك دا هەندیٚ حاڵەتی بەسیت هەیە کابرا هەست دەکات ئەم قەرارەی وەزیر پێشێلی مافی کردووە، حەقی تەعن لە قەراری وەزیر بپارێزریٚ بەو کەسانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێستا باشە، ئاخر دوو کەس داوا دەکەن، کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی کە هاتووە لە زۆر لە قەوانینی دنیا هەیە کە مەحاکم ئیختساسیان نیە لە مەسائیلی پەروەردەیی دا تەدەخول بکەن، لەبەرئەوەی پەروەردە مامۆستایەك تەسحیحی دەرەجەیەك و وەرەقەیەك دەکات، ئەگەر ئەو دەرگایە بکرێتەوە هەموو تەڵەبەیەك دەچیٚ لە مەحکەمە شکاتی لیٚ دەکات، ئەمە لەڕاستی دا ئەم قەزیەیە نە قەزیەیەکی جینائیە، نە قەزیەیەکی مەدەنیە، قەزیەیەکی پەروەردەیی و تەربەویە، لە زۆربەی قەوانیەکان هاتووە و هیچ تەناقوزێکیشی نیە لەگەڵ ئەو نەسە دەستووریەی کە حەقی تەقازی دەدا بە هەموو هاووڵاتیەك، چونکە هەموو نەسێکی عام قابیلی ئەوەیە تەخسیس بکریٚ، هەموو نەسێکی موتڵەق قابیلی ئەوەیە تەقید بکریٚ، لێرە تەقید کراوە، تەنها بەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە قبوڵ و ئیمتیحانات و عقوباتی ئینزباتیەوە هەیە، ئەگەر یەکێك بیەویٚ شکات بکات لەڕووی ئیداریەوە لە وەزیریٚ یان لە مامۆستایەك ئەوە جیهەتی تر هەیە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندی بە قبوڵ و ئیمتیحاناتەوە هەیە لەم نەسە جێگیر کراوە و ئەمە لە خۆوە نەهاتووە ئەم نەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام یەك دەقە تکایە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داوای لیٚ بوردن دەکەم، چونکە من پێشنیارێکم ئامادە کردبوو بیکەم، بۆیە داوای قسەم کرد، من وام دەزانی موناقەشە لە سەر حەقی تەقازی نایەتە کردن، ئەو نموونەیەی هاتوونەتە بەردەستمان تۆ بڵێی مەحکەمە موختەسە لە زراعەت و لە عەسکەری و لە شت، هەموو قەزایەك دەچێتە بەردەستی مەحکەمە، ئەم نموونەی وترا نەفس بوو لە ئیشی مەحکەمە، مەحکەمە دەبووا مەحامیەکەی جامیعە بڵێت وەرن، ئەمە یاسایەکە و ئەمە ئەوەکە، بۆیە رجاتان لیٚ دەکەم ئەو مەسئەلەی کە حەقی تەقازی ڕابگرین هیچ بیری لیٚ

نەكەینەوە، ئەو نەسەی كاك عمر خوێندیەوە بە كوردی بە هەمان شێوە من بە عەرەبی بۆ ئێوەم خوێند، من تەسەور دەكەم ئەوە هەدەفەكە تەحقیق دەكات، تۆ دەڵێی (ترفع الشكاوى للوزاره التى يجب عليها البت) مەعنای ئەگەر تۆ ئیعتڕازت هەبێت، دەتوانی شكات بكەی، بەڵام تۆ پێشێلی مافێكی مرۆڤ ناكەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا لانە خان و ئاهەنگ خان ئێوە ڕازین؟؟ فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە نیسبەت خۆم لەگەڵ ئەو پێشنیارەی سیاغەی كاك عبدالسلام و د.عمر نورەدینیم، لەگەڵ ئەو سیاغە نوێیە و ئەو ڕەئیەیمە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مەبەست هەدەفەكەیە بە قوربانت دەبم، بەس تەڵەبە حەقی خۆیەتی شكایەت بكات، بۆ هەموو هاووڵاتیەك هەیە كە غوبنی لێ كرا بچێ، ئەدی بابە ئەی هاوار تەڵەبە قوڕی بەسەری لە جامعاتی ئەهلیش ئێمە لێی نەگەڕێین شكایەت بكات، وەڵڵاهی من تێ ناگەم ئەوە بۆ؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەگەڵ قسەكەی ئاهەنگ خانم حەز دەكەم بخرێتە دەنگدانەوە، لەبەرئەوەی ئەوە دوو كەس بوون و منیش دەبم بە 3 .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو سیاغە نوێیەم، ئەوەی تازەكە كاك عبدالسلام و د.عمر نورەدینی پێشكەشیان كرد، چونكە من هەدەفەكەم ئەوە بوو، یەعنی بیدایەت گۆتم ئەو مادده بەدیهیە، مافی تەڵەبەشە حەقی خۆیەتی، بەس

**لێرە کە لە بیدایەتیش تەوزیحم کرد گوتم وەزارەت سەرپەرشتی ئەو کارانە دەکات، بە سیاغە نوێیەکەی تەئیدی دەکەم.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاک شوان فەرموو.**

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە مەخەنە بەر ئیختیارێك کە خۆشی ناقانونیە، یەعنی پێمان مەڵێن لەگەڵ ئەوان خەڵك بچێ داوای حەقی خۆی بکات لە مەحکەمە و یان حەقی، ئەوە بە تەئکید خۆیەتی، بەڵام ئەو سیغەیەی کاك عبدالسلام و ئەوەی دواییش کە کاك عمر ئاماژەی پێیدا مەعقولە و مەنتقیە و یەعنی تایبەتە بەو حاڵەتانەی کە زانستی و لە بواری زانکۆکان ڕوودەدات، شتی تر نیە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئێستا ئاهەنگ خان و عەزیمە خان ئە سیاغەیە دەخوێنینەوە بزانین چۆنە، د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنیاری ئەوە دەکەین کە کاك عبدالسلام پێشکەشی کرد.**

**المادە 29**

**تختص الوزارة بالبت فی الشکاوی التی تقام علی الجامعات الخاصة فی کل ما یتعلق بالقبول أو الامتحانات أو العقوبات الانضباطیة التی تفرض علی الطلبة أو ترقین قیدهم أو الاعتراض حول منح الالقاب والشهادات العلمیة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاك عبدالسلام فەرموو.**

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**نوقتە نیزامیەکەم لەبەر ئەوەیە، وترا ئەوە ئیقتراحی عبدالسلامە خوا شاهیدە وەرەقەکە لەوێیە و (وحدها) تێدا نیە، (وحدها) خەتەرە، جارێکی تر مەنعی حەقی تەقازیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ببورە کاک عبدالسلام (وحدها)ی تێدا نیە.**

**تختص الوزاره بالبت ......... .**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**ئێستا دوو کەس داوا دەکەن کە لەغو بکرێ، ئەوان ئیسراری رەئیەکانی خۆیان دەکەن، کێ لەگەڵ ئەوە دایە کە لەغو بکرێ؟ 13 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دایە کە بمێنێتەوە؟ زۆرینەی لەگەڵ دایە، ئێستا سیاغەکە بڵێنەوەو دەیخەینە دەنگدانەوە، د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**تەنها مانەوە یان نەمانەوە خرایە دەنگدانەوە، سیاغەی ماددەکە دەنگی بۆ نەدراوە، (وحدها) نەما کاك عبدالسلام.**

**المادة 29**

**تختص الوزارة بالبت فی الشکاوی التی تقام علی الجامعات الخاصة فی کل ما یتعلق بالقبول أو الامتحانات أو العقوبات الانضباطیة التی تفرض علی الطلبة أو ترقین قیدهم أو الاعتراض حول منح الالقاب والشهادات العلمیة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس لەگەڵ دانیە و بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا بۆ ماددەیەکی تر، د.صباح فەرموو.**

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الماده 30**

**اعتبار خدمة اعضاء الهیئة التدریسیة فی الجامعات خدمة جامعیة ومجزیة لاغراض العلاوة والترفیع عند التعین فی دوائر الاقلیم والقطاع العام.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 30**

**دانانی خزمەتگوزاری ئەندامانی دەستەی دەرس گوتنەوە لە زانکۆ تایبەتەکان بە خزمەتگوزاری زانکۆیی و ئەمەش سوودی هەیە بۆ مەبەستی سەرمووچە و بەرز کردنەوە لە کاتی دامەزراندنیان لە فەرمانگەکانی دەوڵەت و کەرتی تایبەتدا.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیمان نیە پشتگیری ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە؟ یەك کەس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من پێشنیار دەکەم کە ئیلغا بکرێ، چونکە وابزانم لە ماددەی 27 ئەوەمان چارەسەر کرد، لە دەستەی دەرس گوتنەوە چارەسەر کراوە، هەموو خاڵەکانی تێدایە کە لێرە باس دەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من ئەو نەسە بە دڵمە، بەڵام حاڵەتێکی تر هەیە، تەقاعودی، لە کەرتی تایبەت کە ئیش دەکات ئەگەر نیزامی تەقاعودی هەبێت پارە دەدات بۆ سەندوقی تەقاعود، پاش 10 ساڵ دێتە ناو حکومەت ئیعتیادیەن بە عەکسەکەشی دروستە، خاڵی دوو دابنێنین و بۆی هەیە ساڵانی خدمەی تەقاعودی و مەدفوعات بۆ سەندوقی تەقاعود لەگەڵ خۆی بێنی و بۆ لاغرازی تەقاعود بۆی حساب دەکرێ، ئەوە مەبدەئێکە بە تەسەوری من چونکە ئێمە حالاتی کەم و واهەیە، بەڵام مافیتی چەند ساڵ ئەو بۆ تەقاعودی پارەی داوە، کە هات خدمەکەی کەمترە، بۆیە ئیقتراح دەکەم ئەوەش ئیزافە بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 30

اعتبار خدمة اعضاء الهیئة التدریسیة فی الجامعات الخاصة، خدمة جامعیة ومجزیة لاغراض العلاوة والترفیع والتقاعد عند التعیین فی دوائر الاقلیم والقطاع العام).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەكانی پێشوو بڕگەیەكمان پەسەند كرد، ئەویش قانونی زەمانی قانونی عەمەل و زەمانی ئیجتماعی پەیڕەو دەكرێ تایبەت بەو كەسانەی كە لەو زانكۆیانە مامەڵە دەكەن، نەك قانونی تەقاعودی مەدەنی یان قانونی خدمەی تەدریسی و جامعی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە باس لەوە دەكات كە مامۆستایەك و فەرمانبەرێك لە زانكۆ تایبەتەكان ماوەیەك خزمەت دەكات و دوایی دەگوازرێتەوە بۆ زانكۆ یان وەزارەت یان یەك لە كۆلیجە حكومیەكان، ئەو ماوەیەی كە خزمەتی كردووە لە زانكۆ تایبەتەكان بۆی حساب بكرێ یان نا؟ ئەو ماددەیە بۆ زەمانەتی حەقی ئەوانە، كە ئەو ماوەیەی خزمەتیان كردووە.

اعتبار خدمة اعضاء الهيئة التدريسية ........ .

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەو ماددەیە پەیوەندی بەوەوە هەیە مامۆستایەك هەیە لە زانكۆیەكی تایبەت 10 ساڵ خزمەتی هەیە، دوایی دێتە سەر زانكۆیەكی حكومی یان دێتە یەكێك لە دامەزراوەكانی حكومەت بەڕەسمی، ئایا ئەم 10 ساڵەی بە خزمەت بۆ حساب نەكرێ؟.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك پرسیارم هەیە بۆ هەموو مامۆستاكان یەعنی تۆ مەجموعەیەكی ستافی ئیداریش لەناو ئەو زانكۆیە كار دەكەن، بۆ حەقی مامۆستا بێ و خزمەتەكەی بەرێت لەگەڵ خۆی بەڵام سكرتێرێك و مودیری ئیدارەیەك و كەسێكی تر موەزەفێكە لەوێ و ئەو حەقەی نەدرێتێ، ئەم جیاكاریە بۆ ؟؟.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باشە بۆ بەس تەنها بۆ ئەو بەڕێزانەی كە لەناو زانكۆكان وزانكۆ ئەهلیەكان كار دەكەن و ئەم حسابە بكرێ؟ بۆ ئەوانەی كە لە كەرتەكانی تر هەڵگری شەهاداتی بەكەلۆریۆس و بەرزتر لەوەشن، بۆ ئەم حسابەیان بۆ نەكرێت، ئەم ئیمتیازە لە كاتێكدایە ئێمە هەمووومان قەناعەتمان بەوەیە كە ئەم پرۆژەیەكی ئیستسماریە، كەرتی تایبەتیش بەڕێوەدەبات، لە ماددەكانی پێشوو ئێمە بڕگەیەكمان پەسەند كردووە بە پێی قانونی عەمەل و زەمانی ئیجتماعی مامەڵە لەگەڵ ئەو كەسانە دەكرێ كە لەم كەرتە یان لەم زانكۆیانە كار دەكەن، ئەمە دەرگایەكی خراپ دەكەینەوە، وەزارەتی دارایی و حكومەتی هەرێمی كوردستان، بۆ داهاتوو بارگرانیەكی زۆری دەكەوێتە سەر شان، ئەو هەوڵانەشی كە هەیە ئێستا لە قەوانینی ساڵەكانی ڕابردوودا كە دراوە بۆ ئەوەی كەرتی گشتی كەم بكەینەوە، بە باوەڕی من بەم بڕگەیە وا دەكەین كە بە پێچەوانەوە هیجرە لە كەرتی تایبەت بۆ كەرتی گشتی زیاد بكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عمر وەڵڵا من پرسیارەكم لە ئێوە هەیە ئەی حكومەت تەشجیعی ئەوە ناكات بچنە كەرتی گشتی لە كەرتی تایبەت ئیش بكات؟ ئێ خۆ نیوەی مەعاشیشی دەداتێ، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەك تەنها مامۆستا، هەر كارمەندێك بێ لە كەرتی تایبەت كە چووە كەرتی گشتی، مادام لەناو هەرێمی كوردستانە، چونكە ئەمە یاسایەكمان دەرهێنا ئەوەی لە دەرەوەی هەرێمە دێ 20 ساڵ خزمەتی هەیە بۆ تەقاعودی حساب نەبێ، بەڵام خزمەتی لە هەرێم كردووە، حەق وایە لە تەقاعود بۆی حساب بێ، ئەو تەقاعودیە و ئەو زەمانەی كە پێشتر هەیەتی دەیگوازێتەوە، لە كەرتی گشتیش تەشجیعی دەكات و دەڵێ ماوەی 3 ساڵ مووچەكەی دەداتێ، ئەگەر بچێتە كەرتی تایبەت و زەمانی ئیجتماعی لەوێ دەگرێتەوە، واتە چ مامۆستا بێ و چ كارمەند بێ مافی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئیشەكە ئاوا ناڕوات بەڕاستی، مامۆستا فەرمان، كاك دلێر، سۆزان خان، كاك عبدالسلام، كاك خورشید، مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كەباس لەو بارە دەكەین، ئەوە تایبەتمەندە بە یاسایەك كە ئێستا لەبەردەستمانە و پەسەندی دەكەین، ئەوە پەیوەندی بە هیچی ترەوە نیە، لە كەی كاتێك توێژێك لە توێژەكانی تر یاسایەكیان پێشكەش كردووە وهاتنە سەر ئەوە جیاوازە، ئێمە ئێستا بەس باس لە زانكۆ دەكەین، قەت مەعقول نیە

مامۆستایەك دە ساڵ و پانزە ساڵ لە زانكۆی تایبەتی دەرس بڵێتەوە و پێچەوانەكەی، ئەی بۆ زانكۆی تایبەتی ئەگەر هاتو لە گشتیەكان مامۆستایەك دە ساڵ دەرس بڵێتەوە و بە تەدەروجەكەی خۆی راتبەكەی دەگاتە چەند، كە دێتە زانكۆ ئەهلیەكە ڕەنگە گرێبەست بێ، ئەو ئیمتیازەش لەگەڵ خۆی دێنێ، كەواتە پێچەوانەكەشی تەواوە، ئەوە تایبەتە بەو یاسایەی كە ئێستا لەبەردەستی ئێمەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**توخوا بە پوختی قسە بكەن، كاك دلێر فەرموو.**

**بەڕێز دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لەم پەرلەمانە لە یاسای كارو دابین كردنی كۆمەڵایەتی چەند بڕگەیەكیمان تەعدیل كرد، یەكێك لەو بڕگانەی كە تەعدیلمان كرد ئەوە بوو، هەر كارمەندێك لە كەرتی تایبەتی كە كار دەكات، ئەگەر بێتو یەك كارمەند بێ و چەند كارمەند بێ مانگانە تەوقیفاتی تەقاعودی خۆی بەرێ بۆ دائیرەی زەمانی ئیجتماعی هەمان ماف و ئیمتیازاتی هەیە و وەكو كەرتی گشتی، لێرە ئەگەر ئێمە كارمەندانی زانكۆ ئەهلیەكانمان جیا كردەوە، ئەی كارمەندانی كەرتی تایبەت و كارمەندانی تر؟ مەعنای وایە كارمەندانی كەرتی زانكۆ ئەهلیەكان ناچنە چوارچێوەی یاسای وەبەرهێنان، دەبێ لە چوارچێوەی یاسای وەبەرهێناندا هەموو كارمەندانی كەرتی تایبەت شمولی زەمان و زەمانی خۆی دەكات و هەمان ماف و ئیمتیازیشی هەیە كە لە كەرتی گشتی دا هەیە، بە پێی شەهادەبێ و بە پێی ساڵی خزمەت بێ و بە پێی هەر شێوەیەك، لەبەرئەوە جیاكاری نەكەین باشترە، بارگرانی لەسەر حكومەت زۆر زیاد دەكەین، ئەو كاتە زانكۆ ئەهلیەكان بە ئارەزووی خۆیان لە كارمەند و لە ئیدارەو لە خزمەتگوزار تەعین دەكەن و لەو سەرەوە داوای ئەوە دەكات بگوێزرێتەوە بۆ كەرتی گشتی، مەعنای ئەوەیە ئێمە تەشجیعی كەرتی تایبەتمان نەكرد، فشارمان خستە سەر كەرتی گشتی، بەڵام بە شێوەیەكی تر، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاستان دەكەم، من پشتگیری لەو تەرحە دەكەم كە كاك عمر هەورامی كردی، لەبەرئەوەی دەیڵێینەوە كە من هەستام وتم ئێمە ئەگەر تەمیزی مامۆستاكان بكەین لەگەڵ كارمەندەكانی تردا ئەگەر لە حاڵەتێك دا كە مەبەستم ئەوە بوو ئەو جیاكاریە نەكرێ، بەڵام بە پێی ئەوەی كە ئەو كەسەی لە كەرتی تایبەت دا كار دەكات ئەگەر زەمانەكەی خۆی بدات بۆ سەندوقی تەقاعودیش وەكو هەموو كەسێكی تری مەزمون كرا كاتێ كە ئیستغنا كرا لە خەدەماتی تەقاعودی خۆی وەردەگرێ، بەڵام هەندێ حاڵەت هەیە لێرە دەڵێ ئەگەر هاتو ڕۆیشتە كەرتی گشتیەوە، ئەویش هەموو كەسێك ناڕواتە كەرتی گشتی، بەڵام ئەگەر

ئێمە ئەم ماددەیە دابنێین دەرگایەك دەكەینەوە بۆ ئەوانەی كە لە ناو كەرتی تایبەت دان، بۆ ئەوەی هیجرەی عەكسی بكەن و بچنەوە كەرتی گشتی، ئەم ماددەیە هەڵگیرێت باشترە لەو سەرئێشەیە نەجاتمان دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عبدالسلام فەرمووو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە ئیختساسی منەو ئەگەر ڕێگەم بدەی، چونكە من قەزیەكەم تەرح كرد، وازح نەبوو، یەك/ وەكو كاك دلێر باسی كرد، ئێمە یاسایەكمان دەركرد و ئەو یاسایە هەبوو لە 39 تێدابوو، هەر كەسێك وەكو پرەنسیپ بۆ سیستەمەكانی تەقاعودی، هەر كەسێك لەژێر سیستمێكی تەقاعودی دا ڕێژەیەك دەدات لە پارەی خۆی و دەچێتە سەندوقێك، كە ساڵانی خدمەتی نەگەیشتە ساڵانی كە حەقی تەقاعودی هەیە و ڕۆیشتە ژێر سیستمێكی تری تەقاعودی، بۆی هەیە كۆی ئەو پارە لەگەڵ خۆی ببات، ئەمە یەك، ئەمە پرەنسیپە و ئێمە شتێكی تازە ناهێنین، دوو/ ئەگەر بەو سیغەیە بێ (لاغراض التقاعد مباشرة) واتە من كرێكار بووم 15 ساڵ چووم لە حكومەت كە لە خیلالی كرێكاری شەهادەم هەبوو چووم بوومە مەحاسبی ئەقدەم، زوڵمە من بە تەقاعودی محاسبی ئەقدەم دەربچم، بۆیە پێشنیارەكەم  زۆر ئاسان بووە سیستمەكانی ئەوانەی دەیكەن وا بەو شێوەیەیە، من حەقم هەبێ ساڵانی خدمە لەگەڵ ئەو پارەیە، تەبعەن پارەكە بە پێی ئەو سیستمی تەقاعودە ڕێژەیەكە لە مووچەكەی مانگانەی، ساڵەكان و پارەكە لەگەڵ خۆم ببەم، چەند ساڵ ئیشم كرد لەسلكی گشتی، ساڵەكان و پارەكەش كۆ دەكرێ و موعەدەلی ئەمانە دەرئەچێ و ئەو كاتە من ئەو ڕێژەیەی دانراوە 60٪ یان 70٪ تەقاعودی وەربگرم، من دەزانم تۆزێ موعەقەدە، بەڵام ئەمە شێوازە علمیەكەی حساب كردنە، واتە مافیەتی، مادام قبوڵ كرا، ئەوەی تەشجیع و نە تەشجیع جارێ قبوڵ كراوە، ئێمە ئینجا دێین و دەڵێین ئەگەر قبوڵ كرا چی بكەین، واتە ئەگەر ماددەكەمان هەڵگرت ڕێگە ناگرین لە وەرگرتنی، من خۆم شەخسی لەگەڵ ئەوەمە هەموو ئەوانەی لە كەرتی تایبەتی، ئەگەر ماددەكە ما، دووەم/ بابزانین لە كەرتی تایبەت خەڵك پارە زیاتر وەردەگرێ وەك لەوەی لە كەرتی گشتی، بەڕێزان مەعقولە ئەوانەی لە كەرتی تایبەت ئیشی باش دەكەن نەقڵ بن، هەدەفم لەوە ئەوەیە تەنها ئەوەی تەقاعودیان ڕاستە نابێ، دەبێ بزەبت بڵێین ساڵان و بڕی پارەكەی داوە لە تەقاعود خۆی بێنێتە كەرتی گشتی، پارەكانی داوە بۆتەقاعود، ئەگەر خۆی مافی هەیە بێنێتە كەرتی گشتی، محاسبەكان دەزانن مەعنای چۆنە و حسابی دەكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك خورشید فەرمووو.

**بەڕێز خورشید سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

جارێ پرسیارەك هەیە بۆ خەڵك لە كەرتی تایبەت ئیش ناكات بە پارەیەكی زۆرتر چاویان لە كەرتی گشتیە، هەر لەبەر تەقاعودە، كێشەكە لێرەیە لە تەقاعودە، بۆ ئەوەی ئێمە چارەسەری ئەوكێشەیە بكەین دەبێت ماف بەو خەڵكە بدەین، مافی تەقاعودی پێ بدەین، كە مافی تەقاعودمان پێیدا دەبێت باس لە ئیستقتاعات بكەین، چونكە تەقاعود بە ئیستقتاعات نیە، خاڵێكی تریش نابێت بە موتلەقی باس بكەین، دەبێت بڵێین ئەوانەی خەڵك مواتنی ئیقلیمن، خۆ كابرا لە ئەمریكا هاتووە و لێرە ئیش دەكات باسی ئەوە نەكەین، باسی ئەوە بكەین خەڵكی ئێرەیە بەموتلەقی باس ناكرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.عمر دوا سیاغەتان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا یەكەم/ ئێمە باسی حاڵەتێك دەكەین ئەگەر مامۆستایەك یان ئەگەروەكو پێشنیار دەكەن كارمەندێكیش لەو زانكۆ تایبەتیانەوە چوو بۆ یەكێك لە دامودەزگاكانی حكومەت، واتە خۆ ئەو كەسە بەزۆر ناچێ، ئەگەر حكومەت ڕازی نەبێ، ئەگەر حكومەت خۆی ئەمری بۆ دەرنەكات، لە حاڵەتێكدا ئەگەر كەسێك ویستی بچێ بۆ حكومەت و حكومەت ئەمری دامەزراندنی بۆ دەركرد، ئایا ئەم ساڵانی خزمەتەی بۆ حساب نەكرێ؟ ئەمە تەئسیریشی نابێ بۆ سەر كۆچی پێچەوانە لە ڕاستی دا، چونكە حكومەت مولزەم نیە بە زۆر بڵێی تۆ حكومەت دەبێ ئەوانە هەمووی تەعین بكات و هەمووی حسابی بۆ بكات، ڕەنگە هەندێ حاڵەت بێ كە قەبوڵی بكا و هەندی حاڵەت داواكاریش هەبێ و دەتوانێ ڕەتی بكاتەوە، بەس حكومەت بزانێ ئەگەر یەكێكی تەعین كرد لە زانكۆی تایبەتەوە خزمەتی هەبوو پێویستە ئەو شتانەشی بۆبكات، لەڕاستیشدا بەهۆی ئەو خزمەتەی ئەو بۆ مەسەلەی تەرفیع و بۆ تەقاعودی و ئەوانە لە كیسی نەچێ، یەعنی بۆ لەكیسی بچێت، ڕاستە لە كەرتی تایبەت كار دەكات، بەڵام خزمەتەكەی پەیوەندی بە بەرژەوەندی گشتیشەوە هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان دوا سیاغەتان؟ فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 30

اعتبار خدمة اعضاء الهيئة التدريسية والعاملين فى الجامعات الخاصة، خدمة جامعية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد عند التعيين فى دوائر الاقليم والقطاع العام.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەو سیاغەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ دووبارەی بکەوە د.ڕۆژان دوا سیاغەکە فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەی 30

اعتبار خدمة اعضاء الهيئة التدريسية والعاملين فى الجامعات الخاصة، خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد عند التعيين فى دوائر الاقليم والقطاع العام.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە؟ 14 کەس، کێ لەگەڵ دانیە؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

اعتبار خدمة اعضاء الهيئة التدريسية والعاملين فى الجامعات الخاصة، خدمة فعلية لاغراض العلاوة والترفيع والتقاعد ...... .

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

موناقەشە تەواو بووە کاك عمر گیان سیاغە بنێرن با ئەوە بخەینە دەنگدانەوە، کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

وەڵڵا بۆچوونەکەم ئەوەیە باشە ئەگەر ئەو خزمەتەی لە زانکۆی تایبەت مامۆستا بێ یان کارمەند بێ، بە خزمەتی فعلی بۆ تەرفیع و بۆ عەلاوە و بۆ تەقاعود حساب بکرێ، چۆن ئەم ساڵانی خزمەت و ئەو پارەیەی لەوێشی کۆکردووەتەوە بۆ تەقاعودی ناگوازرێتەوە سەر حکومەت، بۆ خۆی دەگوازرێتەوە، کەواتە مافەکانیشی دەگوازرێتەوە، ئێ کاکە تەواو ئەوە بۆ خۆی تەحسیلێ حاسڵە لە ماددەکەدا، با بێ ئەوە ناکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە ئەو عیبارەیە ئیقتراح دەکەم، (تحتسب سنوات العمل او الخدمة فی الجامعات الخاصة لاغراض العلاوة والترفیع عند التعین فی دوائر الدولة والقطاع العام) تەواو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئێمە لە هەیئەی تەدریسی لە بەشی 5 ئەم بابەتەمان چارەسەر کردووە، چونکە ئێمە وتوومانە (یسری علی التدریسین والعاملین فی مؤسسات التعلیم العالی الخاص احکام قانون العمل والضمان الاجتماعی) ئەحکامەکانی چین؟ لەو شوێنەی کە ئیش دەکات هەتا ئەو کاتەش کە تەقاعودی بۆ دەبڕدرێتەوە، هەتا ئەو کاتەشی کە دەگوازرێتەوە لە کەرتی تایبەت بۆ کەرتی گشتی، لەبەرئەوە پێویست ناکات بچینە ناو تەفاسیلەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پرسیار لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم بۆ ئەوەی بەرچاومان ڕوون بکاتەوە، ئەمە بە پێی قانونی خدمە مەنتیقی و قانونیە؟ تکام وایە ئەگەر بتوانێ جواب بداتەوە، مەمنون دەبم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

هەر کەسێك خزمەتی کردبێ ماوەیەك مەفروزە و پێویستە ئەو خزمەتەی بۆ حساب بکرێ، ئەو مەترسیەی کە دەڵێن (عند التقاعد لاغراض العلاوة والترفیع والتقاعد) ئەو ماددەیەی کە پێشتر دەنگمان بۆی دا ئەحکامی قانونی زەمانی لەسەر تەتبیق دەکرێ، لەوێش ماددەیەکمان داناوە لە حاڵەتی گواستنەوە، واتە ناکرێ ئەگەر دەوڵەت و حکومەتی هەرێم و وەزارەت رازی بوون بە گواستنەوەی خزمەتی کارمەندێك یان مامۆستایەك لە زانکۆیەکی تایبەت بۆ زانکۆیەکی حکومی ماوەکەی پێشتری بۆ حساب کرا ئەوە ئەکید حقوقی تەقاعودیشی لەگەڵ دەچێ و ناچێ دووبارە تەعین ببێتەوە و سەر لەنوێ پانزە تا بیست ساڵ خزمەتی هەبێ و بۆی حساب نەکرێ، هەموو مافەکان و هەموو ئیلتزاماتەکان لەوانەیە قەردار بێ، سلفەی

له زانكۆكەی خۆی وەرگرتبێ، لەوانەیە كۆمەڵێك ئیلتزاماتی لەسەر بێ، هەموو ئیلتزاماتەكەی لەگەڵ خۆی دەگوازێتەوە بۆ ئەو شوێنەی كە دەچێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا موناقەشەكە تەواو بەخوای یەك كەسی دیكە قسە ناكات، سیاغەكە بخوێننەوە دەیخەینە دەنگدانەوە، كاك عمر سیاغەكەمان بۆ بنێرە، فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من و كاك عبدالسلام و هەندێ لە هاوكارەكانی تریشم وا ئەزانم كە كاك حمه دلێریش هەر مەبەستی ئەوە بوو، سۆزان خانیش بە هەمان شێوە، ئێمە كە دەڵێین ئەحكامەكانی قانونی عەمەل و زەمانی ئیجتماعی بەسەردا تەتبیق دەبێ، زائیدەن ئەوەی كە پەیوەندارە بە تەرقیە و بە هەیكەلیان و بە تەرقیەی علمیان و هەمووی هاتووە لەناو یاسایەكەدا، مەبەست ئەگەر گواستنەوە بێ، حساب كردنی سەنەواتی خدمە بێ، بە پێی ئەو قانونە مامەڵەی لەگەڵ دادەكرێ، ئیتر پێویست ناكات ئەومادەیە لێرە هەبێ، ئەومادەیە ئیلغا بكرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە كە دەڵێین ئەوان خازعن بە ئەحكامەكانی قانونی عەمەل و زەمانی ئیجتماعی، وەكو كارمەندانی قیتاعی خاس، كە ئێمە وتمان ئەوان لە ماددەكانی پێشووتر گوتمان خازع دەبن بە ئەحكامەكانی قانونی عەمەل و زەمانی ئیجتماعی وەكو قیتاعی خاس، ئێستا ئەمەی كە لێرە باس دەكرێ لەم سیاغەیە ئەمە بەدیهیە و تەحسیڵ حاسڵە، هیچ پێویست ناكات ئەم تەئكیدە بكرێتەوە، هەر نابێ بمێنێتەوە ئەو ماددەیە، دەبێ ئیلغا بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئەو ماددەیە دەڵێن نەمێنێت، دە باشە كەواتە ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران دەڵێن ئەم ماددەیە نەمێنێ و ڕەد بكرێتەوە؟ كێ لەگەڵ دایە رەت بكرێتەوە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ 6 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ ڕەد كرایەوە، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەی پێشوو لەغو كرایەوە كەواتە دەبێ بە ماددەی 30

**المادة 30**

1/ لا يجوز لاى جهة أو شخص فتح جامعة خاصة فى الاقليم وادارتها قبل استحصال موافقة الوزارة.

2/ لايجوز لاى جامعة خاصة قائمة خارج الاقليم ان تفتح فرعا و مكتبا فى الاقليم الا بعد استحصال موافقة الوزارة.

3/ تخصص الوزارة حصرا بمنح اجازة فتح اى جامعة خاصة.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 30

1/ هیچ لایەنێك یان كەسێك بۆی نییە زانكۆیەكی تایبەتی لە هەرێم دا بكاتەوە و بەڕێوەی ببات بەر لەوەی ڕەزامەندی وەزارەت وەربگرێ.

2/ هیچ زانكۆیەكی تایبەتی دەرەوەی هەرێم بۆی نییە لق یان نووسینگە لە هەرێم دا بكاتەوە مەگەر لە دوای وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەت نەبێ.

3/ وەزارەت لایەنی تایبەتمەند بە پێی دانی مۆڵەتی كردنەوەی هەر زانكۆیەكی تایبەت.

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ئێمە پێشنیار دەكەین لەبەرئەوەی ماددەكە بڕگەی 1 و 2 هەمان مانا دەدات، پێشنیار دەكەین بڕگەكان دەمج بكرێن لە یەك بڕگە:

( تخصص الوزارة حصرا بمنح اجازة فتح اى جامعة خاصة، لا يجوز لاى جهة أو شخص فتح جامعة خاصة وادارتها قبل استحصال موافقة الوزارة).

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ تێبینی هەیە؟ د.احمد، كاك خلیل، كاك جمال، كاك عبدالسلام، كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم لە ڕای لیژنەی هاوبەش كە بڕگەی یەكەم و دووەم لە ماددەی 39 لە ئەسڵی پرۆژەكە بكرێ بە یەك، دوای ئەو ماددەیە ماددەی 40 لە ئەسڵی پرۆژەكە، من پێشنیار دەكەم كە هەروەكو لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دا هاتووە كە بڕگەی 1 ئیلغا بكرێ و بڕگەی 2 ببێتە 3 لەم ماددەیە، چونكە باس لەوە دەكات كە تەنها وەزارەت بە تەنها تایبەتمەندە بە پێدانی مۆڵەت بە كردنەوەی هەر جامیعەیەك

یان فەرعی جامیعەیەك و هیچ جیهەتێك یان كەسێك بۆی نیە جامعە بكاتەوە، ئەگەر ڕەزامەندی وەزارەتی وەرنەگرتبێت، لە بڕگەی 2 لە ماددەی 40 دەڵێ (تعتبر اية جامعة او فرع او مكتب يأسس دون استحصال موافقة الوزارة مخالفة قانونية وعلى الوزارة اتخاذ الاجراءات الاصولية اتجاهها) من پێشنیار دەكەم (اتجاهها) بێ نەك (الغاءها)، چونكە پەیوەندی بە یەكەوە هەیە، فەقەرەی یەكەم دەڵێ نابێ بیكاتەوە، فەقەرەی دووەم دەڵێ ئەگەر كردیەوە ئیجرائاتی ئسوڵی بەرامبەر دەكا، لەبەرئەوە پێشنیار دەكەم ماددەی 40 تەنها فەرعی یەكەمی ئیلغا بكرێ و فەرعی دووەمی ببێتە ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

من عەینەن ڕەئی د.ڕۆژانم هەیە كوردیەكەم لای خۆم كورت كردبووەوە هەر بەو شێوەیە، (تەنها وەزارەت لایەنی تایبەتمەند دەبێ بە پێدانی مۆڵەتی كردنەوەی زانكۆ و هیچ لایەن و كەسێك بۆی نیە بەر لە وەرگرتنی مۆڵەت، زانكۆ یان لق و نووسینگەی زانكۆیەكی دەرەكی تایبەت بكاتەوە).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پشتگیری ڕایەكەی لیژنەی قانونی دەكەم، هەمان شێوە دەتوانن ئەوماددەیەی 39 و ماددەی 40 بە یەك ماددە بێتە خارێ، ئەو ئیقتراحەم نووسیوە، (تختص الوزارة حصرا بمنح اجازة فتح ای جامعة أو فتح ای جامعة فرعا لها او مكتبا لها فی الاقليم وخلاف ذاك تتخذ الوزارة الاجراءات القانونية أو الاصولية بحقها) هەردوو ماددە دەبێتە یەك ماددە و خوا حافیز.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

بەڕێزان هەرچەندە حەق وایە ماددەیەك تەسویتمان كردبێ لەسەری بیخوێنینەوە، بەڵام من بۆتان دەخوێنمەوە، ماددەی 5 دەڵێ (وەزیر لەسەر ڕاسپاردەی مەجلسی وزەرا و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران ئیجازەی كردنەوەی زانكۆ دەردەكات) حەل نەبووە هەموو شت لێرە؟؟ واتە حەسرەن بە ماددەكە... توخوا ئیجازە لە سەرۆكی پەرلەمان وەرگرە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئیجازە هەیە بەردەوام بم، لە ماددەی 5 خۆ ماددە دەركردن چیە، ماددەی 5 وەزیر ئیجازەی كردنەوەی جامیعە دەدات، واتە تەنها وەزارەت، دووەم/ باسی زانكۆ ڕەسەن و ناسراوەكانی بێگانەش دەدات، پرسیارەكەم ئەوەیە، ئەمە چیە ئەو (لایجوز) كە لە 5 هەر (لایجوز) بوو، زۆر بە قوەتە، پێشنیار دەكەم ئەم ماددانە لابدرێن، چونكە تیكرارە و هیچ ئیزافە ناكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

لەسەر پێشنیاری پەرلەمنتارانی بەڕێز كە هەر داوایان كرد ماددەی 39 و 40 هەرچەند 40 نەخوێندرابۆوە، بەس ناوەڕۆكەكەی ماددەی 39 ی دەدا، هەردوو ماددە دەمج بكرێ، بەو داڕشتنەوەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

ئێستا دەمج كردنەكەی ئەو دوو ماددەیە كێ لەگەڵ دایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بە تێكڕای دەنگ دەمج كرا، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

ڕیزبەندی 30 وەردەگرێ

**المادە 30**

**تختصص الوزارة حصرا بمنح اجازة فتح ای جامعة خاصة، او فرع أو مكتب لها فی الاقلیم وبخلاف ذالك تتخذ الوزارة الاجراءات القانونیة بحقها.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ لەگەڵ دایە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە، 4 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، كاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادە 31**

**للجامعات ان تستعين فى اجراء لتجاربها العلمية وتطبيقاتها وتدريب الطلبة بجميع الجهات ذات الاختصاص فى دوائر الاقليم الرسمية والقطاع الخاص وعلى الدوائر تقديم التسهيلات والمساعدات اللازمة لتحقيق ذلك.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کاك د.عمر فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر نورەدينی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی 31**

**زانکۆکان بۆيان هەيە پەنا ببەنە بەر هەموو لايەنێکی خاوەن پسپۆڕی لە فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی تايبەت بۆ ئەنجامدانی تاقی کردنەوەی زانستی و ڕاهێنانەکان و مەشق پێکردنی قوتابيان و پێويستە فەرمانگەکان ئاسانکاری و يارمەتی پێويست پێشکەش بکەن بۆ بەديهێنانی ئەو مەبەستە.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**ليژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**ئێمەش پێشنيار دەکەين کەوا مەرجەك زياد بکرێ بە ڕەزامەندی وەزارەت وەربگيرێ، چونکە لەوانەيە ئەو تاقيگە و شوێنانە بەشی قوتابيانی زانکۆ حکوميەکان نەکات، بۆيە مەرجی وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەت پێويستە زياد بکرێ، ماددەکە بەو شێوەيە پێشنيار دەکەين دابڕێژرێتەوە:**

**للجامعات بعد استحصال موافقة الوزارة ان تستعيين فى اجراء تجاربها العلمية وتطبيقاتها وتدريب الطلبة لجميع الجهات ذات الاختصاص فى دوائر الاقليم الرسمية والقطاع العام وعلى الدوائر تقديم التسهيلات والمساعدات اللازمة لتحقيق ذلك.**

**بەڕێز د.ارسلان بايز (سەرۆکی پەرلەمان):**

**کێ تێبينی هەيە؟ ئاهەنگ خان و کاك شوان، ئاهەنگ خان فەرموو.**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

**من لەو فەقەرەيە دەڵێم جامیعاتی ئەهلی غەدر لە جاميعەی حکومی دەکات، بزات بەس لەو نوقتەيەی لەگەڵ جاميعاتی حکوميمە، بۆ؟؟ چونکە کە دەڵێ (للجامعات الاهلية ان تستعين في تجاربها العلمية**

وتطبيقاتها وتدريب ..... الخ) له جامعاتی خۆمان باشه ئەدی ئەگەر له جامیعەیەکی خاس، مەسەلەن بڵێین ئیداره و ئیقتساد دەورەیەکی تەدریبی موهیم هەبوو، باشه بۆ ئێمه تەڵەبەی خۆمان لێ مەحروم بن، یان له کولیەی ئیشق، له توبی ئەسنان عەمەلیاتەکی زۆر موهیم کرا، به تەنسیق لەگەڵ دەرێ، بۆ تەڵەبەی توبیەی خۆمان لێی مەحروم بن، بۆیه سیاغەی ئەوه دەڵێم (للجامعات الاهلية والحكومية ان تستعين بعضها البعض فی اجراء التجارب) شتەکه موعاکس بێ، کو ئەوان ئیستفاده له تەجاروب و موختەبەراتی خۆمان دەکەن، ئەمەش حاڵەت هەیه دەبێ ئیستفاده له تەجاروب و موختەبەراتی ئەوان بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك شوان فەرمووو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له مەرجەکانی دامەزراندنی هەر زانکۆیەکی ئەهلی تیایه خۆمان دەنگمان لەسەری داوه که دەبێ هەموو موستەلزەماته زانستیەکان به تاقیگەکان و پێداویستیەکانەوه دابین بکات، ئینجا ئیجازەی دەدەنێ، ئەمه پێچەوانەی ئەوەیه، ئەمه یەك، دوو/ به چ حەقێك زانکۆیەکی ئەهلی دائەمەزرێ و هیچ شتێکی نیه دێت و پەنا دەباته بەر زانکۆیەکی حکومی بۆ ئەوەی بچێت لەوێ تاقیکردنەوه بکات و موختەبەری بەکاربهێنێ و هەتا دوایی پێم سەیره عەکسی ماددەکانی تری یاسایەکەیه، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر فەرمووو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەم مەسەله ئەوه نیه، پێش دابین کردنی پێویستیەکان تۆ مۆڵەتی پێ دەدەیت یان پەنا بۆ دامودەزگایەکی حکومی بەرێ، بەڵکو ئەوەیه که هاوکاری هەبێ، ئێمه بەڕاستی وەکو ئەوەی لێرەین لیژنەی هاوبەش که لێرەین لەگەڵ ئەوەین که ئەو پێشنیارەی ئاهەنگ خانیش له ناو ماددەکه ئیزافه بکرێ، دووباره ئێستا سیاغەی دەکەینەوه و پێشکەشی دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر ئەگەر تەوزیحاتەکت هەبێ؟ د.علی فەرمووو.

**بەڕێز د.علی سعيد( وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەیه باس لەوه ناکات که جامیعاتی ئەهلی و زانکۆ تایبەتەکان ئیستعانه بکەن به زانکۆ حکومیەکان، نەخێر ئەو بڕگەیه باس لەوه دەکات بۆ نموونه زانکۆیەکی تایبەت پێویستی بەوه هەیه هاوکاریەکی بکرێ،

(فی دوائر الاقلیم الرسمیة والقطاع الخاص) بۆ نموونە دەیەوێ تەڵەبەکانی بەرێ بۆ مەعمەلی چیمەنتۆ، دەیەوێ تەڵەبەکانی بەرێ بۆ مونشەئەیەکی با بڵێین عیلاقەی هەبێ بە فندق و سیاحەوە، ئێمەش لە جامیعاتی حکومی ئەوەمان هەیە، جاری وا هەیە نووسراوێك دەکەین بۆ دامەزراوەیەکی حکومی و بۆ دائیرەیەکی حکومی و بۆ موئەسەسەیەك کە هاوکاری تەڵەبەکانمان بکەن، ئەوە زۆر واردە و ئەوە ئەرکێك ناخاتە سەر زانکۆ حکومیەکان، تەنها ڕێکخستنی پەیوەندیە لە نێوان زانکۆ تایبەتەکان لەگەڵ ( دوائر الاقلیم الرسمیة والقطاع الخاص)، بەڵێ باشترە ئەوە بنووسرێ، بەڵام ئەوە هیچ ئەرکێك ناخاتە سەر زانکۆ حکومیەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك نەژاد دەڵێی زۆر موهیمە فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەو قسەیەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئەوە ڕاستە، یەعنی ئەگەر بیانبەن بۆ ئەوانە ئەوە وەکو تەتبیقات بیانبەن، بەڵام ئەو بۆ زکر بکرێ لە قانون؟، یەعنی ئەوە تەعلیماتە و تەحتە تەعلیماتیشە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لانە خان فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پشتگیری لە قسەکانی بەڕێز وەزیری تەعلیمی عالی دەکەم کە قسەکانی تازەی ڕوونی کردەوە، لێرە مەبەست لەوەی چیە، مەسەلەن بۆ نموونە کولیەی ئیدارە و ئیقتساد لە مەرحەلە 3 تەدریبی تەڵەبەمان هەیە، لێرە مەبەستی ئەوەیە کە ئەوە زانکۆی تایبەتە بەس حەقیان نەبێ مەسەلەن ئیحتمالە ئەمە قتاعی خاس و کەرتی تایبەتمان کەم بێ هێشتا یەعنی بەو شێوەیە نیە، خۆتان دەزانن کەرتی تایبەت نوێیە بە نیسبەت هەرێم، مەسەلەن جێگایان نەبێتەوە لەوێ تەدریب بکەن هەموویان تەڵەبەکان بتوانن بچنە قتاعی حکومی و کەرتی گشتی لەوێ تەدریبی بکەن، یەعنی مەبەست لە تەدریب کردنی تەڵەبەیە، یەعنی پشتگیری قسەکانی بەڕێز وەزیری تەعلیمی عالی دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی جەنابی وەزیر گوتی کەس نکۆڵی لەوە نیە کە لە تەتبیق و لە تەدریب، چونکە ئەوە موتەبەعە لە هەرێمدا چەندین ساڵە، بەڵام تەجاروبە علمیەکە لابەرن، ئەوە بەرن کێشەکە حەل دەبێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوە هەرچی ئەو قسانەی دەوترێ هەمووی لە دڵسۆزیەوەیە، من تێ گەیشتنم هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، فیعلەن زانکۆی ئەهلی بە دنیایەك پارە کە لە تەڵەبەی وەرگرت ناوی ناهێنم بۆ ئەوەی تەشهیری تیا نەبێت، موختەبەراتی زانکۆیەکی خۆمانی بەکاردەهێنا و یەك فلس لە تەڵەبەکانی خۆش نەبوو، هەتاکو خۆی موختەبەری دروست کرد، مەعەل عیلم فەرعەکەی کردبۆوە، بە بێ ئەوەی لە پێشدا هیچ ئامادەکاریەك بکات بۆ کردنەوەی ئەو فەرعە، بۆیە یەعنی ئیستغلالی حکومەتیان کرد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش دوا سیاغەتان، تکایە بێ دەنگ بن، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەسەر پێشنیاری پەرلەمانتاران ماددەکە بە دوو بڕگە پێشنیار دەکەین:

أولا/ للجامعات الخاصة والحكومية ان تتعاون فيما بينها فى مجال اجراء التجارب العلمية وتطبيقاتها وتدريب الطلبة وتبادل الخبرات.

ثانيا/ للجامعات الخاصة ان تستعين فى اجراء تجاربها العلمية وتطبقاتها وتدريب الطلبة بجميع الجهات ذات الاختصاص فى دوائر الاقليم الرسمية والقطاع الخاص، وعلى الدوائر تقديم التسهيلات والمساعدات اللازمة لتحقيق ذلك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك نەژاد فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو (على)یە نابێ، لەبەرئەوەمەسەلەن، وەزارەتێك یان هەر وەزارەتێك ئیشێکی زۆر زەروری هەیە ئەو جامعە ئەهلیە بە واستەی ئەو (على)یەی دەڵێ دەبی ئەو ئیشە بەجێ بێڵی، ئەوەتا فەرموو قانون پێی گوتوومە دەبێ ئەمن وابکەم، مەسەلەن وەزارەتی دارایی کە خەریکی بودجەیە، ئەوە چۆن دەبێ ئەوە، ئەو (على)یە نابێ کاکی خۆم، نابێ برای بەرێز لە کنەخۆ ئەنگۆ دکتۆرن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

أولا/ للجامعات الخاصة والحكومية ان تتعاون فيما بينها فى مجال اجراء التجارب العلمية وتطبيقاتها وتدريب الطلبة وتبادل الخبرات.

ثانيا/ للجامعات الخاصة ان تستعين فى اجراء تجاربها العلمية وتطبقاتها وتدريب الطلبة بجميع الجهات ذات الاختصاص فى دوائر الاقليم الرسمية والقطاع الخاص، وللدوائر تقديم التسهيلات والمساعدات اللازمة لتحقيق ذلك.

ڕەزامەندی داواکراو گوتیان پێویست ناکات کە سەردانی کارگەیەك دەکات ڕەزامەندی وەزارەت وەربگیردرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان دیسان بیخوێنەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەڵێ ماددەکە دوو بڕگەیە:

أولا/ للجامعات الخاصة والحكومية ان تتعاون فيما بينها فى مجال اجراء التجارب العلمية وتطبيقاتها وتدريب الطلبة وتبادل الخبرات.

ثانيا/ للجامعات الخاصة الاستعانة فى اجراء تجاربها العلمية وتطبقاتها وتدريب الطلبة بالجهات ذات الاختصاص فى دوائر الاقليم والقطاع الخاص بعد استحصال موافقتها.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموون، کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادة 32

1/يجوز اصدار انظمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

2/ للوزير اصدار التعليمات لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی 32**

**1/ دەشێ پەیڕەو دەربچوێندرێ بۆ ئاسانكاری جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**2/ وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی دەربچوێنێ بۆ ئاسان جێ بەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.**

**بەڕێز دڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**پشتگیری ماددەكە دەكەین تەنها پێویستی بە داڕشتنەوەیە لەبەرئەوەی ئەگەر ئەنزیمە بێ ئەوە پێویستە ئیشارەت بە مەجلسی وزەرا بكرێ، (یجوز اصدار الانظمة)، ئەگەر جەوازیە و پێویست ناكات ئەوە دەقەكە بەو شێوەیە هاتووە (لمجلس الوزراء اصدار الانظمة اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون)، دووەمیش (للوزیر اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون).**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**جەنابی وەزیر؟ كێ تێبینی هەیە؟ ئاهەنگ خان و كاك عمر، گوڵزار خان، ئاهەنگ خان فەرموو ئاهەنگ خان.**

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

**ڕاست دەكات د.علی دەبی بڵێی (فقط یجور اصدار انظمة لتسهیل تنفیذ احكام هذا القانون)، چونكە دائیمەن ئەو شتەی عیلاقەی بە مەجلسی تەعلیمی عالی هەیە بەتەنها لە دەست وەزارەت نیە و بۆرد هەیە لە مەجلسی وزەرای ئەو حكومی پێ دەدات، ئەوەش شتێكی موهیمە وابزانم لە دەست بۆردەكەی بێت زۆر موهیم تر دەبێ و زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

**كاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەگەر لیژنەی یاسایی و لیژنەی خوێندنی باڵا هاوكارم بن، ئەوەی پەیوەندارە بە رسوم، رسومی ئیجازە، لەبەرئەوەی هیچ ئاماژەیەكی پێ نەدراوە، دەكرێ لە ئەحكامی خیتامی لێرە بە ماددەیەكی ئیزافی ئەم بابەتەش ئیزافە بكەین، مەسەلەی وەرگرتن.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

گوڵزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پێشنیار دەکەم هەر دوو بڕگەکە بکرێ بە یەك و بنووسرێ (وەزیر بۆی هەیە پەیڕەو و ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسان جێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لەبەرئەوەی دەرکردنی ڕێسا و ئەنزیمە تەنها لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانە و تا ئێستا ئەو دەسەڵاتەمان نەداوەتە وەزیر تا وەزیر ئەو نیزامە دەربکات، وەزیر تەنها بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات، بۆیە لە دوو بڕگەش بێ و لە یەك بڕگەش بێ لەڕووی یاساییەوە هیچ کێشە نیە، ماددەکە بە دوو بڕگە هاتووە:

1/لمجلس الوزراء اصدار انظمة لتسهيل احكام هذا القانون.

2/ للوزير اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

جەوازیە و بۆی هەیە پێویستی کرد ئەنزیمە دەردەچوێنێ و ڕێنمایش لەلایەن وەزیر دەردەکات، پێویستی نەکرد ئەوا دەرناچوێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر بەو سیاغەیە ڕەئیت چیە؟ باشە بەو سیاغەیەی کە خوێندرایەوە، کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

المادة 33

على الجامعات الخاصة القائمة فى الاقليم تكييف اوضاعها وفقا لاحكام هذا القانون خلال مدة لاتتجاوز ستة اشهر من تاريخ نفاذ هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 33

پێویستە لەسەر زانکۆ تایبەتەکانی هەرێم خۆیان بگونجێنن بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ماوەیەکدا لە شەش مانگ ڕەت نەکات لە مێژووی بەکارخستنی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پشتگیری لە ماددەکە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ کێ تێبینی هەیە؟ د.احمد، کاك عبدالسلام و ئاهەنگ خان، د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێم باشە فەرعی لق یان نووسینگەی جامیعەشی بۆ زیاد بکرێ، چونکە لە پێشدا باسمان هەم لە جامیعاتی خاسە کرد کە لەناو هەرێمی کوردستانن، لق و نووسینگەی جامیعەیەکی خارجیش کە هەبێ ئەویش تەکیفی ئەوزاعی خۆی بکات لەگەڵ ئەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (علی الجامعات الخاصة القائمة فی الاقلیم فرع او مکتب لاية جامعة خارج الاقلیم تکیف اوضاعها وفقاً لاحکام هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم گوێ لە من بگرن، چونکە من خۆم گوێم لە هیچ نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەخوای کەس گوێی لە دەنگەکان نیە بەڕاستی، بەداخەوە زۆر لە بەینی خۆتان قسە دەکەن، بەڕاستی ئارامی قاعەکە زۆر خراپ بووە، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێنینە بیری خۆمان ئێمە پێشتر کەمتر لە مانگێك هەمان ئەم کێشەیەمان هەبوو لە قوتابخانە تایبەتەکان، بۆیە من پێشنیار دەکەم بەڵکو عەمەلی بین و تەنفیز ببێ، ناڵێین (خلال ستە اشهر)، (قبل بداية السنة الدراسية التی تلی السنة اصدار هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

تەبعەن قسە لەسەر قسەی كاك عبدالسلام ناكرێتەوە، ڕاست دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

على الجامعات الخاصة القائمة فى الاقليم تكييف اوضاعها وفق احكام هذا القانون قبل السنة الدراسية 2013 ـ 2014.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كێ لەگەڵ دایەتكایە دەست بەرزبكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ 1 كەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر، كاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

المادة 34

تطبق القوانين والانظمة والتعليمات المعمول بها فى وزارة التعليم العالى والبحث العلمى بشأن كل حالة التى لم يرد بها نص فى هذا القانون وبما لايتعارض مع احكامه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 34

یاساكان و پەیڕەو و ڕێنماییە كارپێكراوەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەیڕەو دەكرێ لە بارەی هەر حاڵەتێك كە دەقی بۆ نەهاتووە لەم یاسایەدا كە لەگەڵ حوكمەكانی ناكۆك نەبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

پشتگیری لە ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر؟ كێ تێبینی هەیە؟ كەس تێبینی نیە، بەو سیاغەیەی كە خوێندرایەوە كێ لەگەڵە تكایە دەست بەرز بكاتەوە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر كاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

المادە 35

ینفذ هذا القانون بعد نشره فی الجریدة الرسمیة (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 35

ئەم یاسایە لە دوای بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی كوردستان )جێ بەجێ دەكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، وشەی وەقائیعی كوردستان بۆ ئەسڵی پرۆژەكە زیاد بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم ومرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم باشە هەندێ مەواد ئیزافی هەیە بەرلەوەی ئەو ماددەیە دوا ماددە دەبێ لەبەرئەوە پێشتر ئەو ماددانە بخەینە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینیت هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.علی سعید (وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو مادده پێویست دەکات زیاد بکرێ، ماددەیەکیان (تلغی احکام المواد 40 -44 من قانون وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی رقم 10 لسنة 2008 ولایعمل بای نص یتعارض واحکام هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

پێویست بەو دەقە ناکات، لەبەرئەوەی ماددەی 52 لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا ژمارە 10ی ساڵی 2008 خۆی دەڵێ (یعمل باحکام المواد 40 و 41 و 42 و 43) هەتا یاسایەکی تایبەت دەردەچێ، واتە کە یاسای تایبەت دەرچوو کار بەو 4 ماددەیە ناکرێ، بۆیە پێویست ناکات بە دەقێکی یاسایی لەناو ئەو یاسایە 4 مادده لە یاسایەکی تری کارپێکراو لە هەرێمی کوردستان ئێمە ئیلغای بکەینەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سعید (وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، دووەم/ یمثل الجامعات الخاصة فی مجلس وزارة التعلیم العالی والبحث العلمی فی الاقلیم، یمثل اثنان من رؤساء هذه الجامعات بصفة عضو وبشکل دوری.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تەئیدی ئەو پێشنیارەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا دەکەین، چونکە لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا زانکۆ تایبەتەکان پێویستە نوێنەریان هەبێ، بۆیە ئێمە پێمان باشە و بە هەمان نەس تەئیدی دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کێ تێبینی هەیە لەسەر بوونی نوێنەر؟ بەس کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دۆزینەوەی ئالەیەتێك بۆ تەنسیق لەسەر بەرزترین ئاست، شتێکی زۆر باشە تەنسیقێك لەسەر بەرزترین ئاست بدۆزینەوە، لە نێوان زانکۆ ئەهلیەکان و حکومیەکان، بەلاّم من تەنها دەمەوێ بێنمە بیری بەڕێزانی ئەنجومەنی وەزارەت هەیئەیەکی حکومیە و بە یاسا ڕێك خراوە، حقوق و ئەندامیەتی ڕەفتار هەمووی ئەمانە موەزەفی حکومەت نین، ئەمە پێشنیاری جەنابی وەزیر لە جێگای خۆی بوو تاوەکو خاڵێك بورووژێنێ بیر بکەینەوە لە ئەنجومەنێکی باڵای ئەم تەنسیقە دابین دەکات، بەلاّم بۆ ئەوەی ببنە ئەندام لەو مەجلسە تەسەور دەکەم خودی قانونی وەزارەت قەبوڵ ناکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەی ئەگەر وەکو سیفەی موراقیب لەوێ بن؟ کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

من پێموایە دانانی ئەو نوێنەرە بەو ڕەسمیەتە دەچێتە ناو تەشکیلەی ئەنجومەن، ئەمە ڕێ گرتنە لەسەربەخۆیی ئەو زانکۆیانە، جگە لە میکانیزمەکە، یەعنی بە چ میکانیزمەك تۆ دوو نوێنەری هەڵدەبژێری بۆ وەزارەت، بۆردی زانکۆکانت هەیە، خۆی دەبێ بۆردیان هەبێ کەواتە زانکۆکانی ناحکومی تایبەتەکان، ئەو بۆردە نوێنەرێکی دابنێت کە لە گەڵ حکومەت و لەگەڵ وەزارەت تەنسیق بکات، بەلاّم بیکاتە ئەندام تەسەور دەکەم مەرکەزیەتەکەی وەزارەت بەو ئیتجاهەی دەچێت کە زۆر توندتر دەبێ لە بەرامبەر ئەوەی کە لە زانکۆ ڕەسمیەکان هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەوەی کە لیژنەی هاوبەش وتیان بڵێین ئەوەی بەڕێز وەزیر پێشنیاری کرد داخلی یاسایەکە بکرێ، دەبێ یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا تەعدیل بکرێ، چونکە ئەوە دەبێ ببن بە ئەندام، موراقیبیش هەر عەینی شت، بەلاّم دەبێ سیغەیەك بدۆزینەوە ئەوان بەشداری پێ بکرێن لە کۆبوونەوەکاندا، بە نەوعێك لە نەوعەکان نەك ئەندام بن، مافەکانی ئەندامی ئەو ئەنجومەنە باڵایەیان نەبێ بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو یاسای وەزارەتەکان وتوومانە وەزیر بۆی هەیە بانگی یەکێ لە دەرەوەی وەزارەت بکات بۆ ئیشی پێویست، لەبەرئەوە جێی دەکرێتەوە لەو شوێنە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

مومكینە ئەو سیغەیە باش وەڵڵا، وەزیر بۆی هەبێ بانگی بكات لەكۆبوونەوەكانی هین بەشدار بن، كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر هەمان تێبینی كاك جلال بەلاَم وەكو پرسیار دەیكەم، ئایا لە یاسای وەزارەت یان زانكۆ حكومیەكان ئەو سەلاَحیەتە بە وەزیر نەدراوە یان بە مەجلسی وزارا نەدراوە كە هەر كەسێكی پێویست بێ كە وتراوە هەر كەسێك حەتمەن ڕەئیسی جامیعەكانیش هەر كەسێكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان**

قسەكانم كران زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش دوا ڕەئیتان و دوا سیاغەتان؟ كاك د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە ئەم تەقدیرەمان ئامادە كردووە، مانگی 7 و 8 ی 2010 بووە، یەعنی دوو ساڵ و نیو بەسەر ئامادە كردنی تەقریری هاوبەش دا ڕۆیشتووە، لەو كاتەوە بۆ ئێستا ئێمە بەڕاستی مسوەدەیەكمان حازر كردبوو سەبارەت بە پێكهێنانی ئەنجومەنێكی تایبەت بە ئەوان، بەلاَم نەمان دەتوانی بیخەینە ناو هینی خۆمانەوە، مەسەلەی تەقریری هاوبەشەوە، بەلاَم كە ئەو پێشنیارەمان بینی لە هی ڕاپۆرتەكەی وەزارەتە وتمان ڕەنگە ئەمە حەلێكی وەسەت بێ، كە ئەوان دەروازەیەكیان بۆ بكرێتەوە بۆ نوێنەرایەتی كردن لە ئەنجومەنی وەزارەت، چونكە ئەو بڕیارانەی لە ئەنجومەنی وەزارەتدا دەدرێن، ئاخۆ مولزەمە بۆ ئەوانیش جێ بەجێ ی بكەن، بۆ زانكۆ حكومیەكان هەموو نوێنەرایەتیان هەبێ لەوێدا و ئەوانیش لەو بڕیارانەی كە لەسەر ئەوان دەدرێ ئیتر گوێیان لێ نەگیرێ، یان دەروازەیەك نەكرێتەوە بۆ ئەوەی بیروبۆچوونی خۆیان پێشكەش بە ئەنجومەنی وەزارەت بكەن، بۆیە نازانم ئەگەر بكرێ بلێین بەسیفەتی موراقیبیش یان هەر سوود لەو دەسەلاَتەی كە دراوە بە وەزیر بەو شێوەیە با علاج بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

هیچ پێویستی بە نەسێك نیە ماتوڵ وەزیر خۆی سەلاَحیەتی ئەوەی هەیە خەبیر بانگ بكات لە دەرەوە بۆ ئەوەی بۆ كۆبوونەوەكانی خۆی، تەواو د.احمد وتت ماددەی تازە هەیە فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ئەوەی کە کاک د.عمر ئاماژەی پێی کرد ئەو مەجلسە پەرلەمانی بەڕێز ڕێگە بدات مەجلسێکی تەعلیمی عالی دروست بێ، بەم شێوەیە (تأسس مجلس یسمی مجلس التعلیم الاهلی ویکون برئاسة وزیر التعلیم العالی وعضویة رؤساء الجامعات الخاصة واحد مستشاری الوزارة ومدیرالعام للدراسات والتخطیط والمتابعة ومدیر عام التفتیش والضمان النوعی ویتمتع بصلاحیات مجلس الوزارة فی جمیع ما یتعلق بشؤون الجامعات الخاصة)، ئەگەر ئەوە قەبوڵ بکرێ ئەوەی کە کاک د.عمر دەڵێ پێویست ناکات نوێنەریان لە مەجلسی وزارە هەبێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا ئەگەر ئێمە ئەنجومەنێك دابنێین بەناوی ئەنجومەنی خوێندنی باڵای تایبەت دەبێ تەعریفی بکەین و دەبێ پێکهاتەکەی دیاری بکەین، دەبێ مەهامەکانی دیاری بکەین، بۆیە لە ڕاستی دا جێگەی نابێتەوە بەو شێوەیە، بۆیە بەجێی دێڵین بۆ وەزیر و دەسەڵاتی خۆی بە گوێرەی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا بەکاربهێنێ و بەشداریان پێ بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاک د.احمد شتی ترت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تری ئیزافی لەسێ فەقەرە پێك هاتووە، 1/ تتولى الوزارة اشراف العلمية على الجامعات الاهلية ودعمها بما یضمن ضمان جودة التعلیم فی الجامعات الاهلیة، 2/ تعامل الجامعات الاهلية معاملة الجامعات الحكومية من حيث ارتباطها بالوزارة بما يضمن رفع مكانة الجامعات الخاصة، 3/ یتمتع الطلبة وخریج الجامعات الخاصة بنفس حقوق وامتیازات الطلبة وخریج الجامعات الحكومیة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش ئێوە ڕەئیتان لەسەر ئەو پێشنیارەی د.احمد چیە؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان باشن ئەوەی کە زەمان و جەودەی نەوعی لە ماددەکانی پێشووتر دەنگمان بۆی دا جیهازی ئیشراف و زەمان نەوعی هەیە بۆ ئەو مەترسیانەی کە هەیە، ڕەچاوی پێوەرە زانیستیەکان نەکرێ، ئەوە هەمووی ئەو جیهازە کە بە پێی یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا دامەزراوە ئەو ئەرکەی لەخۆ دەگرێ، ئێمەش وابزانم مادده 10 بوو یان 11 بوو دەنگمان بۆی دا و ئەو ئەرکەمان پێ ڕاسپێردرا، سەبارەت بە خوێندکاران و قوتابیان کەهەمان ماف و ئەو ئیمتیازاتانەیان هەبێ ئەوەش سەبارەت بە بڕوانامەکەیانە ئەو دەسەڵاتانەمان داوەتە وەزارەت کە ئەو شەهادانە یان بڕوانامەیان دوای ئەوەی کە پەسەند دەکرێ و تەعادول دەکرێ لەلایەن وەزارەت، ئەو بابەتەش دەنگمان بۆی داوە لە یەك لە ماددەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش دوا مادده بخوێننەوە؟ د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوماددەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسەند کرا،فەرموون بۆ ماددەی ئەخیری، کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادە36

ينفذ هذا القانون بعد نشره فى الجريدة الرسمية.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تاريخ نشره فى الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەو سیغەیەی د.ڕۆژان خوێندیەوە کێ لەگەڵ دایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الاسباب الموجبة**

نتيجة للتطورات الاقتصادية والاجتماعية والثقافية فى الاقليم وحاجة المجتمع الكوردستانى لتخصصات علمية حديثة ولغرض توفير فرص تعليمية اكثر لمواطني كوردستان وتلبية رغباتهم وعدم تلبيتها بواسطة الجامعات الحكومية لها ولنقل التكنولوجيا الحديثة والخبرات الاكاديمية العالمية الى الاقليم وخلق جو تنافس مع المؤسسات التعليمية الحكومية لرفع مستوى علمى اكثر ودفع حركة التطور العلمى والاقتصادى والثقافى الى الامام لمواكبة التطورات العالمية استوجب استحداث جامعات خاصة تلبى هذه الطموحات تقلص الفترة الزمنية لردم الهوة والتخلف عن العالم نتيجة محدودية الموارد المخصصة للجامعات الحكومية، حيث ان قانون الاستثمار فى الاقليم ادى الى انفجار المشاريع التنموية والتى هى بحاجة لاعداد كوادر فنية ومتخصصة فى تلك المجالات ولغرض تلبية الاحتياجات الانية والمستقبلية للمجتمع وبشكل متطور فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

لیژنەی هاوبەش ڕەئیتان لەسەر ئەسبابی موجبە، د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لە هەرێمدا پێویستی کۆمەڵگای کوردستان بە پسپۆری زانستی نوێ، بە مەبەستی دابین کردنی دەرفەتی زیاتر بۆ فێرکردنی هاووڵاتیانی کوردستان، هەروەها بۆ گواستنەوەی تەکنەلۆژیای نوێ و شارەوانی ئەکادیمی جیهانی بۆ هەرێم و خوڵقاندنی کەش و هەوای کێبڕکێ لەگەڵ دەزگای حکومی لە پێناو زیاتر بەرز کردنەوەی ئاستی زانستی و بەرەوپێش بردنی ڕەوتی گەشەسەندنی زانست و ئابووری و ڕۆشنبیری شان بەشانی پێشکەوتنی جیهانی، هەموو ئەمانە پێویستیان کرد زانکۆی تایبەت دابمەزرێ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم خواستانە و کورت کردنەوەی ئەو ماوە زەمەنیە و پڕکردنەوەی کەلێنی دواکەوتن لە دنیا، لە ئەنجامی سنووردار بوونی سەرچاوە تەرخان کراوەکان بۆ زانکۆ حکومیەکان لەو ڕووەشەوە کە ڕەوشی وەبەرهێنان لە هەرێم پرۆژەی گەشەسەندووی زۆری لێ کەوتووەتەوە وهەمووشیان پێویستیان بە کادیری تەکنیکی و پسپۆر هەیە، لەو بوارەدانە دا و بەمەبەستی دابین کردنی ئێستا و ئایندەیەکی پێشکەوتوو بۆ کۆمەڵگاکەمان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

جەنابی وەزیر تێبینت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.علی سعید (وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها لە دێری 8 وشەی (انفجار) بکرێ بە (تزايد).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەوەی کوردیەکە، کوردیەکە هی لیژنەی هاوبەشە، یەعنی سیاغەیان کردووەتەوە سەر لەنوێ کوردیەکەی کە خوێنرایەوە د.ڕۆژان خوێندیەوە، ئێستا کێ تێبینی هەیە لەسەری بۆ ئەوەی ناوی بنووسین و قسەی لەسەر بکەن، ئاشتی خان و ئاهەنگ خان، کاك نەریمان، کاك شوان، تارا ئەسعەدی، کاك جمال، کاك سالار، بەیان خان، کاك عبدالسلام، ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەسبابی موجبە لە دێری یەکەم دا نووسراوە (نتيجة التطورات الاقتصادية والاجتماعية) بە بڕوای من هێشتا ئیقلیمی کوردستان نەگەیشتووەتە ئەوەی کە ئێمە بڵێین (نتيجة للتطورات)، هێشتا ئێمە لە پرۆسەی مواکبەی تەتەوراین، چونکە ئێمە ئەمانەوێ شان بەشانی عەمەلیەی تەتەور بڕۆین، نەك بڕیارمان دابێ کە ئێمە چووینەتە ناو پرۆسەی تەتەورەوە، ئەگەر چووینەتە ناو پرۆسەی تەتەورەوە چ داعیە ئێمە یەعنی مەدارسی خاس و کولیاتی خاس و تەکنەلۆژیا بێنین و تەناقوزێکیش هەر هەیە، ئەو مەعنایە لە چوار دێڕ پێش ئەخیر نووسراوە، (لردم الهوه او التخلف عن العالم) کە تۆ لێرەدا تەخەلوفت هەیە ئیقرارەکەی لەسەرەوە چۆن دەڵێی من گەیشتوومەتە ناو پرۆسەی تەتەورەوە، بۆیە بە بڕوای من ئەو نەتیجەیە بگۆڕدرێ بۆ (مواكبة التطورات العلمية والثقافية)، یەك تێبینی تریشم هەیە، پێشنیاز دەکەم کە تەتەورە ئیقتسادیەکە لەم پرۆژەیە زۆر پێشخراوە، زۆر جەخت دەکرێتەوە سەر مەسەلەی ئیستسمار، ڕاستە لێرەدا عونسرێکی گرنگ پێی دەوترێ عونسری ئیستسمار، بەس ئیستسمار بە مەعنای یەك هەدەفی سەرەکی هەیە ئەویش تەتەور کردنە بە لایەنی سەقافی و علمی، واتە هەدەفە سەرەکیەکەی هەموو کولیاتێك هەیە کە تەرکیز بکرێتە سەر فۆکسەکە لەسەر چیە؟ لەسەر پەرەسەندنی لایەنی علمی و سەقافیە، نەك ئێمە ئیستسمار ئیبراز بکەین، بۆیە بە بڕوای من دەبێ علمی و سەقافی پێش ئیستسمار بکەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقە عەرەبیەکە من پێموایە لەغو بووە، لە سیاغە کوردیەکە وایە، بەڵام لە سیاغە عەرەبیەکەی یەعنی بەخوای ئەو سیاغە عەرەبیەی نەنووسین باشترە، چونکە قانونی ئیستسمار من بەشان و باڵی قانونی ئیستسمار دا هەڵدەدەین ئەوە هەموار دەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

كاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لە ڕاستی دا لە مەسەلەیەكی قانونیەوە قسە دەكەم، ئەگەر بێتو سەیری یاسای ژمارە 10 ی ساڵی 2008 ی وەزارەتی تەعلیمی عالی و بەحسی علمی بكەین، لە ماددەی 52 كە د.ڕۆژانیش ئاماژەی پێیدا، لێرەدا دەڵێ (یعمل باحكام المادة 40 و 41 و 42 و 43 من هذا القانون لحین اصدار قانون خاص بالجامعات غیر الحكومیة وعلى مجلس الوزراء تقدیم مشروع خلال مدة 3 اشهر) كەواتە ئەوەی كە بەڕێز جەنابی وەزیر ئاماژەی پێ كردووە، مەترسی ئەوەی هەبوو كە ئەو ماددانە ڕابگیرێن، لەبەرئەوە ئەم یاسایە ئیستناد كراوەتە سەری و ئەو ماددە كە ئەم یاسایە داڕێژراوە، بۆیە پێویستە لە ئەسبابی موجبەكە ئاماژە بدرێ بە ماددەی 52 لە یاسای وەزارەتی تەعلیمی عالی ئەو كاتە ئەو چوار ماددەیە بۆ خۆی ئیلغا دەبێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

كاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكریم كایان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە دەبێ ئێمە ئەسبابی موجبە واقعیانە بێ، یەعنی واقعیانە قسەی لەسەر بكەین، یان بینووسین و یان بیڵێین، ئایا بەڕاستی ئەم یاسایە دەبێتە (ردم هوە) ئەم هینە پڕ بكاتەوە و ئەو فەرقە نەهێڵێ وا بە ئاسانی لە بەینی ئێمە و جیهانی پێشكەوتوودا لەبواری زانستی دا ئاوا بە ئاسانی، ئەمە یەك، دوو/ ئێمە ئێستا هەر لە موناقەشەكانی ئەم پاش نیوەڕۆیە و بەیانی و ڕۆژانی تردا زۆر باسی ئەوەمان كردووە و وتوومانە لە زۆر بواردا زانكۆكانی خۆمانمان باشترن لە موستەلزەمات و پێداویستیەكانی خوێندن و موختەبەرات و بینا و ئەوانە، لێرە چۆن دەڵێین (نتیجة محدودیة الموارد المخصصة للجامعات الحكومیة) بەڕاستی تكام وایە تێبینی ئەو دوو هینە بكرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆكی پەرلەمان):**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من ئەسبابی موجبەم كورت كردووەتەوە و وا ئیقتراح دەكەم كە چوار خاڵ لە خۆی دەگرێ، (1/ لغرض توفیر فرص تعلیمیة وثقافیة اكثر، 2/ لتلبیة رغبات الطلبة التی لم یكن لهم حظ القبول فی

الجامعات الحكومية، 3/ لزيادة الخبرات الاكادمية العالمية الى الاقليم، 4/ لخلق جو التنافس وحركة التطور العلمى والثقافى والاقتصادى للمجتمع الكوردستانى بشكل متطور لذا شرع هذا القانون) ئەو چوار خاڵە گرنگترین ئەسبابە بۆ ئەوەی کە ئێمە بە یاسا کردنی جامعاتی ئەهلی بکەین، هەر چواریشی ناردوومە بە ئیقتراح بۆ لیژنەی هاوبەش ئەگەر لەسەری قبوڵ کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو سەیری ئەو ئەسبابی موجبەیە بکەین کە بە عەرەبی هاتووە وا دیار دەبێ کە حکومەتی هەرێم ئەو 20 ساڵەی پاش سەرهەڵدان هیچی نەکردووە و هیچ دەوری جامعاتی نەبووە و ئەوە جامعاتی تایبەتن و حصەی بەدەست دێت، هەموو کێشەکان چارەسەر دەکات، بۆیە من نابێ ئەو ئەسبابانە مەعقول و مەنتقی نینە و تەقریبەن جومەلیان پێکەوە نەبەستوونە، هەموو شتێکیان بەخۆ گرتووە، بۆیە پێشنیار دەکەم، ئەگەر موافق بن، ئەوهام داڕشتووە (نتيجة لعدم استطاعة الجامعات الحكومية استيعاب جميع خريجى الدراسة الاعدادية وزيادة الاقبال على التعليم الخاص ولاجل النهوض بمستوى الجامعات الخاصة الموجودة حاليا والتى تنشا مستقبلا وتنظيم عملها ولضمان حقوق المستثمرين والعاملين فيها والطلبة الراغبين بالانضمام اليها وجعل اخريجات هذه الجامعات فى مستوى متطلبات سوق العمل والمرحلة التنموية التى يشهدها الاقليم فقد شرع هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕام وایە حوکم و هۆکارەکانی پێویست هەم کورت و پوخت بێ، هەم ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی ناو یاسایەکە بێ، هەم واقعیانە بێ و کەمترین دووبارە بوونەوەی تێدا هەبێ، بۆیە من تەرحێکم داوەتە لیژنەی هاوبەش هیوادارم دەرفەت هەبێ بیخوێنمەوە بۆ ئەوەی ئەندامانی بەڕێز ڕایان لەسەر بێ، (لە پێناو بەرزکردنەوەی توانا زانستیەکان و گەشەپێدانی مرۆیی و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ بەدەست هێنانی پسپۆڕی لە بوارە جیاجیاکان دا لەڕێگەی پەرەپێدانی توێژینەوە و خزمەتی زانکۆیی لە کەرتی تایبەتدا و خولقاندنی دەرفەتی پێشبڕکێ لە نێوان ناوەندە حکومی ونا حکومیە ئەکادیمیەکان داو هاندانی گواستنەوەی تەکنەلۆژیا و شارەزایی نوێی جیهانی بۆ هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێنرا).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

بەیان خان فەرمووو.

**بەڕێز بەیان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز پشتەڤانیا ل گوتنێت کاك جمال دکەم، بەس برگەیەکی بۆ زێدە دکەم، (وبغیة تولی وزارة التعليم العالی والبحث العلمی موهمة متابعة كفاءة اداء هذه الجامعات وضمان سلامة اسس التعليم الاهلی فقد شرع هذا القانون).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆم ئامادە کردبوو دژی دەقە عەرەبیەکە قسە بکەم، شوکر بۆ خوا نەما، پاشان ویستم دەعمی داڕشتنە کوردیەکە بکەم و پشتگیری لێ بکەم، بەس ئێستا ئەوە سێیەمین گۆڕین دەقەکەی مامۆستا جمال زۆر ڕێك و پێك بوو، من پێشنیار دەکەم ئەو دەقە پوختەیەی کوردیە لەگەڵ ئەو دەقە جوانە عەرەبیەکەی مامۆستا جمال پێکەوە هەوڵ بدەن دەقێکی موعەبر لە هەردووکیان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە بۆ ئەوەی دەرباز بین لەو ڕوانیانە بۆ یاسایەکە بڵێین ( بەمەبستی ڕێك خستنی یاسای زانکۆ تایبەتەکان ئیش وکاری زانکۆ تایبەتەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا).

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

د.ڕۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەسبابی موجبەکەمان ڕێك خستووە وپێشنیاری هەمووان هەر ڕیزە و لە ئەوانەی کە پێشکەشیان کردووە.

**هۆیەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە**

لە پێناو بەرزکردنەوەی توانا زانستیەکان و گەشەپێدانی مرۆیی و بەدەستهێنانی پسپۆری لە بوارە جیاجیاکاندا لە ڕێگەی پەرەپێدانی خزمەتی زانکۆیی لە کەرتی تایبەت دا و ڕەخساندنی دەرفەتی پێشبڕکێ لە نێوان ناوەندە حکومی و تایبەتیە ئەکادیمیەکان دا و هاندانی گواستنەوەی تەکەنەلۆجیا و شارەزایی نوێی جیهانی بۆ هەرێمی کوردستان و ڕێك خستنی یاساییانەی کاروباری زانکۆ تایبەتەکان ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئەم هۆکارەی دەرچوونە لەگەڵ تێکڕای قانونەکە، کێ لەگەڵ دایەتکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 5 کەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا. دەست خۆشیتان لێ دەکەین ئەوە ماوەی سێ، چوار ڕۆژە زۆر هیلاك بوون و سوپاسی جەنابی وەزیری تەعلیمی عالی و وەزیری مونەسقی نێوان

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئومێد دەکەین ئەم زانکۆیانەش لە پاڵ زانکۆکانی حکومی و زانکۆکانی خۆمان ببنە هۆکاری بەرەوپێش بردنی میللەتەکەمان لە هەموو بوارەکانەوە، جەنابی وەزیر ئەگەر قسەیەکت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.علی سعید (وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

بەناوی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیەوە سوپاسی بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامان و بە تایبەتی هەردوو لیژنەی پەروەردە وخوێندنی باڵا و لیژنەی یاسایی دەکەم، جارێکی تریش سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز (سەرۆکی پەرلەمان):**

ئێمەش سوپاسی هەموو لایەکتان دەکەین، تا دانیشتنێکی تر بەخواتان دەسپێرین و هەر بژین.

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |